# شیعر و ئەدەبیاتی کوردی

# شیعر و ئەدەبیاتی کوردی

ڕەفیق حیلمی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێك هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی كوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیكترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspress.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

رەفیق حیلمی
شیعر و ئەدەبیاتی كوردی
كتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٨٥
چاپی دووەم ٢٠١٠
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی كتێبخانە گشتییەكان ٢٣٠٥ - ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: كارزان عەبدولحەمید
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
پیت لێدان: ڕۆشنا ڕەشاد
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل. فەرهاد ئەكبەری

## وتەیەکی پێویست

ئەگەرچی کتێبی "شیعر و ئەدەبیاتی کوردی"ی رەفیق حیلمی یەکەمین کتێبی ڕەخنەی ئەدەبی نییە لە کوردیدا، پێشتر هەندێك هەوڵی تر هەبووە و بڵاویش بوونەتەوە، هەر لە حاجی قادری کۆییەوە کە لە شیعرێکدا ئەزموونی شاعیرانی بەر لەخۆی هەڵسەنگاندووە بەگشتی وەسفی توانای شیعریی و نواندنی ئەوانی کردووە، هەروەها ئەمین فەیزی بەگیش لە کتێبی "ئەنجومەنی ئەدیبان"ەکەیدا، هەڵبژاردەیەك لە بەرهەمی چەند شاعیرێکی کلاسیکی بڵاو کردووەتەوە و پێشەکییەك و چەند پەراوێزێکی ڕەخنەییانەی نووسیوە دەربارەیان و ساڵی ١٩٢٠ لە شاری ئەستەنبول چاپ کراوە.

بەڵام ئەم کتێبەی حیلمی کە کاتی خۆی لە دوو بەرگی جیاوازدا بڵاو بووەتەوە، پرۆژەیەکی ڕەخنەیی تۆکمە و پێشکەوتووە و دەبێتە بناغەی سەرەکی بۆ ڕەخنەی ئەدەبی.

لەم کتێبەدا رەفیق حیلمی جگە لە هەڵبژاردەی بەرهەمی شاعیران، هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی وردی کردووە بۆیان و هەر شاعیرەی خستووەتە ناو چوارچێوەیەکی ڕەخنەییەوە، بەوریاییشەوە بایەخی ئەو بەرهەمانەی دیاری کردووە بەمەنتیقی ئەدەبی و فیکری و ئەخلاقی پێوانەی کردوون و هەندێك جاریش جورئەتێکی کەم وێنەی نواندووەو پێشبینی دەرکەوتنی دەنگی تازەی کردووە، وەکی ئەوەی دەربارەی گۆران، کە دەڵێ: "گۆران" لە شیعری کوردیدا، ئینقلابێکی گێڕاوە بەم ئینقلابە قوتابخانەی شاعیرە کۆنەکانی بەتەواوی ڕووخاندوە". یا کە دەڵێ: "پێویستە سەنعەتی ئەدەب جێگەی ئایەت و حەدیسی ئەم چەرخەمان بۆ بگرێتەوە و ئەدیب ئەبێ واجیباتی رەسووڵ بگرێتەوە ئەستۆی." و هەر دەربارەی شیعری نوێ دەڵێ: «ئەم چەشنە شیعرانە ئیتر باویان نەماوە– مەبەستی شیعری کۆنە – و نابێ ئێمە بگەڕێینەوە سەری و بیکەینەوە بە باو... بەڵکو، ئەبێ ئیتر ئوسلووبێکی تازەی بۆ دابنێین و بەشێوەیەکی وا لە نیشتمان بدوێین کە لەگەڵ پێویستی ئەم چەرخەی دێ و شانبەشانی شارستانییەتی بڕوا».

یان: «بەش بەحاڵی خۆم لەو باوەڕەدام کە شیعری کۆن بە چاك و خراپییەوە ئەبێ

ورده ورده بکشێته دواوه و ″ئەنتیکه خانه″کانی ئەدەبی پێ بڕازێنرێتەوه.» ئەگەرچی ئەم حوکمەی دوایی جۆره قەتعییەتێکی پێوه دیاره، بەڵام مەبەستی حیلمی ئەوەیە که نابێ ئەدیبە تازەکان وابەستە بن بە پێوانە و مەنتیقی کۆن ده بێ پێوانه و مەنتیقی شیعری تازه بێننه کایەوه، ئەمەش جورئەتێکی زۆری پێوه دیاره، بەتایبەتیش ئەگەر بێنینه بەرچاوی خۆمان که ئەم نووسینەی نووسەر لەو کاتانەدا نووسراوه که هێشتا مشتومڕ لەسەر شەرعیەتی بەرهەمی نوێ نەبڕابووەوه.

دەزگای ئاراس لە پڕۆژەی زیندووکردنەوه و چاپکردنەوەی ئەو کتێبانەی ساڵانی زوو چاپ کراون بەتایبەتی ئەوانەیش که ڕۆڵێکی باشیان هەبووه لە دامەزراندنی کەلتوور و ئەدەبیاتی کوردیدا، بەپێویستی زانی ئەم کتێبە دانسقەیە بخاتە ناو پڕۆژەکانییەوه، بە تایبەتیش که لە ڕابردوویەکی دووردا، ئەم کتێبه چاپ کراوه و تەمەنی یەکەمین چاپی بەرگی یەکەمی نزیکەی حەفتا ساڵه و ئەگەرچی لە هەشتاکاندا جارێکی تر چاپی دووەمیشی کراوەتەوه لەو چاپی دووەمە هەردوو بەرگەکە، کراوەته یەك بەرگ، بەڵام لەبەر خراپیی چاپەکە و ئەو هەموو هەڵەی تێی کەوتووه، کتێبەکە بایەخی خۆی لە دەست داوه. سەرەڕای هەموو ئەوانەش ئەم کتێبە بەشێکە لەو بناغە ئەدەبییەی زانکۆکانی کوردستان پێویستییان پێی هەیە و کتێبەکە خۆشیی هەر لە سەرەتادا بۆ ئەم مەبەستە نووسراوه هەروەکو نووسەر لە پێشەکیی چاپی یەکەمی بەرگی یەکەمیدا نووسیویەتی.

دوا سەرنجی پێویست ئەوەیە، ئەگەرچی هەندێك لەو دەقە شیعرییانەی لەم کتێبەدا هەن دواتر که لە دیوانی شاعیرەکان خۆیاندا که لەلایەن کەسان و دەزگای جیاوازەوه بڵاوبوونەتەوه، جیاوازییەك هەیە لە نێوانیاندا. بەڵام ئێمه هەروەکو لە کتێبەکەی ڕەفیق حیلمیدا هاتووه دەسکاریی هیچ شتێکمان نەکردووه، جگە لە ساغکردنەوەی ڕێنووس بەو ڕێنووسەی کە ئەمڕۆ پێی دەنووسرێ، لەمەشدا هەوڵمان داوه ئەو تایبەتمەندییانەش بپارێزین کە لە زمانی نووسینی نووسەرەکەدا هەبووه.

لەکۆتاییدا پێویستە ئەوەش بڵێین کە ئێمە لە چاپکردنەوەی ئەم کتێبەدا چاپی یەکەممان وەرگرتووه کە نووسەر خۆی چاپی کردووه.

## دیاری

ئـەم چـەن لاپـەڕەیـە کـە ئـاوێنـەیـەکـە سوورەت و سیرەتـی هـەندێ لـە شاعیرە نـاودارەکـانـی کـوردستـانـی عێراق بـە وێنـەی دەسکـەگوڵێکـی ڕەنگـاوڕەنگ و بۆنخۆش دەرئـەخـا کـە هـەر گوڵێکی لـە بـاخێك هـەڵبژێردرابێ، پێشکـەشی لاوانی کـورد و بـەتـایبـەتـی پێشکـەشی ئـەو قـوتـابییـە خۆشەویستـانـە ئـەکـەم کـە لـە قوتـابخـانـە بـەرزەکـاندا ئـەخوێنن و لـەوێدا لـە شیعر و ئـەدەبیاتی کـورد شتێکیـان بـەرچـاو نـاکـەوێت. ئـەگـەر بـەم سیپـارە بچووکـە توانیبێتم کـە گیـانـی (روحیی) ئـەدەبیی ئـەوان بجووڵێنمـەوە تـەقـەلایـەك کـە بۆ پێکهێنـان و دەرهێنـانـی بـەرگـی دووەم ئـەیدەم لـەلام سووك ئـەبێ و گیـانـی نیشتمـانپـەروەریم تـازە ئـەبێتـەوە...

ڕەفیق حیلمی



رەفیق حیلمی
نووسەری ئەم کتێبە



ئەحمەد بەگی ساحێبقران

# ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ

ئەحمەد بەگ، کوڕی فەتاح بەگی ئەرازییە و لە ١٢٩٥ ی هیجریدا لە سلێمانی لە دایك بووە. هەر لە سلێمانییش خوێندوویەتی و لە حوجرە (قوتابخانە)ی مەلا عەزیز لەگەڵ ئەمین زەکی بەگ(١) پێکەوە بوون. خزمی (کوردی) و (سالم)ە، کە دوو شاعیری بە ناوبانگی کوردن. لە بنەماڵەی (ساحیبقران)ە. بە فارسی و کوردی زۆری شیعر داناوە. دیوانی شیعرەکانی لە ١٣٣٤ ڕۆمی و لە گرتنی سلێمانیدا سووتاوە. بەڵام لە دوای ئەم تاریخەوە دیوانێکی هێناوەتە ناو کە هێشتا لە چاپ نەدراوە. قەسیدەکانی و غەزەلیاتی تەخمیس و تەرجیعی وێنەیەکی بەرزیی تەبعی شاعیرانەیەتی. لە ساڵی ١٣٥٥ی هیجری لە شاری سلێمانی لەم دنیایە کۆچی کردووە...(٢)

ئەحمەد بەگ (خوا لێی خۆش بێ) هەر وەکو شاعیرێکی قەلەندەر مەشرەب بوو، پیاوێکی شۆخ و بەنموود، سوارێکی باش و سیلاحشوورێکی ئازایش بوو. زۆر دڵ تەڕ و دەسبڵاو و میوانپەروەر بوو. لە هەر مەجلیسێکا دابنیشتایە بەقسەی خۆش و نوکتەی شیرین ئەو مەجلیسەی دەهێنایە نەشئە. کە شیعرەکانی خۆی دەخوێندەوە بەدەنگێکی نێر و زەمزەمەیەکی شاعیرانە ڕەنگوبۆنێکی تری پێ ئەبەخشی و تامێکی زیاتری پێ ئەدا. بەینێك پێش مردنی پارچەیەکی لە دیوانە تازەکەی و وێنەیەکی خۆی بۆ ناردبووم. لەو پارچەیە هەندێکی لێرەدا ئەنووسین:

### وەسفی ئەرز

پێی بەسەردا قەت مەنێن نامەرد بە عیزە و شەئنە ئەرز
خاکەکەی پاکی غوباری مەقدەمی جانانە ئەرز
فەرشی ڕەنگینی گوڵستان، ڕەشکی گوڵزاری جینان
گەوهەری دەریای سونعی حەزرەتی یەزدانە ئەرز
دەم بە دەم بۆ حاڵی عالەم دێتە جۆش و گریەوە
ئەشکی سوور و سوێری بەحری ئەحمەر و عومانە ئەرز

---

(١) معالی محەمەد ئەمین زەکی وەزیری ئیقتسادی پێشووی عێراق.

(٢) تاریخی سلێمانی لاپەڕە (٢٤١) تألیفی محەمەد ئەمین زەکی بەگ.

دیـم (یـنـار داغـی) وتم بـیٚ شك سكـی سووتـا بـه مـن
مـادەرێكـی مـوشفـیقـه لـوتـفـی لـەگـەڵ ئینسانـه ئـەرز
جـوودی حـاتـەم بـووەتـه ئـەفسانـه لـه عـالـەمدا كـەچی
لـوقـمـه نـانـێكـی بـەویش داوە لـەسـەر ئـەم خـوانـه ئـەرز
ئـاسمـان و مـانگ و ڕۆژ و ئـەنجومـم دی تـیٚ گـەیـیـم
ساحـیبـی خـیـمـه و سەرایـه و شەمـعـی ئـاوێزانـه ئـەرز
هـەر چـه دڵ مـەیـلـی ئـەكـا هـەر چی نـەفس لازمـیـەتـی
حـازرە بـۆچـی ئـیـتـر كـوفـرە بـڵـێم ڕیـزوانـه ئـەرز
بـەم هـەمـوو عـەیـبـانـەوە خـەڵقی كـه چـوونـه ماڵـەكـەی
ئـەیـگـرێتـه بـاوەشی خـۆی ئـەو هـەمـوو عـەیـبـانـه ئـەرز
ئـەم هـەمـوو بـیٚ شەئـنـیـیـه ئـەگـرێتـه سەرشانـی كـه چی
تێك نەچوو، ئەمما لە حیرسا دەم بە دەم لەرزانە ئەرز
گـەر لـه سەقـفـی گـومـەزی ئـەفـلاكـەوە سەیـری بكـەی
سابـیـت و دەوارە، حـەتـا هـەم خـڕە هـەم پـانـه ئـەرز
دەرئـەخـا ئـەجـنـاسی ئـەشیـا غـائـبـیشیـان هـەر ئـەكـا
چەن دڵی مەعموورە یا ڕەب ماڵی چەن وێرانە ئەرز
زوبدەیی ئەولادی فەخری ئەنبیا بوو، كەم بوو بۆی
كـائـیـنـاتـی سەربـەسەر بـۆ كـرد بـەیـەك كـاشانـه ئـەرز
ئـەو مـەهـەی چـونـكـو لـه دڵـدایـه لـەبـەر چـاوی نـیـیـه
بـەحـری ئـەشكـی جـارییـه ئـەممـا دڵـی خـەندانـه ئـەرز
ئاسمانی كرد بە سەقف و ئەنجومی بۆ كرد بە مێخ
كـەهـكـەشانـی كـرد بـه تـاقـی پـێشی ئـەو هـەیـوانـه ئـەرز
ئـەودەمـه بـووەتـه زیـارەتـگـاهـی ئـەفـواجـی مـەلـەك
لێوی گەییه پێی و، دەستی گەییه ئەو دامانە ئەرز
هــەر دەبــوو بمزانــیــایــه قــووەتــی ئــەو ڕۆحــەیــه
سیـقـلـەتـی بـەم زۆریـیـه وەستـاوی بـیٚ بـنـیـانـه ئـەرز

(حەمدی) لادە لەم حیسابە کافییە بۆ تێگەییو
مەنبەعی کوللی شتێکە مەنسەبی هەمووانە ئەرز

## وەتەن

ئەی وەتەن ڕۆم و عەجەم موشتاقی کوردستانتە
ئیفتیخاری میللەتی کورد، شەوکەتی عینوانتە
بەستە سەر بەرزیی سبەینان و شەوانت مانگ و ڕۆژ
وەك نیشانی ئیفتیخاری سنگ و نەجمەی شانتە
بەرق ئەدا و ئەڕژێ وەکو ئەمواجی گەوهەر چەشمەکان
ئاوە یا ڕۆحی ڕەوانی چەشمەیی حەیوانتە
ئاوە یا نوورە لە عەکسی خۆر کە ئەبریسکێتەوە
ئەهلی حیکمەت وا دەزانێ دورڕە کانیی کانتە
گوڵ گوڵی سوور و سپی، خاڵ خاڵی خاکی ڕەش ئەڵێی
پۆدرەیی ڕوخسار و سورمەی ڕشتنی چاوانتە
(پەی) کوڵی تاقەسری شیرین ڕاکشاوە (پێ)ی کوڵی
دەستی (قەندیلت) درێژە بۆ چراچیی (وان)تە
(پیرەمە گروون) تاجی شاهانەی بە سەربەرزی فڕان
تەم (دەماوەند)دا گرێ مەحجووبی (هەورامان)تە
خەتی دیوانی شکستەی (گردولووت)ی بەرزی شاخ
وازیحە بۆ سەربەخۆیی تورڕەیی فەرمانتە
جار بە جار (حەمدی) بتۆرێ لێت، مەڵێ حەقی نییە
جەردە ڕامەگرە نەڵێن خەلقی کە (جانی) جانتە

## پەندی عیبرەت

ئەحوالی ئەم زەمانە لە کایەی منال ئەچێ
دونیایەکی چ پووچە لە زەرفی بەتال ئەچێ
لەم باغە هەردەمە کە ئەگا مێوەیەك ئەڵێ
ئەم کۆنە گوممەزە لە دوکانی بەقال ئەچێ
نەقس و کەمالی خەڵقی جیهان، بایەخی نییە،
هەردووکی بێ شکە، کە بە دەستی زەوال ئەچێ
گەهـ، ڕۆژ ئەبێ بە ئەسیری زەلامی شەو
گەهـ، بەدری کامیلە کە بە دەردی هیلال ئەچێ
ئیقبال و شوومی تابیعی عیلم و جەهل نییە
ڕێ کەوتە بازە ئیمڕۆ و سبەینێ لە (داڵ) ئەچێ
ئەیوانی (جەم) کە هەمدەمی کەیوان بوو مودەتێ
ئیمڕۆ بە پەستی، خانە خراپە لە چاڵ ئەچێ
ئەو نەونەمامە سێبەری دوێنێ لە ناز ئەکرد
ئیمڕۆ لە ئاگرایە لە چیلکە و چەواڵ ئەچێ
بێ لێوە ئەم جیهانە تەماشا کە (نەی ژەن)ی
بینایی کوێرە، ئەفسەحی عەینی لە لاڵ ئەچێ
هەر ناڵە وا لە بورجی جەلالا وەکو هیلال
هەر ماهە وا لە کونجی مەلالا لە ناڵ ئەچێ
بازاری دەهرە، قیمەتی ئەشیا بە جێگەیە
مێشێ گەیشتە ڕووی نیگارێ لە خاڵ ئەچێ
دنیا هەناسەیێکە نە چووبێ و، نە هاتبێ
حاڵێکە بۆی ئەچی کە لە عالەم بە حاڵ ئەچێ
بڵقی سەر ئاوە کاکە جیهان تێ بفکرە تۆ
بۆ کەس نەبوو بە حاڵ و نە بۆ کەس لە ماڵ ئەچێ

خـۆ لابـدەن لـە بـاری گـرانـی حـقـووقـی خـەڵـق
بـنوارە هـەڵگری کە لـە (فـیلـە)(١)ی حـەمـاڵ ئـەچـێ
بـۆ نـەفـعـە خـواشنـاسی، عـیـبـادەت ریـایـیـە
تـەقـوایـی ئـەم زەمـانـە بـە نـرخـی وەبـاڵ ئـەچـێ
بـانـگـێکـی تـر لـە غـەیـبـەوە ئـێستـا کە هـاتـە گوێم
هـێنـدە زوڵاڵـە دەنـگـی لـە دەنـگـی (بـیـلال) ئـەچـێ
ئـاخـر زەمـانـە هـەستـنـە پـێ تـا بـدەن حساب
لـوقـمـەی حـەرامـی دوێنـێ بـە نـرخـی حـەڵاڵ ئـەچـێ

لە وەسف و شعووری قەومی و فەلسەفەی ژیاندا، ئەم سێ وتارە جوانەی (حەمدی) یەعنی ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ مان لە سەرەوە نووسی. هەر چەندە مەرحووم لەسەر ئوسووڵی کۆن شیعری داناوە و لە فنوونی شیعردا زۆری ئەهەمیەت بە سەنایعی لەفزییە داوە و لەم لایەنەوە پەیڕەویی شاعیرە کۆنەکانی کردووە، بەڵام ئەگەر لە شیعرەکانی باش ورد ببینەوە بۆمان دەرئەکەوێت کە دیسانەوە ڕێگەیەکی جیاواز و سەربەخۆی گرتووەتە بەر و لە زۆر جێگەدا ژوور شاعیرە بەناوبانگە کۆنەکانیش کەوتووە. مەسەلەن لە وەسفی (برۆ)دا هیچ شاعیرێکی کۆن نەماوە کە زۆر و یا کەم شیعری دانەنابێ، بەڵام ئەگەر لەم وەسفەی (حەمدی)یش بفکرین:

بـاڵـی کـێشاوە بـەسەر حـوسنـا لـە دوو لاوە بـرۆ
وەك هـومـا گـەیییە مـەقـامێك، پێی لـەسەر چـاوە برۆ
روتـبـەیـی بـالاّ بـە ئـینسانی بـچووکی قـەت مـەدەن
چـۆن لـە ڕووی ڕۆژا بـزانـە تـیـغـی کـێشاوە بـرۆ
ڕەنگە قـەت ئـەهلی موحیبـەت یەك کەسی لێ دەرنـەچێ
تـیـغـی ڕاکـێشاوە ئـەمـری کـوشتـنـی داوە بـرۆ

چۆنە؟ ئایا کەس توانیویەتی برۆ بگەیێنێتە جێگەیەك کە «پێی بگاتە سەرچاو!» بێجگـە لـەمـە تـەمـاشای بـەیتی دووەمیش بفـەرموون ئـایا لـە وردیی بیر و جوانی تەشبیهەکانی لەزەتێکی شاعیرانە بە دڵتانا نایەت؟ ئەی بەیتی سێیەمی لەگەڵ ئەم

(١) فیلە ناوی حەماڵێکی زۆر بەهێز بووە. ئە. حەمدی

بەیتە فارسییەی خوارەوە کە ئەڵێ:

تیغ جلادان کج است ابروی محبوبان چ است
هردو خونریزند اما این کجا وآن کجا

چۆنە؟... من بەش بە حاڵی خۆم زۆر داخم خوارد بۆ ئەوەی کە سەردەمێك وام زانیبوو ئەم شیعرە فارسییە وەسفێکی زۆر جوانی (برۆ)یە و لە بەرم کردبوو. بەڵام کە ئەم شیعرانەی شاعیرێکی کوردم بەر چاو کەوت، ئینجا تێ گەیشتم کە ئەو شیعرە فارسییە هیچ بەلاغەتێك و یا سنعەتێکی ئەدەبیی تیا نییە و لەبەر خۆمەوە وتم: این کجا وآن کجا!. دیسانەوە لە غەزەلێکی فەلسەفیدا بزانن چی ئەڵێ:

بە ڕەنگ و بۆ نییە ئیحسانی دنیا، هەر بە ڕێکەوتە
لە (نەی) شەکر دەبارێ، ژاڵە بەو شیرینییە تاڵە

ئێستە ئێمە لەو فەلسەفەیە بگەڕێین کە لەم بەیتەدا دامەزراوە، بەڵام تەنیا لە وەسفی ژاڵە کە هەم بە شیرین کراوە و هەم بە تاڵ، ورد بینەوە. بزانن چەن جوانە. بەڵێ ژاڵە کە بە ڕەنگ زۆر شیرینە کەچی بە تام تاڵە و وەکو زەهر وایە. و نەی کە قامیشێکە ڕەق و تەق بەری شەکر ئەگرێت. ئینجا لەبەر ئەمەیە شاعیر ئەڵێت: «بە ڕەنگ و بۆ نییە ئیحسانی دنیا، هەر بە ڕێکەوتە». چونکو قامیشی بەو ناشیرینی و بێ ڕەنگییە شیرین و ژاڵەی لەگەڵ ئەو جوانی و شیرینییە تاڵ کردووە. مەبەستی شاعیریش ئەوەیە کە بەخت و یا کەمالی ئینسان لەگەڵ دەرەوە (مظهری) قیاس کردن (پێوان) زۆر جار ئینسان بە هەڵە ئەبات. ئەم بەیتە جوان و بە مەعنایەش ئاخر بەیتی ئەو غەزەلەیە کە هەمووی عیبارەتە لە فەلسەفە:

وەرە (حەمدی) ئەوەی ماڵە لە پێش خۆتا ڕەوانەی کە
ئەوی بێ جێ کە چوو وا چوو، ئەوی جێی بێڵی کەی ماڵە

بە ڕاستی شعوورێکی بەرز و فەلسەفەیەکی قووڵە ....

ئەحمەد حەمدی بەگ، جێی ئینکار نییە کە بۆ شیعر دانان خۆی زۆر ماندوو کردووە و گەلێك لە شیعرەکانی لەبەر سەنعەتی لەفز و قافیە تەنگی، لە ڕەوانی و سەلاسەت مەحروومە، بەڵام گەلێ جاریش ئەم خۆماندوو کردنەی بە خۆڕایی نەڕۆیشتووە و شیعری زۆر مەتینی داناوە، ئەم شیعرانەی خوارەوەی وێنەیەکی شیعری (مەتین)یەتی:

حەرفی ناساغی بە جێم پێ چاکە، نەك بێ جایی ساغ
کاسە گڵ بێنە لەمەی پڕ، خاڵی نەك مینای ساغ
نەشئە بەخشایە موحبەت زەهدی گەر تێکەڵ نەکەی
شەکریش حەتتا خراپە نەیکەیە سەهبای ساغ
بوتکەدەی خۆتە، دڵم مەشکێنە ئاخر ئەی سەنەم
شەوقی خۆش نابێ کە نەیبێ لالەکەت لەمپایی ساغ
عوسرەتە عوشرەت، موهەییا گەر نەبێ ئەسبابی عەیش
بۆ، لە یەك دانە بە حەسرەت، دەستی بێ ئەعزایی ساغ
فیکری خۆت ئامان مەنێرە بەر حەریفی بەدسرێشت
هەر چرووکە گەر چرووك بیکاتە بەر کالآیی ساغ
مەعریفەت بۆ تێگەیینی جەوهەری جانانەیە
خاسی بینینی نیگارە دیدەیی بینایی ساغ
لابەرە تەکلیفی دەست و پێ لەسەر خۆت ئێستەکە
(حەمدی) دەس بۆ زاڵم و بۆ جەردە چاکە پایی ساغ

ئیتر بەم روباعییە جوان و پڕ مەعنایە دوایی بەباسی ئەحمەد بەگ ئەهێنین، خوا لێی خۆش بێ و قەبری ڕووناك و فراوان بكا.

دەمێکە ئینتیزاری هاتنی دەور و زەمانێکم
لە دوونانم(١) فەرق کا، چونکە و من موحتاجی نانێکم
لەسەر پارە کە تەقدیری حیساباتی شەرەف بکرێ
منیش ساحیبقرانێکم، شوکر ساحیب قرانێکم.

---

(١) دوونان: جمعی دەنییە و بە معنای (دوو، نان)یشە. جیناسە.

# ئەحمەد بەگی وەسمان پاشا

## ئەحمەد موختار بەگ

ئەحمەد موختار بەگ، ئەحمەد بەگی کوڕی وەسمان پاشای گەورەی جافە. لە ١٨٩٦ی میلادی لە هەڵەبجە هاتووەتە دنیا. ئەحمەد موختار بەگ، بە حیسابی ئەبجەد دەکاتە ١٣١٦ کە بە تاریخی هیجری عیبارەتە لە تاریخی لە دایکبوونی و لەبەر ئەمە بەو ناوە ناونراوە. لاوێکی شیرین و بالاّبەرز و سووروسپی بوو. بە چاوی شین و مووی زەردی وێنەیەکی مومتازی رەگی ئاریی تەمسیل ئەکرد. زرنگ و شۆخ و تەڕ پۆش و لە رەغمی دەوڵەمەندی و ئەملاکێکی زۆر، ماڵوێرانی سەخاوەت و دەسبڵاوی بوو. هەر چەند لە خوێندنێکی بەرز و ڕێکوپێك بەهرەدار نەبووبوو، بەڵام خاوەنی زەکایەکی تیژ و بیرێکی ورد بوو. کوردی و فارسی و تورکی و عەرەبی و کەمێکیش ئینگلیزیی ئەزانی. بە کوردی و فارسی گەلێك شیعری دانابوو. شیعرەکانی ئاودار و بەتامە و وێنەی شعووری دەروونێکی پڕجۆش و زەمزەمەیە. لەم لایەنەوە لە تاهیر بەگی برا گەورەی دەچوو کە یەکێکە لە شاعیرە بە سۆزەکانی کورد(١). وەسمان پاشای باوکی و مەحموود پاشای مامی، هەر دووکیان لە ئومەرای بەناوبانگی عەشایری جاف بوون. لە لایەن سوڵتانی عوسمانییەوە روتبەی پاشایەتییان درابوویە و لە هەڵەبجەدا حاکمایەتی و قائمقامییان کردبوو، دایکی ئەحمەد بەگیش کە ناوی عادیلە خانمە و بە خانم ناوبانگی دەرکردبوو لە بنەماڵەی ئومەرای بەنی ئەردەلاّن بوو. لە زەبروزەنگ و سیاسەتا ناوێکی هەبوو. ئەحمەد موختار بەگ، خۆیشی بەینێك بوو بە قائمقامی هەڵەبجە و لە دوای ئەوەیش لە مەجلسی تەئسیسیی عێراق و لە مەجلسی نیابیدا بوو بە ئەندام و لە دوای ژیانێکی ناکامانە لە ساڵی ١٩٣٤ی میلادی(٢) و لەسەر ئاوی سیروان لە لایەن دەستێکی نەفامی کوردەوە، کوژراوە و لە دێی (ئەباعبیدە) کە نزیکی هەڵەبجەیە، نێژراوە. خوالێی خۆش بێ.

---

(١) تەماشای جلدی دووەم بکەن.

(٢) لە تاریخی سلیمانیدا، ئەڵێ، ١٩٣٣ی سیلادی مەقتوولەن وەفاتی کردووە، عەلی کەمال ئەڵێ، ١٩٣٥.



ئەحمەد موختار بەگ

## لە خەو هەڵسن

لـە خـەو هـەڵسن درەنـگـە مـیللـەتـی کـورد خـەو زەرەرتـانـە
هـەمـوو تـاریـخـی عـالـەم شاهـیـدی فـەزڵ و هـونـەرتـانـە
دەسا تێ کۆشن ئەی قەومی نەجیب و بێ کەس و مەزڵووم
بـە گـورجـی بـیـبـڕن ئـەو ڕێگـە دوورەی وا لـە بـەرتـانـە
بـخـوێنن چونکو خوێندن بۆ دیفـاعـی تیـغی دوژمنتـان
هـەمـوو ئـان و زەمـانـێ عـەیـنـی قـەڵـغـان و سپـەرتـانـە
بـە خـۆڕایـی لـە دەستـی بـەرمـەدەن ئـەم خـاکـە شیـریـنـە
کـە تـۆزی وەك جـەواهـیـر سورمـە و نـووری بـەسـەرتـانـە
بـەسەر خـاکـا ئـەگـەر نـازیش بـکـەن حـەقـتـانـە کوردینـە
تـەمـاشا! سێبـەری ئـەم شاخ و کـێوانـەی لـەسـەرتـانـە
بـەبـێ قـەدری بـەسـەریـا ڕامـەبـوورن حـورمـەتـی بـگـرن
گـوڵاڵـە سوورەکـەی ئـەم دەشتـە خـوێنـاوی جگـەرتـانـە
دەمـێکـە ئـەم وڵاتـە وا ئـەسیـری پـەنجـەیـی جـەهـلـە
لـە سایـەی عـیلـمـەوە ئـیـمـڕۆ ئـیـتـر نـۆبـەی زەفـەرتـانـە
زبانی حاڵی (ئەحمەد) هەر ئەڵێ وریا بن ئەی میللەت!
بـزانـن بـەردی ئـەم شاخـانـە ئـەڵـمـاس و گـەوهـەرتـانـە

ئـەم شیـعرانـەی سەرەوەی ئـەحـمـەد مـوخـتـار بـەگ، نـیشتمـان و خۆشەویستـی و خەمخواریی میللەتی پێشان ئەدا. و بەرامبەر بە زانستی و خوێندن پایەی مەیل و قـەدرزانـیـی خـۆیمان تـێ دەگـەیـێنـێ. بـەڕاسـتـیـیش ئـەحـمـەد بـەگ دڵی بـە وەتـەن و زانستییەوە بوو. لە لایەن پایەی ئەدەبیاتیشەوە ئەم شیعرانە و بە تایبەتی هەندێ لە بەیتەکانی نرخێکی بەڕاستی هەیە. مەسەلەن:

ئەم نیوە شیعرەی خوارەوە تا بڵێی ڕێك و ڕەوانە و سەلاسەتێکی ئەدەبیی تیایە:

«بە گورجی بیبڕن ئەو ڕێگە دوورەی وا لەبەرتانە»

ئەحمەد بەگ، دیارە کە شیعری فەلسەفیشی خوێندووەتەوە لەزەتی لێ وەرگرتووە. بە دوور نازانرێ کە لەم بەیتەدا:

بەبێ قەدری بەسەریا ڕامەبوورن حورمەتی بگرن
گوڵاڵە سوورەکەی ئەم دەشتە خوێناوی جگەرتانە

لە فەلسەفەی (خیام) ئیلهامی وەرگرتبێ.

بێجگە لەمەیش کە خۆی ئەڵماس و گەوهەری دنیای زۆر لەبەرددا و سەروەت وسامانی بەشی خۆی کە لە باوکییەوە بۆی مابووەوە لە بەینێکی زۆر کەمدا لە ناوی برد و دواییی پێ هێنا، دیسانەوە دیارە کە بۆ سەروەتی وڵاتەکەی زۆر دڵسۆز و بە پەرۆش بووە کە دەڵێ:

زبانی حاڵی (ئەحمەد) هەر ئەڵێ وریا بن ئەی میللەت
بـزانـن بـەردی ئـەم شاخـانـە ئـەڵـمـاس و گـەوهـەرتـانـە

ئەحمەد موختار بەگ، لە زمانی بێگانەیشەوە، شیعرێکی زۆر بەرز و ڕەنگینی بۆ کـردووین بـە کـوردی و بـەم ڕەنگـە هـێز و تـوانـای شاعـیـریـی خـۆی و فـەساحـەت و بەلاغەتی زمانی کوردیی خستووەتە بەرچاو. «گوڵی خوێنین»ی (سوللی پرودوم)ی شاعیری بە ناوبانگی فرەنسز کە لەلایەن ئەدیبی ئازادیپەروەر مەحموود جەودەت بـەگـەوە بـە نـەسر کـراوە بـە کـوردی؛ ئـەحـمـەد مـوخـتـار بـەگ بـەم چـەشـنـەی خـوارەوە کردوویەتەوە بە شیعر:

## گوڵی خوێنین

لـەو دەمـەی ئـێمـە کـە خـوێـنـمـان ئـەڕشت
ڕۆژیش بــەهــاری هــێنــابــووە وجــوود
لـەو جـێگـا شەڕەی یـەکـتـرمـان ئـەکوشت
گـوڵان سەوز بـوون و کـەوتـبـوونـە سعوود

هــەر چــەن لاشەکـان وەك پـەیـنـی بـەسام
کــەوتــبــوون لــەژێر لــقــی گــوڵانــدا
کــەچــی گـوڵانــی بــێ هـۆش و بــێ فـام
تــــەڕ و تـــازە بـــوون لـــەسەر چـــڵانـــدا

زەوی ئەوەندە خوێنی نۆشی بێ
بۆچی (وەنەوشە) ڕەنگی هەر شین بێ
خوێناوی لاوان دەشتی پۆشی بێ
چۆن دەبێ (بەیبوون) سپی جەبین بێ

بە خوێنی ئینسان گوڵ ئاو دراوە
ئەبوو ڕەنگ و بۆی ئەوان بسێنێ
ئێستا کە پۆل پۆل خێمەیان داوە
بۆچ، بێ پەڵەی خوێن، سەر دەرئەهێنێ

ئەبینین غەیرە ئەچنێ گوڵ، خونچە
کەچی هیچ کامیان گرژ ناکەن ڕوویان
غالبی، تێی بێ و بکات لەنجە
بۆ پێنەکەنین ناکەونە خەزان

یەکێکیان جارێ ناڵێ بە (هەنگێ)
یا بەو (پەپوولەی) هەڵیان ئەسێنێ
ئێستا نەم ماوە من بۆن و ڕەنگێ
ئیمڕۆ دڵتەنگم بیخە سبەینێ

لەم دەشتە شوومەی پڕ خەوف و خەتەر
کە لاشەی قەومی ئێمەی تێدایە
بۆ شەرمی حوزوور شەعشەعەی زەفەر
کەم ناکەنەوە تاقە گەڵایە

ماتەمی ئێمە ڕەنگ و بۆی پێ دان
کەچی قەت ناکەن ئیزهاری کەدەر
چونکو بێ حیسسن نەتەوەی گوڵان
لە حاڵی کۆن دان دایم تازە و تەڕ

لە داخا گەڵای خۆ بپێچنەوە
نەفامن چونکو هێشتا نازانن
بۆ ناو بەرگی سەوز خۆ بشکێننەوە
ئەی گوڵان ئێوە بیوەی لاوانن

بەرامبەری ئەم دەرد و بەڵایە
ئازادە پشکوون گوڵانی وەتەن
چەن بێ ویجدانن ئێوە ئەبوایە
بۆ مردووەکانمان هەر بکەن شیوەن!

ئەم غەزەلەی خوارەوەیش وێنەیەکی شیعری غەرامیی ئەحمەد موختار بەگە:

**مەشکێنە !**

بە بەردی فیرقەتت شیشەی دڵی ئاوارە مەشکێنە
لەناو زومرەی ڕەقیبا عاشقی بێچارە مەشکێنە
ئەگەر ڕۆح و دڵ و ئیمان تەڵەب کا بیدەرێ عاشق
کە تیفلی خوردەساڵە قەت دڵی ئەو یارە مەشکێنە
دەخیلم ئەی نەسیمی سوبحگاهی، مەسکەنی دڵمە،
پەرێشانی مەکە تۆ زوڵفی ئەو نازدارە مەشکێنە
کە خۆی بۆ کوشتنت موختارە، عاشق شۆخی شیرینت
لەسەر ڕۆح و دڵت فەرمانی ئەو سالارە مەشکێنە
کە من پەروانەکەی شەمعی سەری دوو کوڵمی تۆم جانا
دڵی (ئەحمەد) بە فیتنەی ئەو سەگی پەتیارە مەشکێنە

لەسەرەوە وتمان کە لە شیعرەکانی ئەحمەد موختارا، ڕەوانی و سەلاسەتێك هەیە، چاویشتان لەم سەلاسەت و سادەییە بێ کە لەم غەزەلەی سەرەوەدایە:

کە من پەروانەکەی شەمعی سەری دوو کوڵمی تۆم جانا
دڵی (ئەحمەد) بە فیتنەی ئەو سەگی پەتیارە مەشکێنە

ڕەقیبی بە (سەگی پەتیارە) تەشبیە کردووە. بە کوردییەکی پەتی، وەسفێکی سادە و تەواوی ڕەقیب، لەمە باشتر چۆن دەبێ، بە زمانێکی لەمە سادەتر بۆ چ شاعیرێك شەکوای حاڵ کراوە؟

لە بەینی هەردوو (ئەحمەد) دا موقایسەیەك

بەڕاستی ئەوەندەی شیعرەکانی ئەحمەد بەگی ساحیبقڕان، پڕ لە سەنعەتە و ڕەقە و تێگەیشتن و لەزەت لێ وەرگرتنی، پێویستی بە وردبوونەوەیە، ئەوەندە شیعرەکانی ئەحمەد بەگی وەسمان پاشایش سادە و ڕەوانە و نموونەیەکی بە نرخی سەلاسەتە. ئەویان، شیعرەکانی بە ئەنواعی سەنعەتی ئەدەب، یەعنی بە جیناسی لەفزی، بە تەشبیهـ، بە ئیستیعارە و بە ئەنواعی خەیاڵاتی قووڵ و بیری ورد ڕازاندووەتەوە و بۆ دەرهێنانی گەوهەرەکانی فیکر و بیری پێویستە کە خوێندەوارەکانی، غەواسی بەحری شیعر و ئەدەبی بن. هەر چی وەکو ئەحمەد موختار بەگە، وەکو جەنابی ئەمین زەکی بەگ لە تاریخی سلێمانیدا وتوویە :«سەلیقەیێکی باشی» شیعریی بووە و لە سایەی ئەم سەلیقەی تەبع و ڕەوانیی فیکرەوە شیعرەکانی لە سادەیی و سەلاسەتا پایەیەکی مومتازی هەیە. بەڵام داخەکەم هەر دووکیان کە بەهرەیەکی گەورە و بڵندی شاعیرییان بووە، لەسەرچاوەی فتری زەکای خۆیان و موحیتی ئەدەبیی سلێمانی بەولاوە، لە هیچ سەرچاوەیەکی عیلم و ئەدەبی بێگانە، نسیبە داری فەیز و هونەر نەبوون.

وابزانم ئەحمەد بەگی وەسمان پاشا شیعرەکانی لە جێگەیەکدا کۆ نەکراوەتەوە لەبەر ئەمە نەمانتوانی کە دەستە گوڵێکی باش و ڕەنگین لە باغی فیکری هەڵبژێرین. ئەم چەن بەیتەیش کە پارچە غەزەلێکیەتی لە لاپەڕەیەکی پەڕپووتی «کۆمەڵە شیعری شاعیرانی کورد»(١) دا بەر چاومان کەوت.

چییە ئەی گوڵ کە ڕەنگت ئێستە سوورە
چ وەقتی شادیی و عەیش و سرورە
پەڕەت بۆ ئاڵ و ڕەنگینە بەهاران
دوڕئەفشانن لە قەترەی ئاوی باران

(١) ریسالەیەکی شیعرییە کە لەلایەن مەلا عبدالکریم هەکزییەوە لە بەغدا لە چاپ دراوە.

مەگەر حیسست نییە تاکو بزانی
لە خاکی کێ ڕواوی بۆیە جوانی
ئەتۆ نازانی بۆچی ئاڵ و سووری
لە بەزما، مایەی کەیف و سرووری
کەوابوو ئیستە ئەی گوڵ تۆ بزانە
کە سەوزیی تۆ لە خاکی دلبەرانە
لەسەر خاکێ بنی ڕیشەت ڕواوە
بە جەرگی عاشقانا داخی ناوە



ئەمین فەیزی بەگ

# ئەمین فەیزی بەگ

ئـەمین فـەیزی بـەگ، یـەکێکە لـە زانـایـانی بـەنـاوبـانگی کورد. عـەسکـەرێکی عـالیم و ئەدیبێکی عەسکەر بوو(١) لە زەمانی حکوومەتی عوسمانی، کە هێشتا قول ئاغاسی بوو، مودیری مەکتەبی عەسکەریی بەغدا بوو. لەو وەقتەدا بەناوی (اجمالی نتایج) کتێبێکی نووسیوەتەوە کە خولاسەیەکی علوومی ریازیات و تەبیعیاتە(٢) بەینێکیش لە سلێمانی قوماندانی لیوا بوو. ئەو وەقتە روتبەی میر ئالای (کۆلۆنێل) هەبوو. (نالە پێ پـان) کـە یـەکـێك بـوو لـە عـەشیرەتی هـەمـەوەند و لـەگـەڵ ئـەوانـە بـوو، کـە تـابـوورێك عەسکەری تورکیان لەلای دەربەندی بازیان ڕووت کردبووەوە، لە زەمانی قوماندانیی ئەمین فەیزی بەگدا و لە سلێمانی کرا بە قەناره دا (١٣٢٦ رومی) لەدوای ئەمە کە تەقاویت (تقاعد) کرا، عومری خۆی هەر بە نووسین و خوێندن و گەڕان ڕابوارد. سیاحەتێکی ئەوروپایشی کرد. و باقیی عومری خۆی لە ئەستەموڵدا بەسەر برد. بێجگە لە (اجمالی نتایج) بە ناوی (تفرقەی ریاضیات) و (هوای نسیمی) و (شعاعات)ەوە چەند ئەسەرێکی تریشی هێنابووە ناو. بەینێکی کەم پێش مردنیشی لە ژێر ناویدا کۆمەڵە شیعرێکی هەندێ لە شاعیرانی کوردی لەچاپ دا (١٣٣٩ رومی). زۆر مەیلی لـەسەر ریـازیـات و ئـەدەبـیـات و لـە ریـازیـاتی عـالیـەدا شارەزاییی تـەواوی هـەبـوو. هەرچەند لەگەڵ شیعر و ئەدەبدا زۆر خەریك نەدەبوو، بەڵام دیسانەوە بە ئوستادی شیعـر و ئـەدەب نـاسراوە و لـە شاعـیـرە بـەنـاوبـانگ و بـە سەلیقـەکان دەژمێردرێت.

---

(١) کە جەیشی غەم هجوومی کرد نیزامی عومری من تێك چوو
ئیتر مـــومکین نییە ئـــــاســـایش حـــاڵی پەرێشـــانـم
بینای بورجی بەدەن ڕووخـــا بـــە گوللەی حادسات ئیمڕۆ
نەمـــــا قووەت لــــە ئـــــەژنۆمـــــا بڕـــا پشتم، شکا شانم.

ئەمین فەیزی

(٢) چە عجب گر بە وجود تو بنازد بغداد
ای وجود تو محیط دوجهان استعداد
گرو از مهر بـــرد ذره بدان نـــاچیزی
اگـــر از رأی منیر تـــو کـــند استعداد

شێخ ڕەزا

دۆستایەتیی بەینی خۆی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی شاعیری هەرەبەناوبانگی کورد و موخابەرەیان لەگەڵ یەکتری بە شیعر، ئەم قسەیەمان ئیسبات ئەکا، و ئەم جەوابنامەیە که شێخ ڕەزا بە فارسی لە جەوابی کاغەزێکدا بۆ ئەمین فەیزی بەگی نووسیوە، پایەی زانستی و ئەدەبیی لە ئێمەوە دەرئەخا:

«زنطفەء قلمت درمیشمەء قرطاس»

«نتیجەهاست بە قیمت گرانترا ز الماس»

«صحیفەء معجزە پیراست بسکە چون مریم»

«بە بر گرفتە موالید عیسوی انفاس»

«رسیدە کار بە جایی ترا امین فیضی»

«کە جبرائیل امین خوانمت ز روی قیاس»

«هزار سال بمانی کە این عجب نبود»

«بشر نیند مگر خضر زندە و الیاس»

نووسین و موخابەرە لە بەینی شێخ ڕەزا و ئەمین فەیزی بەگ ئیشی جار جارە نەبووە، بەڵکو بە دایم بووە لە یەکتری دوور و یا نزیك بووبن، دۆستیی ئەوان هەر بە گەرمی دەوامی کردووە. ئەمەیش کاغەزێکی تری شێخ ڕەزایە کە لە دوای دەرچوونی کتێبی (هەوای نسیمی) و لە وەختێکا کە (ئەمین فەیزی) بەگ لە (یەمەن) بووە بۆی ناردووە:

«الا ای هنرمند و یار قدیمی»

«تویی خسروانرا سزای ندیمی»

«زحکمت بپرداختی نامە تو»

«بدادی دران نامە داد حکیمی»

« هوای نسیمی از ان گشتە نامش»

«کەجان پروراند هوای نسیمی»

«بە دانش ترا هیچ همتا ندیدم»

«مگر جوهر فرد و در یتیمی»

«توخواهی سفر دریمن دورتر کن»

«امین فیضیا در دل من مقیمی»

بەم جەوابنامانەدا وا دەرئەکەوێت کە موخابەرەی بەینی شێخ ڕەزا و ئەمین فەیزی بەگ هەر بە شیعر و بە زمانی فارسی بووە، و ئەمین فەیزی بەگ خۆی فارسیی ئیختیار کردبێ. ئەگینا شێخ ڕەزا بە موناسەبەت نەبوو بێ، بەتایبەتی لەگەڵ کوردێکا، زمانی فارسیی بەکار نەهێناوە و لە شیعر و ئەدەبی کوردیدا ئوستادێکی گەورە و سەنعەتکارێکی بێ هاوتا بووە. هەر چی وەکو ئەمین فەیزی بەگە، لە ژێر تەئسیری دەوری منالّی کە لە حوجرەکانی سلێمانی بەفارسی خوێندوویەتی و (موشعرینە)ی کردووە، هیچ فەرقێکی لەوەدا نەبینیوە کە لەگەڵ شێخ ڕەزا بە فارسی موخابەرە بکا و یا بە کوردی. ئەگینا چ ئەمین فەیزی بەگ و چ شێخ ڕەزا، هەر دووکیان لە شیعری تورکیشدا دەستێکی باڵایان هەبووە. حەتا (شعاعات) کە دیوانی ئەشعاری ئەمین فەیزی بەگە، هەمووی بە(تورکی)یە(١) مەبەستمان ئەوەیە کە ئەمین فەیزی بەگ لەلای خۆی نەیویستووە بە تورکی کە زمانێکی بێگانەیە لەگەڵ شاعیرێکی کورد موخابەرە بکا. بەڵام لەلایەکی ترەوە نزیکی و خزمایەتیی زمانەکانی کوردی و فارسی و عادەتی ئەو زەمانەی خەڵقی سلێمانی کە موخابەرەی بەینی خۆیان و زمانی حوجرە و قوتابخانەکان فارسی بوو، خستوویەتە هەڵەیێك کە بەدەرەجەیەك خۆی لێ پاراستووە.

لەناو هەندێ لەو کاغەزانەی ترا کە شێخ ڕەزا بۆ ئەمین فەیزیی نووسیوە، ئەوانەی کە ناوی ئەمین فەیزی تیا وتراوە و بەهایەکی ئەدەبیی هەیە لە ژێرەوە ئەینووسین؛ لە کاغزێکا ئەڵێ:

«مستم از جام بادهء فیضت»
«چون مسیحا زفیض روح أمین»
«سالهای دراز باقی باد»
«به سلامت أمین ما امین»

وا لە کاغزێکی تریشدا ئەمانەی بۆ دەنووسێت:

«تابه ضرب المثل همی گویند»
«که دعا ازبرای آمین است»

---

(١) جەنابی محەمەد ئەمین زەکی بەگ، لە تاریخی سلێمانیدا (شعاعاتی) بە کوردی داناوە.

«خـاطـرت شاد بـاد أمين فـيضـی»

«زانکه دریای دانش و دین است»

ئێمه تەرجەمەیەکی حاڵی تەواوی ئەمین فەیزی بەگمان لا نییە، و بێجگە لەو روباعییەی کە لەلاپەرە (٢٤) نووسراوە و ئەم فیردە:

گـەر ڕەفـیـقت یـار سادیـق بـێ چـە بـاکـی ڕێگـەتـە
گەر کەسی بەدخوو لە گەڵتا بێ جەهەنەم جێگەتە

نە دیوان و نە چەن شیعر و غەزەلێکی تری کوردیی خۆیمان لەژێر چنگا نییە و دەستمان ناکەوێت؛ لەبەر ئەوە بۆ ئیسباتی فەزڵ و هونەری ئەمین فەیزی بەگ و پایەی شیعر و شاعیریەتیی، بە ناچاری موراجەعەتمان بە بیرەوەریی خۆمان و شایەتیی یەکێك لە شاعیرە زۆر گەورە و بەناوبانگەکانی دۆستی گیانیی خۆی کرد. داخەکەم، لە تاریخی سلێمانیشدا تەرجەمەی حاڵی تەواوی ئەمین فەیزی بەگ و هەتا تاریخی لە دایکبوون و مردنی نەنووسراوە، بەڵام من ئەگەر لە بیرم مابێ لە بەینی ١٣٤٠ و ١٣٤١ رۆمی و لە وڵاتی غەریبیدا بە رەحمەت چووە و بە تەواوی نازانم لە کوێ نێژراوە. ئەوەیشم لە بیرە کە لە تاریخی ١٩١٥ی میلادی بە گەڕان لە سووریا بوو و لە ژووری خانێکا لە حەلەب بە نەخۆشی کەوتبوو کە چوومە لای و بۆ ئاخر جار زیارەتم کرد. بەڕاستی کوردێکی بە جەوهەر و زانا و ئەدیب بوو. وەکو ئەمین زەکی بەگ ئەفەرموێت، زۆریش بێ هەوا و قەلەندەر مەشرەب بوو.

لـەم کـتـێبـەدا نـیـازمـان نـەبـوو ئـەوانـەی کـە بـە زمـانـی خـۆیـان یـەعنـی بـە کوردی شیـعـریـان نـەنـووسیـبـێ بـاسیـان بکـەین، چونکو مـەبـەستمـان دەرخستـنـی شیـعـر و ئەدەبیاتی کوردییە، نەك دەرخستنی ئەو کوردانە، کە خزمەتی ئەدەبیاتی بێگانەیان کردووە و زمانی خۆیان نازانن و نەشیان ویستووە فێری بن، چونکو بۆ ئەو جۆرە کوردانە بگەڕێین زۆر بەداخەوە، ئەڵێم: کە لە ناو میللەتەکانی شەرقدا، گەلێ کوردی وا بـووە و هـەیـە کـە لـە مـەیـدانـی شیـعـر و ئـەدەب و زانستـی و سیـاسـەتدا گـەیشتـوونـەتـە پایەیەکی زۆر بەرز و لە ڕێی پێگەیشتنی تورك و عەرەب و عەجەمدا خزمەتی زۆر گەورەیان کردووە.

بەڵام ئەمین فەیزی بەگ کە تا مردن و لە هەموو جێگەیەك لەگەڵ هاونیشتمانە کوردەکانی خۆیا، بە کوردی قسەی کردووە و دۆستەکانی تایبەتی و دایمیی خۆی لە

پێگەیشتووان و تێگەیشتووانی کورد هەڵبژاردووە، بەڵێ ئەمین فەیزی بەگ کە پایەی عیلم و زانستی و هونەری خۆی بە ئاساری عیلمی دەرخستبوو، و لەوە زیاتر دەرخستنی لە تواناد‌ا بوو، و ئەو ئەمین فەیزییە کە (ئاکادەمیی فرانسە) بە ڕەسمی تەقدیری کەمالاتی کردبوو ئەگەر بەڕۆح و بەگیان کورد نەبووایە لە هەموو باس و سوحبەتێکا شیعری کوردی نە ئەخوێندەوە و شیعری زۆری گەلێك لە شاعیرە بەناوبانگەکانی کوردیی لەبەر نەدەکرد و لە بیری نەئەما. و لەمەیش زیاتر لە ئاخری عومرا، لە جێگەیەکی وەکو ئەستەموڵ ئەو شاعیرانەی لە وێنەی کتێبێکا و بە پارەی خۆی لە چاپ نەئەدا و بە ناوی خزمەتی ئەدەبیاتی کوردەوە بە ڕەنج و بە پارە، خۆی نەئەخستە زەحمەتەوە. بە چاوێکی ئینساف لەم قسانەی بفکرن کە لە موقەدمەی (ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد)دا نووسیویەتی:

«ئودەبا و شوعەرای کورد زۆرن لاکین (بەڵام) ئاساریان بە تەواوی جەمع و تەئلیف نەکراوە. من نیەتم کرد کە بەعزێ لە ئەشعاری کوردی بابان تەبع و نەشر بکەم تا بزانرێ موڵکی بابان چەند مەنبەعی فەیز و زەکایە»

«لە شیعری هەر شاعیرێ چەند پارچەیێکم ئینتیخاب کرد و لەو منتخباتە ریسالەی (ئەنجومەنی ئەدیبان)م هێنایە وجوود، بەم وەسیلەیە تالیبان و راغیبان کەمێك خلاس بوون لە شیعر نووسینەوە لەسەر دەفتەری پارچە پارچە»».

دیقەت ئەفەرموون کە ئەمین فەیزی مەبەستی لەم ریسالەیە چییە و بە چ فیکرێك هێناویەتە ناو؟!...

ئینجا لەبەر ئەو ڕۆحە بەرزەی ئەمین فەیزی، هەر چەند شیعرە کوردیەکانی نەکەوتە دەسمان (چونکو ئەوە جێگەی شك نییە کە ئەمین فەیزی بێجگە لە تورکی و فارسی، بە کوردییش شیعری زۆری هەبوو و خۆم لێم بیستبوو) دیسانەوە دڵ، بڕوای نەدا کە خاوەنی (ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد) لە زومرەی ئودەبای کوردا ناو نەبرێت و بەقەدرناشناسیمان زانی کوردێکی ئەدیب و بەوەفا و خۆشەویستێکی زۆر بڵندپایەی کورد، لێرەدا بە یاد نەکەینەوە و بە ناوی موبارەك و باسی پڕ فەیزی ئەوەوە ئەم نامیلکە بچووکە موعەتەر و بۆنخۆش نەکەین.



محەمەد ئەمین زەکی بەگ
خاوەنی تاریخی کورد و کوردستان

# ئەمین زەکی بەگی
# عەسکەر و موئەریخ

ساڵی (١٨٨٠ میلادی) لە شاری سلێمانی هاتووەتە دونیاوە، ناوی مناڵیی (محەمەد ئەمین)ە. کوڕی حاجی ئەورەحمانی خەڵقی سلێمانییە. باوکی لەگەڵ ئیشی تووتن و تیجارەت خەریك بووە. خۆیشی وەکو ئەمین فەیزی، لە پێشا لە حوجرە بە فارسی خوێندوویەتی. لە دوای ئەوە لە (روشدیەی عەسکەری)ی سلێمانی، لە ئەعدادیەی بەغدا و لە حەربیە و مەکتەبی ئەرکانی حەربی ئەستەمولْ خوێندوویەتی. تەقریبەن لە تاریخی ١٨٩٣ بووە بە (یوزباشی) مومتاز و لە ١٩١٥ چووەتە پۆلی ئەرکانەوە. لە ئوردووی عوسمانیدا عەسکەرێکی بەرز و بەناوبانگ بوو لە زۆر وەزیفەی ناسك و بە ئەهەمییەتدا بووە و خزمەتی حکومەتی عوسمانیی کردووە. هەر بە وەزیفە و ئیشی حکوومەتی، ئەوروپایش چووە و ئەڵمانیا و فەرەنسا گەڕاوە (١٣٢٩ رۆمی). لەگەڵ ئەمەیشا لەبەر هەندێ بیانوو و ئەسبابی سیاسی لە جەیشی عوسمانیدا تا روتبەی (بیکباشی) سەرکەوتووە و لەوە زیاتر پێش نەکەوتووە. لە دوای ڕابواردنێکی دوورودرێژ لە ئۆردوی عوسمانی و ئەستەمولْ، نیهایەت لە ساڵی (١٩٢٤) گەڕایەوە عێراق. و لە ئاخری ئەم ساڵەدا بە روتبەی عەقیدی بوو بە مودیری مەکتەبی حەربیەی بەغدا، ئەوەندەی پێ نەچوو کرا بە نائبی لیوای سلێمانی و وازی لە مودیری حەربیە هێنا. لە نیابەتی جاری یەکەمدا زۆر بە گەرموگوڕی خەریك بوو و ئەیویست بە تەواوی تەمسیلی کوردانی سلێمانی بکا. بەڵام داخەکەم هیچی بۆ نەکرا. لەگەڵ ئەمەیشا لە ساڵی (١٩٢٥) بوو بە وەزیری ئەشغالْ. لەو تاریخەوە ئیتر لە وەزارەتەوە بۆ وەزارەت چوو و ئاڵوگۆڕێکی زۆری دی. جارێکیش بوو بە مودیری عامی ئیقتصاد. لە وەزارەتی مەعاریف و دیفاع و ئەشغالْ و مواسیلات و ئیقتساد بە ئەسالەت و لە هەندێ وزارەتەکانی ترا بە وەکالەت، گەلێ خزمەتی عێراقیشی کرد و هەموو وەقتێك هەوڵی بۆ ئەوە دا کە کوردەکان بنووسێنێ بە حکوومەتەوە. هەر وەکو لە وەقتی خزمەتی تورکیا یا چەند ئەسەرێکی باش و بەهاداری لە بابەت تاریخی عەسکەرییەوە نووسیبوو و لە چاپی دابوو، لە عێراقیشدا سەرەڕای ئیش و فرمانێکی زۆری حکومەتی، لە نووسین و خوێندنەوە دەستبەردار نەبووە و تا ئیمڕۆ چەند کتێبێکی کوردیی زۆر باشی داناوە و لە چاپی داون. لە ناو ئەمانە (تاریخی سلێمانی) و (تاریخی کورد و

کوردستـان) بـەڕاستـی شا ئـەسەریـەتـی. بـە تـایـبـەتـی کـتـێبی دووەمـیـان کـە بـەری کردەوەیەکی درێژ و بیرێکی قووڵ و بە ڕەنجە ئامانجێکی زۆر گەورەی کوردەواریی هێنایە جێ.

بـەرگـی یـەکـەمـی ئـەم تـاریـخـەی زۆر جـێگـەی سوپـاسە کـە لـە لایـەن زانـای نیشتمانپەروەرو بەناوبانگی کورد (محەمەد عەلی عەونی) بەگەوە کرا بە عەرەبی و لە ساڵی ١٩٣٩ی میلادی لە قاهیرەی میسرا لە چاپ درا.

## ئەمین زەکی بەگی شاعیر و ئەدیب

لە ژیانی محەمەد ئەمین زەکی بەگی ئەرکانی حەرب و عەسکەری بەناوبانگی تورك و وەزیری عالیم و سیاسیی عێراق نەبزەبێکمان زانی.

ئەم عالیمە کوردە و موئەریخە گەورەیە هەر وەکو لە مەیدانی عەسکەری وسیاسەت و زانستا، ناوبانگێکی گەورەی هەیە، شارەزای گەلێك لە زمانەکانی شەرق و غەربیشە. بێجگە لە کوردی کە زمـانـی مـادەرزادی خـۆیـەتـی و زۆر شارەزایـیـی تـیـا هـەیـە، زمانەکانی تورکی و فارسییش وەکو ئەبنای ئەم دوو زمانە دەزانێ. لە عەرەبی و فەرەنسی و ئینگلیزیدا، بە خوێندن و بە نووسین بەهرەیەکی تەواوی هەیە. و هەر چەندە بە تەبیعەتی حاڵ و موقتەزای وەزیفە شاعیریی نەکردووە بە مەسلەك و لەگەڵ سنعەتی نەزم و قافیە خەریکبوونی بە فیکرا نەهاتووە، بەڵام کە موناسەبەت هاتبێتە پێشەوە لەو مەیدانەشا ئەسپی تاو داوە بەم ڕەنگەیش ئیسپاتی قەریحەی شاعیرانەی کوردیـی خـۆی کـردووە. مـەسـەلـەن جـارێك یـەکێك لـە شاعیرەکـانی کورد، بـە نـەزم سوئالێکی تاریخی لێ کردووە. ئەمین زەکی بەگیش بە سەوقی سەلیقە جوابەکەی بە نەزم داوەتەوە و بەم ڕەنگە دەری خستووە کە موئەریخێکی شاعیرە. ئەمە جوابەکەی ئەمین زەکی بەگە:

لە ڕۆژنامەی (ژین)(*) ، لە ٣ی ڕەمەزان
هەشت شیعرم بینی زۆر شیرین و جوان
پـێنـج شیـعری ئـەوەڵ شایستـەی شوکرە
٣ شیـعـری دوایـیش پـرسیـنـی فـیـکـرە

---

(*) (ژین) جەریدەیەکی کوردییە کە لەلایەن پیرەمێردەوە لە سلێمانی دەرئەچێ.

ئـەڵـێن هـەیـکـەلـی (دەربـەنـدی گـەورە)
نـازانین چـیـیـە و هـیـنـی چ دەورە؟
عـولـەمـای ئـاسار بـۆ ئـەو تـیـمساڵـە
ئـەڵـێن پـاشمـاوەی چـەنـد هـەزار ساڵـە
قـراڵـی ئـاکـاد (نـارام سین) نـاوێك
چـل وحـەوت عـەسرە، هـەستـا بـە تـاوێك
بـەشەڕ هـاتـە سەر لـوولـوو و گـوتـوو
لـە قـەرەداغـا، داوا گـەرم بـوو.
لـە دوای شەڕ لـوولـوو، گوتـوو ئـەشكێنـێ
مـەلك (ساتـونـی) دەر ئـەپـەڕێنـێ
بـاسی ئـەو شەڕە و ئـەو بـگـرە و بـەردە
نـووسراوە یـەك، یـەك لـەسەر ئـەو بـەردە
چـەكـی ئـەو حـەلـە تـیـر و كـەوانـە
لـە لای هـەیـكـەلـدا دیـارە، نـیشانـە
وەك دار، تـاشیـیـان ئـەو شاخـە گـەورە
كـردیـان بـە تـیـمساڵ لـە دەربـەند گـەورە
لـە دوای (٣٠) عـەسر ساسانـی هـاتـوون
زۆر تیمسالیان بوو بە دەسەڵات بروون

بـەم شیـعـرە ڕێك و سەلـیسانـەدا، دەردەكـەوێت كـە ئـەمین زەكـی بـەگ، لـە شیـعـرا قابلیەتێكی فیترپی هـەیە و زمانـەكەی خۆی زۆرباش دەزانـێ. لەبەر ئەوە بهاتایە وەكو مەیلی داوەتە سەر تاریخی كورد و كوردستان، ئارەزووی بكردایە و لەگەڵ شیعر و ئەدەبیاتدا خەریك ببووایە شكی تیا نییە كە خەزێنەی ئەدەبیاتی كوردیشی بە ئاساری ئەدەبیی خۆی ڕەنگین و دەوڵەمەند ئەكرد.



ئەسیری

شاعیر و فەیلەسووفی کورد

# ئەسیری

خەڵکی کەرکووکە و ناوی (شێخ عەبدولخالیق)ە مەخلەسی (ئەسیری)یە. کوڕی شێخ حسێنە و برای نەجمەدین ئەفەندی نیشتمانپەروەری بەناوبانگی کوردە. ئێستا لە کەرکووك سەر کاتبی مەحکەمەی شەرعییە. عومری (٥٠) ساڵ ئەبێ و هێشتا ژنی نەهێناوە. زانایەکی عەسری و پیاوێکی ڕووخۆش و قەلەندەر مەشرەبە. شارەزای زمانەکانی کوردی وتورکی و فارسی و عەرەبییە، بەڵام شیعری هەر بە زمانی خۆی یەعنی بە کوردی وتووە. ڕۆحی نیشتمانپەروەریی زۆر بەهێزە و هەموو شیعرەکانی بەسۆز و ئاگرینە و ئەم سۆز و ئاگرەیە کە نرخی بە شیعرەکانی پەیدا کردووە و هەموو گۆڤار و قەزاتەیەکی (جریدە) کوردی لاپەڕەکانی خۆی بۆ کردووەتەوە. گەلێك لە شیعرەکانیشی بەتایبەتی لە گۆڤاری (هاوار)ا بڵاو کراوەتەوە. یەکێکیش لە شیعرە بەسۆزەکانی کە لە (گوڵدەستەی شاعیرانی هاوعەسرم)ی عەلی کەمال دا نووسراوە، ئەمەیە:

«گردی سەیوانت(١) دەوێ»

بێرە کوردستان عەزیزم گەر تۆ سەیرانت دەوێ
بتبەمە قەندیل ئەگەر گوڵزاری کوێستانت دەوێ
سەیری ئەو خێڵانە کە نیشتوونە داوێنی چیا
بابچین بۆ ماڵی کوردی گەر تۆ خۆیشانت دەوێ
ئاوی ساف و ڕۆشنی داوێنی چەشمانی چیا
لێی بنۆشە دەم بە دەم گەر ئاوی حەیوانت دەوێ
لاوی کوردی من، لەبەر کە شاڵی زاخۆ و ئامێدی
گەر تۆ سەد چاتر لە ڕەنگی شاڵی کرمانت دەوێ
هەڵسە گەشتی چیمەن و گوڵزاری کوردستان بکە
گەر لە بۆ دەردی دەروونت داو و دەرمانت دەوێ

---

(١) ناوی قەبرستانێکە لە سلێمانی کە لەبەر جوانیی درەختەکانی ئەرخەوانی و خۆشیی هەواکەی بەهاران ئەبێ بە سەیرانگای ئەهالی.

ڕۆح و ماڵت سەرفی ڕێگەی میللەتت کە ڕۆحەکەم
گەر لە خوا لوتفی عەمیم و جوود و ئیحسانت دەوێ
ئەی ئەسیری هێندە عەشقی میللەتی کوردت هەیە
بشمری لام وایە قەبری «گردی سەیوانت دەوێ»

وا دەزانم هەر ئەم شیعرانەی سەرەوەیە کە (جگەر خوێنێکی) کوردی هێناوەتە جۆش و لەژێر عینوانی (بردیلك)(١) چەند شیعرێکی لە هینەکانی ئەسیری بە سۆزتری لە جوابدا بۆ نووسیوە.

ئەی برا شەهبازی ئەوجی فەن و هەم عیرفانی تۆ
سەد وەکی ئیبن ئەلئەسیری گۆڕی بوو قوربانی تۆ

جگەرخوێن، گۆڕی، یەعنی قەبری ئیبن ئەسیر ئەکا، بەقوربانی ئەسیری. چونکو لەلای وایە، ئیبن ئەسیر کە کوردێکی موئەریخە نەك مۆرخێکی کورد لە عاستی ئەسیری دا کە شاعیرێکی کوردە نەك کوردێکی شاعیر، هیچ نرخێکی نییە و کەلکێکی نەبووە بۆ کوردایەتی.

دیسانەوە ئەڵێ:

سەر سەلاحەدین و بی سەد وەك ئەبی موسلیم هەبی
فائیدە هیچ بۆ مە نادەن سەطوەتی شاهانی تۆ

لەمەیش وا بزانم مەبەسی ئەمەیە گەورەیی ئەوانە بەکەڵکی بێگانان هاتووە و لەو گەورەییە، کورد، ناوێکیشی بۆ نەماوەتەوە.

مەسەلا لەو تاریخانەی کە لە مەکتەبەکاندا دەخوێنرێ، قەت بەرچاومان نەکەوت کە با، بەبۆنەی (سەلاحەدین)یشەوە بێت باسێکی کورد کرابێ و یا بکرێت.

بەتایبەتی لەم (بیت)ەدا جگەر خوێن، سۆزی دڵ و ئاگری کوورەی دەروونی دەرئەخا و بەبڵێسەی ئەو ئاگرە، گڕ لە ئینسان بەرئەدا:

ئەز جەگەر خوەنم ل دردان لول مـن سووتایە دڵ
ملهما دردی دڵی من (لاوك) و (حیرانی) تۆ

---

(١) گۆڤاری (هاوار) ــ ساڵ ــ١، ژمارە ــ١٠.

تیری خۆشخوانی تەسهتان جان و دڵ ئەی کاکی خۆم

نـــاتـــوانم ئـــەز خـــۆ ڕاگـــیـــرم ل بـــر خـــۆشـــخـــوانـــی تـــۆ

یەعنی: من لەبەر دەردی دەروون، جەرگم بووە بە خوێن و دڵم سووتاوە. ئەگەر مەڵحەمێك هەبێ بۆ دەردی دڵم ئەویش لاوك و حەیرانی تۆیە. کاکی خۆم! ئاهـ و نەوای خۆشخوانیی تۆ بەوێنەیەك ڕۆح و دڵی منی سووتاندووە و گڕی تێ بەرداوم، کە ئیتر خۆم پێ ناگیرێ.

ئەسیری وا دیارە کە نەیویستووە ئەم سکاڵایە بێ وەرام بمێنێتەوە و لەبەر ئەوە ئەم شیعرانەی خوارەوەی بۆ نووسیوە کە ئەمیش لە (ژمارە-١٤)ی گۆڤاری (هاوار)ا نووسراوە:

«هۆ جگەر خوێن»

فـەن و زانـیـنت ئـەسەل(١) بەرزبوونەوە و سەرکەوتنە

گـەل کـە نـادان بـوو بـەشی دیـلـی و پـوولـی و مـردنـە

ڕێگـەکـەی سەمـتـی قـوتـابـخـانـە و دەبـیـرسـتـانـی گـەل

ڕێگـەیـی ئـازادیـیـە و ڕێگـا بـە هـیـوا بـردنـە

چـارەیـی زانین و زانستـی کـە پـێك بـێ زوو بـە زوو

هـۆ جگـەر خـوێنـیـنـن کـولـیـنـی گـەل لـە زەڕ پڕ کردنە

زەڕ بە کۆشین دێتە دەس، گورجی و دەس و بردیی دەوێ

هـەر کـەسێ کـاری چـەبـی لـەو کـارە چـاتـر کـردنـە

............................................................................................

............................................................................................

و لە ئاخری ئەم شیعرانەدا ئەڵێ:

هۆ ئەسیری گەر چی وەك چیرۆکە هەڵبەستت دەڵێ

بـەندی دەستوورە، بـەکارهێنانی کورد سەرخستنە

ئەسیری لەژێر عینوانی (درشهوار) هەر لە (هاوار) دا، شیعرێکی تری جوانی هەیە،

---

(١) أصل.

چ ئـەم شیـعـرە و چ ئـەوانـەی تـری کـە لـەم لاو لـەولا بـڵاوکـراوەتـەوە، هـەمـووی نیشتمانپەروەرانە و بەسۆزە و تا ئێستا ئێمە تووشی شیعرێکی غەرامی نەبووین و لەمەیش وا دەردەکەوێت عەشقی وڵات، ئەوی کردووە بە شاعیر ئەگینا لەبەر ئەوە نییە کە شاعیر بێ و ویستبێتی پێڕەوی شاعیرانی عەسر بکا و شیعری نیشتمانیش بڵێ.

## ئاهی

لەبەرئەوەی کە دیوانێکی ئەم شاعیرە کوردە لەناوا نییە و سەر گوزەشتەیەکی تەواوی نازانین بە ناچاری بەوانەی کە لە (تاریخی سلێمانی) و (ئەنجومەنی ئەدیبانی کوردا) نووسراوە واز لە باسی دێنین؛ لە تاریخی سلێمانیدا ئەڵێ:

«سالح ئەفەندی (ئاهی) خەڵکی سلێمانی و لەو شعرای عەسری سیانزەمین و چواردەمینی» «هیجری یە. زۆری حەیاتی لە کۆیە – کوێسنجەق ڕابواردووە. عالیمێکی باش و شاعیرێکی حەساس بوو. زۆر غەزەل و قەسیدەی کوردیی هەیە. ئەم دوو (بەیت)ە لە نیهایەتی غەزەلەکەی (خوا هەڵناگرێ) ی وەرگیراوە:

«هەتا کەی سا، زەقومی میحنەتی دووریت بچێژم من
بە شێتی وێڵ و سەرگەردانی دەشت و کێو و سەحرابم
دەبێ (ئاهی) لە جەژنی وەسڵی دولبەردا بە قوربانی
قەدی باریك و لێوی ئاڵ و چاوی مەست و شەهلابم»

لێرەدا تاریخی سلێمانی باسی ئاهی ئەبڕێتەوە؛ تەواوی ئەم غەزەلە کە لە (ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد)دا نووسراوە بەم ڕەنگەیە:

### خودا هەڵناگرێ

خودا هەڵناگرێ چاوم، ئەمەندە شێت و شەیدا بم
لە مابەینی خەلایقدا وەها مەهتووك و ڕیسوا بم
گەلێ دەفعە ئەڵێم بێم دڵ بگۆڕم خۆم لەوی لادەم
لە دوو ڕێدا خەریك ماوم بەلام وا چاکە یەك ڕابم
چ ئینسافێکە ئەی نەی قامەت و غونچە دهان و شۆخ
وەکو بولبول هەمیشە هەر بە هاوار و بە غەوغا بم
هەتا کەی سا زەقومی میحنەتی دووریت بچێژم من
بە شێتی وێڵ و سەر گەردانی دەشت و کێو و سەحرا بم
دەبێ (ئاهی) لە جەژنی وەسڵی دولبەردا بە قوربانی
قەدی باریك و لێوی ئاڵ و چاوی مەست و شەهلا بم

نـازانم بـۆچـی ئـێمـە بـە خیـلافـی ڕەئـی ئـەمین زەکـی بـەگ لـەم شیـعرانـەدا ئـەمـەی خوارەوەمـان لا خۆش بوو زۆرتر بـە دڵمـانـا چوو؟

گەلێ دەفعە ئەڵێم بێم دڵ بگۆڕم خۆم لەوی لادەم

لە دوو ڕێدا خەریك ماوم بەڵام وا چاکە یەك ڕابم

چەن جوانە؟ و بزانە ئاهی چۆن، لە دوای ئەوە کە گەلێ جار ئەیەوێت دڵ بگۆڕێ و خۆی لە مەحبووبەی دوور بخاتەوە و ڕووی لێ وەربگێڕێت. یەعنی لەوەدا لەسەرڕێی عەشق بڕوات و دڵ بە ئارامیی گیانی خۆیەوە ببەستێ و یا، دەستی لێ بەردا و خۆی لەم داوی عەشقە ڕزگار بکا یا نە، دوو دڵ ئەمینێتەوە و دوو ڕێگەی دێت بە خەیاڵا، دیسانەوە واز لە دوودڵی دێنێت وێکڕا (یەك ڕێ و یەك ڕەئی) ئەبێتەوە. و ئەنجامی کار بەرامبەر بە فەرمانی عەشق، ملی خۆی کەچ ئەکا:

«لە دوو (ڕێ)دا خەریك ماوم بەڵام وا چاکە یەك ڕابم»

ئاهی، داخەکەم هەر لەگەڵ غەرامیات خەریك بووە و بە ئاخ و داخی عەشق و مەعشووقەوە تلاوەتەوە و ناڵاندوویەتی. ئەبێ لە زەمانی ئەوا حادیسات و کردەوەی وا، ڕووی نەدابێ کە ئەویش بە دەردی (سالم) و (نالی) بەرێ، و مەجرای ژیانی وەکو ئەوان لە ناکاو بگۆڕێ و بە ناڵەی نیشتمانەوە خەریکی بکا و مەحبووبەی دڵی لە بیر بەرێتەوە.

یەکێك لەو شیعرە غەرامیانەی تری ئاهی ئەمەیە:

### نوکتەی دەمی

نوکتەی دەمی مەخفی لە فلاتوونی خەیاڵە

سڕێکە بە سەد فەلسەفی ئیزاحی مەحاڵە

من سەتحی ئەم عیلمەمە لەو وەقتەوە قوربان

نەوخێزی خەتت حاشیە فەنی جەماڵە

پەروانە سیفەت دڵ بە چرای عاریزی پاکت

سەر باختە و سوختە بێ پەروباڵە

سەرمەست و بریندار ی موژەو چاوی خومارە

ماتەم زەدە و شیفتەیی پەرچەم و خاڵە

ئاهی کە غولام و خەدەمی حەزرەتی یاری؛
نـاڵـی بـخـەرە گـوێتـەوە وەك حـەلـقـە لـە نـاڵـە

من لام وایە ئەغلەبەی شاعیرە کۆنەکان هەر وەکو شیعرەکانیان لاساییکردنەوە بووە، لە عەشقیشدا هەر موقەلید بوون و ڕەنگە بەشی زۆریان مەعشووقەیان نەبووبێ و بـە خـەیـاڵ بـووبـن بـە عـاشق. ئـەگـینـا تـوخـوا کـە دەمـی ئـەوەنده بـچووك بـێ بـە ئـەفـلاتـوونـیش نـەبـینـرێت و سرێکی (شاراوە)ی وا نـەبـینـراو و نـیـهـانـی بـێ کـە سەد فەیلەسووف نەتوانێ دەری بخا، ئەوە دەمە، و مەحبووبەیەکی وا بێ (دەم) ئەتوانێ پیاوێکی بە هۆش گیرۆدەی عەشقی خۆی بکا؟

ئەمەیش لەوێ بێ. ئەی (دەم)ێك کەوا نەبینراو (مەخفی)، بێ ئەو دانانەی کە لەو دەمـەدایـە ئـەبـێ چـۆن بـێ؟ ڕەنـگـە شاعـیـرە عـاشقـەکـانمان هـیـچ بیریـان لـە ددانـی مـەحـبـووبـەکـانـیـان نـەکـردبـێتـەوە و یـا شیریـنـیـیـان بـە مـەحـبـووبـەی بـێ دەم و ددانـدا چووبێ. بەڕاستی شتێکی سەیر و زەوقێکی باڵایە.

ئەی لەوەیش فکریون کە مەحبووبەکانی ئەم شاعیرە بەسەرزمانانە بە ئەکسەر هەم نێر و هەم (مێ) بوون. ئەگەر وا نەبێ بۆچی لە شیعرەکانیاندا وایان وەسف ئەکەن کە لـە (کـوڕ)یش و لـە (کـچ)یش بـچـن؟ بـۆ ئـەمـەیش هـەر لـەم دوو شیـعـرەی (ئـاهـی)دا شایەدمان بە دەستەوەیە:

من سەتحی ئەم عیلمەمە لەو وەقتەوە قوربان؛
نـەوخـێزی خـەتت حـاشیـەیـی فـەنـی جـەمـاڵـە

سەرمەست و بریندار‌ی موژە و چاوی خومارە؛
مـاتـەمـزەدە و شیـفـتـەیـی پـەرچـەم و خـاڵـە

بەڵێ ئەگەر مەعشووقەی کوڕ نەبووایە بە «نەوخێزی خەتی» یەعنی بەو سمێڵەی کە تازە بۆری کردووە حاشیەی لە فەنی جەمالی نە ئەدا و لە لایەکی تریشەوە ئەگەر بە کچی نەزانین چۆن ئەتوانین بە یادی ویساڵییەوە گوێ لە ئاهو ناڵەی (ئاهی) بگرین و مەعنا بۆ،

دەبێ ئاهی لە جـەژنی وەسـڵی دوڵبەردا بە قوربانی
قەدی باریك و لێوی ئاڵ و چاوی مەست و شەهلا بم

لێك بدەینەوە. ئایا ئەو مەحبووبەی کە ئاهی، شیفتە و ماتەمزەدەی پەرچەم و خاڵیەتی و لەجەژنی ویساڵیا خۆی ئەکا بە قوربانی قەدی باریك و لێوی ئاڵی، کورە؟ ئەمەیش سەیرێکی ترا.. عالمێکی ساڵح، ئەگەر لەم عەشقەدا لەژێر حوکمی خەیاڵ و تەقلیدا نەبووبێ، بە ڕاستی من بە زانا و شاعیری ناژمێرم. بەڵام بۆ ئەوەی کە لێی خۆش ببم و حەرفی بێجای لە حەق نەڵێم هەر لەسەر فیکرەکەی خۆم ئەمێنمەوە، ئەڵێم، هەر وەکو شاعیرێکی تەقلیدی بووە، عاشقێکی تەقلیدییش بووە. چونکو وەکو خۆی ئەفەرموێ:

من سەتحی ئەم عیلمەمە لەو وەقتەوە قوربان

نەك سەتحی بێ لەو جەماڵەدا کە حاشیەی خەتی نەوخێزەی لێ پەیدا بووە، بەڵکو لە عیلمی عیشقا بە تەواوی سەتحی بووە و لاسایی عاشقە خەیاڵییە کۆنەکانی وەکو خۆی کردووەتەوە و لەبەر ئەوە شیعرەکانی ئەگەر قیمەتێکی ئەدەبیی هەبێ لە نوقتەی لاساییکردنەوە و دەرەجەی توانایەتی لەم لاساییکردنەوەدا.

ئیتر با لەوە زیاتر لە (ئاهی) ناوچەوان ڕەش و بەدتالیع نەدوێین و هەر وەکو خۆی فەرموویەتی:

خــوا هەڵناگرێ چاوم ئەمەندە شێت و شەیدا بم

لە مابەینی خەلایقدا وەها مەهتوك و ڕیسوا بم

ئێمەیش ڕیسوا و ڕەنجەڕۆی نەکەین و زەحمەت بە ڕۆحی نەدەین...



بێخود

شاعیری لاهووتیی کورد

## بێخود

ناوی مەلا مەحمووده و کوڕی مەلا ئەمینی موفتی نەوەی مەلای (چاو مار)ه کە ناوبانگی عیلمیی ئافاقی کوردستانی عێراقی داگیر کردووه. لە سلێمانی هاتووەتە دنیاوه، وعومری ڕەنگه لە پەنجا ساڵ زیاتر بێ و هێشتا ژنی نەهێناوه. عەلی کەمال دەرحەق بە (بێخود) ئەڵێ:

«عیسا بە پێغەمبەری عرووجی کردبووه ئاسمان، ئەم بە شاعیری»

بێخود، لە موحیتی سلێمانیدا شاعیرێکی بە ناوبانگە. زۆر شارەزای فارسییه و بە زەوقێکی زۆر گەورەوه (بیدل) و (مثنوی) ئەخوێنێتەوه. شکم نییه کە لە شیعری فارسیدا لەم دوو شاعیره متسوفەی فورس ئیلهامی وەرگرتبێ. چونکو لە دوای شیعری غەرامی، زۆرتر لە وادی متەسەوفەی و بە فارسی شیعری داناوه و نووسیویەتی.

لە (مراثی)(*)دا و بە تایبەتی لە تاریخی مردن نووسینەوەدا دەستێکی باڵای هەیە و مەرسیەیەکی کە بۆ (عەلی حیکمەت) ئەفەندی عالیمی بەناوبانگی کورد دای ناوه وێنەیەکی بەرزی ئەدەبە. ئەم (مرثیە)یەشی بۆ شێخ عەبدولکەریمی کوڕی شێخ محەمەدی قەرەداغ وتووه:

که حەجاجی فەلەك هاتوو بە خوێنی غەم خەڵاتی کرد
بەسەر شێخ و مەلادا دابەشی مووچە و بەراتی کرد
کەسم ئیمڕۆ نەدی بیخاتەسەر سەر چەرخ و سبحەینێ
وەها نەیدا بە عەرزا تۆ نەڵێ ی قەتعی حەیاتی کرد
لە ساداتی (تەکی) عەبدولکەریم نابینی شایێ بوو
کەچی فیلی ئەجەل هات و کشێکی کرد و ماتی کرد
کە زانی نەشئەیێ نادا حەیاتی عاریەت بۆ کەس
ئەویش وەك باوك و جەدی ئارەزووی بەزمی مەماتی کرد
بیحەمدوڵلا لە دنیادا کە ئەوقاتی نەفیسەی خۆی
بە ئەکسەر سەرفی زیکر و باقیاتی ساڵحاتی کرد

---

(*) (مراثي) جەمعی مرثیة.

من و تۆی تووشی قەعری دۆزەخی هیجران و غەم فەرموو
ئەگەر چی خۆی لە ئەوجی قەسری فیردەوسا سەباتی کرد
کە پرسیم ساڵی غیفرانی لە ئوستادی خیرەد (بێخود)
بە ئاهـ و ناڵە، داوای قاقەز و خامە و دەواتی کرد
منیش لەوحەی دڵ و ئەنگەشت و چاوم نایە بەردەستی
ئەویش ئەلحەق بەدقەت سەنعەتێکی پرنیکاتی کرد
حرووفی موعجەمەی ئەم نیوە شیعرەی کردە تاریخی
جەوانمەردێ لە ئەشراف (تەکی) ئیمرۆ وەفاتی کرد ١٣٥٣

بێخود لە شیعری غەرامیشدا زۆر خاوەن توانایە. هەر چەند خۆی وەکو عەلی کەمال ئەڵێت:

ڕەنگە «لە دیانەت و عیلما زۆری نەما بێ مەزهەری حەدیسی «علماء امتی» ببێ؛ دیسانەوە لەژێر حوکمی تەقلید نەچووەتە دەرەوە و لە مەدحی (خەت و پەرچەم و لێوی ئاڵ)» خۆی پێ نەگیراوە. لەوەیش زیاتر بەڵکو سەردەمێك هەندێ لەو لاوە جوان و شۆخانەی نەدیبێ کە موحیتی پڕ فەیزی سلێمانی پێی گەیاندوون؛ لەگەڵ ئەمەیشدا لەسەر بیستن و هەر لەژێر تەئسیری لاساییکردنەوە و حوکمی سەلیقەدا بە شیعر هەموویانی هۆنیبووەوە و مەدحی کردبوون و ئەم غەزەلەی ئەوەندە جوان و سادە و موافیقی وەسفولحال بوو کە زۆری لاوە تازە پێگەیشتووەکانی ئەو دەورە لەبەریان کردبوو.

هەر ئەم شاعیرە دڵتەڕ و نەزەر بازەیشە کە گەلێ قەسیدەی غەرامیی لە عەشقی حەقیقیی محەمەد (صلی اللّە علیە وسلم) دا وتووە.

ئەم قەسیدەیەی خوارەوە یەکێکە لەو قەسیدانە:

ئەگەر شاهـم وەگەر شاهین و بازم یا ڕەسوولەڵڵا
وەتەن ئاوارە و هێلانەوازم یا ڕەسوولەڵڵا
بە ڕۆژ پەروانەیەکی دڵ شکاو و بێ پەڕ و باڵم
بە شەو شەمعێکی پڕ سۆز و گودازم یا ڕەسوولەڵڵا
لە تیغی قەهر و ڕوتبەی ئیلتیفاتی تۆوەیە قوربان
ئەگەر گەردن کەچم یا سەرفرازم یا ڕەسوولەڵڵا

به وەرچەرخاندنێکی ڕووت هەتا هەم کەوتووم بێ ناز
بـە لـوتـفـێکت لـە عـالـەم بـێ نـیـازم یـا ڕەسوولـولڵـلا
لـە تـێکـۆشیـنـی ڕزگـاریـی مـنـی ئـاوارەدا کـول بـوون
هــەمــوو بــاپـیـرەکـانــی دڵـنـەوازم یــا ڕەسولـولــڵـلا
ئیتر هەر خۆت ئەبی چارەم بفەرمووی چونکە هەر خۆتی
تــکــاکــارم مــوعــیــنــم چــارەسازم یــا ڕەسوولــڵلا
ئـەزانـم خـۆ خـیـلافـی ئـەمـری تـۆم زۆر کردووە ئـەممـا
کـوڕی خـۆتم بـەلـوتـفـی تـۆ ئـەنـازم یـا ڕەسوولـولـڵـلا
نـەجـاتم گـەر بـدەی زوو بـۆ تـەوافت حـازرم یـەعـنـی
بە کەعبەی رووت رووەو خاکی حیجازم یا ڕەسوولولڵلا
غـولامـێکـم ئـەوا خـۆم خستـە قـاپـیـی غـیـرەتـی تـۆوە
بەناو (مەحموود)م ئەمما هەر (ئەیازم) یا ڕەسوولولڵلا

بەڵام ئەم شاعیرە گەورە و بە سەلیقەیە لەم عەسرەشا لەسەر ڕێی کۆن ڕۆیشتووە تا ئێستە لێی لا نەداوە، زیاد لەمەش وەکو سۆفی چووەتە ئیعتیکافەوە و نایەتە دەرەوە. وەنەبی پیاوێکی وشك و بێ زەوق بێ. بەڵکو ئەوەندە سوحبەت خۆش و نوکتە پەرداز و ئەوەندە ئێسك سووك و شیرین گوفتارە کە هەر بۆ ئەوەی دەس ئەدا گوڵی مەجلیسی ئەدەب بێ.

بەڵام ڕەنگە ئەو ئێستە مەجلیسی ئەدەبی دەس نەکەوێت و دڵ ئازاری ئەم حاڵە بێ.

جێگەی داخێکی تریش ئەوەیە کە ئەم شاعیرە فەحلە، لە باغی دیوانی ئەدەبی خۆیدا دەسنێژێکی نیشتمانپەروەرانەی نەبێ و لەم مەیدانەدا هیچ شیعرێکی نەوتبێتەوە. ئەمەیش وێنەیەکی شیعری غەرامیی (بێخود)ە کە لە گوڵدەستەکەی عەلی کەماڵدا نووسراوەتەوە:

### ئەم کەرکووکە جێی ڕاوە

دڵـم مـەفـتـوونـی چـاوی دولـبـەرێکـی ئـۆکـتـە پـەردازە
کە مـەحزی حوسنـە، عـەینـی شۆخییـە، سەرچـاوەی نـازە
لـە بـاغـی نـاسکیـدا مـوعـتـەدیـل سـەروێکـی عـەنـبـەر بـۆ
لــە دیــوانــی چــەمــەنــزاری دڵا فــەردێکــی مــومــتــازە

به زۆری حوسنی خۆی ئەیقلیمی ئەرز و ئاسمانی گرت

لەسەر تەختی زەمین شاهی زەمان ماهی فەلەك تازە

سویدای پەرچەمی وەك فەجری کازیب زوڵمەت ئەفشانە

بەیازی گەردنی وەك سوبحی سادق پەڕتەو ئەندازە

حەریمی چاو و بەیتی ڕومەت و تاقی خەمی ئەبرۆی

مەتافی نازە، کەعبەیی ئیمتیازە، قیبلەی رازە

لە بازاڕی موحیبەتدا هەزار لۆمەم بکەن خەڵکی

ئەڵێم ئەم (یووسف)ە پێغەمبەرێکی ساحیب ئیعجازە

دەخیلت بم بڵێ! دوڕاجی دڵ خۆی دەرنەخا بێخود

کە ئەم کەرکووکە جێ ڕاوی شەهێن و واشە و و بازە

لەم غەزەلەدا ئەوەی کە سەنعەتی تیا بێ و زۆر جوان بێ. ڕەشیی پەرچەمی مەحبوبە؛ بە فەجری کازیبی زوڵمەت ئەفشانە و سپیەتیی گەردنی بە سوبحی سادیق و پەڕتەو ئەندازە تەشبیە کردنە و تەعبیرەکانی (فەجری کازیب) و (سوبحی سادیق)، لە وەسفی ڕەشییی زوڵف و سپیەتیی گەردنا و لە بەیتێکدا، یەکخستنە.

سویدای پەرچەمی وەك فەجری کازیب زوڵمەت ئەفشانە

بەیازی گەردنی وەك سوبحی سادیق پەڕتەو ئەندازە

دیسانەوە، «دڵ بە دوڕاج تەشبیە کردن و لە تاقە شیعرێکدا، خاوەنی دوڕاج، وشیارکردنەوە بۆ داخستنی ئەو دوڕاجە و پاراستنی لەو شەهێن و واشە و بازە کە بە فیکری شاعیر، لە کەرکووك زۆرە و ئەو شارە جێگە ڕاوی ئەم نەوعە تەیرە ڕاوکەرانەیە»

سەنعەتێکی جوانی شیعر و ئەدەبە. و مەبەسی ئەمەیە کە لە کەرکووك ئەوەندە جوانی دلڕفین زۆرە ئەگەر بێتو لە ماڵ بێنە دەرەوە بە داوی عەشقی یەکێکیان هەر گرفتار ئەبی و دڵی ئەفڕێنن .

دەخیلت بم بڵێ دوڕاجی دڵ خۆی دەرنەخا بێخود

کە ئەم کەرکووکە جێ ڕاوی شەهێن و واشە ووبازە

بەڵام ئێمە (بێخود)مان بۆ ئەم نەوعە شیعر و سەنعەتانە ناوێ و نامانەوێت کە ئیتر وەسفی زاج و پەرچمان بۆ بکا و یا مەرسیە بۆ مردوو بنووسێتەوە، حەتتا نایشمانەوێ

هەر بە مەدحی پێغەمبەرەوە خەریك بێ و بۆ ئاخیرەتی هەوڵ بدا؛ بەڵكو هیوامان وا پێیەتی كە ماوەی عومری خۆی، سەرفی دیوانێكی عەسری و تازە بابەت بكا و بە شیعری بەرز و ڕەنگینیی نیشتمانپەروەرانە، رۆحێكی نوێ بكا بە بەری لاوەكاندا و بیانخاتە سەر ڕێگەی چاكە و پێكهێنانی كار و كردەوەی بەپێز و بەم ڕەنگە دنیاشی لێك بداتەوە و لەگەڵ نەفسی خۆی و ڕۆژی ئاخیرەتی؛ میللەت و نیشتمانیشی بە یاد كا و لە خزمەتی ئەوانیشدا گرەو بباتەوە.



بێکەس

شاعیری نیشتمانپەروەر

## بێکەس

بێکەس، ناوی ڕاستی فایەقە. هەر چەند مەخلەسی بێکەسی بۆ خۆی هەڵبژاردووە، بەڵام بێ کەس نییە، بەڵکو کەسوکارێکی زۆری هەیە. و کوڕی عەبدوڵا بەگی قایمقامی عەسکەری و برازای حاجی ئەمینی کاکە حەمەیە کە یەکێکە لە تاجیرەکانی سلێمانی. باوکی چەند ساڵێك لەمەوپێش بە تەقاوتی لە مەرعەشی تورکیا ئەمری خوای بەجێ هێناوە. فایەق خۆیشی لە سلێمانی لە دایك بووە و زەمانی منالّیی لە ماڵی باوکیا زۆر بە خۆشی و نازداری ڕابواردووە. بەڵام زەمان ئەوەندە بە دەم فایەقەوە پێ نەکەنیوە و زوو دایکی مردووە. کە باوکی ژنێکی تر یێنی فایەقی چارە ڕەش لە بیر ئەچێتەوە و لە دوای بەینێکیش باوکی لەگەڵ ئوردووی عوسمانی لە عێراق دوور ئەکەوێتەوە و فایەق لە لای خزمانی بەجێ ئەمینێ. خوێندنی ئیبتدائی لە سلێمانی بووە. هەر چەندە وێنەیەکی زەکایە، بەڵام لەبەر کزیی چاو و هەندێ سەبەبی تر، نەیتوانیوە لە مەکتەبە بەرزەکاندا دەوامی خوێندن بکا، و چووەتە دارئەلعلوومی بەغدا بەینێکیش لەوێ خوێندوویە و لە زمانی عەرەبیدا بەهرەیەکی موناسبی پەیدا کردووە. هەر بە خوێندنێکی ئیبتدایی و بە زەکای خۆی، موناسبێك ئینگلیزییش فێر بووە. لە دواییدا بووە بە موعەلیم و لە لیواکانی سلێمانی و حیلە لەگەڵ تەدریس خەریك بووە. بەڵام ژیانێکی زۆر تاڵ و ناخۆشی ڕابواردووە و لە ڕووی ڕاستگۆیی و بێ ڕیایی خۆیەوە زۆری موسیبەت بەسەر هاتووە. فایق هەر وەکو لە هەموو خزمەکانی خۆی دوور خستووەتەوە و دەسی یارمەتیی لێ داوا نەکردوون، لە عالەمی ژیانیشدا سەربەخۆیی و ئازادیی بەسەر هەموو ڕەنگە ژیانێکی ترا تەرجیح کردووە و هەر لەبەر ئەمەیش مەخلەسی (بێکەسی) بۆ خۆی هەڵبژاردووە. هەندێ کەس لەبەر حوڕئەندێشی و قسە ڕاستی و بێ موبالات، بێکەسیان بەبێ حەیایش زانیوە. بەڵام لای ئەوانەی کە مەعنای حورییەت و سەربەخۆیی تێ ئەگەن و لە رۆحی (بێکەس) بە تەواوی شارەزان، فایەق پایەیەکی بەرز و بڵندی هەیە و لای من وایە کە لە ناو شاعیرەکانماندا، ناوچەوانانی پاك و بێ غەش هەبێ، (یەکێکیان فایەق)ە.

بێکەس، لەبەر ئەوەی کە بە منالّی ئاوڵەی دەرداوە و چاوێکی لە کیس چووە بە دیمەن زۆر رەزا قورسە. کورتیی باڵای و قەڵەوی لەشیشی بووە بە سەربار و لەوە ناشیرینتر و بێ رەزاتری کردووە. بەڵام لای ئەوانەی کە هاونشینیی فایەقیان کردووە

و بە وتاری خۆش و پڕ لە نوکتەی و بە بیستنی شیعرە جوان و ئاودارەکانی، دەماخیان خۆشە بووە، فایەق ئەوەندە بە تام و بە لەزەتە نرخی قەت تەواو نابیّ.

## فایەقی شاعیر

فایق بێکەس و یا بێکەس، یەکێکە لە شاعیرە عەسرییەکانی کورد. (لوسی پول مارگرێت)ی ئەدیبەی فرانسز، بێکەس لەناو شاعیرە قەومییە تازەکانی کوردا ئەژمێرێت و ئەمەیش زۆر ڕاست و بە جێیە. بێت و دیوانەکەی بێکەس بخوێننەوە دەبینن بەشی زۆری عیبارەتە لە شیعری نیشتمانی و قەومی. بەڵام فایق هەر بە شیعری نیشتمانییەوە نەوەستاوە بەڵکو لە هەموو بابەتێکی ژیانی کۆمەڵایەتی دواوە، گۆرانیی بۆ منالانی مەکتەب، پەند (وەعز و نەسیحەت)، غەرامیات، وەسف، تەنقید، لاساییکردنەوە، مەرسیە، گاڵتە پێکردن، لە زمانی بێگانەوە بە نەزم تەرجەمە و بە کورتییەکەی لە هەموو ڕەنگێك شیعری داناوە و لە سەدا نەوەدی ئەم شیعرانە وێنەیەکی بەرزی ئەدەبە. لە هەندێ شیعریشدا بێکەس، ژیانی قەلەندەرانەی خۆی بۆ ئێمە ئەگێڕێتەوە و یا باسی تام و لەزەتی مەی و مەیخانەمان بۆ ئەکا و بەم ڕەنگە هەندێ جار (ابو العلاء) و جارجارەیش (خەیام)مان بیر ئەخاتەوە. ئەگەر ڕاستت دەوێ بێکەس، لە هەردووکیشیانەوە نزیکە. بەچڕوچاوی کوتو کوێر و ئاوڵاوی و ڕەنگی ژیانیا، تۆزێك لە (ابو العلاء) و بەمەیلی خواردنەوە و خەرابات پەروەریدا، کەمێك لە (خەیام) ئەچێ. شاعیرێکیشە بۆ ئێمە جێگەی ئەوانی گرتووەتەوە و زیاتریش... ئەم شیعرانەی خوارەوەی (بێ کەس)، تەرجەمەی هەڵبەستێکی ئینگلیزی (ئی ... و یلکوکس)ە.

### گۆڕاوم

١

گـۆڕاوم وێنەی جـــاران نەمــاوم    بینایی چـــاوم!
عەشقت لــــە دڵــما دامــردووتەوە    بێ تین و تاوم.

٢

دیسان هەر مەستی بادەی پێشینم    گیانی شیرینم!
چەپ گەر ناتوانێ لە دڵمی دەرکــا    یـــادی دێرینم.

٣

بـــــەڵام خولیـاکەی پێشووم نەمـاوە　　　هـیـوام بــڕاوە
ژینم هـــــەر وەکـــو درەختی بێ بـــەر　　　وشك و بێ ئاوە.

٤

چی بکەم داخەکەم ئەو خولیایەی زوو　　　لەســـەرم دەرچوو
وێڵم بـــە دوویـــا هـــەر نـــایدۆزمەوە　　　ڕۆیی لێم ون بوو

٥

گیـــانە پێم بڵێ بۆ چ وا ئـــــــەڕوانی؟　　　گوایە نـــایزانی
دڵیش ئەگۆڕێ وەك خـــۆی نــــامێنێ　　　تاسەی جارانی

٦

تۆ نــــەختێ ســـــــەرنـــج بدەرە دنـیا　　　هـــەرچی کە وا تیا
بـــاڵدار و گـــوڵ و ئــــــەستێرە و دەریا　　　درەخـــــت و چیـــا
ئەمــرێ، ئـــــەوەرێ، کـز و وشك ئەبێ　　　ئەگۆڕێ جیـــا جیا

٧

نازدار بێ و ســــەیری ئـــاوێنە بکەی　　　ئەوسا تێ ئەگەی
خـــۆیشت ئـــەگۆڕێی هـــــەر وا نامێنی　　　هـــەتاکـــو سبەی

٨

منیش مـــەیلەکەی ئەوســـــام نەماوە　　　عـــــەشقم گۆڕاوە
دڵـــم هەر وەکـــو گـــوڵی بێ بـــاران　　　ســیس و ژاکاوە.

ئێمە لەبەر ئەوەی کە ئنگلیزییەکی ئەوتۆ نازانین و ئینگلیزییەکەی ئەم شیعرانەمان لەبەر دەستا نییە و نەماندیوە ناتوانین بڵێین کە بێکەس لە چ پلەیەکدا توانیویەتی بیکاتە کوردی. بەڵام ئەوە جێی شك نییە کە ئەم شیعرانەی بێکەس تەرجەمەیە و تام و بۆنی ئەدەبیاتی غەربی تیایە. ئینجا لەلایەن دەسکارییەوە بێکەس کەم و یا زۆر هەرچی کردبێ دیسانەوە پارچەیەکی جوانی شیعری عەسریی هێناوەتە ناو و دیارە کە لە شاعیرێکی خۆرئاوایی ئیلهامی وەرگرتووە.

بێکەس، لە عەرەبیشەوە تەرجەمەی هەیە و هەندێ شیعری کردووە بە کوردی، بەڵام بۆ ئێمە لەمانە پێویستتر، ئەو شیعرانەیە کە بە تەواوی، زادەی قەریحەی ئەوە و موڵکی خۆیەتی. ئەمە سکاڵایەکەی بێکەسە:

### سکاڵا لە تەك مانگ

ئەی مانگ من و تۆ هەردوو هاودەردین
هەردوو گرفتار یەك ئاهی سەردین
تۆ وێڵ و ڕەنگ زەرد بە ئاسمانەوە
منیش دەربەدەر بە شارانەوە
دەخیلتم ئەی مانگ، قیبلەی دڵداران
دەرمانی دەردی دڵی بیماران
شەوێکە و ئەمشەو بگەرە فریام
بێ یار و هاودەم عاجز و تەنیام
دڵزار و بێزار خەیلێ غەمگینم
گیرۆدەی داوی لەیلی شیرینم
دڵبەندی عەشقی ئەو بەڵەك چاوەم
شێت و شەیدای ئەو ئەگریجە خاوەم
لەو ساوە ئەوم کەوتۆتە خەیاڵ
گریانە پیشەم بوومە کۆی زوخاڵ

بێکەس، بەم شیعرانەی سەرەوەدا کە بەندی یەکەمی سکاڵاکەیەتی؛ لەدوای سەرەتایەکی کورتی هاودەردی و سەرگەردانی خۆی و مانگ؛ باسی بێ یار و هاودەمی و تەنیایی و خەمباریی خۆی ئەکا، و شەیدابوونی لەبەر ئەگریجەی خاو و گیرۆدەبوونی بە عەشقی لەیلاوە، بۆ ئەگێڕێتەوە و داوای ئەوە لە مانگ ئەکا کە لەو شەوی تەنیایی و خەمبارییەدا بکەوێتە فریای و بێ بە موونس و هاودەمی.

بەڕاستی زۆر جوانە؛ بەڵام ئایا (بێکەس) لەم شیعرە بەرزانەدا کە زادەی فیکرێکی بیکر و خەیاڵێکی وردە، گۆیەکی ئەوتۆی داوە بە سەنعەتی لەفز و فەنی شیعر؟ نەء؟ چونکو بێکەس، بۆ ئەوەی کە چەند کەلیمە و تەعبیرێك بخاتە قاڵبی شیعرەوە خۆی

ماندوو نەکردووە و ئەمانەی نەنووسیوە. بەڵکو ئەو خەیاڵە شیرینەی کە بە فیکریا ڕابوردووە بە وێنەیەکی زۆر تەبیعی خستوویەتە سەر کاغەز و لەبەرزی و بە پێزی فیکرەکەی ئەمەندە دڵنیا بووە کە نەیویستووە بیرێك لە کەموکورتی لەفز (وشە)کان بکاتەوە؛ ئەگینا، بێکەس لەوانە نییە کە لە باتی گرفتار، (گیرۆدە و یا تووشی) نەهاتبێ بە بیرا و لە جیاتی:

هەردوو گرفتار یەك ئاهی سەردین

بڵێ: هەردوو گیرۆدەی یەك ئاهی سەردین و یا هەردووکمان تووشی....

هەر وەکو ئەمە، ئەگەر کاڵی و ناپوختەیی، لەنگییەکی سووك، وشەیەکی بێگانە، لەقی وە یا کەمتەرخەمییەك لە هەندێ جێگەی

(دەخیلتم) ئەی مانگ قیبلەی دڵداران

و بێ یار و هاودەم (عاجز) و تەنیام
و دڵـزار و بـێزار (خـەیلـێ)غـەمـگـینـم
و گـیـرۆدەی (داوی) لـەیـلـی شیـریـنـم
و دڵبەندی (عەشقی) ئەو بەڵەك چاوەم
و لـەو ساوە (ئـەوم) کـەوتـۆتـە خـەیـاڵ
و گریانە پیشەم (بوومە) کۆی زوخاڵ

ئەم نیوە شیعرانەدا ببینرێت، قەت باوەڕم نییە کە زەڕەیەك لە نرخیان کەم بکاتەوە و لەو جێگە بەرزەی کە بە هۆی نەسمراوی(١) خەیاڵەکە و ڕەوانیی سەلیقەی شاعیرەوە گەیشتوویەتی، پلەیەك بێتە خوارەوە. وا دەزانم کە بێکەس بیزانیایە ئێمە داوای ئەوەیشی لێ ئەکەین، بەوەندەی کە چاو بترووسکێنی ئەو نیوە شیعرانەی بەم ڕەنگە لێ ئەکرد:

دەخیل ئەی مانگی قیبلەی دڵداران

و بێ یار و هاودەم خەمبار (و یا زویر) و تەنیام
و دڵـزار و بـێزار (ئـێجگار) (و یـا گـەلـێ) غـەمگـینـم

---

(١) نەسمراو= بکر.

و گــیــرۆدەی (عــەشقــی) لــەیــلــی شیــریــنــم
و دڵــبــەنــدی (داوی) ئــەو بــەڵــەك چــاوەم
و لــەو ساوە (لــەیــل)م كــەوتــۆتــە خــەیــاڵ
گــریــانــە پــیشەم (بــووم بــە) كــۆی زووخــاڵ

ئەمەیش (بەندی دووەمی) سكاڵاكەیە:

ئەی مانگ تۆ شوعلەی عەشقی پیرۆزی
تــۆ نــەشئــەبــەخشی دڵــی بــە سۆزی
(قـەسەمت) ئـەدەم بـە عـەشق و جوانی
(بــە نــەسیــمــەكــەی) بــەری بــەیــانــی
بـەسەر هـاتـی خـۆت بـۆ من بـەیان كـە
دەردی گــرانم نــەخــتــیّ ئــاسان كــە

........

(دووچــاری) چــی بـووی وا پــەشێواوی
لەبەر چی پەست و مات و داماوی؟

لێرەیشدا ئەگەر بێكەس، لێمان ببووریّ و بمانبەخشیّ؛ لە باتی وشەی (قەسەمت) سوێندێكت دائەنێین و یا نیوە شیعرەكە ئەگۆڕین و ئەیكەین بە «سوێندت ئەدەم من بە عەشق و جوانی»؛ و لە جیاتی (بەنەسیمەكە)ی (سروەی نەسیمی) دا ئەنێین، ئەوسا كە بۆ ئەوەی كە وا نەزانرێت سوێندەكە (بە عەشق و جوانیی سروەی نەسیمی بەری بەیانی ئەدرێت (و)اوێكی عەتف ئەخرێتە دوای وشەی جوانی كە لەنیوە شیعرەكەی پێشوودایە و ئەبیّ بە:

سوێندێكت ئەدەم بە عەشق و جوانی و... (جوانیو)
سروەی نەسیمی بەری بەیانی

بەڵام دیارە كە بۆ نە گۆڕانی قافیە ئەبیّ ئەم واوە لە بەینی هەردوو (میسرەع)ە كە بخوێنرێتەوە وە بكریّ بەژێر لێوەوە:

سوێندێكت ئەدەم بە عەشق و جوانی...
و ... سروەی نەسیمی بەری بەیانی

و لەدوا شیعری بەندەکەیشا وشەی (دووچار) ئەگۆڕین و ئەڵێین:

تووشی چی بووی تۆ؟ وا پەشێواوی
بــۆچــی وا لــێڵ و کــەم تین و تــاوی

بەڵام ئەوەیش ئەڵێین کە لەگەڵ مانگدا سکاڵایێکی وا شیرین و ڕەنگین؛ و ئەوەندە بە سۆز و بە کوڵ، هەر بۆ بێکەس لواوە و لە ناو شاعیرانی کوردا باوەڕ ناکەم بۆ یەکێکی تر بەم وێنەیە سەری گرتبێ.

لە بەندی سێیەمی سکاڵاکەدا بێ کەس زۆر بە شێوەیەکی دڵ بریندارانە و بەسۆز و پەرۆش ئەو جوانان و عاشق و مەعشووقانە، ئەو کۆڕی بەزم و سەیر و سەفایانە،و ئەو سوڵتانە گەورە و بە ناوبانگانە لە مانگێك ئەپرسێ کە تا ئیمرۆ دیویەتی و ئێستا سەر و شوێنی هیچیان نەماوە و لێی ئەپاڕێتەوە کە باسی ئەو شارانەی بۆ بکا لە گوممەزی ئاسمانەوە بەسەریاندا ڕۆیشتووە و چاوی پێ کەوتووە و هەواڵی ئەو شەڕ و شۆڕە وەحشیانانەی لێ ئەپرسێ کە لە شەوانی تاریك و نووتەکا بەسەر لەشی سارد و ئەنجن ئەنجنی کوژراوە کەساسەکانیدا هەڵاتووە و چاوی عیبرەتی پیا گێڕاون. و ئەیەوێت کە لە هەناسەی سارد و فرمێسکی خوێنینی ماڵوێرانان بدوێ و باس و هەواڵی جگەر سووتاوانی ڕۆڵە کوژراوەکانی بۆ بگێڕێتەوە. و لە دوای ئەمانە خۆی ڕوو ئەکاتە مانگ و ئەڵێ:

ئەی مانگ ئەوەندە سەیری دنیات کرد
سەیـری نـیـفـاق و زوڵـم و ریـات کـرد
تــا وا بـــەم ڕەنــگــە کــاری لــێ کـردی
ڕەنگ و شعــووری بـــە جـــاریێ بـردی.

ئەگەر لێرەدا هەندێ ڕەخنەمان لە شیعرەکانی بێکەس گرتبێ، مەبەستمان ئەوەیە کە بزانرێت هەر بە چاوێکی تەقدیر لە دیوانەکەی نەفکریوین، بەڵکو چاوی تەنقیدیشمان پیا خشاندووە و بۆ ئەوەی کە لە لایەنگیری خۆمان بپارێزین، کەموزۆر لێی ورد بووینەوە. بەڵام بە نتیجە دەتوانین بڵێین کە: بێکەس شاعیرێکی زۆر حەساس و وردە و شاعیریەتیی ئەو، خوایی (وەهبی) و فیتریە. و لە شیعرا ڕێگەیەکی عەسریی گرتووە، یەعنی لە ئینقلابی شیعری کوردیدا هەنگاوێکی زلی هەڵێناوە.

بێکەس، شیعرەکانی ئەوەندە زۆر و چەشن چەشنە و لە جوانی و خۆشیدا یەك لە یەك

باڵاترە کە نازانین کامیان هەڵبژێرین و بیخەینە بەر چاوی خوێندەواران. تەعریفێکی ڕەمەزانی هەیە بەڕاستی هێندە جوان و ئاودارە کە تینووەتی ڕۆژووانێکی هاوین ئەشکێنێ.

لە دوای ڕزگاربوونی لە حەپسخانە، وداعیەیەکی هەیە بۆ عیلم و زانین کە بۆ چەوت و چەپەری ئەحواڵی ئەم زەمانە وەسفێکی لەوە جوانتر بە تایبەتی لە کوردیدا باوەڕ ناکەم کرابێ.

خۆ قەسیدەی (ئەی مەلا)ی هیچ شکی نییە کە وێنەیەکی بەلاغەتە لە کوردییا.

(مەلا و شێخەکان)، (منەوەرەکانی ئیمڕۆ)، (هەتا مردن) و (ئاهەنگی تەبیعەت) هەر یەکە سەرلەوحەی شیعرێکی زۆر ڕەنگین و بە ئاهەنگی بێکەسە. خۆ لە گۆرانیی قوتابیدا بێکەس گەیشتووەتە پلەیەکی وا بەرز کە، بێجگە لە یەك دووانێك لە شاعیرە مومتازەکانی کورد، هیچ شاعیرێکی تر نەیگەیوەتێ و باوەڕیش ناکەم کە بیگاتێ.

شەوێك لە کۆمەڵی زانستیی (خوا لێ خۆشبوو)دا لە بابەت بە کەڵکیی قوتابخانەوە، چەند شیعرێکی وتووە کە ئەم یەك دوو فەردە لەوانەیە:

مەڵهەم و دەرمانی دەردی ئێمە تەنیا مەکتەبە
فرسەتە هەستن لە خەو ئیتر چە وەختی نووستنە
با چرای (زانستی) هەڵکەین و لە زوڵمەت دەربچین
زۆر بەجێ ماوین لە خەڵقی، عەیبە، عارە، مردنە

ئەمەیش ئەو شیعرە پڕ لە توانج و تانووتەیە کە لە دوای ڕزگاربوونی لە حەپسی وتوویەتی و هەواڵی ئەو ڕۆژەی سلێمانی و کردەوەی کاربەدەستەکانی پێ وەسف کردووە:

تووشی لافاوی عیلم بووم و بەڵام زوو دەرپەڕیم
سواری پاپۆڕی جەهل بووم و بە ناویا تێ پەڕیم
سەد شوکر ئۆخەی نەجاتم بوو لەباسی عیلم و فەن
نامگرن جارێکی تر ئینجا لە کەیفا هەڵپەڕیم
گەر چی تا ئێستا وتوومە، تێ بگەن زوو پێ بگەن
بەو قسانەم ئێوە قەت باوەڕ مەکەن سەگ بووم وەڕیم

خوێندەواری شێتییە هەر جەهلە ئینسان سەر ئەخا
گەر لە مەولا ناوی عیلمم برد بزانن سەرسەریم
هێندە تەعقیبی حەقم کرد تاکو نانی خۆم بڕی
سووك و ریسوا بووم لەناوا گیرودەی (ئاخیر شەڕیم)
چاکە حیسەی عاقڵم زانی کە حەپسە یا شەقە
هەر کتێبێکم هەبوو ئیمڕۆ لە داخانا دڕیم
پیاوی دانا عەقڵی دانا زانی بۆی ناچێتە سەر
ئیقتیدام بەو کرد منیش بۆیە بە عەقڵمدا تڕ..
شەرتە کەر بم، بارە گوێزم لێ بنێن خرەی نەیێ
با دەمێکیش من بەبێ ئەندوهـ و غەم بۆ خۆم بژیم

لە تەرجیع بەندەکەی «ئەی مەلا»یش ئەم پارچەیەی خوارەوەمان هەڵبژارد کە هەر چەند هەموو بەندەکانی یەك لە یەك جوانتر و خۆشترە، بەڵام لەم نامیلکە بچووکەدا بێکەس لەمەندە زیاتر جێگەی بەرناکەوێت:

خوایە! یەك (لوتەر) بنێری بۆ گەلی کوردی فەقیر
تا نەجاتی با لەژێر دەستی مەلا و شێخان و پیر
ئەم شەوی دەیجوورە تا کەی؟ دەرکەوێ ڕۆژی مونیر
جوولەکەش وا بوون بە شت، هەر کوردە گەرمابێ ئەسیر

.........

ئەی مەلا تۆبێ خوا لەم فیکرە کۆنە لابدە
باوی باوەڕ کە نەماوە باسی فیردەوس و سەعیر

با لە قەسیدەی (مەلا و شێخەکان)یش یەك دوو پارچەیەکتان پیشان بدەین، تاوەکو بزانین کە بێکەس، لەگەڵ ژینی کۆمەڵایەتیدا چەن خەریك بووە:

١

مامە سۆفییش وای تەمایە هەر بەڕیشی پانەوە
قەسری بۆ حازر کرابێ پڕ بە حۆریی جوانەوە

ئەو ئەڵێ جەننەت بەڕیشە چی بەسەر عیرفانەوە
سەد سەلاحــەدیـن و دارا قـیـمـەتــی یــەك ئـانـەیـە

٢

گەر بەهەشت هەر بیتە جێگەی جاهیل شێت و کەران
دۆزەخیش مەخسووسی زانایان و فامیدەی جیهان
خوایە بمخەیتە جەهەننەم نەچمە ریزی وەحشیان
جـەنـنـەتـی چـی؟ بێت و وابێ عەینی تیمارخانەیە

٣

چاوەکەم بەخوا خەیاڵتان خاوە چاکی تێ بگەن
خوا یەکێکی خۆش ئەوێ دانا بێ خاوەن عیلم وفەن
کەڵکی بۆ خۆی و بەشەربی خادیمی راستی وەتەن
هـای وهـوویـی بێ سەمەر هەرکردەوەی شێتانەیە

لە سەرەتای قسەدا وتبوومان کە بێکەس یەکێکە لە شاعیرە قەومییەکانی ئەم عەسرە، بەڵێ شیعری نیشتمانیی (فایەق) زۆرە. بەڵام گەلێکی لە ناو خەلقا زانراوە، لەبەر کراوە. لەبەر ئەوە بەیەك دوو وێنەیەکی کورت لێرەشدا، دەرخستنی روحی نیشتمان پەروەریی ئەومان بە واجیب زانی:

## دڵ

لەژێر ئەم عینوانەدا بێکەس لەدوای ئەوە کە بە پێچەوانەی عادەتی خۆی، ئەمجارە باسی دڵخۆشی و نەشئەی خۆیمان بۆ ئەکا، بە هۆی رزگاربوونی لە دەرد و ئازار و تەنگیی دڵ، جارێ لە پەنجەی نازکی یار فنجانی شەراب و جارێکی تر داوای ویسکی و عوود و تار ئەکا، وەکو خۆی ئەڵێ:

دڵ ئەوەندە مەست و کەیلە شێتە هیچ هۆشی نییە
وا لـە رەقسایـە خـەریـکـە عـالـەمـێ بـێزار ئـەکـا

ئینجا دێتە سەر باسی نیشتمان و، تێ ئەگەین کە بۆچی وای بەسەر هاتووە و کەوتووەتە خۆشی و نەشئەی پەیدا کردووە؛ گوێتان لێ بێ بزانن، ئەڵێ چی:

دڵ بە نەشئە و بەزمی مللیەت شوکر بووژایەوە
شاییە، سەیرانە، بەزمە پڕ بە دەم هاوار ئەکا
دڵ بە ئاواتی گەیشتوو لاوی کوردی دی، کەوا
یەکدڵ و یەکدەم خەریکە میللەتی هۆشیار ئەکا
دڵ لە کینە خاڵییە بێگەردە سافە وەك بلوور
سەد تف و لەعنەت لە چارەی خائینی سەگسار ئەکا
دڵ ئەڵێ (بێکەس) هەتا کەی لافی مللیەت بە دەم
هەوڵ و تێکۆشینە تەنیا قەومی تۆ ڕزگار ئەکا
یەکتریتان خۆش بوێ تا نەگبەتی بەرتان بدا
دوو دڵیی ئەم قەومە دیل و سووك و بەدڕەفتار ئەکا

چاوێکیشتان لەم (پرسیار و وەرامە) بێ:

تۆچیت؟ من کوردم نەتەوەی گوردم!
خۆترسنۆك نی؟ نەخێر نەبەردم.
چی تۆی زەبوون کرد؟ دوودڵی و نیفاق!
چۆن رزگار ئەبی؟ هەر بە ئیتیفاق
بڵێ چیت دەوێ؟ بەرزیی وەتەنم.
بە خۆڕایی؟ نا! بەگیان و تەنم
کوا چەکت چییە؟ سەودای ولاتم!
ئەی پشتیوانت؟ عەزم و سباتم.
چیت لە بارایە؟ خۆبەخت کردن.
بۆچی؟ لە ڕێگەی میللەتا مردن!
راستت پێ بڵێم؟ فەرموو! گوێم لێتە،
بە واتەم ئەکەی؟ سەرم لەڕێتە.

بەڕاستی و پاکی هەوڵ و تێکۆشین
لە کورسی و کینە و درۆ چاوپۆشین
ئەمانەت نەبێ کارت زۆر لەقە
بەشت هەمیشە سووکییە و شەقە!..



پیرەمێرد

خاوەنی دوانزەسوارەی مەریوان

## پیرە مێرد
## ئوستادی شیعر و ئەدەب

ناوی خۆی (تۆفیق)ە. چووەتە ماڵی خوا بووە بە حاجی. پادشای عوسمانی روتبەی (ئەوولی سانی)ی داوەتێ، بووەتە بەگ. لە حاجی تۆفیق بەگەوە پیر بووە، ئێستە (پیرەمێرد)ە. لە سلێمانی هاتووەتە دنیا ئیمساڵ پێی ناوەتە ٧٣ لە پێشەوە لای حاجی مەلا سەعیدی زەلزەلەیی خوێندووە، دوایی لە کولیەی حقووقی ئەستەموڵ دیبلۆمی وەرگرتووە. ئەندامی مەجلیسی عالی (ئاستانە) بووە لە پاش مەشرووتیەت کە مەجلیس لەناو چووە ،چووەتە مەسلەکی مەلەکییەوە لە پاش قایمقامییەکی زۆر کراوە بە موتەسەریفی (ئەماسیە) کە حکوومەتی عێراق دامەزراوە، هاتووەتەوە سلێمانی، بەڵام وەزیفەی نەدیوە. خزمەتی پێگەیاندنی نەخوێندەوارەکانی کردووە. بەناوی (زانستی کوردان)ەوە ریاسەتی قوتابخانەیەکی ئەهلیی کردووە و لە نەخوێندەوارەکان زۆر شاعیری پێ گەیاندووە. شێوەیەکی ڕەوانی کوردی و شیعری (ئاسانی گرانی(١)) خستووەتە ناوەوە. ئەوەتی هاتووەتەوە، تەنیا خۆی، ڕۆژنامەی لە پێشدا (ژیان) و ئیمرۆ (ژین) دەردەکا. زۆر هەوڵی ئەوەی داوە کە ئینقلابێك بخاتە ژینی عائلەوە و لەبەر ئەمەیش زۆر لە ژنان نزیك بووەتەوە بە تەعبیری خۆی (فەمی نیزم)ە. و ریاسەتی (کۆمەڵی ژنانی) گرتووەتە ئەستۆی و گەلێك خزمەتی خوێندنی کچانی کردووە. لە هەموو ڕەنگە و دائیر بە هەموو شتێك، شیعری وتووە. شیعری نیشتمانیی ئەوەندە زۆر و ئاگرینە، باسی ناکرێ. ئەمە سەر گروشتەیەکی کورت و موتەوازیعی پیرەمێردە. ئەگینا ئەگەر بمانەوێت ئەو وەکو هەیە و بە پێی خزمەتێك کە هی شیعر و ئەدەبیات و زمانی کوردیی کردووە، بەخوێندەوارانی بناسین و وشەیەکی وامان بۆ نادۆزرێتەوە کە ئەم کارەمان بۆ ئاسان بکا. ئەوەندە ئەتوانین بڵێین کە پیرەمێرد، ئەستێرەیێکی زۆر گەشە بە ئاسمانی شیعر و ئەدەبی کوردەوە و بەبێ ترس و لێکدانەوە دەتوانین بڵێین ئەگەر ئەو (خۆرهەڵات ناسانە)(٢) ی شیعری عەلی تەرموکی، شاعیری هەرە بەناوبانگی کوردیان بەرچاو کەوتووە و بەیەکێك لە گەورەترینی شوعەرای

---

(١) ئاسانی گران= سهل ممتنع.

(٢) خۆرهەڵات ناس= مستشرف.

خۆرهەڵاتیان داناوە، چاویان بەشیعری پیرەمێرد بکەوتایە شکم نییە کە ئەمیان لە خوار ئەوەوە دانەدەنا و زۆر جێی بڕوایە کە پیرەمێردیان لە ڕیزی یەکەمی شاعیرەکانی خۆرهەڵاتا بنواندایە، بەڵام پیرەمێرد لەگەڵ ئەم پایە بەرزەی هەیەتی و بە پێچەوانەی ئەوە کە وەکو درەختێکی تازە و بە بەرەکەت تا بڵێی بەردار و بە میوەیە، خەڵکی لە خۆی زیاتر ئاگایان لە شیعرەکانی هەیە. خۆی ئەوەندەی ئیهمال کردوون، ئەگەر ئەوانە نەبوونایە کە مەفتوونی شیعر و ئەدەبیاتن، بۆ ئەمەی یەك دوو شیعری پیرەمێرد بدۆزینەوە، دەبوو چاو بە لاپەڕە زەرد و ژاکاوەکانی ڕۆژنامەی (ژیان) و (ژین)دا بخشێنین.

لەلایەکی ترەوە پیرەمێرد تا بڵێی بە سەلیقەیە، بەهێز و بەتاقەتە ئەوەندەی شیعرەکانی خۆی پەریشان و بڵاو کردووەتەوە، ئەوەندە بۆ کۆکردنەوە و یەکخستنی ئەدەبیاتی کوردی خزمەتی کردووە. دیوانی (مەولەوی)ی شاعیر و فەیلەسووفی بەناوبانگی کوردی هێناوەتە بەرهەم و هەموو ئەم دیوانە گەورەیە کە بە کوردیی هەورامان و شێوەی هەورامی نووسراوە، هەر بە شیعر و بە وێنەیەکی زۆر شیرینی وا کە زەرەیەك لاری و لەنگیی بەمادە یا بەمەعنای ئەسلەکەی نەدابێ خستوویەتە سەر شێوەی سلێمانی و بەم ڕەنگە، دیوانێکی تەواوی چوارسەد و کسوور لاپەڕەی لێ هێناوەتە ناو و لە چاپخانەکەی خۆیدا لە چاپی داوە.

بێجگە لەمە، پیرەمێرد، لەلایەن سەر گروشتە و چیرۆکیشەوە خزمەتی ڕۆحی ئەدەبی کوردیی هاتووە بە بیرا و بەم فیکرە چیرۆکی (دوانزە سوارەی مەریوان)ی بۆ نووسینەوە کە حکایەتێکی واقعی و داستانێکی بڵندی ئازایی و قارەمانیی کوردی دەوری (بابان)ە. دەستی بۆ لەمە زیاتریش درێژ کردووە و هەڵمەتی بردووەتە کوردستانی شیمالی و لەناو جەرگی تاریخی شیعر و ئەدەبی ئەوێشەوە (مەم و زین)ی بۆ دەرهێناوین. ئەو (مەم و زین)ە کە سەر گروشتەیەکی ئێجگار بەرز و مilliیی کوردە و لە ئەسڵدا لەژێر ناوی (زین و مەم) لەلایەن پێغەمبەری شیعری میللی ئەحمەدی خانییەوە نووسراوەتەوە. ئەمە بە هەلێك ئەژمێرین کە بە بۆنەی باسی مەم و زینەوە، وێنەیەکی ڕەنگینی شیعری پیرەمێرد، بخەینە بەر چاوتان.

ئەم چەند شیعرە پارچەیەکە لە شین و گریانی (زین) کە بە دیار مەیتەکەی (مەم)ەوە کردوویە:

ئـەم زوڵـفـە لـوولـەم بۆ (مـەم) شانـە كرد
دەك فـەڵـەك كـوێر بـی بـۆنـێكـی نـەكـرد
ئەم خاڵ و میلّە، من بۆ (مەم)م ڕشت
پـەیمانم وایـە بـۆی بـەرمـە بـەهـەشت
لـێوم دانـا بـوو، بـۆ گـفـتـوگـۆی مـەم
عـەهـدە تـا مـردن واتـەی پـێ نـەكـەم

.......

هـەر كـەس هـاوسەری بـۆ ژیـان ئـەگری
مـنت بـۆیـە ویست لـەبـەرت مـری
هـەی خـەجـاڵـەت بی چەرخی پڕ ستـەم!
هیچ شەرمت نەكرد لە نەوجەوانیی مەم؟

........

خـەنجەر بـۆ دڵـە، گـەر ڕاستت دەوێ
ئـاخ مـەمـی تـیـایـە، نـەك بـەری كـەوێ

........

بـە بـەرگـی خـوێنـی شایـی ڕەنـگـەوە
بـە سۆز و نـاڵـەی خـۆش ئـاهـەنـگـەوە
بـا دەس لـەمـل كـەیـن مـەم! ئـێجگـارییە

.......

ئـاخ بۆ دەنگخۆشیّ لـە ژوور سەرینمـان
بـە (بـەیت)ی كوردی بـدا تـەڵـقـیـنمـان
بـڵـێ ئـاخ دڵـی دڵـخـواز مـەشكـێنـن
بـەزۆرەمـلـێ كـچـان مـەمـرێنـن

زین، بۆ ئەمەی کە لەدوای مەم، دوایی بە ژیانی خۆی بێنێ بە خەنجەری ڕووتەوە ڕاوەستاوە و ئەلاوێنێتەوە، چاوتان لەم عەشقە بەرزە بێ لە رۆحی پاك و خاوێنی زیندایە. لە عانێکا کە ئەیەوێ خەنجەرەکە بکا بە دڵی خۆیدا، دەسی ئەگێڕێتەوە. بۆچی

ئایا، ترساوە و شیرینیی ڕۆح دەسی پێ گێڕاوەتەوە؟ نەء! بەڵکو (زین) زۆری پێ خۆش ئەبێ کە ئەگەر بۆی بلوێ لە جیاتیی جارێك، سەدجار خۆی بکا بە قوربانی مەم. بەڵام ئەوەی کە بەینێکی تریش دوای ئەخا لە خۆ کوشتن هەر عەشقی (مەم)ە.

خەنجەر بۆ دڵە گــــەر ڕاستت دەوێ
ئاخ (مەم)ی تیایە نەك بەری کەوێ

بەڵێ لەوە ئەترسێ کە ئەو خەنجەرەی ئەیکا بەدڵی خۆیدا (مەم)ی بەر کەوێ. ئەمەتا عەشقی بەڕاستی! و لێرەدا سەنعەتی شیعری پیرەمێردمان بۆ دەرئەکەوێ. بەم سەنعەتە وردە پیرەمێرد ئەوەمان تێ ئەگەیێنێ کە زین هەر چەند لە تاو مردنی مەم عەوداڵ ئەبێ و بۆ ڕزگار بوون لە خەمی تەوانابڕی فیراقی ئەو، ئەیەوێ دوایی بە ژیانی خۆی بێنێ، لەلایەکی تریشەوە دڵی کە پڕە لە عەشقی مەم، خەنجەری پێ ڕەوا نابینێ و ئەیەوێ قەدەرێکی تر ئەو عەشقە بژیێنێ و کوڵی ئاگری دڵی خۆی بە چەند وتار و لاوانەوەیەکی تر سارێژ بکا.

هەر لەم لاوانەوەیەدا پیرەمێرد دوای مەبەستێکی تری کۆمەڵایەتیش کەوتووە و تانووتێکی لە چەشنی کچ بە شوودانی ولاتی خۆی گرتووە و ویستوویەتی لەم کارە گەورەیەدا کە بناغەی ژینێکی تازەی پێ دائەمەزرێ هیچ نەبێ نرخێکی زۆر بچووك بە کچ بدرێت و بیر و دڵخوازی ئەویش تاقی بکرێتەوە. بزانن ئەم قسانەیش چەند بە وەستایی و بەوێنەیەکی شیرین بەسەر زمانی (زین)دا ئەیەنێ:

ئاخ بۆ دەنگخۆشێ لە ژوور سەرینمان
بـە (بـەیت)ی کـوردی بـدا تـەڵـقـیـنـمـان
بـڵـێ ئـاخ دڵـی دڵـخـواز مـەشکـێـنـن
بــەزۆرەمــڵــێ کــچــان مــەمــرێـنـن

بەڵێ زین تەنیا مەعشووقەیەکی عاشق نییە. بەڵکو کچە کوردێکی میللەتپەروەری وایە کە لەباتی تەڵقین، حەسرەت بۆ دەنگخۆشێکی وا ئەخوا کە بە کوردی لە ژوور سەری بخوێنێ. وایشی ئەوێ کە تەڵقینەکەی وتارێکی کۆمەڵایەتی بێ و بێ سوودی و چەوتی ئەو ڕێگەیە، لەو دایك و باوکانە بگەیێنێ کە لە دڵخوازی کچەکانیان ناڕوانن و بۆ مەبەستی خۆیان کچ بەشوو ئەدەن.

ئەمەیش وێنەیەکی تری شیعری پیرەمێردە:

## من و ئەستێرەکان

ئـــەستـــێره بـــەرزەکـــان ئـــەدرەوشێنـــەوە بـــە شەو
وەك مـن بـە داخـەوەن نـە سرەوتـیـان هـەیـە نـە خـەو
چـەنـد ساڵـە ئـاشنـای شەوی بـێداری یـەکـتـریـن
وەك سەرسەرین شەوێ سەرێ ناکەینە سەر سەرین
من خواروژوور لە دەس چووەکەی بێوەڵەت، ئەوان
وەك خێڵی خوار و ژوورکەری کورد وێڵی ئاسمان
شەو، شەونمی ئـەوانـە چـەمـەن ئـاو ئـەخـواتـەوە
ڕۆژ هـەڵـمـی ئـاوی چـاوی مـنـە سەریـەخـاتـەوە
دوێ شەو بـەری بـەیـان بـوو، ئـەگریـان بـەسەر منـا
مـنـیـان کـەساس ئـەبـیـنـی لـەنـاو دۆست و دوژمـنـا
دڵسۆزی وام نـەدیـبـوو کـە بـۆم بـگـرێ، وەك خـەشیم
فـرمـێسکـەکـەی ئـەوان بـوو بـە ئـاونـگـی تـێ گـەییم
بـام ڕاسپـارد – بڵـێ – کە خەفەت بۆ چ ئەخۆن ئەوان
وەك ئـێمــە نین، نـزیـکـتـری لای بـارەگـای خـوان
ڕاسپـێریـیـان نـووسیـبـوو بـە شەونم لـەسەر گـیـا:
«تـا ئـاسمـان، پـڕیشکـی بـەدیـی ئـێوە، هـەڵـپـڕا»
هـاواری کـوردەکـانـی سەروو گـەیـیـە ئـاسمـان
بـەو دووکـەڵـی هـەنـاسەیـە ئـاو، یـێ لـە دیدەمـان

لەم شیعرە بەرزانەدا بگەڕێین بۆ وشەیەکی بێگانە، بۆ واتەیەکی ناپەسند، بۆ لاری و چەوتییەك و سەرنجی ئەوە بدەن کە شاعیر ئایا خۆی تەنگەتاو کردبێ و مێشکی گوشیبێ، بۆ یەکخستن و ڕێکخستنیان. و لەدوای ئەمە لەو سەنعەت و بەلاغەتەش وردبنەوە کە تیایەتی.

پـیرەمـێرد، هـەر وەکو لـە شیـعرەکـانیا لاسایی کـەسی نـەکردووەتـەوە، و بـەڵکو ویستوویـەتی کـە خۆی ببێ بـە ئیمـامی شاعیرە کوردەکـانی ئـەم عـەسرە لـەلایـەکی

تریشەوە لە شیعرا، کوردیی پەتیی تاقی کردووەتەوە و بۆی دەرخستووین کە زمانەکەمان زمانێکی دەوڵەمەند و شیرینە.

ئەم شیعرانەی خوارەوەی وێنەیەکی کوردیی پەتییە:

جاران دە ڕۆژ بە (حەچە، حەچە)و بارەبەریەوە
گەرما و (سەبوون)و لێزمەیی باران و تەڕیەوە
ترسی تەریدە، پێشکەشی سوار، شەو فڕێنی دز
دەسیاوی باری کەوتوو لە جێگەی خلیسك و خز
ئەرکی گزیر و، خانەبگیر، مۆریانی نوێن.
بۆڵەی کەیبانوو، خرسی قەتارچی، پلاری جوێن.
چەنگ سووتەکەی بە ئاو و، کەڕووی نورد و نانی کۆن.
جووتە و لەقەی تەویلە و هالاوی تەرس و بۆن:
ئاگری تەپاڵە (لۆکسی) گزگل، گەفینی سەگ.
دەستەو یەخەی قەتارچی لەسەرکا، شەڕە کوتەگ.
(سیخورمە)کەی قەتارچی بە هەڵساندن و پەلەی.
لۆقە و تریسکەی ئێستر و بازدانی جۆگەلەی.
لاسەنگیی بار، وەرە بەرە پارسەنگی خوارییەکەی
خۆ، کەوتی پێت لە خڕکە چوو لەو دەشتە چی ئەکەی.
باج و پیتاکی زەنگنە، گیروگرفتی جاف.
هەر چیش کە پێتە، هات هەمەوەند بردی (ساف لە ساف)
بەم کوێرەوەری و کولەمەرگییەوە و بە چڵکەوە.
سێ بەندە وەر گەڕاو، بە سەروڕیشی کوڵکەوە.
ئینجا دەچوویتە شارەوە ناومالّی (عاسیمە)
بێت و بنووسرێ نابێتە خوێی چێشت، ئەمە کەمە.
ئێستە سواری پشتی (گەڕۆك(١)) بە بە سێ سەعات.
دەتباتە سەر شەمەندەفەر و دەستوبرد کە هات.

(١) گەڕۆك- سەیارە.

سوار بـه، بـنـوو بـەیـانـی لـە خـەو هـەسـتـە زوو بـەزوو.
بـەغـدایـە هـات بـە پـیـرتـەوە ئـەی بـیـنـی ڕوو بـەڕوو.
جـاران ئـەیـانـوت ئـەو وەلـیـیـە (تـەیـی ئـەرز) ئـەکـا.
پـێـچـانـەوەی زەوی نـیـیـە (فـەن) کـاری بـەرز ئـەکـا.

دەبینین بێجگە لە وشەکانی (لۆکس، ساف لە ساف، عاسمە، تەیی ئەرز، و فەن)کە لە زمانانی بێگانەوە وەرگیراون وشەیەکی وای تیا نییە، کە بە ئەسڵ و یا لەبەر گوێی کوردێك بێگانە بێ. لە مانەیشا (ساف لە ساف) بە تەواوی بووەتە کوردی و تا لێی ورد نەبیتەوە نازانی کە لە بنیاتا بێگانەیە و لە وشەی (ساف)ی عەرەبییەوە هاتووە. (فەن)یش وشەیەکە کە تورك و عەجەم وەکو ئێمە لە عەرەبەوە وەریان گرتووە و کردوویانە بە ماڵی خۆیان. عاسیمە کە ناوچەی حکوومەتە، ناوی ئافرەتیشە و کوردەکان بە کەڵکی ئەهێنن و لێرەدا پیرەمێردیش ڕەنگە بەهەر دوو مەبەستەکە بە کاری هێنابێ. هەرچی وەکو وتاری (تەیی ئەرز)ە، لە جیاتی کوردی بەکارهێنراوە بەڵکو مەبەستی لە کەشف و کەراماتی ئەولیایە کە پێشووان بەم جۆرە ئەیانگێڕایەوە و پیرەمێرد نەیویستووە دەسکاریی بکا و لەدەم ئەوانەوە قسەکەی وەکو وتراوە کردووە. و بەمە دەردەکەوێت کە ئەگەر بە چاوی تێگەیشتوو لە شیعرەکان ورد بینەوە وشەی بێگانەی تیا نابینین.

ئـەوەیش لـەوێ بـوەسـتـێ کـە پیرەمێرد بـەم شیعرانـە، وەکـو وێـنـەگـەرێکـی وردکـار، وێنەیەکی ژیانی کۆمەڵایەتیی ڕابردووی بۆ گرتووین و خستوویەتەوە بیرمان.

ئینجا پیرەمێرد لەدوای ئەوە کە لەوحەیەکمان لە ژیانی کۆمەڵایەتیی پێشوو بەم وردەکارییە بۆ ڕەسم ئەکا و چاوی عیبرەت و ئینتباهمان پێ ئەکاتەوە؛ ئەڵێ:

ئـیـنـجـا کـە هـات (بـرووسـکـە) خـرایـە تـەلـێـکـەوە
هـێـنـرایـە خـانـووەوە و لـە چـرای هـەر پـەلـێـکـەوە
زۆرتـر لــە مـانـگـەشەو دەروژوور ڕوون کـرایـەوە
تـاریـکـی لاچـوو، تـێـگـەیـنـی ئـێـمـە مـایـەوە
ئـیـتـر دەبـێ بـە ڕەهـبـەری زانسـتـی تـێ بـگـەیـن
چـی تـر لـەمـانـە چـاکـتـرە، بـۆ بـەرزیـەتـیی وەتـەن

لای بـەنـدە خـوێنـدەواریـیـە، ئـاهـ خـوێنـدەواریـیـە
هـەر مـیـلـلـەتـێ کـە فـەنـی نـەبـێ دەردی کـاریـیـە
ئاخ خۆزگە خوێندنیش وەکو من ئارەزووی ئەکەم
بـیـبـیـنـم و نـەبـێـتـە گـرێی قـورسی کـفـنـەکـەم

و بەم ڕەنگە لەم وێنەگەرییە – نەك هەر وێنەگەری مەبەست بووبێ، بەڵکو پەند و نەسیحەتی قەومەکەی خۆیشی لێك داوەتەوە وەباشی و بەکەڵکی خوێندنی خستووەتە بەرچاو.

وێنەیەکی تر، لە شیعری پڕ فەلسەفەی پیرەمێرد:

### بێ بایەخیی دەوران

بـەهـار هـات و دەردێ ئـەبـیـنـم لـە گـوڵدا
ئـــەویش وا دیـــارە گـــرێی وا لـــە دڵـــدا
ئـــەزانـــێ کـــەوا پـــێنـــج دوو ڕۆژە دەوری
کـە بـاوی نـەمـا، نـامێنێ کـەس لـە دەوری
کە ڕازاندییەوە دەستە گوڵ، دەستی دەوران
گـەدا و شا بـە ئـاواتـەوەن بـۆی سبـەیـنـان
بەناڵە و نزان بولبول و عاشقان (بۆی)(١)
وەکو مشتوماڵ ژەنگی دڵ نایەڵێ (بۆی)(٢)
لـە پـاش ئـەم هـەمـوو نـازەنـیـنـە کـوتـوپڕ
کە هەڵیان پچوڕکاند و کەوتە سەر ئاگر
وەکـو هــەڵـمـی مـەنجەڵ جـوانـاو ئـەڕێژێ
بـــەدەم قـــوڵـــپـــی گـــریـــانـــەوە وا دەبـێژێ:
کـە بـێ بـایـەخـە خـۆشەویستـیـی زەمـانـە
کـە هـۆشت بـبـێ پشت مـەبـەستـە بـەمـانـە

---

(١) بۆی= بۆ ئەو.
(٢) بۆی= بۆنی عەتری.

ئـەلای دڵـبـەرێ دڵ بـەرە بـایـەخـی بـێ

بـە چـیت بـاوەڕە؟ بـۆرەپـیـاو دایـەخـی بـێ

چەند بە وێنەیەکی شیرین باسی پێنج و دوو ڕۆژی گوڵی بەهارمان بۆ ئەکا و لە زمـانـی ئـەوەوە فـەلسەفـەی ژیـانمان تـێ ئـەگـەیـنـێ. گوڵ، کە بـە هـەزار نـاز و عیشوە ئەکرێتەوە و بە عەتری بۆنخۆشی خۆی دڵی ئینسان ئەکاتەوە بولبول ئەخاتە چریکە چریکی گۆرانی، و ئەو گوڵەی کە بەینێك دەسکی جوان جوانی لێ دروست ئەکرێت و سفرە و خوانی پادشایانی پێ ئەڕازێنرێتەوە و بەیانیان گەدا و شا، لە باخچەکاندا ئەچنە سەیری و بە ئاواتی بۆنەکەیەوەن بەڵێ هەر ئەو گوڵە بە قەدر و نازدارەیە ڕۆژێکیش ئەخرێتە سەرئاگر و جواناو ئەرێژێ کە گولاو بدا بەوانەی تا دوێنێ بوو، ئەیانکرد بە سەریاندا و بە ئاواتەوە بوون کە لە دەوری دابنیشن و بە بۆنی دڵئاوێزی دەماخیان موعەتەر بکەن. ئینجا لەو وەقتەدا کە گوڵ ئەم جواناوە ئەرێژێ بە لای پیرەمێردەوە وایە کە بە زمانی حاڵ و بەدەم گریانەوە ئەمانە بە عاشقەکانی ئەڵێ:

خۆشەویستیی زەمانە بایەخی نییە و ئەوی هۆشی ببێ لازمە پشت بەوانە نەبەستێ کە لە ڕۆژی خۆشی و دەمی سەعادەت و کەڵکداریدا لە دەوری کۆ ئەبنەوە. و بۆ ئینسانی بە هۆش و گۆش ئەوە پێویستە کە بۆ پیاوی بەوەفا و دۆستی ڕۆژی ڕەش بگەڕێ و بیدۆزێتەوە.

بەڕاستی پیرەمێرد، لێرەدا ڕۆحی مەسنەویی فەیلەسووفی ئێرانی کردووەتە بەر شیعری کوردی و حەقایەتی گوڵی ئەم، بەلای منەوە گەلێك لە حەقا یەتی (نەی) ئەو ( مەسنەوی) کە ئەڵێ:

بشنو از نی چون حکایت می کند

واز جـدایـیـهـا شکـایت مـی کـنـد

خۆشتر و بەڕەنگو بۆترە.

ئەمەیش وەسفێکی شیرین و غەرای ڕۆژێکی بەفر بارانی سلێمانییە:

سبـەیـنـێ بـوو لـە خـەو هـەستـام کـە ڕوانـیـم بـەفـرە بـاریـوە

سلـێمـانـی دەڵـێی (بـەلـکـیس)ە تـارای زیـوی پـۆشیـوە

دەمـێ بـوو چـاوەڕێی بـەفـرێکـی وا بـووم مـژدە بـێ بـاری

سەرم بـەفـرە کـەچـی هـێشتـا شەڕە تـۆپـەڵـمـە بـۆ یـاری

لە بیرمە شێرەبەفرینەم ئەکرد. سواری ئەبووم بێ زین
نسێ بوو جێگەکەی دەی بەست دەما تاکو دەمی هاوین
بە بەرگی سپییەوە چەن جوانە شاخی گۆیژە بیبینە
لە ڕەنگی ئاسمان دلبەرترە ئەم سپییە، ئەو شینە
ئەڵێن بەرگی فریشتەی ئاسمانیش سپییە وەك بەفرە
فریشتەی ئێمە بالایە بەڵام چی بکەین لەگەڵ تەفرە
هەموو پێچە کڵوی بەفرێك فریشتەی خوای لەگەڵدایە
فریشتە کەوتە ناومان بۆیە وا ئاشووب و هەڵلایە
ئەوا سامالی کرد ڕۆژ کەوتە سەر شاخی گڵە زەردە
بەسەر ئەو بەفرەدا، تیشکی هەتاو ئەڵماسی خوا کردە
بەسەر گۆنەی سپیدا، خشڵی زێڕینی بریسکەی دێ
پەریی سەر کێوی قافیش هێندە پرچی زەردی خۆی لێ دێ
لەسەر سەریان بەفر توژاڵی بەست وێنەی چۆڕی شیرە
قەتارەی سەر لقوپۆپی درەختان چەندە دڵگیرە
چلوولەی گوێسوانە پلپلەی زیوی کچە کوردە
سەهۆڵ ئاوێنەیە؛ ئەم پلپلە و ئاوێنەیە وردە
کە پیرێژن سەر و پۆیلەی بە شینی (چللە) تێك ئالا
بەهار دێ، داری پیر ئەژێتەوە دێتە قەدوبالا

## حاجی قادری کۆیی
## بولبولی نیشتمانپەروەری کورد

حاجی قادر، یەکەمین شاعیری هەرە بەناوبانگی چەرخی نۆزدەمین و بولبولی نیشتمانپەروەر و میللیی کوردە. (لوسی پۆل مار گرێت) کە ئەدیبەیەکی فرانسزە و دەرحەق بە شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، بە یارمەتیی عالمێکی شاعیری کورد نامیلکەیەکی نووسیوەتەوە، باسی حاجی قادری کردووە و (بەهاریە) بەناوبانگەکەی گۆڕیوە بەفرانسزی(١).

ئەم شاعیرە کوردە لە عێلی زەنگەنەیە و خەڵقی دێییەکە کە ناوی (گۆڕ قەرەج) بووە ئەم دێیە ئێستا وێرانەیەکە نزیک بە کۆیێ (کۆیسنجق).

بەپێی موقەدمەی دیوانەکەی ئەبێ لە دەورووپشتی (١٢٣٢ی هیجری) هاتبێتە دنیاوە. و لەبەر ئەوەی کە لە کۆیێ خوێندوویەتی و دەوری منالّی و هەراشیی لەوێ ڕابواردووە بە کۆیی ناسراوە. حاجی قادر هەر لە منالّییەوە هەوای میللەت و نیشتمانی کەوتووەتە سەر و گەلێ سارد و گەرمیی دنیا و دەرد و ناخۆشیی زەمانەی چێشتووە. ئەنجامی کار لە وڵات تەوەلا ئەبێ و ڕوو ئەکاتە شاری ئەستەمولْ. هەر ئەم ڕۆحە بەرزەی، لە کوردانی گەورە و نیشتمانپەروەری ئەو زەمانەی نزیک ئەخاتەوە و ئەبێ بە میوانی بەدرخان پاشا و مامۆستای کوڕەکانی. لەدوای ئەمەیش حاجی بەمێشك و کورد خوا، داخیلی کۆمەڵی کوردانی (ئەستەمولْ) ئەبێ. لەبەر ئەوەیە کەشیعرەکانی حاجی، سەرتاپا باسی نیشتمان و میللەتە و سۆزی ئاگری دڵێکی پڕ حەماسەتی تیایە. حاجی قادر لەم لایەنەوە لەناو میللەتی کوردا دەوری (نامیق کەمال)ی شاعیری وەتەنپەروەری تورك تەمسیل ئەکا. لەگەڵ ئەمەیشدا سەری لە هەوای عەشق خالّی نەبووە، وەکو هەموو شاعیرێکی کۆن، لە عالەمی غەرامیاتیشدا پەرِبازی کردووە و شیعری وتووەتەوە. لە مەدحی خوایشا قەسیدەیەکی شیرین و بێ مانەندی هەیە کە بەم مەقتەعەدا:

مەعلوومە بۆچی حاجی مەدحت ئەکا بە کوردی
تاکو نەڵێن بە کوردی نەکراوە مـــەدحی بـــاری

---

(١) تەماشای (دراسة في الشعر الكردي)، تەرجەمەی ئەم نووسەرە بکەن (لاپەڕە ٣٢–٤٨).

دەردەکەوێت کە مەبەستی هەر مەدحی (باری) نەبووە، بەڵکو ویستوویە کە بە کوردییش ئەم مەدحە بکرێ.

بێجگە لە قەسیدەی (مەدحی باری)کە مەقتەعەکەی لەسەرەوە نووسراوە، و یەك دوو غەزەلی غەرامیی تر ئەودوای شیعرەکانی حاجی قادر سەراپا عیبارەتە لە ئەشعاری نیشتمانی و یا لە پەند و مەوعیزەی میللی و لەبەر ئەمە کە نرخێك بۆ شیعرەکانی دابنرێت، ئەبێ ئەم لایەنە بخرێتە بەرچاو، ئەگینا بێت و لەگەڵ ئەو شیعرانەدا کە شاعیر بۆ ئەمەی شیعر بینێتە ناو، خۆی پێوە ماندوو کردووە، بخرێنە تای تەرازووەوەو، ڕەنگە ڕەواجێکی ئەوتۆی نەبێ. ئەویش ئەبێ لە بیرت نەچێتەوە ئەو شیعرەی کە بۆ دەرخستنی هونەر و یا سەنعەتێك وترابێ لەگەڵ ئەوەی کە شعوورێکی دەروونی بێ گرێ و قۆرتی پێ دەربخرێت جیایە. بە کورتییەکەی بەلای ئەوانەوە کە لە شیعرا بۆ ڕۆح ئەگەڕێن نەك مادە، حاجی قادر نیشتمانپەروەرێکی شاعیرە. حاجی قادر نیشتمانپەروەریش نەبووایە بە شاعیر هەر دەژمێردرا، چونکو ئەم شیعرانەی کە شعووری دەروونیی خۆی پێ ئیفادە کردووە، لەوانەیە کە حاجی قادر ئیدیعای شاعیری پێوە بکا.

لەبەر ئەوە دەتوانی بڵێی کە ئەگەر لەبەر ئەهەمیەتی گیان (ڕۆح)، مادەی، ئیهمال نەکردایە و بە تەنگ ڕازانەوەی ئەو شیعرانەوە بووبووایە زۆر بە ئاسانی ئەمەی بۆ دەچووە سەر و ئەیتوانی کە بیانخاتە وێنەیەکی جوانتر و بەرزتری ئەدەبییەوە. بەڵام وەکو وتمان، حاجی مەبەستی شیعر داڕشتن نەبووە و بۆ ئەمەیش نزیکترین ڕێگەی؛ لە وتاری ڕاست و ڕەوان و لە پەند و مەوعیزەی کوردیی پەتیدا بینیوە:

حاکم و میرەکانی کوردستان
هەر لە بۆتانەوە هەتا بابان
یەك بەیەك حافیزی شەریعەت بوون
سەید و شێخی قەوم و میللەت بوون
سەید و شیخەکان لە ترسی ئەوان
مونزەوی بوون و زاکیری ڕەحمان
ئەو کە فەوتان ڕیای ئەمان دەرکەوت
سەیری چون بوونە پووش وئاگر ونەوت

یـەكـیٚ لـەم لاوە روو دەكـاتـە عـەجـەم
دوو لـەوی لاوە دەبـنـە دوژمـنـی هـەم
یـەك بـەیـەك بـوونـە نـائـبـی هـەمـەوەند
صاحـبـی مـارتین و مـاری گـەزەنـد
مـیـللـەتـیش هـەند كـەرن وەكو جـاران
دەستـیـان مـاچ دەكـەن دەڵـێن قـوربـان
گـەر لـە سەحـرا مـەلا نـەمـردایـە(١)
گـورگـە شیـن بـام كـەری بـخـواردایـە
شێری نـەڕ وەك لـە بـێشە نـەمـا
گورگ و مام ڕێوی دێنە ڕەقس و سەما
مـن لـە غـەمـخـواری ئـەم قسانـە دەكـەم
وەرنـە پـەشمـە لـەلام هـەمـوو عـالـەم
ئـەم قسەی ئـێستـا عـەیـبـی لـیٚ دەگـرن
ئـەو دەمـەش دیٚ زەمـانـیٚ بـۆی دەمـرن
ئـەم بـە ئـەو، ئـەو بـە ئـەم دەڵـیٚ كـاكـە
سەیـری قـانـوونـی حـاجـی چەن چاكـە
هـەر چـلـۆنـیٚ ئـیشارەتـی فـەرمـوو
وەك كەرامەت هەمووی وەها دەرچوو

حاجی وەكو خۆی دەفەرمویٚ، غەمخوارێكی بەڕاستی میللەت بووە و زۆرباش لە سیاسەتی ئەو دەورە و هەواڵ و باسی كوردان شارەزا، بووە و تێی گەیشتووە. گەلێك داخ و خـەفـەتـی خـواردووە بـۆ قـەومـەكـەی و بـە هـەمـوو لـەونـێك هـەوڵـی داوە بـۆ وریاكردنەوەیان. لەگەڵ ئەمەیشدا، لە خۆیەوە دیار بووە كە قسەكانی بۆ ئەو ڕۆژە كەڵك ناگرێت. بەڵام لێی ڕوون بووە كە ڕۆژێك ئەبیٚ (پەندە)كانی بیر بكەوێتەوە و بە داخەوە لەناو كوردانی بە مێشك و و تێگەیشتوواندا بخوێنرێتەوە:

(١) لە (مەلا) مەبەستی ئەمیر و حاكمەكان و لە (گورگەشین)یش مەبەستی شێخ و مەلا و سەیدەكانە.

ئەم قسەی ئێستا عــەیبی لیٚ دەگرن
ئەودەمەش دیٚ زەمانیٚ بۆی دەمرن

زۆر دووریش نییە وەکو خۆی ئەڵێ ئەو ڕۆژە زۆریان عەیب لە قسەکانی گرتبیٚ و دڵ و هۆشیان نەدابێتیٚ. کەچی وا ئێستا ئێمە بە دڵێکی گەرم و چاوێکی پڕ لە گریانەوە ئەیخوێنینەوە و ئەو ڕۆژە ڕەشانەمان دێتەوە بەرچاو کە حاجی و (کەیفی) تیا بوون و بە ئاهـ و ناڵەی نیشتمانەوە شیعریان وتووە و تلاونەوە.

حاجی، تەنیا نیشتمانپەروەرێکی شاعیر نەبووە. بەڵکو خاوەندی ئامانجێکی میللیی زۆر بەرز و بەرێوجیٚ بووە. ڕێگەی سەرکەوتن و پێشکەوتنی خستووەتە بەرچاوی میللەت، پێویستیی خوێندن و چوونە مەکتەبی بیر خستوونەوە و بۆ فێربوونی خوێندن و نووسینی کوردی هانی داون:

هـەر کوردە لە بەینی کوللی میللەت
بـیٚ بـەهـرە لـە خـوێـنـدن و کـیـتـابـەت
بـێگـانــە لــە تــەرجــەمــەی زمــانــی
ئــەسراری کــتــێبــی خــەڵــقــی زانــی
یـــەکسەر عـــولـــەمـــا درشت و وردی
نەیخوێندووە قەت دوو حەرفی کوردی

.......

ئـوسـتـادی خـەتـن لـە ئـەم سیـانـە(١)
وەك دی لــە زمــانــی خــۆی نــەزانــە
مـومـکین نـیـیـە دەربـچـیٚ لـە چـنگی
حــەتـتـا ڕەقــەم و خــەتـی فــەرەنـگـی
ئــێمــە کــە مــۆمــنـیــن نــە ڕووسین
بـۆ چ کـوفـرە زمـانـمـان بـنـووسیـن؟

مەبەستی حاجی قادر ئەوە نییە کە کورد لە (خوێندن و کتابەت) بیٚ بەهرەن، چونکو ئەگەر لە

---

(١) مەبەستی لە زمانەکانی تورکی و فارسی و عەرەبییە.

هەر کوردە لە بەینی کوللی میللەت
بێ بەهرە لـــە خوێندن و کیتابەت

مەبەستی ئەوە بووایە لەدوای ئەمەوە نەی دەوت:

بێگانە لە تەرجەمەی زمـانی
ئەسراری کتێبی خەڵقی زانی

بەڵێ مەبەستی ئەوەیە کە کورد هەر بە زمانی خۆیان ناخوێنن و نانووسن ئەگینا بە زمانانی تورکی و عەرەبی و فارسی دەخوێنن و لە ئەسراری کتێبانی زمانی بێگانە باش شارەزا دەبن. حەتتا نووسین و خوێندنی فەرەنگی (زبانەکانی خۆرئاوا) لەژێر چنگیان نەچووەتە دەرەوە و فێری بوون. ئینجا لەبەر ئەمەیە کە بەداخەوە ئەپرسێ و ئەڵێ:

ئێمە کـــە مؤمنین نــە ڕووسین
بۆ چ کوفرە زمانمان بنووسین؟

هیچ شکم نییە ڕۆحی موبارەکی حاجی لە ئاسمانی بەرزەوە ئاگاداری ئەوە بێ کە ئیمڕۆ شیعرەکانی وەکو ئایەتێکی قودسی بەسەر قەڵەم و زمانی کوردەکاندا جارییە و بێت و بزانێ کە ئەو لاوانەی لە زەمانی ئەو غەزەلی ڕەنگاوڕەنگی ئاوریشمیان لەبەر ئەکرد، ئێستا غەزەلە نایاب و بەنرخەکانی حاجی لەبەر ئەکەن، لەخۆشییا ئەو ئاسمانە بڵندەی بەجێ ئەهێشت و ئەگەڕایەوە سەر ئەرزی و ئەهاتەوە ناومان. بەڵام نەء! حاجی ئەمەی ناوێ. ئەوەی ئەو ئاواتەخوازیەتی وا لە کوێ؟ هێشتا دوور، زۆر دوورە!

حاجی بەمەندە چۆن دڵنیا ئەبێ چونکو ئەوانەی کە داخی لەسەر دڵی ئەو نابوو ئەمانەیە:

شاعـیر و شێخ و خـواجـە دەربــەدەرن
لــە قسەی بــێ نــەتــیــجــەدا دەمــرن
بـاسی زوڵـفـی درێژ و چـاوی بـە خـەو
نـــەبـــڕاوە بـــووە تـــڕی خـــەسرەو
قـەید و تـەزویب و حـاشیـە و ئـیـعراب
هـەموو بـا بردی بوونە مەوجی سەراب

سەفەر ئەندەر وەتەن چە كەڵك ئەگرێ
سەیری ناكەی شەمەندەفەر دەفڕێ
بە قسەی سادە بڕسی تێر نابێ
عەمەلە عیززی دین و دنیابێ
ئاسنی سارد بە فوو نەرم نابێ
بەتڕانیش حەمام گەرم نابێ
عولەمامان بە قەولی بێ سەروپا
پاكی خنكا لە بەحری وشكی هەوا
سەنعەتێك فێر نەبوون لەپاش تەحسیل
سەیری چۆن بۆمەناهی بوونە دەلیل
یەك بەیەك بوونە خائینی دەوڵەت
خائینی موڵك و دوژمنی میللەت

و لەدوای ئەمەی كە بەینێ لەم بابەتە ئەدوێ، ئینجا وەرئەگەڕێتەوە و ئەڵێ:

عەجەبا بۆچی ئەهلی موڵكی عێراق
ئیتیفاقی بە دڵ دەكەن بە نیفاق
بۆ ئەمیرانی غەیرە دەبنە گزیر
نەك لە خۆیان یەكێك ببێتە ئەمیر
ئێستاكەش فرسەتە گەلی یاران
كەپەنەك بۆ چییە لەپاش باران

چۆنە؟ حاجی ڕاستی نەكردووە و ئایا قسەكانی ئەو ئێستاكەش وەكو كەرامەت دەركەوتووە یا نەء؟ ئەهلی عێراق، بۆ لەسەر نیفاق ڕۆیشتن گرێی ئیتفاقیان نەبەستووە؟ ورد و گەورە بۆ بێگانە سەر دانەواندن بە عار و نەنگ ئەزانن؟ كەسیان ئەیەوێت كە یەكێك لە خۆیان سەركەوێ؟.

بەڵام حاجی، لەدوای ئەم قسانەیش هەر پەندی خۆی دووبارە ئەكاتەوە و ئەڵێ:

ئێستەكەش فرسەتە گەلی یاران

وە ئەوەیشیان بیر دەخاتەوە كە بێتو فرسەت لە دەست بدەن، پەشیمان ئەبنەوە و لە

دواییدا ئەنگوستی پەشیمانی دەگەزن چونکو مەسەلی کوردییە کە ئەڵێ:

کەپەنەك بۆ چییە لەپاش باران!

بە چاوێکی عیبرەتیش لەم پەندە شیرین و پڕ لەحیکمەتانەی حاجی بڕوانن:

هەتا وەك ئاگری ژێرکان لەگەڵ یێك

ئەگەر تۆفان بێ لەشکرتان بە پووشێك

لە گوێ گا نووستوون بۆیە کە ڕێوی

لەسەر ئێوە وەها شێرگیرە وەك سەگ

(سەلاح)ی ئێوە ئێستا کە سیلاحە

تەماعی گەورەیی، بێ چەك نەکەن نەك!

وتبوومان کە (حاجی)یش؛ لە غەرامیات دواوە، وەکو هەموو شاعیرەکانی پێشوو، ئەویش لە باسی خەتوخاڵی (دولبەر) خۆی پێ نەگیراوە. بۆ ڕاستیی قسەکەمان ئەم شیعرانەیمان لێرەدا نووسی کە وێنەیەکی باشە بۆ ئەوەی توانای شاعیرێتیی حاجییش دەربخا:

هەر کەسێکی کەسە، ناکەس نییە حەرفێکی بەسە

وەرە سەر باسی خەتوخاڵی هەتیوی خۆمان

ئەی فیدای خاکی دەرت تاجی کەی و مەسنەدی جەم

وەی بە قوربانی سەر و فێسی کەچت تاجی کەیان

خۆم بە دارا و سکەندەر و بە خەسرەو نادەم

گەر بزانم لەبەر ئەم قاپییە دەبمە سەگەوان

عاشقانت کە هەموو تیری نیگاهێکی بەسە

وەرە دەر گانەکەمان زامنی تۆم بمکە نشان

بە ئومێدی ئەسەری حوسنی ڕەزا دەچنە وڵات

شیعرەکانم کە سەراپا وەکو خۆم بێ سەر و پان

نالی و خاکی بەبە، حاجی و کۆیە بە مەسەل

عەینی(١) حافیز و شیرازە کەلیم و هەمەدان

(١) نازانم حاجی بۆ نەیگوتووە، (هەروەکو).

وەکو وتمان بەم غەزەلەدا هەروەکو هێز و توانای شاعیرێتیی حاجیمان لێوە دیار ئەبێ، ئەوەیش تێ دەگەین کە حاجی ئەوەندەی خۆی بەکەم داوەتە قەڵەم و هەموو دەمێك ویستوویە کە خۆی لە خوار هەموو کوردێکەوە بگرێت، ئەوەندەیش لەخۆی رازی بووە و دەرکی بە پایەی بڵندیی خۆی کردووە لەبەر ئەوەیە کە گەلێك لە شیعرەکانی هەم خۆ نەواندن (تواضع) و هەم خۆ هەڵکێشان (تفاخر)ی تیایە.

هەروەکو لەم غەزەلەی سەرەوەدا جارێ خۆی ئەنەوێنێ و ئەڵێ:

بە ئومێدی ئەسەری حوسنی رەزا دەچنە وڵات
شیعرەکانم کە سەراپا وەکو خۆم بێ سەروپان

و لەدوای ئەمە بائەداتەوە و لەجێگەی خۆ هەڵکێشان ئەڵێ:

نالی و خاکی بەبە، حاجی و کۆیە بە مەسەل
عـــەینی حافیزو شیرازە، کـــــەلیم و هەمـدان

و ئەیەوێ کە خۆی بەرامبەر بە (کەلیمی هەمەدانی) بگرێت.

لە هەموویش سەیرتر ئەوەیە کە بە پێچەوانەی ئەو پلە بەرزەوە کە حاجی لە ڕۆح و شیعری نیشتمانیدا گەیشتوویەتێ و لەگەڵ ئەو پلەی ئەدەبە کە لە شیعری غەرامیدا هەیەتی، دیسانەوە ئەویش وەکو شاعیرەکانی پێشوومان، خۆشەویستییەکەی خۆی لە دوو وێنەدا واتا لە وێنەی کوڕ و کچدا بۆ وەسف کردووین:

لەسەر شەو ڕۆژی داناوە مەڵێن فێسی لە سەرناوە
لەبەر با جامی یاقووتی بە مـــشکی وشکی داداوە

زۆربـاشە ئـەوا تـێ گـەیشتین کـە حـاجـی حـەزی لـە بـێچـووە ئـەفـەنـدییـەکی تـازە پێگەیشتووی گوڵڕەنگ کردووە کە لەسەر شەوی زاج و پەرچەمی، ڕۆژی داناوە کە فێستە سوورەکەیەتی. ئەی بەوە بڵێین چی کە ئەڵێ:

لە داوێنی چیا بوو خەرمەنی گوڵ خیوەتی خارا
بە دوو ئەستوونەکی زیوین تەنافی زوڵفی هەڵداوە
لە بەرقی ڕەنگی شەرواڵی حەیا دامانی هەڵماڵی
لەتەقەی دەنگی خرخاڵی لە گەردوون زهرە داماوە

ئایا دەتوانین ئەوە لێك بدەینەوە کە ئەو کوڕە ئەفەندییە فێس سوورە؛ خرخاڵی لەپێ

کردووە؛ ئەگەر بەمەیش تەواو تێ نەگەین، ئایا لە شەقەی پانی بەرزەکانی (خانم خاسی) یارویشی خەبەرمان نابێتەوە و لە ڕۆژی مەحشەریشدا هەر لەخەوی غەفڵەتا دەمێنینەوە؟

لە تەقەی ناڵ و شەقەی پانیی بەرزی ئاسمان لەرزی

تەقوتۆق کەوتە سەر ئەرزی دەڵێن مەحشەر هەڵستاوە

بەڵێ قەت شکی تیا نییە کە حاجییش لە وەسفی خۆشەویستەکەیدا کەوتووەتە ئەو هەڵەیە کە شاعیرەکانی تر تێی کەوتوون و (مەحبووبەی شاعیرەکان)ی پێشووی بە خەیاڵدا هاتووە کە ئەویش بە بیری من (مەحبووبەیەکی خەیاڵی)یەعنی (هەیولا)یەك بووە هەم نێر و هەم مێ! وەیا وەکو لێرەدا، دەیبینین لاوێکی نەوجەوانی (پانی بەرز) لە پێ بووە و، یا کچێکی شیرینی فێس لەسەر. بەڵام ئێمە، ئەگەر حاجی قادر لە یەك دوو غەزەڵبازیی بەم ڕەنگە ببینین، ئەوەمان بە خەیاڵدا نایەت، کە عەشقی مەجازی، ئەوی لە عەشقی بەڕاستی نیشتمان، دەنکێك دواخستبێ، چونکو هەروەکو خۆی فەرموویەتی:

پەشمە حاجی وەرە، وەکو جاران

بێرەوە سەر حیکایەتی کوردان

ئەو زۆر زوو لە عەشقی مەجازی بای داوەتەوە و بە هەموو تین و هێزیەوە خۆی هاوێشتووەتە ناو ئاگری کوورەی عەشقی بەڕاستییەوە:

خوسرەو و کەیقوباد و ئەسکەندەر

وەکو کیسرا و کاوس و قەیسەر

هەموو تێك چوون و پاکی فەوتاوە

نە سیلاح و نە سککەیان ماوە

واقیعەن وایە وەك بەیانم کرد

هەر کەسێ زا، بە ناعیلاجی مرد

مەرگ و ژین میسلی سێبەر و تاوە

ئەوی باقی بمێنێ هەر ناوە

چونکو هەر چی لە داری دونیایە

دێت و دەڕوا هەمووی وەکو بایە

سەد شەهـــنشا و پــــادشا مـــردن
سەیری کە کوردی ئێمە هەر کوردن
.......
حـەسرەتـم هــەر ئـەمـە لـە دونـیـادا
حــاجـی دەمـرێ بـە دەورەیـان نـاگـا
گــەر بــە دەورانـیـان بـگـەیـبـایـە
هــەمـوو حـاڵـی دەبـوون چ دەریـایـە
چ بـە مـەنـثـووری گـەوهـەری کوردی
چ بــە نــەزم و کـیـتـابـەتـی وردی
(سەعدی) ئەیامی خۆی نەبوو نانی
وەکـو مـن بـوو، گـەڕۆك و بـێ خـانـی
ئـێستـا خـەڵقی لـە حـەسرەتی دەمرن
بـەیـتـەکـانـی لـە زێڕ و زیـو دەگـرن
ئـاخـیـری ڕۆژێکـیش دەبـێ وەعـدی
خـەفـەتـم بـۆ بـخـۆن وەکـو (سەعدی)

بەڕاستی حاجی قادر زۆرباش توانیویەتی کە ناوێکی سەرمەدی لەناو کوردا بۆ خۆی بێڵێتەوە و باش تێ گەیشتووە کە:

مەرگ و ژین، میسلی سێبەر و تاوە
ئـەوی بــاقی بـمینێ هــەر نـــاوە

ئەم شیعرەیش کە ئەڵێ:

ســـەد شەهنشا و پـادشـــا مــردن
سەیری کە کوردی ئێمە هەر کوردن

شیعرێکی (عەلی کەمال)مان بیر ئەخاتەوە کە ئەڵێ:

کورد ئەوەندە کوردن بە سەد شەیتان لە کوردی ناکەون
ئیکــە خەڵقی بۆچی بۆ خۆی دەردیسەر پــەیدا ئەکــــا

حاجی هەروەکو سووتاوی نیشتمانی گەورە بووە و بەو عەشقەوە تلاوەتەوە، بۆ

کۆیەش کە نیشتمانی تایبەتی خۆیەتی ئێجگار سووتاو و بە پەرۆش بووە. ئەم شیعرانەی خوارەوەی وێنەیەکی عەشقی وڵاتی تایبەتی خۆیەتی:

لــە مــەیـدانــی بــەهــارا شارەکــەی کــۆ
قــوبــەی کشمـیـری دا بــەرشەق وەکـو گـۆ

.........

دەمــاوەنـدیش بــە نـیسبـەت شاخـی ئێمـە
بــەهــاری چــەشمــەساری وشکــە دێمــە
لــەکـن (بـتـوێن)ی ئـێمـە دەشتـی لاجـان
وەکـو رەی بـانــەیــە هــەورازی لاجــان
ئـەهـالـی رۆسـتـەمـن وەقـتـی شوجـاعـەت
لــە حــاتــەم زێـتــرن وەقـتـی سەخــاوەت
کـوڕی غـیلمـانە کچیـان عـەینی حووری
نــەزەر بــازن بــەڵام هــەر دوور بــەدووری
مــوسافــر پــەروەر و یــاری غــەریـبــن
ئــەوانــن وا لــە هــەر عــەیـبــێ بــەری بـن
مـەکـەن عـەیبم هـەمووی ڕاستە مـەقالـەم
بــە بـورهــان و حــەدیسی فـەخـری عـالـەم
وەتـەن مـەحـبـووبـێکـە زۆر جـیلـوە ئـارای
نشانــەی دیـن و ئـیـمــانـە تـەمـەنـنــای(١)
لــە ئــادەم بــگــرە تــا دەورانــی ئـێستــا
یـەکێ وەك (حـاجـی) لـەو خـاکـە هـەڵستـا
کـە غـەم خـواری بکـا بۆ میللـەتی خۆی؟

......

لــە قــۆچ پــاشاوە تــا ئـێستــا ئـەمـیـرێك
لـە (کـۆیـێ) پـەیدا نـەبـوو یـاخۆ وەزیرێك

(١) حب الوطن من الايمان.

لـەبـەر بـێ ئـیـتـحـادی بـوونـە مسکـێن
لـە ئـاخـیـردا، وەکـو زانـیـومـە هـەڵـدێن
لـە مـابـەیـنـی (کـڵاو سوور) و (کڵاورەش)
پـەرێشانین دەبـیـنـە مـیسلـی گـای بـەش

............

وەکـو بـیستـوومـە ئـەی یـارانـی کـۆیـی
لە تـاریخی (جەم) و (ئەسکەندەر) و (کەی)
بـــە شیـــر و خـــامـــە دەوڵـــەت پـــایـــەدارە

.........

نـە بـەیـداغـی هـەیـە نـە تـەپـڵ و کـووسی
ئـــەمـــەنـدەی پـــێ کـــرا بـــێچـــارە نـــووسی

.........

ئـەوا خـۆی کـردە مـەهـدی حـاجـی قـادر
نـــە نـــادرشای هـــەیـــە نـــە شاهـــی نـــادر

لەبەر ئەوەی کە دیوانەکەی (حاجی قادر) سەراپا عیبارەتە لە ئاهوناڵەی نیشتمانی و هەموو دێڕێکی لە پەند و مەوعزەیەکی میللی، بێت و هەمووی بنووسین، ئەبێ ئەم کتێبە هەر بۆ ئەو دابنێین و بە تایبەتی هەر شیعرەکانی ئەوی تێ بخەین، بەڵام وا لێرەدا باسی حاجی ئەبڕینەوە تاوەکو بتوانین لە وتاری هەر شاعیرە چەند وێنەیەك بخەینە بەرچاوی خوێندەواران و دڵ و دەماخیان بە کاڵای ڕەنگینی ئەدەبیاتی کوردی ڕوون بکەینەوە.

# حەریق

## مەلا ساڵح

مەلا ساڵح کوڕی مەلا نەسروڵا و خەڵکی گوندی (زێویە)ی ناحیەی سووورداشی قەزای سلێمانییە. لە ١٢٨٢ی هیجریدا هاتووەتە دنیاوە. بۆ خوێندن، زۆر لە کوردستاندا سووڕاوەتەوە. لە (الهیات)دا گەلێ شارەزا و لە زمانی فارسیدا زۆر توانای بووە. لە دوای ئیجازە وەرگرتنی بەینێك لە وڵاتی سلێمانیدا ماوە و لە پاشدا چووەتە (سابڵاغ) و لەوێ لە حزووری شێخ بورهانی خەلیفەی شێخ عوسمانی (تەوێڵە)دا تۆبەی کردووە و داخیلی تەریقەتی نەقشبەندی بووە. عومری بە موتاڵا و تەدریس ڕابواردووە. بە سێ زمان (عەرەبی و کوردی و فارسی) گەلێ شیعری هەیە کە زۆر بە تەئسیر و بەلیغە. لە ١٣٢٧ی هیجریدا لە (سابڵاغ) بەڕەحمەت چووە و لە قەبرستانی (مەلا جامی) نێژراوە.

دیوانی ئەشعاری هێشتا لە چاپ نەدراوە(١) ئەم شیعرە هینی حەریقە:(٢)

چاوەکەم دوێنێ لە باغا گوڵ بە عیشوە خۆی نواند
نەك نمەکگیربم بە مەرگی تۆ قەسەم هیچ نەمدواند

جەنابی ئەمین زەکی بەگ لە تاریخی سلێمانیدا، تەرجەمەی حاڵی حەریق، بەم ڕەنگە دەنووسێ. و ئەو تەرجەمەیە کە لە موقەدمەی دیوانەکەیدا نووسراوە لەگەڵ ئەمەدا فەرقێکی ئەوتۆی نییە.

حەریق، لە یەك دوو (نەعت)ی نەبەوی بەولاوە هەر شیعری غەرامیی وتووە. بەڵام شیعرەکانی سەراپا سەنعەتە و لە سنعەتی شیعریشدا زۆرتر مەیلی جیناس و تەشبیە و ئیستعارەی کردووە. هێزی زانایی و مەلایەتی لە شیعرەکانیا دیارە. وەکو (مەریوانی) ئەڵێ وادیارە کە هەمیشە دڵتەنگ و خەفەتبار بووبێ.

ئەم چەند شیعرەی خوارەوەی وێنەیەکی ناڵەی دڵی خەمباری حەریقە:

---

(١) تاریخی سلێمانی. بەڵام دیوانەکەی حەریق لە ساڵی ١٩٣٨ لە چاپخانەی مەریوانی لە چاپ دراوە. ر. ح

(٢) تاریخی سلێمانی.

هـەوری خـەفـەتـە بـەفـری غـەمـی داوە بـە سەرمـا
یـاسەڕسەڕی تـەوریـتـە کـە لـێی کـردمـە سەرمـا
گـەهـێ بـەشەرارەی غـەم و گـە سەڕسەڕی هـیجران
خـۆشی نـەبـوو بـۆ مـن نـە بـەگـەرمـا، نـە بـەسەرما
کـەوتـووەتـە سەرم ئـەشك و غـوبـاری ئـەلـەمـی دڵ
یـەعـنـی کـە قـوڕی مـیـحـنـەتـە کردوومـە بـەسەرما
گەر ئەچمەوە (ساحیب) نییە هیچ موونسی جانی
گـەر دێمـە (سەقـز) نـاری سەقـەر وا لـە جگـەرمـا
شاهـیـدمـە حـەواسم کـەسەکـەم چـەنـدە کـەساسم
بـەخـوا نـیـیـە غـیـرەت لـە خـەیـاڵ و لـە نـەزەرمـا
هەر چەنگە بە جیسمانی کە دوورم لە حزوورت
ڕوحـیـانـەتت سەبـتـە لـە نـێو زوبـدەی سەرمـا
تـۆفـانـی سرشکـم چـووە سەر جـوودی وجـوودم
کەشتیی تەنی تیا نوقمە نە نووح و نە ئەسەر ما
لـەوساوە کـە تـۆ ڕۆیـی دڵـم ڕۆیـی بـە دووتـا
هـێلانـەی تـەن هـەر وەکـو مـەئـوای سەقـەر مـا
بـێ فـەوجـی وەفـاکـەت کـە جـەفـا پـەروەرە ئـیمڕۆ
ئـەم لـەشکری ئـاهـی مـنـە بـێ فـەتـح و زەفـەر مـا
لـەم قـەسوەتـەدا تـا وەکـو کـەی پـەردەی زوڵـمـەت
بـەرچـاوی دڵـم بـگـرێ دەسا بـێ بـە گـوزەرمـا
ئـایـیـنـەی دڵ، ژەنـگـی قـەساوەت روخـی پـۆشی
خـاکستـەری دڵسووخـتـەیـی بـێنـە بـە سەرمـا
مـەڕوانـە بـە زاهـیـر کـە بـەبـێ قـووتـم و ڕووتـم
ڕوو قـووتـی خـەیـاڵت غـەزەلـی چـاکـە لـەبـەرمـا
سەرمـایـەی ئـەم مـوڵـکـی خـەیـالاتـە حـەریـقـی
حەیفێ کە تەلەف بوو بە هەدەر چوو بە زەرەرما

## (نەعت)ی
## محەمەد (صلَی اللّە علیە وسلَم)

بەو نوورە کە زاهیر بوو لەسەر ڕووی محەمەد
عالەم هەموو ئاشوفتە بوو وەك مووی محەمەد
مەخجوول و سەر ئەفکندەیە نەسرین و بنەوشە
بۆ مووی سەمەن بووی دوو گیسووی محەمەد
مەجزووبە هەموو کەس بە ڕمووز و بە ئیشارە
مەجبوورە لە دەس ساعد و بازووی محەمەد
سەرووی چەمەنیش پێی لە گوڵ و خاری غەمایە
لەرزانە لە حەسرەت قەدی دڵجووی محەمەد
لالەش وەکو من سینەی پڕ حەسرەت و داغە
تا دیویەتی ڕوخساری گوڵبووی محەمەد
گەردی زەقەنی سیی پڕ ئاسیبی عەجایب
زەخمی هەیە بۆ شاه و گەدا کووی محەمەد
زاهید وەرە پێش تۆوسەری ئیمانی زەعیفت
ڕوویێ کە لە میحرابی دوو ئەبرووی محەمەد
بورهانە لەسەر نەفیی مونافاتی شەو و ڕۆژ
موویێ کە پەریشانە لەسەر ڕووی محەمەد
عالەم وەکو من جەرگی براوە بە نیگاه و
رەم کردن و ئێستا دەنی ئاهووی محەمەد
ڕۆح و دڵ و دینت هەیە هەر سێکی حەریقی
خەرجی کە لەڕێی وەسف و سەناجووی محەمەد

غەزەلیاتی حەریق

مـەداری تـوولـی ئـومـێدم خـەیـاڵـی گـەردن و زوڵـفـە
بـەڵـێ سەودای سەری عـاشق لـەسەر هـەودایـەکی خـاوە
بـە سانـی پـەرچـەمـی ئـاشفـتـە سەرگـەردان و ژوولـیدە
بـە مـیسلـی زوڵـفـی سونبـول دڵ هـەمـیشە حاڵـی شێواوە
هەوای نافەی غەزالە ڕێی (خوتەن) تووشی خەتای کردم
بە یادی موشکی زوڵفی ڕووم لە (چینی) پەرچەمی ماوە
چراغی عومری عاشق بای فەنای هیجرانی لێ هەڵبوو
لە فانووسی ئەدەبدا حیفزی کە یەك دوو نەفەس ماوە
دەمـێکـە چـاوەڕێی سورمـەی غـوبـاری مـەقـدەمـی یـارم
لـە کـۆی خـووبـانـەوە ئـیمـڕۆ نـەسیم (تـۆزێکی) هـێنـاوە
کـتـێبی عـەشقی مـەجنوون ئـایـەتی ڕوخساری لـەیلایـە
لـە (سوورەی یـوسفـا) دەرسی جـنـوونی ئێمـە نووسراوە
سەرم کـاسی شەرابـی سوحـبـەتـی کـاسەی دڵـی غـەیـرە
لە (دەردی دوردی) ئەم جامە پەنام بۆ ساقی هێناوە
کـەسێ فـیـتـرەت بـڵـند بـێ بـۆ ڕەواجـی سکـەی دیـنـی
خەراجی (میسری قلبی) خۆی بە (حوسنی یوسفی) داوە
لەسەر سەودای قوماری شاهی خووبان پیری بورهـانی
بـە چـوگـانـی ئـیـرادەت گـۆی سەرم بـۆ یـاری دانـاوە
نـمـای ڕۆح و حـەیـاتـی مـن بـە جیلوەی ساقییە باقی
نەوەك وەك سپڵە بۆ سفرە لە دووی نان چاوی پڕ ئاوە
بـەقـوربـانت بـم ئـەی پـیـری خـەرابـاتی جیهان ئـاباد
بـە شایـەد بـە کـە مـن ڕۆحـم لـە ڕەهـنـی قـوربـی تۆ نـاوە
شەهی موڵکی یەقین شاهنشەهی دین پیری با تەمکین
ڕەئـیسی ئـەولـیـا ڕەحـمـێ، هـەتـا دڵ ڕێی نـەبـەسراوە

لـە دارولـحوزنـی مـیحنـەت نـاجییـە وەك پیری کـەنعانی

بـەبـۆی پـیـراهــەنـی یـوسف کـەسێ چـاوی هـەڵـێنـاوە

حزووری تۆ بەهەشتە ئادەم و ئەهلی حەسەد شەیتان

بــە بـۆی دانــە، تـەمـاع کێشاویـەتـە نـاو دامـی دنـیـاوە

شەرابـی سوحـبـەتت ئێکسیری خـاکیی مـەعدەنی رۆحـە

لـە کـارخـانـەی سەعادەت (لوقمـەی لوقمـانی) هێناوە

عـەدوو بـا هــەروەکـو عـەقرەب کلکی نیشی خـۆی دانێ

شوکـر تـۆزێ حـەیـای بـوو وا بـەچـاویـا دیـارە دایـنـاوە

هــەتـا گـوێ پـێوە بـوو مـنـکـر، لـە زەلـکـاوی حـەسادەتدا

هـەزاری (کلکی بگری) (کەڵکی نـاگری) تـازە، خنکـاوە

لەم شیعرانەی سەرەوەدا، شاعیر، (خەتەن و خەتا)، وڵاتی (چین) و (چینی پەرچەم) و (تۆزێك) کە بە مەعنای کەمێك، و یا (تۆز و غوبار)ێك هاتووە و (دەردی دور) کە بە مەعنای (دەرد و خڵتە) دێت و (سوورەی یوسف) و (خەراجی میسری قەلب) و (حوسنی یوسف) و (لوقمەی لقمان) و (کلکی بگری) و (کەلکی ناگری)ی هەموو بە وەستایەتییەکی شاعیرانە دامەزراندووە و سەنعەتێکی جوانی ئەدەبیی وای تیا سەرف کردووە، کە هەر ئەوانەی شاعیرن و لە سەنعەتی ئەدەب شارەزان دەتوانن تێی بگەن و بەهای بۆ دابنێن. بێجگە لە ئەمانەیش کە بەچاو پیاخشاندنێکی کەم، بۆ شاعیر دەردەکەوێت، دەتوانم بڵێم کە غەزەلەکە سەراپا سەنعەتێکە و وێنەیەکی زۆر شیرین و ڕەنگینی بەلاغەتی زمانی کوردییە...

کتێبی عەشقی مەجنوون ئایەتی ڕوخساری لەیلایە

لە سوورەی یوسفا دەرسی جنوونی ئێمە نووســـراوە

بە لای منەوە گەلێ ژوور شیعرەکەی (فزوولی)یەوەیە کە دانەری حیکایەتی (لەیل و مەجنوون)ە بە نەزم، و یەکێکە لە شاعیرە هەرە بەناوبانگەکانی دەوری پێشووی تورك.

ئەمە شیعرەکەی فزوولییە:

مجنون ایلە برمکتب عشق ایچرە او قوردق

بن مصحفی ختم ایتدم أو (والليل) دەقالدی

یەعنی: لەگەڵ مەجنوون هەردووکمان لە قوتابخانەیەکی عەشقا دەمانخوێند من لە قورئان بوومەوە، ئەو هێشتا لە سوورەی (واللیل)دا بوو. کە مەبەستی ئەمەیە عەشقی لەیل، مەجنوونی لەسەر وشەی (واللیل) ڕاگرتبوو نەیدەویست کە لەو سوورەیە بێتەوە تاوەکو ناوی لەیل لە زمانی جیا نەبێتەوە...

خۆ ئەو بەلاغەتەی کە لەم شیعرانەدایە:

مـەداری تـووڵـی ئـومـێدم خـەیـاڵـی گـەردن و زوڵـفـە
بـەڵـێ سەودای سەری عـاشق لـەسەر هـەودایـەکی خـاوە
هەوای نافەی غەزاڵەڕێی (خوتەن) تووشی خەتای کردم
بە یادی موشکی زوڵفی ڕووم لە (چینی) پەرچەمی ماوە
چراغی عومری عاشق بای فەنای هیجرانی لێ هەڵبوو
لە فانووسی ئەدەبدا حیفزی کە، یەك دوو نەفەس ماوە

وا دەزانم ئاتاجی وتن و گێڕانەوە نییە. (حەریق) لەناو شاعیرەکانی پێش دەوری ئێستادا جێگەیەکی بەرزی هەیە و لەگەڵ ئەوەدا کە هەموو شیعر و غەزەلەکانی پڕ لە سەنعەتن لەلایەن ڕەوانی و سەلاسەت و بەهێز و بەپێزی، یەعنی (قوەت و متانت)ەوە ژوور شیعری گەلێکیان کەوتووە. بەتایبەتی لە سەنعەتی مەلایانە زیاتر کە لە شیعرەکانی مەحویدا ئێجگار زۆرە، بە سەنعەتی شاعیرانە ڕازاونەتەوە.

## حەمدی

مەلا حەمدوون

کوردستانی عێراق و بەتایبەتی خاکی بەبە ئەوەندەی شاعیر پێ گەیاندووە کە نایەتە ژمارە. خۆ سلێمانی ئەتوانم بڵێم کە گەورە و بچووکی، حەتا کاسب و نەخوێندەوارەکانی لە (بەهرە)ی شاعیری بەشیان وەرگرتووە. ئەم شاعیرانەی کە لە نەخوێندەوارەکانیش پێ گەییون وەنەبێ وەکو هەندێ شاعیرانی قەومەکانی تر قسەی هەلەق و مەلەقیان کردبێ و لە ڕێزی شاعیرانی (شەعبی)دا مابنەوە. بەڵکو شیعرەکانیان زۆر ڕێکوپێك و بە مەعنا و بە تەواوی (مەوزوون و موقەفا) بووە، بە وێنەیەك کە لەگەڵ شیعری شاعیرێکی زانا و خوێندەوار چەپی نەبووە. لەبەر ئەوەیە کە دەتوانین بڵێین شاعیرانی کوردستان بەشی زۆری شاعیریەتییان لە فیترەتەوە وەرگرتووە و شاعیری خوایی بوون. حەمدی کە ناوی مەلا حەمدوونە یەکێکە لەوشاعیرانە(١) ئەم زاتە خەڵکی سلێمانییە. بە کوێری لە دایك بووە و غەیری قورئان کە لەبەر خوێندوویەتی هیچ قوتابخانە و مەدرەسەیەك نەچووە و نەیدیوە. بەڵام زەکایەکی بەرز و فیترەتێکی شاعیری خوادادیی هەبوو. وەکو عەلی کەمال ئەڵێ سەعاتێکیان تێکوپێك ئەدا ئەو هەمووی تێك ئەخستەوەو ئەیهێنایەوە کار.

بەفارسییش شیعری داناوە. لەبەر ئەوەی کە چووبووە (ئەستەمول)و بەینێکی زۆر لەوێ مابووەوە تورکیشی زۆرباش ئەزانی. پیاوێکی کەڵەگەت و سووروسپی و چوارشانە بوو. ئەو بەینەی کە لە ئەستەموڵ بوو، بەشی زۆری وەختی خۆی لە (سرکەچی) لە (چایخانەی بەغدا) ڕادەبوارد. خۆم گەلێ جار هەر لەبەر ئەو ئەچوومە ئەو چایخانەیە و لە قسە و سوحبەتی عەنتیکەی ئیستفادەم ئەکرد. بە ئیحسانی خەڵکی و بەتایبەتی گەورەکانی کوردی ئەستەموڵ بەڕێوە ئەچوو. لەگەڵ ئەمەیشدا تا بڵێی بە زەوق و بە تەبیات بوو. هەموو وەختێ جبەی تازە و کەوای شیرداخی تازەی لەبەر ئەکرد و فێستێکی سووری بێ قاڵبی لەسەر ئەنا و بەم حاڵەوە لە مەلایەکی

(١) من مەلایەکی کوێری کوردم لە ئەستەمولدا دیوە کە بەتەواوی خاوەندی ئەم سیفەتانەیە کە عەلی کەمال لەژێر ناوی (حەمدی و یا مەلا حەمدون) دا باسی کردووە بەڵام من وام بێتە بیر کە ناوی مەلا فەرەج بێ.

(ئەزهەر)ی ئەچوو. پێڵاوی قەت بێ بۆیاخ نەبووە. هەموو ڕۆژێك خۆی ئەشوشت و ئیجگار حەزی لەپاك و تەمیزی ئەكرد. پووڵێكیشی پێ بوایە دەسی بۆ كەس درێژ نەئەكرد و دەیویست جارێ ئەو پووڵە یا بۆ حاجەتێكی خۆی ویا بۆ (میوان)ێكی خەرج بكا. هەر لەبەر ئەمەیش وا دەزانم كە بێ ئەوەی بچێتە سەریان، پیاوە (گەورە!)كانی كوردی ئەو دەورەی ئەستەموڵ لە خۆیانەوە خەرجییان بۆ دەنارد. لە ئوتێل ئەنووست.

هەموو وەختێك كوردێكی بۆ ئەبوو كە ڕەهبەریی بكا. بەڵام گەلێ جاریش بەبێ ڕەهبەر ئەگەڕاو شارەزای گەلێ كووچە و بازاڕی ئەستەموڵ بوو لە ساڵی ١٣٣٥ی هیجری و لە عومرێكی ٦٥ ساڵیدا بە ڕەحمەت چووە لە حەربی گەورەی ڕابردووا بە شیعرێكی كوردی هەواڵی ئەو زەمانەی گێڕاوەتەوە كە بەڕاستی جوانە و شاعیرانەیە.

من ئەو شیعرانەم لە دەمی خۆی بیستبوو. ئەگەر لەو ڕۆژانەدا بمزانیایە كە ڕۆژێك كتێبێكی وا ئەنووسمەوە، زۆر سووك و ئاسان بوو كە گەلێ شیعری خۆی لێ وەرگرم و بینووسمەوە.

ئەمە شیعرەكانیەتی كە لە (گوڵدەستەی شاعیرانی) عەلی كەمال وەرمان گرتووە(١):

ئەم ڕۆژە چ ڕۆژێكە كە دنیا شڵەژاوە
هەركەس بە(جەخارێ) جگەری قیمە كراوە...(٢)
دنیا پڕی ئاشووبە خەلایق بە عمومی
ئاسایشی لێ مەنعە ئەڵێی جونبشی ئاوە
وەك تەرزە ئەبارێ بە هەموو دەم ئەسەف و غەم
هەوری غەزەب و قەهری خوا توند و بە تاوە
ئەم وەزعە كە ناوی بە(سەفەربەر) ئەبەن ئیمڕۆ
فەرمانی بە خوێن ڕشتنی ئەم عالەمە داوە

---

(١) وەكو وتمان ئێمە ئەم شاعیرە بە مەلا فەرەج ئەزانین بەڵام چونكو وەسفی عەلی كەمال و چاوپێكەوتنی ئێمە لە یەك ئەچێ و بڕوامان وایە كە عەلی كەمال ئیستناد بە شتێك ئەڵێ ناوی مەلا حەمدوونە بەو ڕەنگەمان وەرگرت.

(٢) جەخار بە قەرینە مەعنای نەوع و یا ڕەنگە (بە جەخارێك= بەڕەنگێك) وشەیەكی زۆر جوانە و تازەم بیستووە.

گیرۆدەیە ئەم عالەمە هەرکەس بە سیاقیٚ
کەوتووەتە کەشاکەش بە قوماندەی ئومەراوە
(ژەندەرمە) ئەسووڕێتەوە وەك واشەی برسی
بۆ لاشەی میللەت بە فڕوفێڵی غەزاوە
فەوتاوە لەبەر سوخرە، کەر و هێستر و یابوو
حوشتر سەقەت و شەل بووە، گا پشتی شکاوە
کەر شەوقی زەڕینی نییە حەتا لە بەهارا
ترسی هەیە بیخەنە ژێر باری قەزاوە
بۆ گرتن و بۆ کوشتنی ئەم عالەمە یەکسەر
ئەم عرسەی ئافاقە ئەڵێی حەڵقەیی داوە
نیك و بەدی ئەم عالەمی ئیسلامە بە جاریٚ
کەوتوونەتە ژێر حەڵقەی زنجیری بەڵاوە
هەر شەش جیهەتی گرتووە ئاشووب و موسیبەت
مێشولە مەجالی نییە بفڕیٚ بە هەواوە
ئەم زاڵمی سەفاکی (سەفەر بەرلکە) ئیمڕۆ
نامەی فەرەحی داوە بە دەم بادی سەباوە
دەشت و جەبەل و شیو و جەزیرەی هەموو دنیا
گوڵ گوڵ بووە سەر پاکی بە خوێنی شوهەداوە
تەیارە بە ئەسبابی شەڕ و فیتنەوە دایم
جەولانی ئەڵێی هەورە بەسەر مەرکەزی باوە
باڵۆنی (هەڵو) شێوە لەگەڵ دێتە بزووتن
عالەم لە نەزەریا هەر ئەڵێی پۆڕی خوراوە
ئەم جووتە بەڵا زادەی باڵندەیە ئیمڕۆ
سەیارە بە(سیالەی بەرق)ی بە هەواوە
بەرق و غەزەبی دانە و نارنجەك و بۆمبا
ئاگر ئەپژێنیٚ بە زەمیندا لە سەماوە

شەو ڕۆژە لەبەر بەرقی قلیج و ڕم و سونگی
لـەمـعـەی قسەتـورە بـەدەلـی عـەکس هـەتـاوە
لـەو ڕۆژەوە دنـیـا هـەیـە تـا ئـەم دەمـە بـێ شك
مـەغـلـووبـەی بـەم غـایـەتـە نـەبـووە و نـەکراوە
بـنـچـیـنـەی دەرکـەوتـووە ئـاساری شەریـعـەت
یـەکسەر هـەرەسی بـردووە ئـانـێکـی نـەمـاوە
ئەم دینە لەپێشا وەکو زەمزەم بوو بە ڕوونی
هـیـچ غـەشی نـەبوو ئێستا ئـەڵێی لێڵی قوڕاوە
یـارەبـی لـەبـەر خـاتـری پێغەمبـەرەکەی خۆت
ڕەحـمـێ بـکـە بـەم کـۆمـەڵـی ئیسلامـە کـە مـاوە
لەت لەت بووە بەم چەکوشە سەعاتی دڵی عالەم
ڕەقـاس و جـەڕ و زەمـبـەرەك و چـەرخـی سواوە
(حەمدی) دڵی یەخسیری فەرەنگی غەمە ئیمڕۆ
بەربوونی، بە بەربوونی گەرووی بەسرەو فاوە

ئایا ئەم شیعرە جوان و ڕێکانە هیچ لە شیعری نەخوێندەوارێك ئەچێ؟

خۆزگە ئەو بێگانە زمان ناسانەی لە شیعر و ئەدەبیات تێ دەگەن ئەم شیعرانەی کوێرێکی نەخوێندەواری کوردیان بەرچاو ئەکەوت و تێی ورد دەبوونەوە، تاوەکو بزانین ئەوسا کە لەبابەت شیعری کوردییەوە چییان ئەوت؟ و زۆر ئارەزوومان دەکرد کە تێ بگەین ئایا لەناو نەخوێندەوارانی هیچ قەومێکی ترا شاعیرێکی وا بەلیغ و مەوزوون هەڵکەوتووە یا نا؟

هیچ جێی باوەڕ نییە کە شاعیرێکی ئومی (نەخوێندەوار)ی قەومێکی تر توانیبێتی، بێ ئاسایشی و ناڕەحەتیی خەڵقی بەم جەخارە تەسویر بکا.

دنـیـا پـڕی ئـاشووبـە خـەلایـق بـە عـمـوومـی
ئـاسایشی لـێ مـەنـعـە ئـەڵێی (جـونـبشی ئـاوە)
هەر شەش جیهەتی گرتووە ئاشووب و موسیبەت
مـێشولـە مـەجـالـی نـیـیـە بـفـڕێ بـە هـەواوە

و چاوتان لە تەسویری ئەحواڵی ژەندەرمەی ئەو ڕۆژە بێ کە (حەمدی) کردوویەتی:

ژەندرمە ئەسووڕێتەوە وەك واشەی برسی

بۆ لاشەی میللەت بـــە فڕوفێڵی غـەزاوە

هـەمـوو ئـەوانـەی دەوری (ژەنـدرمـە)ی تـورکیـان دیوە، داخـی ژەنـدرمـەیـان بـەسەر دڵەوەیە، بەڵام کامیان توانیویە کە (تۆڵە)یێکی وایان لێ بکاتەوە بەم ڕەنگە داغمەیان بکات؟.

بۆ کردەوەی ژەندرمە و هەراسانی خەڵقی بە دەست ئەمانەوە لە دەوری ڕمییان، ئەم شیعرەی (عارف سائیب)، دەلیلێکی زۆر جوانە:

کەوتوومەتە ناو تاقمی جەندرمە خـــوامەرك.

دوچاری هەزار دەردی سەر و قەهر و سزا خۆم.

# خاکی

خاکی ناوی مەلا محەمەدە، خەڵکی گوندی (ئەحمەد بڕندە)ی قەزای هەڵەبجەیە. لە ١٢٦١ی هیجریدا و لەم گوندەدا هاتووەتە دنیاوە. لە سلێمانی خوێندوویەتی و لە سنە خوێندنی تەواو کردووە.

عالمێکی بەناوبانگ و ئەدیبێکی مەزن بووە. عومری لە سلێمانیدا و بە تەدریس ڕابواردووە. ئەشعاری زۆر بەلیغ و بە مەعنایە. مەنسووبی تەریقەتی نەقشی بووە و لە ساڵی ١٣٢٢دا بەڕەحمەت چووە.

جارێك لە کەوشەکا(١) بەجێ ئەمینێ. سەید ئەحمەدی نەقیب (خوا لێی خۆش بێ) بە چەند شیعرێك توانجی تێ دەگرێت کە ئەمە فەردێکە لەو شیعرانە:

لە مەیدانی عیبادەتدا بەجێ ما هەرکەسێ بێ شك
بەدایم چاو بەرەو ژێرە ئەبێ مەهتووك و ڕیسوا بێ

خاکی بە غەزەلێکی چواردە بەیتی جەوابی داوەتەوە کە دوو بەیتی ئەوەڵی ئەمەیە:

ئەگەر دەروێش ئەگەر سۆفی لە تەکیە و خانەقادا بێ
گەدا بێ یاخو پاشا بێ خەلیفە یاخۆ وەستا بێ
لە عەرسەی (کەوشەکا)(٢) جێ ما، وەکو دابە ئەبێ دابێ
دەبێ سەر حیز و مل کز بێ، دەبێ داماو و ڕیسوا بێ

خاکی وەکو جەنابی ئەمین زەکی بەگ باسی کردووە، شاعیر و ئەدیب بووە. ناوبانگی لەناو کوردا ڕۆیشتووە، بەڵام لەبەرئەوەی (دیوان)ی شیعری لەناوا نییە، نەمانتوانی کە چەند شیعرێکی نایابی لێرەدا بنووسین. ئەو غەزەلەی کە ئەمین زەکی بەگ مەتلەعەکەی لە تاریخی سلێمانیدا نووسیوە لەلایەن مەلایەکی فازیلەوە لە بەغدا گەیشتە دەسمان. بەخوێندنەوەی ئەم تەنیا غەزەلە پایەی شاعیریی خاکی دەرئەکەوێت.

---

(١) کەوشەك یارییەکە تایبەتی فەقێ و مەلاکان.
ئەم یارییە یاریی بەهارە و لەسەر سەوزە گیا ئەکرێت.
(٢) سێ بازیشی پێ ئەڵێن و هەموو لاوێك لە بەهارا ئەم یارییە ئەکا...

وشەی (دابیّ) کە لە چەند جێگەیەکیاندا دەبینرێت لە (دابوون)ەوە هاتووە، ئەوەندە سەنعەتکارانە و شاعیرانە، بەکاری هێناوە و لە وشەکانی (دانا، با، باب، بابا..)دا لە(جیناس)ی ئەدەبی، لەفزی و مەعنەوی ئەوەندە ئیستفادەی کردووە کە ئەڵێی هەیکەل تراشێکە یاری بە تۆپەڵە مێو ئەکا. ئەمە تەواوی غەزەلەکەیە:

ئەگەر دەروێش ئەگەر سۆفی لە تەکیە و خانەقادا بیّ
گەدا بیّ یاخو پاشا بیّ خەلیفە یاخو وەستا بیّ
لە عەرسەی کەوشەکا جیّ ما، وەکو دابە ئەبیّ دابیّ
دەبیّ سەر حیز و مل کز بیّ، دەبیّ داماو و ڕیسوابیّ
قەبووڵ نابیّ بە هیچ بابیّ کە کورد دابیّ لە جێی بابیّ
ئەگەر سوختە مەلای جیّ هێشت، مەلا ملکەچ نەبیّ نابیّ
لە مەیدانی عیبادەتدا بەجیّ ما، هەرکەسیّ بیّ شك
بەدایم چاو بەرەو ژێرە دەبیّ مەهتووك و ڕیسوابیّ
بەجیّ مان باعیسی بەدناوییە حەتتا لە یاریدا
کەسیّ مەقبول و ماقوڵە کە چابك دەست و ئازا بیّ
قەدی ئەلفی دەبێتە (دال) لەبەر سستی لە یاریدا
بەجیّ ماو هەر دەبیّ دابیّ بەزیلەت گەرچی وەستا بیّ
موریدگەر مورشدی جیّ هێشت لە یاریدا دەبیّ دابیّ
بەسەریا هەر دەبیّ هەڵچیّ لەژێر باری دەبی دابیّ
کەسیّ پاش کەوت ئەگەر فەرزەن خەڵاتی شای لەبەر دابیّ
ویا عەینەن عەمامەی شێخولئیسلامی لەسەر نابیّ
دەبیّ پشتی کەمانی بیّ وەکو گۆ سمتی هەڵنا بیّ
بڵێ پشتم شکا بابیّ کەسیّ مابیّ بەسەرما بیّ
بەجیّ ماویش لە کەوشەکدا ڕەفیقان هەر دەبیّ دابیّ
قیاس، ڕۆشن دەلیلێکە دەبیّ ئەحکامی مەجرا بیّ
ئەمە مەعلومە لای هەرکەس چ نادان و چ دانا بیّ
کە دابوون کاری نادانە کەسیّ دانابیّ دانابیّ

فـیـداتـان بـم وەرن یـاران لـەمـەولا ڕوو لـە مـەولا بـێ
دەروون عـاجـز لـە دنـیـا بـێ لـە مـالا یـەعنـی دڵ لا بـێ
چ خۆشە تەرکی خوو هەر شەو هەموو چاوی لەخەو دابێ
نـەسیـمـی نـیسبـەتت بـوبـێ وەکـو(شەوبـۆ) لـەشەو دابـێ
کـەسێ کـەوشەك بکـا (خـاکی) موحـەللـەق بـاز و ئـازا بێ
بـەسورعـەت هـەر وەکو بـابێ بـەهـیمـەت میسلی بـابـا بێ
حـەریـفـی، دوی لـە چـایـخـانـە دڵـی مـەعمـوور و ئـاوابێ
بە(تەجنیس بازی) دەیفەرموو جەزای چاکە دەبێ چا بێ.

بێجگە لە ئەم غەزەلە، چەند (نەعت)ێکی نەبەوی دوورودرێژی (خاکی)مان لە دەفتەرێکی دەسخەتی کوردێکی (شعرباز)دا بەرچاو کەوت. بۆ نموونە لەهەر (نەعت)ێك، یەك دوو شیعری جوانمان هەڵبژارد کە بیخەینە بەرچاوی خوێندەوارانی خۆشەویست؛ ئەم شیعرانە چەند (بەیت)ێکە لە قەسیدەیەکی ٦١ بەیتی:

بـبـارێنـی خـوا بـارانـی هـەرچـی فـەیـز و ئـیحسانـە
بەسەر ئەو باعیسی خەلق و گوزیدەی جەمعی ئەکوانە
دەمی سوبحی ئەزەڵ (داکا) هەتا شامی ئەبەد بڕژێ
بـەیـەك تـاو بـێ نـەوەك تـاوتـاو، وەکو تـاوی بـەهـارانە
بـەسەوزەی نـەونـەسیمـی گوڵ شەمیمی لوتفەوە داکا
نـەسیـمـی نـیسبـەتـی حـەق دانـەیـەکی کـا بەسەد دانە

.........

کەلامیان ڕاستە هەردوو بوون لەگەڵ حەق، ئەحمەد و مووسا
تـەفـاوتـیـان وەلـێ ئـاخـیر زەمـین، تـا عـەرشی ڕەحمـانـە

...........

ئەرێ (خاکی) ئەتۆ خۆت چی و دیاریی تۆ ئەبێ چی بێ
لـەبـۆ شاهـی عـەرەب هـەرگیـز نـەبـەی ئـەم شیـعرە کوردانـە

مەگەر شاهی ڕوسول، هادی سوبول، سەرخێڵی جوملە و کول
بـە ئـیحسانـی بکـا تـەحسین، بڵـێ: وەك شیعری (حەسان)ە

ئەمەیش چەند شیعرێکە کە لە قەسیدەی (میعراج نەبی) وەرگیراوە، قەسیدەکە خۆی ٣٨ بەیتە:

چییە ئەمشەو، شەوی سوور و سروور و سەیر و سەیرانە
شەوی(ئەسرایە) یا سوبحی ویساڵی جانی جانانە

......

لە خەڵوەتخانە دەرکەوتتوو، لە حەوخانەی فەلەك سەرکەوت
لە دەوڵەتخانە چوو، یەك ئان بە دەوڵەت هاتەوە خانە

........

نەسیمی فەیز حەق ئەنگووت و خونچەی کامی پێ پشکووت
ویساڵی جان و جانانە، چ خۆشە، رەبی چەن جوانە

........

لە ئەحمەد تا ئەحەد میمێ بوو فەرقی غەرقی وەحدەت بوو
بزانە عاشق و مەعشووق لەناو ئەم دووانە کێیانە

.........

جیهان سایە نشینە، تۆ مەگەر ڕۆحی کە بێ سایەی
بەڵێ سایە، وەزیفەی جیسمە، جیسمی تۆ هەمووی جانە

.......

حەدم کوا من بەیانی حەدی ئیعجازی (محەمەد) کەم
کە تیعدادی نجوومی ئاسمان، خاریج لە ئیمکانە

## خەستە

مەخلەسی شاعیرێکی ئەم وڵاتەیە ناوی و سەرگوزشتەی ژیانیم دەس نەکەوت. تەنیا لە (ئەنجومەنی ئەدیبان)دا بەعزێ شیعریم دیوە. ڕەنگە لە شوعەرای قەرنی سیانزەمینی هیجری بێ.

مەتلەعی غەزەلی (دەکەم شین)ی ئەمەیە:

لە هیجرانی گوڵی سوورم دەکەم شین
دەڕێژم دەم بە دەم فرمێسکی خوێنین...(١)

تەواوی ئەو غەزەلەی کە جەنابی ئەمین زەکی بەگ مەتلەعەکەی وەرگرتووە و لەسەرەوە نووسیومانە لە (ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد)دا بەم ڕەنگەیە:

لە هیجرانی گوڵی (سوورم) دەکەم (شین)
دەڕێژم دەم بە دەم فرمێسکی خوێنین
وەکو کۆتر دەناڵم شەو هەتا ڕۆژ
نیشاتم دەرد و ڕەنجە سوحبەتم شین
لە بازاڕی غەرامی عەشقی گوڵدا
تەلەف بوو، مایەی عومر و (مەتای)(٢) دین
بڵێسەی ئاگری کوورەی دەروونم
دە پێکی قورسی ماه و عەقدی پەروین
هەموو عالەم لە نالەی من بەتەنگ هات
لە بۆ بەختم دەنێرن لەعن و نەفرین
لە حەسرەت عەنبەرین زولفی سیاهت
تەپ و دووی دڵ ئەچێ بۆ گونبەدی شین

---

(١) تاریخی سلێمانی.

(٢) مەتا= متاع. ر. ح

وەهــــا دەردم گـــران و سەخــتـــــە، بـــۆمـــن
فـــەلــــەك دەگـــری، مـــەلایك دێنـــە نـــاڵـــیـــن

ئەم شیعرانەی خوارەوەیش هی خاکییە لە دەفتەرێکی دەسخەت وەرگیراوە:

بــەبــێ تــۆ مــن پــیــاڵــەی غــەم ئــەنــۆشم
وەکو مـەجـنـوون نـەمـاوە عـەقـڵ و هـۆشم
لـە حـەسرەت خـەتـی نـەوخێزی بنـەوشەت
هـەمـیشە بـەرگـی نـیـلـی ڕەنگ ئـەپـۆشم
قــەدەم ڕەنجان کــە بــێ حــاڵــم بــپــرسە
بــــپــــرسە لـــەو دەروونـــــەی پــڕ خــرۆشم
ئــەتــو شاهــنشەیــی ئــیــقــلــیمــی حوسنی
ئــەمــن بــێچــارە عــەبــدی حــەڵــقــە گوشم
لـە گـەرمـی مـەیلـی ساردت نووری چاوم
وەکــو دیــزە لـــە کــوڵ دایـــم بـــە جــۆشم

لە غەزەلێکی تری خەستەدا، ئەم تاقە شیعرەمان زۆر جوان هاتە بەرچاو:

مـروەت و ڕەحـمـی نـیـیـە ئـینسافـی بـاری کردووە
دەوری باغی دڵ بەخار و جەوری غەم پەرژین ئەکا

ئەمیش فەردێکە لە شیعری خەستە:

لـــە حــەرفــم تــۆ مــەبــە ئــازوردە قــوربــان
سەری مــوویــێ نـــەمـــاوە ئــیــخــتــیــارم

ئەمیش دوو(بەیت)ی جوانە لە غەزەلێکی تری:

ئــەگــەر کــردوویــە تــەقسیــر و گــونــاهــێ
هـــــەزاران تـــۆبـــە تـــا ڕۆژی مـــەمـــاتــم
لــەمــن عــاجــز مــەبــە ئــیــتــر بــە قــوربــان
خــۆشە ئــەر بــمـکـوژی ئــەر کــەی خــەڵاتــم

زۆر جـێی داخـە ئـەم شاعـیـرە کـوردە کـە بـەشێوەی شیـعـرەکـەی وا دەردەکـەوێت موکریانی بووبێ، ناووشوێنی نەزانرێ و (دیوان)ێکی تەواوی نەگاتە چنگمان. بە

مەتانەتی شیعرەکانیا و بەپێی ئەوەی کە وەکو عاداتی هەموو شاعیرێك (مەخلەسی)ێکی بۆ خۆی داناوە دەبێ شیعری زۆر بووبێ و ئەم شیعر و یا دیوانەی (خەستە)، یا لەناو چووبێ و یا کەوتبێتە قوژبنێکی دوور و تاریکەوە. بە ناوی محەبەتی ئەدەبیاتی قەومی، تکا لە خوێندەوارانی خۆشەویست، کە ئەگەر لەلایەن ناوونیشانییەوە شتێك ئەزانن، بۆمان بنووسن لە بەرگی دووەمی ئەم کتێبەدا باسی بکەین...

# شیعر و ئەدەبیاتی کوردی

بەرگی دووەم

## پێشکەش

بوێژەکان و ئەدیبەکانی کورد، بەرامبەر بە قەومی خۆیان پێویستییەکی گەورەیان لەسەرە. مێژوو لە دوارۆژدا لەناو وێژە و وتارەکانی ئەوانا بۆ هۆی دواکەوتن، وە یا پێشکەوتنی کورد ئەگەڕێ، لەبەر ئەمە، ئەبێ ئێمەیش وشیار بین و ڕێی ئەوەیان نەدەین کە سەرمایەکانیان بە فیرۆ بدۆڕێنن واتە، پێویستە لە وێژە و وتارەکانیان ورد و سەرنجیان بدەینێ تاکو بتوانن بۆ کردەوەی باش و بۆ خزمەتی وڵات هانیان بدەین و بیانکەین بە ڕابەری قەومەکەیان، بەم ڕەنگە ئەو پێویستییەی لەسەریانە سووک ئەبێ و بەجێی ئەهێنن و لە ڕاست پرسینەوەی مێژوودا شەرمەسار نابن، ئینجا لەبەر ئەمەیە، کە ئێمە ئەم نامیلکەیە پێشکەشی ئەو خوێنەرە بەڕێزانە و بەتایبەتی پێشکەشی ئەو لاوانە ئەکەین کە لەباریانا هەیە خزمەتی قەومەکەیان، وە وڵاتیان بکەن و نرخێك نادەن بە چرپەچرپی هەندێ کەس لە جیاتی تێبکۆشن و یارمەتیی خۆیان پێشکەشی خاوەن تەقەلاکان بکەن، تەنیا بە توانج و ڕەخنەی پووچ و عەزم شکێن، کنە لە بناغەی یەکێتییا ئەکەن!.

ڕەفیق حیلمی

بەغدا: بستان الخس

٩٥٦/٣/٣

## سەرەتا

لەژێر ناوی «شیعر و ئەدەبیاتی کوردی» یا، لە ساڵی ١٩٤١ نامیلکەیەکم لە چاپ دابوو و بڵاوم کردبووەوە، لەو نامیلکەیەدا سەرگروشتەی چەند شاعیرێکی کورد و، لە شیعری هەر یەکە لەوانە چەند وێنەیەکم خستبووە بەرچاوی خوێنەرانی خۆشەویست و بەپێی بیر و زانستی خۆیشم لە شیعرەکانیان دوابووم. بەڵام داخەکەم بە پێچەوانەی پەیمانێك کە دابووم بەرگی دووەمی ئەو نامیلکەیەم تا ئیمڕۆ بۆ چاپ نەکرا. ئەوا ئیمڕۆ لەسەر فەرمایشی و ئارەزووی چەند برا کوردێکی بەڕێز هەر چەندە بەرهەڵستیشم هەبوو ئەوانەی لە کاتی خۆیا نووسیبوومەوە و هەندێکی لەساڵی ١٩٤٣ لە گۆڤاری «گەلاوێژ»ا بڵاو کرابوونەوە، کۆم کردنەوە و پیاچوومەوە ئینجا باسی چەند شاعیرێکی تریشم خستەسەر و، لەمانە بەرگی دووەمی ئەم نامیلکەیەم هێنایە ناو. قەومی کورد شاعیری زۆری لێ هەڵکەوتووە. بێت و بمانەوێ باسی هەموویان بکەین هەر لێ نابینەوە. لەبەر ئەوە ئەمەوێ بزانرێ کە شاعیرەکانمان هەر ئەمانە نین کە من باسم کردوون، وەیا باسیان ئەکەم. بەڵکو هەر لەناوچەکانی سلێمانی و کەرکوك و هەولێرا ئەوەندە شاعیر هەڵکەوتووە کە تەنیا ناوەکانیان نامیلکەیەکی لێ ئەنووسرێتەوە، لەناو ئەمانەدا ئەوانەی بەڕەحمەت چوون، وەکو: نالی و مەحوی و هیجری و شێخ ڕەزا و مەولەوی و شوکری و میسباح و تایەر بەگ و مەلا محەمەدی کۆیی و ڕەشیدی قادر ئاغا(١) و مەلا عەبدوڵا (مفتی پێنجوین) و ئەختەر و سافی...

لە تازەکان ئەوانە کە شوکر ماون، وەکو: سەعید فەوزی و شێخ مستەفای شێخ سەلام و قانع و ئەحمەدی شێخ غەنی و مەلا ئەسعەدی مەحوی و ڕۆژبەیانی و هەردی و توفیق وردی و برایم ئەحمەد و هەژار (عەزیز موکریانی) و مستەفا سەفوەت و کانی و مەعروف خەزنەدار و هەوری و مەدهۆش، بێ باك و فایق زێوەر و مەنگوڕی و شارەزووری و ئاورەحمان بەگی نفووس و ... هەموو شاعیرن و هەندێکیان لەوانەن کە ئەشێ بە تایبەتی نامیلکەیەکیان دەربارە بنووسرێتەوە، بەڵام وەخت و بەخت جارێ

---

(١) ڕەشید قادر ئاغا برا بچووکی مەحموود ئەفەندی قادر ئاغای ڕەئیسی پێشووی بەلەدیەی سلێمانی بوو، بە لاوی و لەکاتی شەڕی گەورەی یەکەما ئەمری خوای کرد.

ئەوەندە یار نییە، کە بتوانین بەم ئامانجە گرنگە بگەین. لەگەڵ ئەمەیشا خوا یاربێ و تەمەن وەفا بکا، هەوڵ ئەدەین کە ناوبەناو چەند بوێژیك لەناو ئەمانەی کە باسیان کراو بە تایبەتی لەوانەی کە دیوانێکی (لەچاپدراو) یان نییە و یا شتێکیان دەربارە نەنووسراوەتەوە، هەڵبژێرین و نامیلکەی سێیەمی لێ رێك بخەین، ئینجا تکای بەرودوامان لە خوێنەرە بەرێز و خۆشەویستەکان ئەوەیە کە چاو لە کەموکورتیمان بپۆشن و بمانبەخشن بەوە کە مەبەستمان خزمەتە و سەرکەوتنی کورد!

# دڵدار

## یونس ڕەئووف

## ١٩١٧ – ١٩٤٨م



دڵدار ناوی یونس ڕەئووفە، لە ٢ی شوباتی ١٩١٧ی میلادی لە کۆیێ هاتووەتە دونیا، بەم حیسابە بە عومر بچووکترینی هەموو ئەو شاعیرانەیە کە تا ئێستا باسمان کردوون، هێشتا یەك ساڵان بووە کە باوکی هێناویەتە هەولێر، لە دوای ئەوە چوونە (ڕانیە) و لەوێ تا پۆلی ٢ی ئیبتیدائی خوێندووە، بەینێکیش گەڕاوەتەوە کۆیێ و لەوێ خوێندنی ئیبتیدائی، دوای ئەوە لە هەولێر و کەرکووك خوێندنی متەوەستە و سانەویی تەواو کردووە، ئێستا لە پۆلی دووەمی حقووقی بەغدا ئەخوێنێ. لاوێکی زرنگ و خوێنگەرمە، خاوەنی بیرێکی ژیرانە و پیرانەیە، گیانێکی خاوێن و هەستێکی بەرزی هەیە. هەر لە منداڵییەوە تووشی گێرە و کێشە و تەنگوچەڵەمەی زەمانە هاتووە و ژیانێکی کەموزۆر سەخت و تاڵ و بە ئەندێشەی ڕابواردووە، لەبەر ئەمە ئاشنای ساردوگەرمی دونیایە و جێگەی هیوای دواڕۆژە، شاعیرێکی خواییە و ئیلهامی شیعری لە هەوای سازگار و لە بەرزیی شاخەکانی نیشتمانەوە وەرگرتووە، بەدڵ و گیان مەفتوونی دیمەن و چاو ئەندازە شیرینەکانی وڵاتی کوردستانە.

هەر چەند بەهۆی منداڵی و خەریکبوون لەگەڵ خوێندن، زۆری شیعر دانەناوە و ئیمرۆ لە شاعیرە ناودارەکان ناژمێررێت بەڵام بەو شیعرانەیا کە هەیە و بەرچاوی ئێمە کەوتووە و بە نوور و گەوهەری ئەو زەکایەدا کە لەم چەند شیعرەدا ئەبینرێ، جێگەی شك نییە کە دڵدار، شاعیری تەجەدودپەروەر و ناوداری دواڕۆژ ئەبێ. لەبەر

ئەوە، ویستمان کە سەرەتای ناو و شورەتی لەم (ناميلكە)يەوە دەست پێ بکا.

دڵدار، بەلای ئێمەوە شاعیرێکە زۆر بالاً، ئەگەر لە هەندێ شیعریا ناپوختەیی هەبێ، بەهای شاعیریەتیی پێ ناشکێت. منالێك کە هەموو ژیانی خۆی بە خوێندنەوە ڕابواردبێ و هێشتا لە خوێندنی پێویستی (ڕەسمی) ڕزگاری نەبووبێ، ناتوانێ ببێ بە شاعیرێکی (کەسبی) و بگاتە پلەی ئەوانە کە شیعریان کردووە بە (سەنعەت). لەگەڵ ئەمەیشا دڵدار، هەر لە مەکتەبی ئیبتیدائییەوە دەستی کردووە بە شیعر وتن و لەم مەیدانەدا گۆی هونەری بردووەتەوە، لەبەر ئەوە ئێمە کەموکورتی شیعرەکانی ئەومان نەگرتە بەرچاو و بڕوامان هەیە، بەوە کە شاعیرێکی فیتری و خوادادە، هیچ گومانی تیا نییە کە هەلێکی باش و کۆڵینەوەیێکی ئەدەبیی ورد، دڵدار ئەگەیێنێتە ڕیزی شاعیرە گەورەکانی کورد، ئەوەیش لەوێ بوەستێ کە لەلایەن بیری قووڵ و خەیاڵی وردەوە ئێستایش دڵدار گەلێ لە ژوور ئەو شاعیرانەوەیە کە هەندێ وشەی ڕەق و تەعبیری ساردی وا ئەهۆننەوە و ئەیکەن بە (نەزم) کە بە دیمەن و بیستن، شیرین و ڕەنگین، بەڵام لە مانا و حەقیقەتا پووچ و بێ کەڵکن.

ئێمە ناتوانین لێرەدا هەندێ شیعری دڵدار بنووسین کە زادەی بیرێکی زۆر قووڵ و ڕەوانی (تەفکیری عەسری)یە. بەڵام زۆر جێی داخە کە پێوەندیی گرانی (تەقالید)، ئیمڕۆ، ڕێ نادا بە بڵاوکردنەوەیان. زۆرتریش ئەو جۆرە شیعرانەیەتی، کە دڵدار و شاعیریەتی بڵندی دڵداری بە ئێمە ناسی، ئەو شیعرانەی کە لە هۆنینەوە و دروستکردنی وشە و (تەعبیر)ی ڕەنگاوڕەنگ و ڕێکخستن و یەکخستنی قافیە زیاتر، کۆڵینەوەی فەلسەفەی ژیانمان بیر ئەخاتەوە و چەشنی لێکدانەوەی ئەم شاعیرەمان تێ ئەگەیێنێ کە بە تەمەن منالْ و بە مێشك گەورە و پێگەیشتووە.

دڵدار، یەکەم جار لە (ڕانیە) لە بەرامبەر سەرچاوەی پیرۆزە ڕەنگی ئاوی (قولە)، ڕوحی شاعیریەتی بزووتووە و هەر لەو ڕۆژانەدا کە لە فریوی زەهراوی شارستانییەتی دوور بووە و چاوی ئازادیی بێ پەردەی بە چاو ئەندازەکانی شیرین و ڕەنگینی نیشتمانا گێڕاوە، لە کانگای دڵیا مەغزی ئەم شیعرانەی کۆ بووەتەوە و تۆمارێکی نیهانی دروست کردووە. لە دوای بەینێك کە لەو چاو ئەندازانە دوور ئەکەوێتەوە و کارەساتی زەمانە و گێژەلووکەی بێ ئامانی ژیان گێژی ئەدا ئەو تۆمارە شارراوەیە ئەکرێتەوە و ئەویش بێ ئەوەی ڕەنجێکی لەگەڵ بدا شیعرەکان دووبارە ئەکاتەوە و یا بە نووکی قەڵەمەکەیا ئەڕژێتە خوارەوە.

کوردستانی خۆش، نیشتمانی جوان
تۆ قیبلەگاهی منی بێ گومان!
چاوم پشکووتووی شاخەکانتە،
فێری ژیانی باخەکانتە.
دەنگی شمشاڵی شوانەکانت،
زریق و باقی جوانەکانت،
قاسپەی (کەو)انی قەد کێوەکانت
خورەی ئاوەکەی نشێوەکانت
ئەمانە هەمووی گوێیان کردمەوە
هەوێنی شیعری دڵیان گرتمەوە

***

نەونەمامێ بووم لەم خاکە ڕوام،
بە خۆشەویستیی وڵات ئاو درام.
بەڵێ کوردستان تۆ منت خوڵقان،
تۆ منت خوڵقان پێت بەخشیم ژیان!
خۆشیی ژیانم خۆشی ژینتە.
ئێشی ژینی من ڕۆژی شینتە!
چونکە کوردستان، نیشتمانی جوان!
تۆ قیبلەگاهی دڵی بێ گومان.

***

(دڵدار)ی هاونیشتمانی حاجی قادری کۆیی کە یەکێ بوو لە شاعیرە ناودارەکانی کورد، لە شیعر (وتن)یشا پەیڕەوی ئەم هاونیشتمانەی خۆی کردووە و لەسەر شوێنی ئەو ڕۆیشتووە. لەخوارەوە وێنەیەکی تریش لە شیعری دڵدار ئەخەینە بەرچاوتان:

دڵ بە دووی ئەفسانە کەوت و وای ئەزانی وا ئەبێ
ئیشی دونیا ڕەنجی پێ ناوێ بە خۆی کۆتا ئەبێ.

نـەی ئـەزانـی ئـەو بـە عـارەق داری هـیـوا ئـاو بـدا
گـەر بـەخـوێن پـەیـنـی بـدا ئـەوجـا سـەمـەر پـەیدا ئـەبێ
لـەفـزی نـابـێ، نـابـێ بـیـزانـی کـە لاوی کـوردی تـۆ
هـەر بە کۆشش دێتە بەر، باغی ئەمەل ئیحیا ئەبێ.
تـالـیـع و ئـیـقـبـاڵـە وەهـمـی پـای بـەنـدی بێ هـونـەر،
کاری چاکی ڕێ بخەی، عەزمت هەبێ خۆی چا ئەبێ
ئـەی بـرا! لادە لـە فـیـکـری کـۆن و زوو سا ڕاپـەڕە،
عـەزمـی مـەردانـەت بـبـێ هـەرچـیت نـیـازبـێ وا ئـەبێ
مـردنـە ژیـنـت بـە بـێ کـاری، لـە سستـی لا بـدە!
هـەر بـە ڕەنجی لاوی وەك تـۆ نـیشتـمـان ئـاوا ئـەبـێ.

ئەم شیعرانە کە باسی هەندێ دەردی کۆمەڵایەتی ونیشتمانیمان ئەکا و چارەسازی ئـەمـانـەمـان پـێشان ئـەدا، هـەر وەکو لـەلایـەن بیرەوە پـوختـە و بـە کـەڵکـە لـە نیـگـای ئەدەبیشەوە پەسەند و بەهادار و لە سەنعەتی شیعر کەموزۆر بەشدارە، لەلایەن وەزن و قـافـیـەیشەوە کـەموکورتـی نییـە و بـەڵکو ئـەتوانم بڵێم کـە قـافـیـەکـانـی زۆر جوان و شاعیرانەیە.

ئەوەندە هەیە قافیەی (وائەبێ) لە سەدری(١) بەیتی یەکەما هاتووە و لە عەجزی بەیتی پێنجەما دووبارە کراوەتەوە. لە دوو نیوە شیعرەکانی:

لەفزی نابێ، نابێ بیزانی کە لاوی کوردی تۆ، و کاری چاکی ڕێ بخەی، عەزمت هەبێ، خۆی چا ئەبێدا، (جیناسێکی تام)ی زۆر جوان و لە بەیتی دووەمی دوای مەتلەعەکەیشا (تەشبیه و ئیستعارە)یەکی شاعیرانە هەیە. و بەکورتی شیعرەکان هـەمـووی بـەهـێز (مـەتین) و ئـاهـەنگدارە. دڵدار لـە ڕێگـەی (شیـعری چیرۆکی)شەوە خزمەتی کومەڵایەتیی کردووە. شیعرکانی «قەل و ڕێوی» یەکێکە لەوانە:

ڕۆژێ لـــە ڕۆژانا قـــەلـێ
وەستا لەسەر کۆلکە چڵێ

سەلکێ پەنیری لە دەنووك
ویستی کە بیخوا لە هــەلێ

(١) سەدر بەنیوە شیعری یەکەمی (بەیت)، عەجز بە نیوە شیعری دووەمی ئەڵێن.

ڕێوی بـــەلایـــا تێ پـەڕی
چاوی بە قەل کەوت و مەڵێ(١)

ویستی بە فێڵێ لێی سەنێ
دەسی پێ کرد پیا هــەڵبڵێ(٢)

وتی ئـــەی بـــولبولی زەمـــان!
ئەی نەغمە خوانی سەر تەلێ

بیستوومە من ناوبانگی تۆ!
تـــــوخــوا گۆرانیم بۆ بڵێ!

قەل وەختێ زاری داپچڕان،
پەنیری کەوتە بن تـــــەلێ!

ڕێـــوی پـــەنیری قۆستەوە.
بەڵام لە پێش ئەوەی هەڵێ،

وتی: ئەوجـــا بەســـە نەفام!
گوێت لێ بێ ڕێوی بۆت بڵێ.

وەختێ شتێکت گرتە دەم
کەر مەبە گۆرانی مــەڵێ

ئەمەیش کەرانەبێ کەوا،
تەفرە دراوی تۆ چەلێ(٣)

مەوزووعی ئەم فیکرە لەزمانی بێگانەوە وەرگیراوە و (بێکەس)ی شاعیری ناوداری (سلێمانی)ش بە وێنەیەکی شیرین خستوویەتە سەر زمانی کوردی. وەرگێڕانەکەی دڵدار لە جوانییا لە هینەکەی بێکەس کەمتر نییە. دەسکارییەکی کەم کە تیا ئەبینرێ حوسنێکی تری داوە بە فیکرەکە، واتە هەر وەکو کچێکی دلبەری بێگانە، بەرگێکی نایابی کوردی لەبەر شیرینییەکەی فرێوێکی زیاتر پەیا ئەکا و زۆرتر ئەچێتە دڵی

(١) مەڵێ =مەڵێ =مەگەر =تومەز.
(٢) پیا هەڵبڵێ =بەسەریا هەڵدا =قوو.
(٣) چەلێ بەشێوەی ئاکۆیان بە (جار) ئەڵێن، چەلێ، واتە جارێك.

لاوێکی کوردەوە! ئەم فیکرەیش ـ بەلای منەوە ـ دوای ئەوە کە وەرگێڕڕاوەتە سەر زمانی کوردی جوانتر و شیرینتر بووە..

دڵدار، شیعری غەرامیشی وتووە. ئەمە یەکێکە لەو شیعرانەی:

ئەی بای شەماڵ!

ئەی بای شەماڵ! ئەی بای شەماڵ!
ئارامی گیان و دڵەی وەك زوخـــاڵ!

پۆستەی هەوایی! پەیکی موژدە بەر!
ئەگەر هاتو ڕێت کەوتە کۆی دڵبــەر

وەك عارەب دەخیل! کە چوویتە ئەولا،
مـــەوێستە تــــاکــو خیوەتی لـــەیلا!

مەوێستە تاکو لای شۆخێ کە وا،
تیری نیم نیگای لە دڵمـــا ڕووا !

پێی بڵێ گــیانە لــەم ڕێگــەوبـــــانــە
لـــەم چـەم و بێشە و هـــەردە و کێوانــە
(شێت)ێکی شەیدا و ڕووت و قووتم دی
فـــــرمێسکی ئاڵی وەك یـــاقـــووتم دی

ڕووی لە خوێن خاڵی وەك زەعفەرانە
چـــاوەکـــانی لێڵ، پڕ لە گــریـــانە

بڵێ هەیکەلی وەك ئێسقانیم دی،
قەدی چەماوی وەك کەوانیم دی

بڵێ خەیاڵی بەژن و بـــاڵاکـــــەت،
تیشکی ڕووناکی شەوقی لالاکەت،

نەرگسی شەهلای چاوی بەخومارت،
خەرمانەی زوڵفی لەسەر ڕوخسارت

فــــريشته ئاســـا ســـاتیّ هـــەزار جار
خۆی نيشان ئەدا خۆی ئەدا حەشار(١)

بلّیّ ئێستاكەش ئەو ماڵوێرانـــە،
ئەو كەژ مەسكەنەی وێڵی شارانە،
هـــەر بە ئومێدی جەژنی ویساڵە،
بژی پێت دەگــا هەروای خـەیاڵە!

جار جاريش لە دوای ناڵەی دڵی زار،
فرمێسك ئەڕژێنیّ وەك هەوری بەهار!

***

پۆستەی هەوايی پەيكی موژدەبـــەر!
هاتو ئەگەر ڕێت كەوتە كۆی دڵبەر؟

چەند شاعيرانەيە؟ و چەندە وەسفێكی شيرينە بۆ بای شەماڵ! ئەم بەيتەيش كە ئەڵیّ:

مەوێستە تاكو لای شۆخیّ كەوا،
تيری نيم نيگای لـــە دڵما ڕووا!

هەر بە شاعيرێكی سەنعەتكار و شارەزای ئەدەب بەهای بۆ دائەنریّ. لە (بەيت)ی:

جارجاريش لـــــەدوای ناڵەی دڵی زار،
فرمێسك ئەڕژێنیّ وەك هەوری بەهار!

دا (سەنعەتێكی مەقسوود) هەيە. واتە بە تايبەتی (ڕژاندنی فرمێسك)ی دوای (ناڵەی دڵی زار) خستووە تاوەكو دەسەڵاتی شاعير بەسەر مەغزای شيعرەكەيا وەكو (حوكمی تەبيعەت) بەسەر هەوری بەهارا (جاری) بیّ.

دڵدار بە تايبەتی لە پەند و مەوعيزەی ميلليدا دەستێكی درێژی هەيە و بە گەلیّ وتاری بەهادار و شيعری جوان ڕێگەی ژيان و سەركەوتنی پيشانی لاوانی دوارۆژ داوە. ئەم شيعرانەی خوارەوەی يەكێكە لەوانەوە بەلای ئێمەوە شاشيعرێكە كە لەم بابەتەوە وترابیّ:.

(١) خۆی ئەدا حەشار ـ خۆی ئەشارێتەوە.

## منداڵی هیوا

منداڵی هیوا، کــــوولەکــــەی دڵان.
تـازە خونچەکەی نێو بـاخی گوڵان!

هـەر چەندە سەیری نێوچاوت ئەکەم.
نـابینم گــــەردێ نە زۆر و نــــە کەم.

روونیی چیهری تۆ وەك ئاسمانی ساو،
وەختێ لێی دابێ پــرشنگی هـــەتــــاو.

تیشکی ئومێدی سەر دڵی تـاری،
لە ئـاسمـانی ڕووت ئەدا دیـاری،

ســــیوەیلی چـــاوی بــــریقە دارت
ڕووناکیی پاکی وێنەی ڕوخسارت.

خــــەندەی بێ فێڵی لێوە ئـــاڵـــەکەت،
نەشئەی دووچاوی مەست و کاڵەکەت.

بێ شك پێشەنگی موژدەی دڵشادین
یا نەغمە خوانی بـــاخی ئـــازادین!

ئومێدی دوارۆژ، ڕۆڵەی هیوا، تۆی!
خاوەنی فیکری بیکر و بـــاڵا تۆی!

هیوام بە تۆیە ئەی تازە منـاڵ
بەیانی ببیە نموونەی میسال!

ئەم قسانەی من کەوا بۆت ئەکەم
بزرنگێتەوە لــــە گوێتا هـــەردەم!

ڕاسـتگۆ بە دائیم قـەت درۆ نـــەکــــەی!
وەختت بەبێ سوود تۆ لە دەس نەدەی!

تیٚ کۆشە دائیم هەروەکو هەنگ بە!
لە مەیدانی ژین ئامادەی جەنگ بە!

ئەوا پێت ئەڵێم چاکی بزانە.
ژیانی مەردی باری گرانە!

نــەك وا بزانی وەك ژینی دوێنیٚ،
دەخۆی و دەنووی تۆ لەناو نوێنیٚ

ئەوە ژین نییە کـــە وەك ژن بژیت،
ئەبیٚ هەم ئازا و هەم مەزن بژیت!

ڕۆژیٚ کــــە هاتو، تۆ پیٚ گەیشتی،
چـــاوت کردەوە، لە ژین گەیشتی،

ئـــــەبینی ژیـــان کێـوێکی بـــەرزە.
ڕێگەی خوار و ژوور بەترس و لەرزە.

گشتی کەند و کۆسپ، دەوەنە، دارە.
پڕ لە دوڕندە و دووپشك و مــــارە

سەر ڕێگەت هەمووی دانەیە و داوە.
نــــادان و دانــــا لـــەوا دامــــاوە!

گیانەکەم ئەبیٚ تۆ لــەم ڕێگـــایە.
لەم دانە و داوەو، چەرخ و دەزگایە.

گەلیٚ ماندوو بی، عـــارەق بڕێژی
ئەم دەرد و ئێشە یەك یەك بچێژی

لە ڕێی سەرکەوتن ئەبیٚ پێش کەوی
هەتـــا بکەوی زیـــاتر ســـەرکەوی

نیشانی تیرەی خۆت بدەی ڕێگا
کە ڕیز ببەستن بڕۆن بە شوێنتا

تۆ ئەبێ چرای زانستی هەڵکەی
دەسم داوێنت ڕێگا ون نـــەکەی!

بیر و هۆشی خۆت بەکـار بهێنە
ئەم دانە و داوە یەك یەك بپسێنە

تـــاکـــو دەرکەوی لـــە هـــەموو دونیـــا
چەندیان کرد بمرێ کەچی کورد هەر ما؟

***

بەڕاستی پەندنامەیەکی بەرز و بە نرخە. شیعرەکانیشی هەر چەند سادەیە، بەڵام زادەی تەبیعەتێکی ئازاد و ڕەوانە و، ئەشێ کە بە (سەهلی مومتەنیع)ی دابنێین. خۆزگە هەموو لادێیەکی کورد لەسەر ئەم پێ و شوێنە ئەڕۆیشت ئەوساکە دەرئەکەوت کە ئەم قەومە چۆن دەست لە مل هیوا ئەکا و ئەگا بە ئامانجی پیرۆزی!...(١)

(١) باسی دڵدار لە هەنگامی ژیانی خۆیا کە هێشتا قوتابی (کلیەی حقوق) بوو نووسرابووەوە. بەڵام لە چاپدانی ئەم نامیلکەیە ـ داخی گرانم ـ کەوتە دوای مردنی.

# ڕەمزی

مەلا مارف



محەمەد ڕەمزی کوڕی مەلا مارف ئەفەندی (قازی)، کوڕی سەید ڕەسووڵە، کە لە نەوەی (پیرخدر)ی شاهۆییە. لە دایکیشەوە کچەزای موفتی مەلا ئەمینی نەوەی (موفتی چاومار)ی بەناوبانگە.

لە ساڵی ١٩٠٢ی میلادی لە شاری سلێمانی هاتووەتە دونیا. لە تەمەنی ٦ ساڵیدا خراوەتە بەر خوێندن و لەلای خوا لێخۆشبوو، مامۆستا مەلا سەعیدی (زەلزەلە)یی قورئانی تەواو کردووە. دوای ئەمە لەسەر دەستووری ئەو ڕۆژە، کتێبە فارسییەکانی وەکو (سمایل نامە) و (گوڵستان)، و (بوستان)ی (سەعدی) و دیوانەکەی (خواجە حافز)ی شیرازی خوێندووە. بەینێك چووەتە قوتابخانەی عەسکەریی سلێمانی کە پێیان ئەوت (روشدیە)، بەڵام لەوێوە گوێزاویەتەوە مەکتەبی (ئەعدادی مولکیە) و تا پۆلی چوارەمی تەواو کردووە، لەم مەکتەبەدا ماوەتەوە ئینجا ئەمیشی بەجێ هێشتووە و گوێزاویەتەوە، مەدرەسە ئەهلییەکان وە لەلای مەلایان خەریکی خوێندنی علوومی دین بووە. جگە لە کوردی کە زمانی خۆیەتی، تورکی و عەرەبیشی ئەزانی و، لە زمانی فارسییا شارەزایە. بە تورکی و فارسی و، بە تایبەتی بە فارسی گەلێ شیعریشی داناوە.

لە ١٩٢٧ی میلادی بووە بە مەئمووری حکوومەت. لە ١٩٤٠دا لە هەولێر مودیری مال بووە. لە ١٩٤٥دا لە سلێمانی پشکنینی ئیرادی حکوومەتی (مدققی واردات)ی پێ سپێردراوە(١) ئیتر وەختی دوای ئیش و کاری ڕەسمیی خۆی، جارێ لە مەجلسی موفتی

(١) لە کاتی نووسینەوەی ئەم نامیلکەیەدا ڕەمزی لە مودیری ئاو و کارەبا گوێزراوەتەوە بۆ مولاحیزی وارداتی بەلەدیە.

خوا لێخۆشبوو (بێخود)ی شاعیری بەناوبانگ و هەندێ جار لە مەجلسی (پیرەمێرد)ی ئوستازی شیعر و ئەدەبا ڕابواردووە و لە ئەنفاسی پڕ فەیز و هاونشینیی ئەم دوو شاعیرە گەلێ بەهرەمەند بووە.

کە لە هەولێر ئەبێ لە سوحبەت سەید محەمەدی نەقیب و یەحیا بەگی عەبدوڵا موخلیس بەگا جارێ ئەچێ بۆ ڕاوەکەو وە بە هۆی ئەم گەشتانەوە چەشگەی شیعریشی ئەبزوێ و، بە فارسی شیعر دائەنێ.

پیرەمێرد کە سەرەکی بەڕاستی دەستەی هەموو شاعیرانی ئەو ناوچەیە بوو، ڕەمزی بە تایبەتی خستبووە ژێر کەمەندی خۆیەوە و گیرۆدەی عەشقی شیعر وتنەوەی کردبوو. لە (بێخود)ی خاڵیشییەوە بەهرەی شاعیریی بەرکەوتووە ئیتر ئەمە بەس بوو بۆ ئەوەی (ڕەمزی) ببێ بە شاعیر!

## وێنەی شیعری ڕەمزی و ئوسلووبی

ڕەمزی لەسەر سنووری بوێژەکانی دەوری کۆن و تازەدایە. ناتوانین بڵێین کە بە تەواوی شاعیرێکی تەقلیدییە و هەر پەیڕەوی بوێژە کۆنەکانی کردووە. بە هەموو مانای وشە، بە شاعیرێکی عەسری و تازەش ناژمێررێت. بەڵام بە ئەسپایی و لەسەرخۆ، لە هەر دوو نەتەوەکانی وەرگرتووە و لە چەشکەی هەردوولادا بەشدارە. گاهێ مەوزووعێکی کۆنی وەکو ستایش و یا شین (مەرسیە)ی لە قاڵبێکی تازەدا، گاهێکیش مەوزووعێکی تازەی وەکو شیعرێکی نیشتمانی و، یا کۆمەڵایەتی و یا وەسفی (تەبیعەت)ی لە قالبێکی کۆنا کردووە بە شیعر. ئەوەندەی لە مەوزووعە تازەکانا بەرەو دوا ڕۆیشتووە، لە کۆنەکانیشا ئینکار ناکرێ ئەوەندە ڕوو لە پێشەوە بووە. واتە نە پشتی کردووەتە تازەوە نە ڕووی لە کۆن وەرگێڕاوە. لەگەڵ ئەمەیشا ئەبێ بە تازە پەرست، واتە بە (متجدد) بدرێتە قەڵەم!

چونکە ئەو چەمەرەی کە ڕەمزیی دەورە داوە، هاونشینیی پیرێکی هۆشمەند و تازە کوورەی وەکو (پیرەمێرد) نەکەوتایە فریای لەوانە بوو بیکا بە وێنەیەکی تەواوی شاعیرێکی لاساییکەرەوە. بەڵام جێی شك نییە کە شاعیرێك هەروەکو لەژێر بەندی کۆنەپەرستی، بە ئاسانی ڕزگاری نابێ، بە پێی قانوونی گۆڕان (تطور) بەرەو تازە پێش ئەچێ وەیا ڕائەکێشرێ. ئینجا لەبەر ئەوە کە کۆن لە تازە دامەزراوترە و،

هۆگرمان پێوە گرتووە، بزواندنی کۆنە پەرستێك وە خستنی بۆ سەر ڕێگەیەکی تازە، پێویستە بە هێزێکی گەورە کە سەرەوژێر کردنی لە بارا بێ، بزووتنەوە خەلق بکا واتە ئەبێ هێزێکی ئینقلابگێڕ بێ، بەڵام ئەگەر (فەرد)، گۆڕانی خۆبەخۆی لە بارا بێ چاوەڕوانی ئەم ئینقلابە گشتییە ناکا، زوو دەس لە کۆنەپەرستی هەڵئەگرێ و لەگەڵ کاروانی یەکەما ئەکەوێتە ڕێ و چەندی لە بارا بێ ئەوەندە ڕێ ئەبڕێ و پێش ئەکەوێ. ڕەمزی یەکێکە لەم جۆرە شاعیرانە و دەستی کردووە بە جووڵانەوە و، تا ماوەیەك لە شەقامی تازەدا بەرەو پێشەوە چووە.

شیعریشی وەنەبێ زۆر بێ، وە ئەو شیعرانەی کە هەیەتی هەموویان بە (بۆنە)یەکەوە وتراوە، وەیا زادەی (ڕێکەوت)ە واتە شیعر وتنی بۆ خۆی نەکردووە بە پیشە. لەبەر ئەمە ئەگەر شیعرەکانی بەهێز و بەپێز و، گەواهێکی بێگەردی هونەرمەندی و، دەسەڵاتی شاعیریی نەبونایە، لێرەدا ڕەمزیمان لە ڕیزی شاعیران نەئەژمارد.

یەکێك لە ڕەوشتە باشەکانی (ڕەمزی)، (وەفاداری)یەتی کە ئەمیش گەواهێکە بۆ کۆنەپەرستی، چونکە بەینێکە ئەڵێن (وەفا) مەتاعێکی کۆنە وە ئیمڕۆ ڕۆژی لە سوود گەڕان و (مادە)یە. ئینجا تا چ ماوەیەك ئەمە ڕاستە نازانین؟ بەڵام لە مەقامی گاڵتەوە یا ڕەخنە و توانجیشا بێ بڵاوبوونەوەی واتەیەکی وا، دیارە کە نیشانەی کەمبوونەوەی وەفادارانە و، گەواهێکە بۆ نەمانی ڕەوشت و خووی باش. بەم حیسابە ئێمەش (وەفا)مان بە گەواهی کۆنەپەرستی ژمارد ئەمە، هاواری کاك (ڕەمزی)یە لە دەس بێ وەفایی:

ئیمڕۆ زەمانی بێ ئەدەبی و بێ وەفاییە،
ڕۆژی خراپە کردنە، عـــەسری ریـــاییە

باوی نەماوە باسی وەفا قەت مەکە دەخیل
لەم عەسرەدا کە چونکە وەفا، بێ وەفاییە

هەر ئەو کەسەی کەماڵ و سەری بۆ فیدا ئەکەی
بۆ مەحــــوی خۆت و مـــاڵ و مناڵت فیداییە

عالیم ئەوەندە سووکە لە بێ قەدرییا ئەڵێی
عالەم هەموو لە زیو و زەڕن ئەو قـــەڵاییە

وا تێ ئەگەن ئەوانە کە سەرخۆشی دەوڵەتن

ئەم نەشئە کەم دەمە تا، بێ، لـــە زیایییە(١)

ڕەمزی کە ئەختیاری تەریکی ئەکا لە خەلق

فیکری لە قەید و بەندی ئەسارەت ڕەهـاییە

وتبوومان کە ڕەمزی گاهـێ لـە قـالبێکی تـازەدا مـەوزووعێکی کۆن وە گاهێ لـە قـاڵبێکی کۆنا مەوزووعێکی تازە ئەهونێتەوە و ئەیکا بە شیعر. ئەم شیعرانەی خوارەوەی لەسەر ئوسلووبی (قەسیدە)، مەوزووعێکە ئەشێ بە تازەیش بژمێررێت.

### سەرزەنش

خەڵقی گەیشتە مەنزڵ و گشت ئێستا سەربەخۆن

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

ئەسبابی یەك نەکەوتنە پێش ناکەون لە کەس

باعیس بەڕێ نەکەوتنە دوا کەوتو، ڕەنجەڕۆن

کوردینە ئەم نیفاقە لە بەینا هەتاکـو کـەی؟

هەروا دەوام ئەکات و، لەگەڵ یەکتری دەهۆن؟

تاکەی ئەوەندە مائیلی چەوتی و خراپە بوون؟

تـــاکەی ئەوەندە تالبی نـاڕاستی و درۆن؟

تاکەی وەکو گەزندە قول و قاچی یەك گەزین؟

تاکەی وەکو دڕندە دڵ و جەرگی یەك ئەخۆن؟

تاکەی لە بەحری وشکی هەوادا پەلەی مەلە؟

تاکەی بە دەشتی ئارەزووا بێ دەلیل ئەڕۆن؟

تاکەی خەریکی کوشتن و فەوتـانی یەکترین؟

تاکەی بە واتەیەکی درۆی غەیرە دەستخەرۆن؟

---

(١) ڕەمزی خۆی ئەڵێ: ئەم نەشئە کەم دەوامە هەتا بێ زیاییە.

خەلقی بە زۆری باسکی فەن گەییيە ئاسمان!

ئێوەش خەریکی بەزمی هلاکین و هەڵمە قۆن!

گاهێ لە ڕووی جەهالەتەوە ئەبنە ئەجنەبی،

ساتێ لە ڕووی نەزانییەوە ئەبنە فەرمەسۆن!

وا تێ ئەگەن لە هیچە، بە (تڕ) ئەبنە فەیلەسووف

یاخو بە (شەپقە) کردنە ســەر ئەبنە (ئەدیسۆن)

بۆ غەیرە بەستنی کەمەری نۆکەریت لــە چـــی!

بۆ پیاوی دەوڵەمەند چییە وا هێندە سەرقرۆن؟

بۆ فتنەیی و خـــراپە نەبێ، ئیجتیماعی چی؟

بۆ باسی یەکتری نەبێ کەی فێری گفتوگۆن؟

هەر غەیبەتی ئەم و ئەوە هەر مـــەجلیسێ ئەچی

هەر کردنی (شەن) و (کەوە) هەر کۆمەڵێ کە کۆن

ڕێوی و (مەڕ)ن لــەبــەر دەمــی بێگانەدا کـــەچی

وەك گورگی هار و (شێر)ی دڕی بەینی خۆ بە خۆن!

(پۆڕ)ی خوراو و (کۆتر)ی بـــەر چنگی ئـــەجنەبین

هەر چەند لە جینسی (باز) بە هەڵمەت وەکو هەڵۆن!

***

ئەم چەشنە سکاڵایە کە ستەمێکی گەورە و (تانووت)ێکی ئێجگار گرانی تیایە وە نابێ بدرێ بە ڕووی قەومێکا، بەڵام داخەکەم وا دیارە ڕەمزی هەندێ هۆی بەدەستەوە بووە کە زیفی لێ سەندووە و بەم مانا گشتییە پلاری گرتووەتە قەومەکەی خۆی. لەگەڵ ئەمەشا، شکی تیا نییە کە پلار و توانج و تانووت، هۆی ڕاستکردنەوە نییە بۆ لاری و چەوتیی قەومێك. چونکە تەنیا ئەوە بەس نییە کە گلەیی لە قەوم بکەین و یا تێی بگەینین کە ئەو ڕێگایەی لەسەری ئەڕوا ڕێیەکی چەوتە ڕێی پێشکەوتن نییە. بەڵکو ئەبێ بیخەینە سەر ڕێگەی ڕاست، و ئەو ڕێگە ڕاستەشی بۆ ڕوون بکەینەوە و لە پێشەوە بڕۆین تا وەکو مان نەگرێ و لەدوامانەوە بڕوا.

کاك ڕەمزی لە شیعری نیشتمانیدا بە سەلیقەی کۆن چووە بە ڕێوە و لەسەر شێوەی کۆن، بە قەسیدە هەستی خۆی بۆ دەرخستووین. واتە، نەیتوانیوە و یا نەیویستووە پەیڕەوی بوێژە تازەکان بکا. مەسەلا مەتلەعی قەسیدەیەکی کە لەژێر ناوی «وەتەن»دا بڵاوی کردووەتەوە ئەمەیە:

ئەی وەتەن! توخوا لەبەر چی هێندە دڵ غەمگینی تۆ؟

بۆچـــی دایم وا مـــەلـــوول و دیدە پڕ ئەســـرینی تـۆ؟

ئینجا ئێمە لەبەر ئەوەی کە ئەمانەوێ لە شیعری «نیشتمانی»دا ئەم چەشنە شێوەیە بگۆڕین و بەهیوای ئەوەین کە «بوێژ»ەکانی کورد لەم چەرخی بیستەمی شارستانییەتییەدا بە شێوەیەکی وا سارد و بەسەرچوو لە نیشتمان نەدوێن، وازمان لە نووسینی ئەو دوای قەسیدەکە هێنا، چونکە شیعری نیشتمانی، ئیمڕۆ ئوسلووبی تایبەتی خۆی هەیە. نیشتمان ئەو خاکە پیرۆزەیە کە تیا ئەژین. ئەو تاڤگە و کانی و کارێز و سەرچاوانەیە کە بەم خاکە شیرینەدا ئەڕوا و ئەیخۆێنەوە ئەو نەسیم و هەوای ژیان بەخشەیە کە بێ ترس و لەرز بە ئازادی هەڵی ئەمژین، چیا بەرزە بە ئاسمانا چووەکانە کە لەلایەکەوە بە بەفری زیوینی تەوقەسەرەکانیان و گوڵ و نەسرینی قەدپاڵ و داوێنە سەوزەکانیانا وڵاتەکەیان ڕازاندووینەوە، لەلایەکیشەوە وەکو قەڵغانێکی پۆڵا وە حەسارێکی ئاسنین ڕێیان لە دوژمن و بێگانە گرتووە و لە پەلاماردانی ناکاو ئەمانپارێزن. نیشتمان ئەو ماڵات و پیت و بەرەکەتەیە کە لە سەر و ژێری ئەم خاکەدایە و یا هەڵئەقوڵێ کە مایەی ژینی سەربەستی قەومەکەمانە و شانازیی پێوە ئەکەین! نیشتمان ئەو کێل و تەڵەبەردە شکست و شکاوانەیە کە ئێسقانی کەسوکارە خۆشەویستەکان و مردووە نازدارەکانیان لە باوەش گرتووین و، لە شەوانی دووورودرێژ و سارد و تاریکی زستانا پاسەوانییان ئەکەن. نیشتمان، وڵاتەکەمانە کە تیا هاتووینە دونیاوە، لەوێدا بە ئازادی و سەر بەرزی و بە ئاغایی ئەژین و تیا ئەشارێینەوە.

بەڵام ئەوخاکەی دامان ئەپۆشێ، لەژێر پێی بێگانەکانا ناشێلرێ، بەڵکو بە فرمێسکی گەرمی هاونیشتمانە وەفادارەکان و کەسوکارە خۆشەویستەکانمان ئاو ئەدرێ. بەڵێ نیشتمان ئەمانەیە! نەك ژنێکی کەساس و کڵۆڵ، کە مات و مەلوول و دەستەژنۆ دانیشتبێ و، فرمێسك بە چاوەکانیا بێتە خوارەوە.

نابێ نیشتمان بکرێ بە ژن و شیعر بەسەر ئەگریجەی خاو و پەرچەمی لوولیا هەڵدرێ. ئەم چەشنە شیعرانە ئیتر باویان نەماوە و نابێ ئێمە بگەڕێینەوە سەری و بیکەینەوە بە باو!.. بەڵکو ئەبێ ئیتر ئوسلووبێکی تازەی بۆ دابنێین و بە شێوەیەکی وا لە نیشتمان بدوێین کە لەگەڵ پێویستیی ئەم چەرخە ڕێ کەوێ، و شانبەشانی شارستانییەتی بڕوا! دیمەنی چیا بەفراوییەکان و سێبەری درەختە بەرزەکان، جریوەی مەل، هاژەی ئاو و خوڕەی تاڤگە و قەڵبەزەکانی تیا دەرکەوێ. ئەبێ شیعری نیشتمانی بناغەی نیشتمان بەهێز بکا. گرمەی دەزگاو کارخانەکانی نیشتمان، شەقەی چەکی دەنگی تیا بداتەوە حیلەی وڵاخ و نرکەی ئەسپ سوارانی کوردی تیا بەرز بێتەوە، شیعری نیشتمانی ئەوەیە کە زانستی و خوێندەوار تیا هانبدرێ. سروشتی پاکی تیا بڵاوبکرێتەوە. چارەسازی نەخۆشی و نەزانی و نەبوونی میللەتی تیا بکرێ. لەڕێی شیعری نیشتمانییەوە ئەبێ قەوم پێ بگەیێنرێ، قەومێکی وا کە زیندوو بێ هەست بەخۆی بکا، لەژێر زەبر و زەنگی زۆردارا نەتلێتەوە، کۆت و پێوەندی بێگانە لەدەست و پێی لاوەکانیا نەبێ وە بەزنجیری دیلی ئەستۆیان نەچەمابێتەوە.

بەکورتی لە وشەی نیشتمان ئەبێ ئەمانەمان بێتەوە بە بیرا، خوێنمان ببزوێ و، بێتە جۆش، هەتاوەکو بۆ پێشکەوتن بجووڵێینەوە وە بۆ سەرکەوتن ڕاست بینەوە، واتە ئەبێ وشەی «نیشتمان» هانمان بدا بۆ خۆبەختکردن لەڕێی ئەو بەختیارییە، کە تەنیا لە نیشتمانێکی سەربەخۆ، چنگ ئەکەوێ، چونکە ئەبێ بزانین، کە پارێزگاریی نیشتمان پارێزگاریی شەرەفی گشتییە لە پەنجەی پیس و چڵکنی بێگانە. ئەو شەرەفە کە بێ ئازادی و، سەربەخۆیی هەستی پێ ناکرێ، چونکە شەرەف لە کۆت لە ملەکان، و لە دیلەکان ناوەشێتەوە!

ئەم قەسیدە جوانەی خوارەوەش سکاڵا و شەکوایەکی حاڵی (ڕەمزی)یە، کە بۆ دۆستێکی بەڕێز و دڵسۆزی خۆی ناردووە. وەکو دەردەکەوێ، مەبەستی تەنیا ئەوە بووە، کە ڕاستی و فەرمان (وظیفە) پەروەری، وە دەست و زمان پاکی خۆی بیر بخاتەوە و لە برا دڵسۆزەکەی بگەیێنێ، کە لەگەڵ ئەمەشا بە دەست جەور و ستەمی زەمانەوە ئەتلێتەوە و، لە بیر چووەتەوە لە چاکە و زمان پاکی سوودێکی وەرنەگرتووە، وەفا و ڕاستی بە ئامانجی خۆی نەگەیاندووە، بێ ماڵ و بێ پووڵ، وەبێ دەس و بێ یار ماوەتەوە لە کاتی لێقەومان و تەنگانەدا، کەس نەبووە دەستی یارمەتیی بۆ درێژ بکا، وە سەرباری ئەمە، لە لۆمەی ناحەزان و فیتنەی بەدخوایان ڕزگاریشی نەبووە.

ئەمە قەسیدەکەیەتی:

دەمـێکـە پـەرتـە خـەیـاڵـم، بـڵاوە ئـەفـکـارم
دەمـێکـە لاڵـە زمـانـی دڵـی پـڕ ئـازارم
دەمـێکـە بـاعـیسی پـەسـتـیـمـە عـزەتـی نـەفسم
دەمـێکـە مـانـیـعـی بـەرزیمە بـەخـتـی بـەدکـارم
دەمـێکـە شەوقـی لـە ئـاسۆ نـەداوە ڕۆژی ئـومـێد
دەمـێکـە سوبـحـی مـەرامـی نـەدیـوە شەوگـارم
بـە دەوری نـوقـتـەیـی نـاوەنـدی دائـیـرەی غـەمـدا
لـەسەر سەحـیـفـەی ئـەم دەورە چـەشنـی پـەرگـارم
بـەشەو سـتـارە ژمـێری ئـەکـەم هـەتـاوەکـو ڕۆژ
بـەڕۆژ هـەتـاوەکـو شەو، پـاسەوانـی بـازاڕم
بـە دەرد و داخـەوە، گـەتـل ئـەخـۆم و بـێ هـۆشم
بـە ئـۆف و ئـاخـەوە، گـەهـ خـول ئـەخۆم و هـۆشیـارم
بـە تـیـغـی جـەور و جـەفـا، سینـە ئـەنجن ئـەنجن خـۆم
بـە تـیـری دەرد و بـەڵا، جـەرگ و دڵ بـریـنـدارم
مـنـی فـەلـەك زەدەو و بـێ نـەوا ئـەبـێ چـی بکـەم
لـەگـەڵ زەمـانـەیـی بـەدکـار و بـەخـتـی لاسارم
نە خاوەنی(مەڕ) و (ماڵات) و (جووت) و ئەملاکم
نە ساحبی (ڕەوگ) و (ڕان) و (دێ) و (زەوی) و (زارم)
نـەشێخـی دەسبـڕی، ئـایـنـی دیـن بـە دونـیـاوە
نـە (پـیـر) و (مـورشد)ی بـێ چـاو و ڕووی ریـاکـارم
نـە خـاوەنـی کـەسوکـارێکـی دەوڵـەمـەندی بە چنگ،
نـە ساحـیـبـی کـوڕ و کـاڵـێکـی زۆر و دەسدارم
نـەشارەزا بـە [وڵات]و نـە هـەمـدەمـی سوفـەرا
نـەیـاوەری وزەراو و ئـەمـیـر و خـونـکـارم!

نــە کــاتــبــێکــی دەنــی، خــودپــەســەنــدی نــەفــام
نــە شاعــیــرێکــی هــەوا بــەرزی هــەرزە گــوفــتــارم
نــە لــەو مــوەزەفــە بــێ شەرمــەکــانــی بــەد ئــەخــلاق
نــە لــەو مــودەقــیــقــە بــەدنــاوەکــانــی بــێ عــارم
مــن ئــەو کــەسەم کــە لــە فــەزڵــی خــواوە تــا ئــێستــا،
(بــەدی)م نــەکــردووە دەرحــەق بــە یــار و ئــەغــیــارم
مــن ئــەو وەزیــفــە پــەرستــەم کــە بــیست و سێ ساڵــە،
لــەسەر وەزیــفــەم و نــەکــراوە (زەجــر)و ئــیــنــزارم!
دەمــێکــە چــونــکــە بــە مــیــزانــی ئــیــحــتــرام و وقــار،
مــوجــەوهــەراتــی سەداقــەت فــرۆش و کــڕیــارم.
دەمــێکــە چــونــکــە لــە بــازاڕی عــیــفــفــەت و ئــەدەبــا،
بــە نــەقــدی کــردەوە، سەرمــایــەدار و تــوجــارم!
گــوڵــی شکــۆفــەیــی بــاخــی کــەسێکــی پــاك نــەژاد،
نــەمــامــی گــوڵشەنــی زاتــێکــی ڕاست ڕەفــتــارم
لــەگــەڵ ئــەمــیشە ئــەزانم کــە (ڕەمــزی) مــن هــەرگــیــز
لــە (لــەوم)ی نــاحــەزی پــەتــیــارە نــەبــووە ڕزگــارم(١)

خوا هەڵناگرێ کاك (ڕەمزی) لەم شیعرانەدا بە تەواوی تەبعی بڵندی شاعیریی خۆی دەرخستووە، وە شیعرەکانی سوارە و بەزەمزەمەیە. لەلایەنی مانا و مەغزا و وەزن و قافیەشەوە، ئەم قەسیدەیە بە هەموو مانای وشەوە لە ڕێزی شیعری بەلیغا ئەژمێررێ، بەیتەکانی یەك لەویتریان ڕەوانتر و بەهێزترە. تا بەیتی یازدەم (ڕەمزی) لە قورت و تەنگوچەڵەمەی زەمانە ئەدوێ، وە شەکوای حاڵ ئەکا، وەنەرم نەرم ئەسپی شیعر لێ ئەخوڕێ، بەڵام لە بەیتی دوانزەهەمەوە لەپڕ جڵەوی ئەسپی تووند ئەکاتەوە، وە سەرەوژوورە تاوی ئەدا. لێرە بەولاوە نەغمەی شیعرەکانی ئەگۆڕێ و قەسیدەکە ئەبێ بە (فخرية). ئینکاریش ناکرێ (فخرية)کەی لەوانەیە کە شانازی و فەخری پێوە بکا...

(١) ئەبووایە بڵێ: نەبووە ڕزگاریم. بەڵام لەسەر ئوسوولی عەرەبی لابردنی پیتی(ی)ی ڕزگاریم وە گۆڕینی بە ڕزگارم بەهۆی (قافیە)وە ڕەخنە هەڵناگرێ، وە ئەمە لە عیلمی عەرووزا (عروض) لە چەشنی زەروورەتی مەقبووڵ (ضرور مقبولة)یە.

# زێوەر

## مەلا عەبدوڵا



مامۆستا (زێوەر) یەکێکە لە سەرئامەدانی بوێژەکانی کوردستانی عێراق. ناوی مەلا عەبدوڵایە. بەڵام هەر بە زێوەر ناسراوە. خەڵکی سلێمانییە لە ساڵی ١٢٩٠ی هجری لەدایك بووە وە لە سلێمانی خوێندوویەتی.

لە ١٣١٧ی هجری گەشتێکی ئەستەموڵی کردووە. لە ساڵی ١٩٢٤ی رۆمی کراوە بە مامۆستای زمانی تورکی لە (روشدیەی عەسکریە)ی سولەیمانی کە لەشەڕی گەورەدا ناوی نرا (تەشویقیە). لە دوای ئەم دوو قوتابخانەیە کرا بە مامۆستای قوتابخانەی (ئەعدادی مولکی). لە زەمانی حکوومەتی عێراقیشا بەینێك موعەلیم بوو. شارەزای زمانەکانی تورکی و فارسییە. لە زمانی عەرەبیشا مەلایەکی تەواوە. لە کوردییا کە زمانی خۆیەتی، یەکێکە لە مامۆستایانی (شیعر و ئەدەب). شیعری زۆری بوێژە تازەکانی سولەیمانی ڕەنگە لە (بودەقە)ی ئەدەبی مامۆستا زێوەرەوە تێپەڕ بووبێ و قاڵ کرابێتەوە. بە تورکی و فارسییش شیعری وتووە. لە هەموو سەرێکەوە بەڕاستی ئەدیبە. قوتابییانی مەکتەبەکان لە هەموو دەورێکی مامۆستایی ئەم ئوستادە بەڕێزە، لە فەزل و ئەدەبی ئەو بەهرەیان وەرگرتوە. هەتا بڵێی (سوحبەت) خۆش و نوکتە پەردازە. هەر وەکو مەلایەکی خاوەن فەزیلەتە، ئوستادێکی وشیار و بوێژێکی عەسریشە. لە هەموو بابەتێك شیعری داناوە. و بەشی زۆری شیعرەکانی ڕەوان و پوختەیە. لەبەرئەوەی کە بەینێك پەیڕەوی شاعیرە کۆنەکانی کردووە شیعری وای هەیە کە زۆر نەچەسپێتە دڵەوە و، لەوانەیە کە بۆ پڕکردنەوەی بەحرەکان دای نابێ، بەڵام لەگەڵ ئەمەیشا شیعری بێ فەڕی داناوە. گۆرانی نیشتمانی مامۆستا (زێوەر)، گەلێ دەنگخۆشی سولەیمانی خستووەتە زەمزەمە. لە ڕێگەی شیعر و ئەدەبەوە

خزمەتی میللی و نیشتمانیی زۆرە. جگە لەمانەیش بە چەند نامیلکەیەکی دینی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی لەناو قەومی کوردا وە بە تایبەتی لەناو قوتابییانی خۆی و لەناو لاوەکانا، ژینی دوای مردنییشی بۆ خۆی ساز کردووە. سیفەتێکی هەرە بەرز و گەورەی مامۆستا زیوەریش دەروێش مەشرەبی و پاکی و بەرزی نەفسیەتی. هەر چەندە ئیمڕۆ (موتەقاعید) و دانیشتووی ماڵی خۆیەتی، بەڵام لەلای قوتابییان و شارەزایانی زانایی و ئەدەبی خۆیا جێگەیەکی بڵند و تایبەتی هەیە:

ئەمە وێنەی شیعرێکی عالیمانەی مامۆستا زێوەرە:

زستـــان وجـــوودی ساغـــە، دەمـــاری بـــە قـــووەتـــە،
ئـــیـــمـــڕۆ کـــە (٢٥)ی شوبـــاتـــە، شەیـــابـــیـــیـــە!
ئـــەم هـــاژە هـــاژ و بـــارشە عـــوود و روبـــابـــیـــە،
دەرحـــەق فـــەقـــیـــر و کـــوێر و هـــەتـــیـــو بـــێ مـرووەتـە!

***

دونیا بووە بە (بەحری سپی) شاخ و شیو و دەشت
نـــاو دێ جـــەزیـرەیـێکی ڕەشە چـەشنـی (مـاڵـتـە)یـە!
ئـەم بـەفـرە، بـەفـری ڕاستـە نـەوەك بـەفری گاڵـتـەیـە.
ڕێگـــای بـــڕاوە (ران)، کـــە لـــەوێوە بـــچـــێتـــە گـــەشت

***

گـــەردن کـــەچـــی سوپـــاهـــی زمستـــانـــە شاخ و دار
سەر شۆڕی بـــێ تـــەراوەت و بـــێ مـــەنـــزەرەی جـوان
بـــێ سەوزەزاری ڕێگـــەیـــی ئـــاوی سپـــی و ڕەوان
بێ قاسپە قاسپی (کەبك) و بەبێ نەغمەیی هوزار!

***

هـــەستـــام بـــە لـــەرزە لـــەرزەوە تـــا ئـــاستـــانـــی شا
زستـــان کـــە شاهـــی لـــەشکـــرە بـــەشکـــو بـکـــا دەوا
عـــالـــەم لـــە زوڵـــمـــی لـەشکری ئـەو کـەوتـە حـەلـوەلا،
پێم گوت دەخیلی تۆم بە دڵ ئەی شاهی (مەهـ) کولا!

***

ترست ببێ لە خالیقی دونیا و شای بەهار،
سوڵتانی عەدڵ پەروەر شاهی کەرەم نما،
دێنیتە پێشەوە کە ئەکەن دەفعی سەد جەفا،
شمشێر بە دەست و نێزە بەکەف سەد هەزار هەزار!

***

ئەمجا بە پێکەنینەوە زستان وتی: مەلا!
تۆ غافڵی لە حاڵی من و وەسفی کائینات.
(بەحری سپی) بوخاری ئەنێرێتە سەر وڵات،
عیلمت نییە بە حاڵەتی (ئەرز) و کورەی سەما.

***

هەستام کە بچمە خزمەتی (بەحری سپی) وتی:
دانیشە لێرە ئەم سەفەرەت هەر نەدامەتە!
ئەم وەزع و حاڵە موددەتی تاکو قیامەتە.
بۆچی ئەکەویە رێگە وەکو شێتی سەر پەتی؟

***

بەحریش ئەڵێ لە رۆژەوە پەیدا ئەبێ بوخار
رۆژیش (وەرام)ی وایە موئەسیرەکە خالیقە.
تەقسیمی، رزقی عالەم ئەکا چونکە رازقە.
خالی نییە لە حیکمەتی، زستانە یا بەهار؟

***

ئیمرۆ کە بەفر و تەرزە ئەتۆی خستە زەمهەریر،
هاوین کە هاتە پێشەوە بەفراو ئەخاتە دەشت،
ئەو دەشتە وشك و گەرمە ئەبێتە سەرای بەهەشت
(قاروون) و (دیجلە) بێنە وجوود بۆ غەنی و فەقیر؟

***

ئەمجارە شیعری جوانی (خەیام) هاتەوە خەیاڵ،
ئەیخوێنمەوە هەمیشە وەکو زیکری ئەهلی حاڵ،
«سبحان من تحیر في صنعه العقول»
«سبحان من بقدرته یعجز الفحول!»

***

لەم شیعرە پڕ مانا و جوانانەدا، مامۆستا (زێوەر) دەرسێکی ڕاست و تەواوی (عیلمی تەبیعەت) ئەدا بە قوتابییانی شیعر و ئەدەب، و تێمان ئەگەیێنێ کە شیعر، هەر ئەوە نییە کە ببێتە هۆی گریان و فرمێسك ڕشتن لە ئاقار چاوی مەست و بە خومار و پەرچەمی خاوی دولبەرا !...

مامۆستا زێوەر جێی ئینکار نییە کە مامۆستایەکی بەڕێزی نەسلی ئیمڕۆ بوو. ناو و شۆرەتی ئەدەبی نزیکەی پەنجا ساڵ لە ئاسۆی کوردستانی عێراقا بەسەر زمانەوە بوو. وەختێ کە دەستم دایە نووسینەوەی بەرگی یەکەمی ئەم نامیلکەیە ئەو هێشتا لە دونیای فانی کۆچی نەکردبوو. هەرچەندە لە کاتی ژیانی ئەوا بەشی دووەمی نامیلکەکەیشم نووسیبووەوە، مامۆستا بە پێی ڕیزی پیتەکانی (ئەبجەدی) کەوتبووە بەر بەشی دووەم، بەڵام داخم ناچێ کە لە چاپدانی کەوتە دوای بە ڕەحمەت چوونی ئەو. لەبەر ئەمەیە کە لە هەندێ جێگەدا وەکو زیندوویێ لە مامۆستا دواوین.

نووسەر، لە ڕوشدیەی عەسکەری و لە ئەعدادی موڵکی قوتابی ئەم مامۆستا بەنرخە بووم. زۆرم خۆش ئەویست و بە چاوێکی ئێجگار بەرزەوە تەماشام ئەکرد، لە ساڵی ۱۹٤۲دا موفەتیش مەعاریف بووم. بۆ پشکنینی قوتابخانەکانی لیوای سولەیمانی لەو ناوە بووم. چوومە (بەرزنجە)یش. نەمدەزانی کە مامۆستا زێوەر لەوێ موعەلیمە، مامۆستاکان و مودیری مەکتەب، بە پێی عادەتی دەرەوە، تا قەراغ (دێ)ی بەرزنجە هاتبوون بە پیرمەوە. لە دوورەوە کە چاوم بە مامۆستا زێوەر کەوت، لە(سەیارە)کە هاتمە خوارەوە و ڕووم نەکردە مودیر و مامۆستاکانی تر تاوەکو خۆم گەیاندە مامۆستا خۆشەویستەکەم. بە گەرمێکەوە دەستەکانم ماچ کرد و بە زۆر، پێش خۆم و ئەوانی ترم دا. ئینجا لەگەڵ خەڵکەکەی تر دەستم کرد بە خۆش و چلۆنی. وا ئەزانم ئەم بزووتنەوەیەم هەر وەکو (واجیب)ێکی وەفا و قەدرزانی بوو کارێکی گەورەیشی کردە سەر ئەوانەی لەوێ بوون.

خۆم کە مەیلی شیعر دانانم هەبوو، دیارە وەکو لاوەکانی ئەو دەورە منیش لاسایی شاعیرەکانی پێشووم ئەکردەوە. لەبەر ئەوەش کە خوێندنم بە تورکی بوو لە پێشەوە بەم زمانە ئەمنووسی و شیعرم دائەنا. دوایی کە دەستم کرد بە نووسین و شیعردانان بە کوردی، مامۆستا (زێوەر) ویا (شێخ مستەفای شێخ سەلام) کە ئێستە لە سلێمانی گۆشە نشینی مزگەوتەکەی خۆیەتی، هەر کەموکورتیەێکی هەیبوایە، بۆیان ڕاست ئەکردمەوە. جارێکیان غەزەلێکی غەرامیی کوردیم ناردبووە خزمەت مامۆستا (زێوەر). بەڕاستی خۆم سەرم سووڕ ئەمێنێ کە چۆن لەڕووم هاتووە وە ئەو شیعرانەم ناردووە بۆ مامۆستایەکی خۆم. جێی ئەوە نییە کە ئێستا غەزەلەکە هەمووی لێرەدا بنووسم، بەڵام تەنیا بەیتێکی ئەخەمە بەرچاوتان. لەمەش مەبەستم ئەوەیە کە بەرامبەر ئەم کردەوە منالانەیەی خۆم (سروشتی ئەدەبی)ی مامۆستا زێوەر و ئوسلووبی ڕێ پێشاندانی بە قوتابییاتی خۆی، لە خوێنەرە بەڕێزەکان بگەیێنم.

ئەمە ئەو (بەیت)ەیە کە لە غەزەلەکەی خۆم وەرم گرتووە:

بۆ سوراحی گەردنی روحم بە(عەین)ی بوو بەئاو

ئێستەکەش ناچم بەدڵیا داومە ئــــازاری (...)!

ئینجا مامۆستا زێوەر بە چەند شیعرێك وەرامم ئەداتەوە کە لەسەر (وەزن) و (قافیە)ی غەزەلەکەی خۆمە وە ئەم دوو (بەیت)ەی خوارەوە لەو شیعرانەی مامۆستا –وە بە وشەیەکی ڕاستتر– لەو دەرسە بەلیغەیەتی کە تا ئیمڕۆ و بەڵکو ئەتوانم بڵێم کە تا بمێنم لەبیرم ناچێتەوە!...

ئەی رەفیقی موحتەرەم ئەی شاعیری شیرین مەقاڵ!

هــاتــە بــەر مــەددی نــەزەر فیکرت وەکو ئاوی زوڵاڵ

مــن ئــومــێدی گــەورە گــەورەم پــێتــە بــۆ ئــەم مــیـلـلـەتـە

حەیفە سەرفی فیکری خۆت کەی تۆ لە زوڵف و خەت و خاڵ!.

وا ئەزانم کە پێی ناوێ بڵێم ئیتر لەو ڕۆژەوە بیرم لەوە نەکردووەتەوە کە شیعری غەرامی دابنێم. وەیەك دووجار کە بەبۆنەیەکی ناچاری لەم بابەتەوە شتێکیشم وتبێ هەوڵی ئەوەم داوە کە شیعر بێ نەك غەرامیاتی منالانە و شەیدایانە.

مامۆستا زیوەر، شیعر و گۆرانی نیشتمانیی و پەند و«مەوعیزە»ی ئەدەبی و کۆمەلایەتیی گەلێ زۆرە. لە«وەسف» و «نەعت» و عەشق و غەرامیاتیشا زۆر شیعری جوان و بەهاداری داناوە. لەبەر ئەمە لە ئاسمانی کوردا وەکو ئەستێرەیەکی گەش و

پرشنگاوی دیارە و ئەدرەوشێتەوە.

لەژێر ناوی«جەژن»دا وەسفێکی شیرینی جەژنێکی ڕەمەزانی کردووە کە لەمەدا چەشنی ڕابواردن و ژیانی خەڵکی ئەم شارە شۆخ و تەڕپۆشەی کوردی وەکو وێنەگرێکی زۆر شارەزا خستووەتە بەرچاو، هەربەم وەسفەدا بۆمان دەرئەکەوێ کە شاعیر ئەوەیە، چاوێکی تایبەتی هەبێ. وردبین بێ و بەچەشنێ ئەوانەی کە بۆ بینینی شتی ورد و گرنگ«چاویلکە» بەکارئەهێنن، چاوی وردبینی خۆی بخاتە کارەوە و ئەو شتانەمان بۆ دەربخا کە بە چاوی ئێمە نابینرێ، جگە لەمەیش ئەوی کە بەو چاوانەی خۆی ئەیبینێ وەبە شعووری خۆی هەستی پێ ئەکا. ئەبێ بەجۆرێك بۆ ئێمە بگێڕێتەوە کە وەکو خۆی تێی بگەین و چەشکەی لێ وەربگرین. واتە ئەبێ ئەو شتانە بەنووری مێشکی خۆی بۆمان ڕوون بکاتەوە و لە پلەی تێگەیشتنی ئێمەی نزیك بخاتەوە، ئەگەر وانەکا و هەر پێوەستی وشە و قافیە بێ وە بەتوێکڵەوە بنووسێ نابێ وابزانێ شیعری داناوە.

ئەمانەی خوارەوە دوو چوارخشتەکییە کە لە (قەسیدە)کەی «جەژن»ی ڕەمەزان وەرمان گرتووە:

جەژنی ڕەمەزان هاتەوە ئەیامی سروورە،
هەر جێگەیێ من سەیری ئەکەم مەجمەعی نوورە.
لایێ بەنەوای (عوود) و (نەی) و (چەنگ) و (چەغانە)
بازاڕ و (دەر) و (کووچە) وەکو وادیی (طور)ە!
زاهید سەری کز کردووە بازاڕی کەساسە،
شاهید غەمی دەرکردووە خۆی شەمعی حزوورە
بەم شارە بڵێم جەننەتە پێم باوەڕ ئەکەن خەڵق،
لایێ هەموو (غیلمانە) لەلایێ هەموو حوورە!

***

بەڕاستیش شاری سلێمانی سەردەمێ کە هێشتا تەنگاوی نان و غەمی شۆڕشی دونیای لەبەرا نەبوو، تامی بەهەشتی ئەدا وەخەڵکی ئەم شارە، دوو بەشی ژیانیان بە شایی و بەزم و سەیران و زەماوەندەوە ڕائەبوارد و هەر وەکو مامۆستا زیوەر ئەڵێت، لەلایێ لاوانی شۆخ و شەنگ وە لەلایەکی ترەوە کچانی ناسك و نازدار بەلەنجە و لارەوە پتر لە حۆری و غیلمانی بەهەشت نەشئەیان ئەدا بە دەماخی یەکتر وە ئەبوونە هۆی

هەڵقوڵانی شیعر و ئەدەب.

لە مەیدانی کۆمەڵایەتیشا مامۆستا خزمەتی هاونیشتمانەکانی خۆی کردووە وە لە ڕێگەی شیعر و ئەدەبەوە، لە پەند و نەسیحەت دوانەکەوتووە. شیعری «عەرەق ناخۆم»، وێنەیێکە لەو جۆرە شیعرانەی مامۆستا کە ئەمانەی خوارەوە چەند بەیتێکە لەوە:

عەرەق ناخۆم کە تووشی دەردیسەر بم

گرفتاری هەزار ئێش و خەتەر بم!

هەچی خوا حەز ئەکا ئەیکەم بەبێ دەنگ(١)

ئیتر بۆ شەرمەزاری ناو بەشەربم؟

عەرەق ناخۆم کە ژینم کورت و کەم بێ

بەجوانی بۆچی من تووشی زەرەربم

عەرەق ناخۆم کە دووچاری وەرەم بم

هیلاکی خەستەگی (قەلب) و جگەر بم!

***

ئەم چەند بەیتەی خوارەوەش لە قەسیدەیەکی تری مامۆستای نیشتمانپەروەر وەرگیراوە:

من چیمە لە(فاسۆن)ی فەرەنگ چۆغەیی لیوی(٢)

تا(شاڵ)ی (مەرەز) یانە (خوری) بێتە قوماشم

دانیشتنی سەرچاوەیی ئاوانی (چیا)کەم،

نایدەم بەهەموو موڵکی جیهان گەرچی گەداشم!

***

بۆ سەیری گوڵ و مێرگی نزاران لە بەهاران،

چاوم وەکو نێرگس گەشە مەفتوونی هەواشم!

(١) مامۆستا خۆی ئەڵێ: هەچی خوا حەز نەکا ئەیکەم بە سرری، بەڵام من لەبەر چەند هۆیەك کردم بە«حەزئەکا ...»

(٢) لیوی ناوی تەرحە چۆغەیێ بوو کە لەدەوری تورکا، گەورەکان بەرگیان لێ ئەکرد. وەکو (تریکۆ)، (نەمسە).

داخم ئەوەیە (هاو وەتەن)م زۆری (نەزان)ن
بەم دەردەوە ئەتلێمەوە (ئاو کەوتوو)ە (ئاش)م

***

بەم شیعرانە و بە گەلێ شیعری تریا دەردەکەوێ کە جەنابی مامۆستا زێوەر، بەپێی واتەی «خوشەویستیی نیشتمان لە ئیمانەوەیە» زۆر بەسراوە بەخۆشەویستیی نیشتمانەوە و بەلای ئەوەوە لەسەرچاوەی ئاوێکی ڕوون و ساردی سەر چیاکانی کوردستانا دانیشتن و ڕابواردن، هەموو موڵکی دونیا دێنێ و سەیرانگای گوڵ و گوڵزار و مورغزاری بەهارانی وڵات ژیانێکی سەرمەدی بە گیان ئەبەخشێ. بۆ ئەم خۆشبەختییە گەورەیەش کە خۆشبەختییەکی لاهووتی و مەعنەوییە، هەموو سەعادەتێکی مادی وە دونیایی بەلاوە هیچە و پەشمە. لەجیاتی (فاسۆن) و (چۆغەی لیوی) ، (شاڵ)ی مەرەز و بەرگی خوری وڵات ئەپۆشێ. لەجێی کۆشك و سەرا و تەلاری شارەکانی گەورە و پڕ دەغدەغە، لەسەر چیایێکی بەرز و بڵندی خۆش هەوادا لە قەراغ کانیاوێکی فێنك دائەنیشێ وە پشت ئەکاتە دونیا و هەموو ئەو خۆشییانە کە تیایەتی، بەرامبەر ئەو دیمەن و چاو ئەندازە شیرین و ڕەنگینانە کە دەسی تەبیعەت بەم وڵاتەی بەخشیوە ئەکەوێتە زیندەگانییەك کە نوقمی شیعر و خەیاڵ بێ و بەهیچی تر پەلاوی نەکرابێ، بەلام لەگەڵ ئەمەشا تەنیا داخێکی هەیە کە ئەویش مانەوەی بەشی زۆری هاونیشتمانەکانیەتی لەژیانێکا کە پەلاوییە  بە نەفامی و نەزانی. واتە هەرچەندە خۆی لە هەموو خۆشی و چەشکە و کامیایی دونیا دەسی هەڵگرتووە وە پشتی لێبووردوویی تێ ئەکا دیسانەوە ئەیەوێ وە بە پێویستی ئەبینێ کە هەموو هاونیشتمانەکانی زانا و خوێنەوار بن. کەلکی خۆیان و نیشتمان بگرن و نرخی ئەم نیشتمانە شیرینە و ئەم خاکە بە کشتوکاڵ و بە پیت و بەرەکەتە بزانن، تاوەکو بۆ پێش خستن و بۆ ئاواکردنەوەی تێ بکۆشن و تەقەلا بدەن. جگە لە هەموو ئەمانە دەرسێکی ئابووریمان ئەداتێ و فێرمان ئەکا کە بەری کردەوەی خۆمان وەشتی وڵاتەکەمان بخۆین و بپۆشین. بۆ ئەوەی کە ئاتاجی وڵاتانی بێگانە نەبین و بڕشت و ئینتاجی نیشتمانەکەمان پێش کەوێ لادێکانمان ئاوا بێتەوە، هەژارەکانمان کەم بنەوە و دراومان لەناو خۆمان و وڵاتەکەمانا بمێنێتەوە. لەمانە هەمووی زیاتر، فێری دراو لەناودان و کڕینی شتی پووچ و بێ کەڵك نەبین وەبیر لە دوارۆژ بکەینەوە وە هەنگامی تەنگانەمان لەبەر چاو بێ!.

# سالم

## ئەورەحمان بەگ

(سالم) کە ناوی تایبەتی خۆی ئەورەحمان بەگە، کوڕی مەحموود بەگی (قەرە جەهەننەم)ی کوڕی ئەحمەد بەگی (ساحیبقران)ە. و ئامۆزای مستەفا بەگی شاعیرە کە بە(کوردی) ناوی دەرکردووە. لەسەرەتای(١) دیوانەکەیا کە لە ساڵی ١٩٣٣ی میلادی لە چاپخانەی (مەریوانی) لەبەغدا لەچاپ دراوە، ئەڵێ: «لەپێشا، ناتۆرەی(٢) (رەنجوور) بووە و یەکێ ئەڵێ بیمار بووە.» هەر بە پێی ئەم سەرەتایە (سالم) پیاوێکی لەڕ و لاواز بووە. وە لەسەر واتەی پزیشکێك(٣) لەباتی (بیمار)، لەقەبی (سالم)ی بۆ خۆی داناوە. و بەم جۆرە ویستوویە کە نوقلانەی لەش ساغیی بۆ لێ بدا. بە پێی گێڕانەوەی خزمەکانی ئەبێ لە ساڵی (١٢٢٠)ی هیجری هاتبێتە دونیاوە و لە ساڵی ١٢٨٦ بەرەحمەت چووبێ و لە سلێمانی لەلای قەبری مستەفا بەگی ئامۆزایەوە نێژرابێ.

لە کوردستانی ئێرانیشا بنەماڵەی (ساحیبقران) بووە لەبەر ئەوە سالم جارجار بەماڵەوە چووەتە ئەوێ و سەری لەخزمەکانی داوە، بەڵام ڕووخانی حکوومەتی«بەبە» کە لە هەموو کوردێکی ئەو دەورە زیاتر کاری لەدڵی سالم کردووە، وەکو (بولبول)ی باڵ شکاو و هێلانە ڕووخاو هێناویەتە فەریاد و ناڵە وە بووەتە هۆی کۆچی ئێجگاری و بەچەشنی شێتێکی وێڵ و سەرگەردان ڕووی کردووەتە تاران. بەڵام وا دیارە کە لەوێ نەحەساوەتەوە و دەردی نیشتمان و بەسەرهاتی وڵاتی بەبە ژیانی پێ تاڵ کردووە و لە تاران وەرس بووە.

«خۆزگە ئەمزانی لە (تارانا) نەجاتم کـــەی ئەبێ؟»

«کۆی یارم مەشهەدم یا مەنزڵم هەر (ڕەی) ئەبێ؟»

هەر بەم خۆزگە خواستن و شەکوای دەروونە کە لە دەست تاران کردوویە وا دەرئەکەوێ کە ئەو بەینەی لەوێ ماوەتەوە دەستبەسەر بووە وەیا دەسەڵاتی ئەوەی

---

(١) سەرەتا: مقدمە

(٢) ناتۆرە: لقب–

(٣) پزیشك: حیکم – طبیب

نەبووە کە لە (تاران) بچێتە دەرەوە.

«لەگەڵ دڵ شەرتە ســـالم گەر نەجـــاتم بوو لە (تارانا)،

بەهەشت ئەربێتە دەشتی (ڕەی) بە ئێرانا گوزەر ناکەم!»

من وا (زەن) ئەکەم کە (سالم) لەڕووی نیشتمان پەرستی و هەوای سەربەخۆیی ولآتی خۆیەوە لە ئێران نەحەساوەتەوە، ئەگینا ئەگەر لە (سالم)دا توانای بێگانەپەرستی و خزمەتی غەیری نیشتمانی خۆی بووبووایە، بەهۆی زرنگی و زیرەکی لەو زەمانەدا بۆ یەکێکی وەکو ئەو ژیانێکی باش و ئاسوودە، شتێکی ئەوتۆ نەبووە.

لە نەتەوەی ساحێبقڕان وا دەردەکەوێ کە لە هەموو دەورێکا شاعر هەڵکەوتبێ وە ئەم بنەماڵە ناوداره هەر وەکو لە مەیدانی ڕەزما ناوی بە کوردستانا بڵاو بووەتەوە(١) لەمەیدانی شیعر و ئەدەبیشا لاپەڕەیەکی مێژووی کوردیان بە «زەر کفت» بۆ خۆیان نووسیوەتەوە. بەڵێ هەر لەم بنەماڵەیە کە شاعیرێکی گەورە و نیشتمانپەروەری وەکو «سالم»ی تیا هەڵکەوتووە، هەندێ شاعیری تری ناوداری وەکو «کوردی» و «حەمدی» و «ئاتەخان»ی پووری «سالم»یشی لێ هەڵکەوتووە. بەپێی موقەدمەی ناوبراوی دیوانەکەی (سالم)، ئەم ئاتەخانە شاعیرێك(٢) بووە زۆر ناودار و هونەرمەند.

گۆڤاری خۆشەویستی (گەلاوێژ) زۆر کارێکی بەجێی کرد کە (قەسیدە) نایابە تاریخیەکەی «سالم»ی کرد بەدیاریی ساڵانە بۆ خوێنەرەکانی. ئەو (قەسیدە)یە کە «مێژوو»یەکی کورت و ڕاستی ڕووخانی حکوومەتی «بەبە» وە حیکایەتی لەدەسچوونی سەربەخۆیی کوردستانی عێراقە. حەکایەتێ کە وەکو شریتی سینەما بەسەرهاتی کوردەکانی ئەو دەورەمان پێشان ئەدا، وە کارەساتێ کە لەشاری سلێمانی ڕووی داوە بۆمان ئەگێڕێتەوە ئێمەش هەر ئەو «قەسیدە»یە ئەکەین بە سەرەتای باس لێکردن لە شیعرەکانی بۆ ئەوە کە بەم جۆرە شێوەی ئەدەبی «سالم» لەگەڵ وێنەی لێکدانەوەی «طرز تفکیر» و بەتایبەتی پلەی بڵندی نیشتمانپەرستیی ئەم شاعیرە جارێکی تر بخەینەوە بەرچاوی خوێنەرە بەرێزەکان.!

---

(١) لە دوانزە سوارەی (مەریوانا) کە لەلایەن (پیرەمێرد)ەوە نووسراوە باسی قارەمانی، یەکێ لە ساحیبقرانەکان بخوێنەوە!.

(٢) هەندێ کورد وەکو عەرەبی، لەباتی شاعیر بۆ ژنێك ئەڵێن: شاعیرە. من وا (زەن) ئەکەم کە لە کوردیدا نابێ لەم لایەنەوە پەیڕەوی عەرەب بکەین.

«ذکر محاربەء بندگان میر جلیل الشأن عزیز بەگ بابان باطائفەء رومی»(۱)

***

لێم گەڕێن با گۆشەگیر بم، دەستەئەژنۆ کەف زەنان،
گێژەڵووکەی بای نەدامەت تاری کرد سەفحەی جیهان!
بەزمی سەیدی ئێمە «صیاد»ی فەلەك کارێکی کرد،
ڕەنگە بالای (تیر) (قەد) دان بێتە تەرکیبی کەمان
زەعفی تالیع جازیبە بۆ کارەبا بۆ خوێن و دەم،
سەیری چارەی بەختی من کەن بوو بەڕەنگی زەعفەران
نەوبەهاری من خەزانە وەختەکەی سوبحم تەمووز
پرتەوی ماهە غەم و چاکی دەروونم وەك کەتان!
(تورك)ی قوورسی خۆر کە تالیع بوو تلووعی کرد بەرەقس
کەوکەبەی ماهی مورادی ئەهلی بابان بوو نیهان؟
دڵ لە میحنەت کەیلە مەیلی سەیری ناوشارم نییە
عەینی چاوم خوێنی تێ زاوە لە داخی مەردمان!
ڕاستە گەردوون چابوکە بۆ ڕەنگی بەدریتن وەلێ
نارژێنێ ڕەنگێ بەم ڕەنگە بە موددەی سەدقران
ساعیقە و بەرقی نەدامەت زوڵمەتی دا شەرق و غەرب
بەردەبارانە بە مەخسووسی لەسەر موڵکی بەبان
چاوی عیبرەت هەڵبرە ئەی دڵ لەوەزعی دەوری دوون!
سەیری کە ساتورك، فەلەك چی کرد بەزومرەی کورد زمان
حاکمە ڕۆمی لەسەر «تەختی سلێمانی» دریغ،
کەوتە دەستی دێوی دوون «میهری سلێمان» ألامان!

***

بەم شیعرە بەسۆز و پڕ حەرارەتانەدا زۆر باش و بێگەرد بۆمان دەرئەکەوێ کە لەو

(۱) ئەم عینوانە فارسییەمان وەکو خۆی هێشتەوە، چونکە لێرە مەبەستمان (مێژوو)وە نەك ئەدەبی کوردی.

ڕۆژەدا کوردی وڵاتی (بەبە) خۆیان گەلێ بە بەختیار و ئازادەسەر زانیوە و تاوەکو تورك سلێمانیی داگیر نەکردووە و لەشکری (ڕۆمی) نەهاتووەتە ناویانەوە، هەستیان بە حوکمی تورك نەکردووە وە تەنانەت بەشوورەییان زانیوە کە خۆیان بەهاوشانی ئەوانیش دابنێن.

ئێمە لەم قەسیدەیەدا کە تەنیا لەلایەن شیعر و ئەدەبیاتی کوردی و (حاڵەتی ڕۆحیە)ی (سالم)ەوە بەرامبەر بە ڕووخانی حکوومەتی کوردی (بەبە) و سەر ئەنجامی وڵات خستوومانەتە بەرچاو لەو شیعرانە ئەگەڕێین(١) کە لەم دوو لایەنەوە بەهایێکیان نییە، بەڵام جارجارە لەوانە شیعرێك وەیا زیاتری بۆ ئەوە ئەخەینە بەرچاوی خوێنەرەکان کە لایەنی ناپوختەیی وبێ هێزیی ئەم قەسیدە بەرز و نایابەش دەربکەوێ و بزانرێ کە شاعیرێکی پایە بڵند و بە دەسەڵاتی وەکو (سالم)یش گەلێ جار جڵەوی ئەسپی شیعری شل بووەتەوە و لە (ساتمە) ڕزگاری نەبووە.

(سالم) بە گێڕانەوەی هەواڵی ناو شاری سلێمانی و کردەوەی تورکەکان لەدوای گیرانی ناوچەی حکوومەتی «بەبە» وا دەردەکەوێ کە خۆی لەو ڕۆژەدا لە سلێمانی بووە وە ئەم کارەساتە خوێناوی و «تاریخی»یەی بەچاوی خۆی بینیوە لەبەر ئەمە بەوێنەی چابکسوارێك کە چۆن لە پێشا بەنەرمەغار و لەسەرخۆ بێتە مەیدانەوە و تا ئەسپەکەی ڕایی و گەرم ئەبێ وە لە حیلەحیل و پەل بازی ئەکەوێ، ئینجا ئەستۆی (ئینقیاد)ی بۆ سوارەکەی شل ئەکا و بۆ کارەساتی دوای ئەم حیلکەحیلك و پەلبازییە وریا ئەبێتەوە، ئەویش لەپێشەوە وردە وردە کردەوەی تورکەکان و هەواڵی ناوشاری (سلێمانی)مان جارجار بە شیعری خاو و بێ پێز، جارجارەش بە شیعری (بەلیغ) و (مەتین) بۆ ئەگێڕێتەوە، بەڵام هەرچەند شیعرێکی خاو و بێ پێز، بەسەر زمانی ئەم بوێژە ناودار و فەحلەدا بێ، وەیا لە نووکی قەڵەم هەڵئەوەرێ، دڵی پیاو ئەکەوێتە گورپە گورپ وەترسی ئەوەی لێ ئەنیشێ کە یەکەتازی مەیدانی شیعر و ئەدەب، (بیم)ی (مەعرەکە)ی لێ بنیشێت و پێی ئەسپی شاعیریی هەڵەنگوێ بەڵام (سالم) وەکو چابکسوارێکی مەعرەکە ئاشنا لەدوای ئەوە کە(سم)ی ئەسپەکەی چەند جارێ ئەچێ (گلخورکە)دا و ئەوەندەی نامینێ کە بگلێ، بەڵێ لەدوای ئەمە کە بەیەك دوو بەیتی وشك و بێ تامی وەکو:

---

(١) ئەگەڕێین، لێرەدا بەمانای (وازبێنین) هاتووە.

کـــەس نـــەچێتە پێشەوە حـــاجی ... تـــەدبیریە
مەئمووری سەبتی نفووسە شاغیلی بـاجی دکان

وەیـا:

مـــەجلیسێ وابێ موشـــەخخەس دوودی گۆگرد عوودە بۆی.
دەروێش ئاغا بوو لە جێی مستۆ(١) هـەموو شەو (قصة) خوان

وە ئەمسالی ئەم شیعرە بێ تام و فەڕانە، وەکو سەیرکەرەکانی (عەرسەی وەغا) چۆن لەنەشارەزایی ئەسپی شاسواری مەیدان ئەکەونە ترسەوە وە دڵیان دەس ئەکا بە گورپە گورپ، ئێمە ئەخاتە ترس و ئەندێشەوە، وە زۆری نامێنێ کە بکەوینە سەر ئەوە (سالم) بـەشاعـیرێکـی نـاوەنـدی و کـەم دەسەڵات بـژمێرین، لـەپڕ وریـا ئـەبێتـەوە سەختـی و خەتەری مەیدانی کارەسات دێتە بەرچاوی، جڵەوی ئەسپی توند ئەکاتەوە و ئازانە و چابکسوارانە هەڵمەت ئەباتە سەر (قەڵای شیعر)، ئەمجا لێی ورد بیتەوە، ئەسەری (خامە) ی (سالم) و تیژیی و بەلاغەتی شیعری، وەکو نووکی رمی عەزیز بەگ و جێگەی شیری بڕندە و بەجەوهەری دیارە و ڕەوانە:

هەی خوا ڕۆ ئا لەو دەمە چی کرد تەقەی تۆپ و تفەنگ؟
سەرزەمین تـاریك و دونـیـا تـۆز و (کـەڕ) گـوێی ئـاسمـان.
مـاهـی تـالیـع ڕێی (مـەحاق) و ڕۆژی نـەگبـەت جیلوەگەر
خـەرمـەنـی شادی لـەبـەر (بـا) بـەرقـی غـەم ئـاتـەش فـەشان
لاغـەریـی تـالیـع شکـانـدی حـەسرەتـا (بـازوو) و «قـەد»ی،
ئـەختـەری بـورجـی مـوزەفـەر، خـۆی لـە ئێمـە کرد نیـهان.
گەرچی پێشا و پێش بە هەیبەت بوون و ئازا چوونە پێش
حـەسرەتـا بـاز هـەم نـەیـانـزانـی «نـیزام» وا بـێ حـەیـان
پـێشی دەمـیـان «ئـوغـلـەمـە»ی تۆپ، پشتـی سەر ئـەو ئاگرە،
گـەیـیـە چـەرخـی حـەوتـەمین لـەو عـانـەدا ئـاهـ و فـیـغـان
گـوێی فـەلـەك كـەڕ بـوو لـەبـەر نـاڵـەی نـەفیری ئـەهلـی شار
«لامـەکـان»ی گـرت سەدای نـاڵـە و فـیـغـان و ئـەلـئـەمـان

(١) مستۆ: مستەفا

مـودەعـی کـوێر بـێ نـیزام ئـیفـلـیـج، مـەکـان ژێر وزەبـەر
«میر»ی «سورداش» و «ئەمینە»ی پیاوی هەردوو ئەنگووان
گـەر عـەشیـرەت گریـە کـەن هـەریـەك هـەتـا ئـەمـرن کـەمـە،
کـوشتـنـی مـیـر بـای مـوخـالـیف بـوو بـەشەمعی دوژمـنـان
ڕۆژی «قەتڵ» ئیمڕۆیە «ئەلحەق» «وا حسێن»ی پێ ئەوێ
بـــۆ ئـــەدای «تـــازیـــە» سەراسەر نـیـلـگـونـە ئـاسمـان
یـــادگـــاری حـــاکـــمـــان و جـــانـــوشیـــنـــی سیـــلسیـــلـــە،
نـــامـــوراد و نـــەورەس و مـــەقسەد نـــەدیـــو و نـــەوجـــوان

***

«سالم»، لەدوای ئـەمـە کـە لـە ڕووی ئـەنـگـێورانـی عـەزیز بـەگـەوە کـەوا دیـارە زۆر مـەفـتـوونـی ئـازایـی و زەبـردەستـی و چـاپـکسواریـی بـووە، دێـتـە جـۆش و خرۆش وە وێنەیەکی شیعریی بەسۆز و بەزەمزەمەی کوردیمان بۆ ئەکێشێ دووبارە، لەناکاوا لەو حاڵەوە ئەچێتە حاڵێکی ترەوە و بە «سانی» ئەوانە کە لە دوای شیوەنێکی گەرم و بەکوڵ لەپڕا شایەتمان بێنن و لە ناو خۆیانا ئەکەونە قسە و باسی ئەسپایی و بێ «عەلاقە» لەگەڵ شین و گریانەکەیان، ئەویش لەناو شەقاشەقی شیر و ڕم و لەناو بگرە و بەردەی مەیدانی شەڕەوە ڕوو ئەکاتە مەیدانێکی تر و لە «سەحنە»ی کارەساتی ئەو ڕۆژە ڕەشەدا چاو بۆ ئەو دیمەنانە ئەگێڕێ کە پێکەنینی خەفەت و مەرارەت ئەدا بە دڵ و ئەڵێ:

سەد کـە ڕۆژی گـریـە بـوو ئـەمـمـا ئـەمـن زۆر پـێ کـەنـیم
پـووره «مـاتـان» ئـەحـمـەد ئـاغـای بـرده شکـلـی دۆمـەکـان
دەر پـەڕیـن بـاز مـەیـلـی «ئـیـقـدام»یـان نـەبـوو لـەو بـیدعـەتـە
حـەسرەتـا یـەکـدڵ نـەگـەیـنـە شیـوەکـەی گـردی «گـوڵان»
مەیلی «لان»یان بوو وەکو کەروێشکی «پاش ڕاو» هاتنەوە
دەرنەچوون چا بوو بە «حەملە»ی دیلە «کەهیا» کەوڵ کران
«سەربلووك» لای پشتی گرتوو «سونگی دا وران» هاتە پێش
داخـەکـەم بـاز هـەم نـەیـانـزانـی «نـیـزام» وا بـێ حـەیـان!
(سەربلووك)یان خاڵەکەی (هەورامی) بوو، قالەی شەریف
هـەم رەفـیـقـیـان بـوو عـەزیـزە حـیـزەکـەی چـۆچـانـیـان

ئـاهــی ئــەم حــاكـمــانــە تــەحـقـیـقـە ئـەگـەر نـەگرێ نـیـزام
قـەومی (نووح)یش دەچنە جەننەت بێ شك و شوبهە و گومان.
سەرفــی نــەقدی رۆحــی شیـریـن بـوو هــەتـا پـەروەردە بـوون
بــەچــە گــورگ ئــاسا لــە ئــاخــر بــوونــە كـۆزی دوودمــان
فــەرقــی فــەخـری مـیـر ئـەلایـی گـەیـیـیـە بـەهـرام و ئـەسەد،
كــەوتــە قــەعـری چــاهــی غـەم لـەو حـالـە (مـیـر)ی بـازیـان
بـــاز وەكـــو بـــازی تـــەوار دەورێكـــی كـــردو هـــاتـــەوە
دەوری كــەهــیــا و شاری گـرت دیسان بـە(رارا)ی نـۆكـەران
(ئــاغـەلـەر) وەك گــورچـكـی گـا هــەریـەكـە فـیـكـرێ لـەدڵ
خۆ (نیزام)یش میسلی (سەوسەن) جوملە دووڕوو دووزمان
هـاتـە ژێر (پـاسار)ی تـەنگ لـەشكر ریـكـاب ئـەنـدەر ریـكـاب
كـەوتـە سەر كـۆلان و سەیـری كـە عـیـنـان ئـەنـدەر عـیـنـان
بوو بەجێ (بەبر) و غەزەنفەر كووچە كووچە ناو (سوقاق)
سەر (محەللە) ڕەنگی (بێشە)ی گرت لە (نێزە)ی جان ستان
ڕەنگی سەحرای مەحشەری بوو (شیو)ەكەی لای (پیرمەسوور).
گـرمـە گـرمـی (تـۆپ)ی (رۆمـی) هـەوهـەوی سوارەی (بـەبـان)
بـوو بـە(جـاڕووب)ی مـحـەلـلـە هــەر تـەرەف پـەنجەی پـەڕیـو
پــەی كـراو، (بــێ پــێ) لــە مــەیـدان پــەهـلــەوانـی پـاڵـەوان
(سەن سەن)ی سوارەی نیزام و (گەل ئولان!)ی تورك ئوشاغ
بـگـره بـگـرەی كـورد زمــان و (ئــاخ! ئــاخ)ی تــوركـمــان
قــەهـرنــاك و سەربـورەهــنــە ئــاتــەش ئـەفشان حـەمـلـەوەر،
جەنگجۆ بوون، یەك بە یەك هەر (سوو) وەكو بەبری بەیان

***

وا دیارە كە لەدوای ئەنگێورانی (عەزیز بەگ) و گەیشتنی تورك تا ناو شاری سلـێمـانـی، فـیـرقـەیـەك لـە كـوردەكـان كـە ئـەبـێ دەسـتـەی (مـیـری بـازیـان) بـووبـێ (بەخیلی)یان بە فیرقەی ئازا و شەڕكەری «میر ئەلایی» بردووە وە دووبارە خۆیان كۆ

کردوەتەوە و هەڵمەتیان بردووەتەوە سەر دوژمن و دەوری لەشکری «کەهیا»ی تورك و شاری سلێمانییان داوە. بەڵام ئەم شەڕی دواییەش هەرچەن ئازانە و دلێرانە بووە، لەڕووی ناکۆکی وە یەکنەبوونی «ئاغەلەر= ئاغاکان»ی سلێمانی و دوو ڕوویی و دووزمانی، و بەتایبەتی لەڕووی سروشتی ناپاکی «نیزام»ی «بەبە» و نان کوێرییانەوە بووەتە سەرباری نەکبەتی کورد و لە خوێن ڕژاندنێکی زیاد و بێ کەڵك بەولاوە سوودێکی بە لەشکری شکستەی «عەزیز بەگی» ڕۆستەمی بەبە نەگەیاندووە (سالم)، لەلایەکەوە ئەم کارەساتە بە سام و خوێناوییەمان بۆ ئەگێڕێتەوە لە لایەکیشەوە وەکو (وێنەگر)ێکی وردبین و شارەزا، وێنەیەکی ژیانی دەوری نوشوستیی (بابان)مان بۆ ئەکێشێ و ئەنگوستی هۆشمەندی و زانایی ئەخاتە سەر برینی کۆمەڵایەتی قەومی کورد. جگە لەمانەش ڕووخانی حکوومەتێکی میللیی کوردمان بەسانی مێژوو نووسێکی خەمبار و داخ لەدڵ، بەڵام ڕاستگۆ و بە ئینساف بۆ ئەگێڕێتەوە و تاریخی تێکەڵاوبوونی بێگانە و زمانەکەیان لەگەڵ قەومی کورد و بەزمانی کورد ئەخاتەوە بیرمان ... لەدوای ئەمانە (سالم)، با ئەداتەوە سەر ئەنجام و چارەنووسی (وە لیعەهد)ی (پڵینگ سەولەت)ی بەبە، وە بە کلپە و گڕی دەروونێکی بێ هیوا و ئاگرینەوە فرمێسکی خوێناوی بەهەر دوو چاویا بێتە خوارەوە .

بەختی سووتێ سا لەڕێی حەق، حەق حەقی لێ وەرگرێ
بەد نمەکگیری نمەك بێ وەك ئەوان دایان بەمان
بۆ مەداری نان عەشیرەت قەت مەدارێکی نەبوو،
«ئاش»ەکەی تەبعی بەئاوی «کەید»ی ڕۆمی هاتە «دان»
شێری بێشەی موڵکی بابان بوو عەزیز ئەما درێغ،
وەك گڕی دامووسکی بێ، قەومەکەی زوو هەڵوەشان
گەرچی میسرە (شارەزوور) ئەمما خەرابە بێ عەزیز،
ڕوو ئەدا لەم خەڵقە ئاخر حاڵەتی کەنعانیان
دیدە نابینایە وەك یەعقووب لە هیجرانی عەزیز،
تۆی خوا! ساحیب مەکان و تۆی خوایە! لامەکان
کەوکەبەی بەختی لەچاها وا بە پەرتەو بێتە دەر،
شەعشەعەی ئەمری مەنەوەر کا زەمین و ئاسمان!

چــەنــگــەلــی شابــازی بــازی بــازیــانــی بــاز نــەوی،
فش هــەڵات (کــەهــیــا) لــەسەر بــەیزەی تــەمــەع وەك مــاکیــان

## غەرامیاتی (سالم)

(سالم) لە عەشق و غەرامیاتا شیعری تا بڵێی سوارە، غەزەلەکانی، تا بتەوێ بەزەمزەمە و شیرینە. ئەم یەك دوو بەیتەی خوارەوە پارچەیەکە لە غەزەلیاتی (سالم):

دڵـم شادە لـە بـەنـدی سیـلسیـلـەی گیسوویـی دڵـبـەردا
لــە شانــە خــەوفــنــاکــە دەفــعــەێی لــەم داوە دڵ بــەردا.
گڕی بەست دڵ لەسینەمدا لەحەسرەت سەرووی میهری تۆ!
گـەهـ حـەتـتـا ئـاگری پڕ گڕ ئەسووتێنی لە مـەجـمـەردا
تـەحـەمـمـول کـە زەمـانـی کوشتـنـی مـن سورعـەتـی نـاوێ،
لـەدڵـمـایـە بـگـێڕم خـۆم بـەدەوری دەست و خـەنجـەردا

***

چاوتان لەم جیناسە بێ کە لە وشەکانی (دڵبەر) و (دڵ بەردا)ن بەکاری هێناوە. نازانم کە ئایا زمانی شیرینی کوردی بۆ (سەنعەتی جیناس) ئەوەندە دەس ئەدا وەیا شاعیرەکانی کورد بەهۆی (سەلیقەی ئەدەبی) و زەوقی شاعیرانەی خۆیانەوەیە کە لەم سەنعەتی ئەدەبەدا ئەوەندە بە دەسەڵات بوون؟.

ئەی لەم بەلاغەتە ئەفکرن کە لەم (تەعلیل) و عوزر هێنانەوەیە و لەم خەیاڵە ورد و شاعیرانەیەدایە کە خراوەتە میسرەعی دووەمی ئەم بەیتەوە؟!

تەحەممول کە زەمانی کوشتنی من سورعەتی ناوێ،
لەدڵمایە بگێڕم خۆم بـــەدەوری دەست و خەنجەردا

***

وتبوومان کە (سالم) لەشیعری غەرامی و غەزەلیاتا زۆر بە دەسەڵات بووە و شیعری گەلێ سوارە. لەم لایەنەوە جارجار، لە «قائانی» ئەچێ و بەین بەین لە «حافیزی شیرازی» و ئـەم شیـعرانـەی خـوارەوە گـەواهـێکـە بـۆ ئـەم واتـەیـەمـان وەهـەر بـەمـەدا دەردەکەوێ کە «سالم» شاعیرێکە لە ڕیزی حافیز.

ئـەگـەر ئـومـێدی دڵ بـێنـێتـە جـێ مـاهـی جـیـهـان ئـارا
«بــە خـــال هـــنــدویش بـــخشم سمـــرقـــنـــد و بـــخـــارارا»
لـەبـن خـاری مـوغـەیـلان وەسل ئـەگـەر بـێ ئـارەزوو نـاکـەم
«کـنــار آب رکـــن آبـــاد و گــــل کشت مـــــصلارا»
نـەسیـحـەت بـگـرە گـوێ جـانـا! لـەلایـان زۆر بـەتـەعزیمە،
«جـــوانـــان سعـــادتمنـــد، پـــنـــد پـــیـــر دانـــارا»
دووسەد جار گەر بەگوێ خۆم حەرفی ساردت بشنەوم شادم
«جـــواب تـــلـــخ مـــیـــزیـــبـــد لب لـــعـــل شکـــر خـــارا»
ئەگەر حووری لە «کەوسەر» شوستوشووی خۆی دا بەتۆ نابێ
«بـە آب و رنگ و خـــال و خـــط چـــە حـــاجت روی زیـبـــارا؟»
لـــە ئـــیـدراکـــی شکـەنجی عـوقـدەیـــی زوڵـفت پـەرێشانم،
«کـــە کس نـــگشود و نـــگشایـد بـــە حـکـمت ایـن مـعـمـارا!»
کـە شوعلـەی تـەلـعـەتی یوسف تلووعی کرد لـە چی زانیم؟
«کــــە عشق ازپـــــرده عـــــصمت بـــــرون آرد زلـیـخـــارا»
کـــەلامت «حـــافـــظ»ا دڵ سەنجە بـۆ «سالـم» وەهـــا چـاکـــە
«کـــە بـــرنـــظـــم تـــو أفشانـــد فـــلك عـــقـــدی ثـــریـــارا»

***

دوا ڕۆژ و سەرئەنجامی ئارام بڕ و خوێنینی حکومەتی بنەماڵەی «بەبە» وا دیارە کە کارێکی سەرمەدیی لەسەر ژیانی «سالم» کردووە و زەهر و مەرارەتی ئەم کارەساتە تێکەڵ بە هەموو بیر و کامێکی بووە و لێی تاڵ کردووە. لەبەر ئەوە هیچ شیعر و غەزەلێکی نییە کە لەدوای ئەم کارەساتە وترابێ و «بۆن»ی گڕی جەرگێکی سووتاو و دەنگی ناڵەی دڵێکی بریندار لێ نەیێ:

چـاوەکـەت وەختـێ بـەئـیـمـا مـەیلی جامی مـەی ئـەکـا،
هـەرچی «مـەی» ئـەیکا لـەگەڵ ئـەو، ئـەو لـەگەڵ ئێمـەی ئـەکا
«نـەی» لـە «ناڵین» ا چ گوستاخانە بۆ ئـەربابی سەمع،
بـاسی ئـەیـامـی گوزەشتـەی «کـەیـقوبـاد» و «کـەی» ئـەکا

تـا سوپـاهـی خـوسرەوی عـەشقت «ئیـحـاتـەی» جـانـی دا،
بۆ شەڕ و شۆڕی «موسیبەت» دڵ لەموڵکی «ڕەی» ئەکا
کـاروان ئــەر سست رەو بــێ تـا ئـەگـاتـە کـۆی لـەیـل
شەوقـی بـێ پـاپـانـی دڵ وشتر بـەمـەجنوون پـەی ئەکا
حـاڵـی عـەشق و تـابـیشی هـیـجرت نـیشانـی دا بـەمـن،
ئـاگـری سوزەنـدە هــەرکـارێ بـە بـێشەی «نـەی» ئـەکـا
تـا بـەسەر بـاغـی دڵا بـێ (بـا)ی خـەزانـی فـیـرقـەتت،
«عارین»م بۆ «سێو»ی روخسارت لە ڕەنگی «بەی» ئەکا
«جـورعـە» نـۆشی بـۆ بکـەم ئـیـتر لـە بـەزمـی «مـەیکـەدە»؟
چاوی مەخموورت بە عاشق کاری «بادەی حەی» ئەکا
وەخـتـی بـەخشش بـۆ نـەبـۆسم ئـاستـانـی هـیـمـەتت؟
مەردی دانا وەسفی جوودی حاتەم ئاسای «تەی» ئەکا

***

«سالم»، بەڕاستی شاعیرێکی گەورە و سەنعەتکار بووە، و لە هەموو غەزەلێکا چەند بەیتێکی وای هەر تیا ئەبینی کە وێنەیەکی جوانی شێوەی ئەدەبی کوردی بێ.

هــەوای مــاچـی(لـەب)ت ڕێی (بـەنـدەر)ی زولـفـی بـەدڵ ون کـرد
موسافیر بۆ سەیاحەت سوویی (چین) چوو تووشی (ماچین) هات.
کـەلامـی وەسفـی حـوسنـی تـۆم ئـەخـوێند دوێ شەو بـەپـەنـهـانـی،
لــە پــەردەی غــەیـبـەوە تـا ڕۆژ بـەگـوێمـا دەنـگـی تـەحسین هـات
دوعـام بـۆ دەفـعـی چـاوی (بـەد) لـە حـوسنـی تـۆ ئـەکـرد ئـیـمشەو
لـــەدەم (روح الأمين) تـــا سوبـــح دەم ئـــاوازی ئـــامین هـــات.
حـەدیسی کـوشتـنـی (فـەرهـاد)ی مسکین پـێت بـڵـێم چـۆن بـوو؟
لـە شەوقـا دای بـەسەریـا (تـیشە)، وەخـتـی دەنـگـی (شیـریـن) هـات
هــەمــیسان هــاتــە (سوێ) زەخــمــی دڵــی (سالــم) وەکـو جـاران،
بە (سروە)ی بای سەحەر یەك دەم کە نەفخەی زولفی مشکین هات

***

(سالم)، بەهۆی نزیکیی بیر و خزمایەتیی شێوەی لێکدانەوە، لەگەڵ (حافیز) زۆر خەریك بووە و چەند غەزەلێکی ئەم شاعیرە ناودارەی شیرازی بە چەشنێك کە لەگەڵ هەموو میسرەعێکی فارسییا، نیوە شیعرێکی کوردی جووت بکا تێ هەڵکێشێکی کوردی و فارسی دروست کردووە، وە پارچەیەکی زیبا و غەزەلێکی مولەمعی شیرینی لێ هێناوەتە ناو.

بەدەل کەین با بەنەشئەی مەی خوماری میحنەتی دونیا
«الا یا ایها الساقی ادر کأسا و ناولها!»(١)
موحیبەت زۆر بە ئاشووبە بەسووکی تێ مەگەن یاران!
«کە عشق اسان نمود اول ولی افتاد مشکلها.»
کە بادی سوبحدەم ئەفشان ئەکا گیسووی پڕ چینی،
«زتاب جعد مشکینش چە خون افتاد در دلها؟»
دڵا! هەرچێ ئەڵێ «ناسیح»، لەنیك و بەد بەجێی بێنە
«کە سالك بی خبر نبود زراه و رسم منزلها»
«مەحەللی» ریحلەتە دونیا رەفیق ئیمڕۆژ و فەردایە،
«جرس فریاد می دارد کە بربندید محملها!»
«ویسالی» دلبەرە «سالم»، «موعەززەم» تر لەهەر «مەتلەب»
«متی ماتلق من تهوی دع الدنیا وامهلها!»(٢)

ئیتر لێرە بەولاوە بۆ (نموونە) لەچەند غەزەلێکی سالم هەندێ (بەیت) هەڵدەبژێرین و دەیخەینە بەرچاوی خوێنەرە خۆشەویستەکان کەوا ئەزانین ئەمانە وێنەکانی جوان و بەهاداری شیعری سالم وەیا وێنەیەکی شیعری کلاسیکی دەوری (سالم) وە ئاوێنەیەکی ڕوون و بێگەردی شێوەی لێکدانەوەی (تەفکیر)ی شاعیرە (تەقلیدی)یەکانی کوردە:

(١) شەهیدی دیدەیی مەخمووری شۆخێکم منی شەیدا،
لەخاکی مەشهەدم (نەزدیك)ە دەربێ نێرگسی شەهلا
بە (مەحز)ی ئیمتیحان دەستم بخاتە باخەڵی یەك دەم
لە(بن)دا بیبڕن رازیم ئەگەر نەم بوو «یەدی بەیزا»

(١، ٢) ئەم دوو نیوە شیعرەی (حافیز)، عەرەبییە.

(٢) لە (عەرسە)ی ئەوجی عەشقت بازی دڵ هەڵسا لەدەورانا
بە بەرقی پەڕتەوی حوسنت پەری سووتا لـــە (تەیرانا)

***

(٣) لـەلایـێ «نـالـی» و «مـەشوی» لـەلایـێ «سالـم» و «کـوردی»
لـە هـەنگـامـەی هـونـەر گـەرمـی تکـاجوبـوون لـە «مـەولانـا»
لـە مـەیدانـی بـەلاغـەتدا بـە سواریی (مـەرکـەبی) (مـەزمـوون)
بـــە کـوردی هـــەریـــەکـە «تـــازە سوارێ» بـوون لـە بـابـانـا
کە (نالی) تەوسەنی (تەبعی) بە تەرزی گەرم جەستەن بوو،
بـەچـەوگـانـی خـیـرەد گـۆی دانـیشی دەرکـرد لـە مـەیدانـا
کـە رەخشی تـەبعـی (رامـی) هـاتـە سەر میقرازەکـەی تـەعلیم،
ریــکــابــی پــای بـۆسن (سالـم) و (مـەشوی) لـە دەورانـــا

***

(٤) دەنـاسی قـاتـیـلـی دڵ گـەر نـیـگـەهـ کـەی سووی مـوژگـانت،
ئـەداکـە خـوێن بـەهـا سا (بـۆسە)یـێ دەستـم بـەدامـانت
تـــەواو نـــابــێ لـــە سەودای عـــاریـــزت بـــۆ دڵ گـــرفـتـــاری،
لـەداوی (تـوڕڕە) بـەربـوو کـەوتـە نـاو چـاهـی زەنـەخدانت
سەرم ئـەوەڵ قـەدەم دانـا لـەسەر کـووچـەی رەهـی عـەشقت
دڵ و دیـنـم بـەیـەغـمـا چـوو لـەسیـحری چـاوی فـەتـتـانت
ئەپرسی گەر لـە مـەهـجوورت بـەپـەیکـانی موژەت (سەوگەند)
خـەمـیـدە قـامـەتـە سالـم کـەمـان ئـاسا لـە هـیـجـرانت

***

سالم لە فارسییا دەستێکی باڵای بووە و لەبەرئەوەی  کە چووەتە تاران و لەوێدا بەینێکی زۆریش ماوەتەوە، ئەم زمانە بە تەواوی تێکەڵ بە کوردییەکەی بووە و لەگەڵی لە شێوەکانیا وشەی فارسیی لەگەڵ کوردی بەبێ فەرما بەکارهێناوە، بەلای ئەوەوە «ستیز، پایین، أزبس، لب خشك، لب تشنە، سبکبار، سبکسر، ار، وە (واە)، نزدیك، .....» هەمووی لەجیاتی وشەی کوردی بەکار ئەهێنرێت.

بـەڵام ئـەتـوانم بـڵـێم کـە سالـم ئـەم وشانـەی لـەبـەر نـەبـوونـی وشەی کـوردی بەکارنەهێناوە. بەڵکو بەپێی لێکدانەوە و عادەتی ئەو ڕۆژە تێئاخنینی ئەم تەحرە وشانە نەك بەکوردی هەتا بەزمانی تورکیی عوسمانی، بەهونەر و زانایی ئەژمێررا هەروەکو کە ئیمڕۆ لاوە خوێنەوارە بەرزەکانمان لە نووسین و ئاخاوتنا ناو بەناو بەکارهێنانی چەند وشەیەکی ئینگلیزی وەیا زمانێکی تری بێگانە بە پێویستییەکی شارستانی دائەنێن. ئەگینا تۆ بڵێی شاعیرێکی زانای وەکو سالم نەهاتبێ بەبیریا کە لەم بەیتەدا:

فەمـم دەریـا دڵـم زەورەق منم تاجیر وەسڵ بەندەر،

دەبێ یا تەرکی بەندەر کەم وەیا نەزدیکی ئافەت بم.

لەجێی وشەکانی (فەم) و (نەزدیك) و ... وشەی (دەم) و (نێزیك) و ...دابنێ کە وەزنی شیعرەکەشی پێ ناگۆڕێ.... کەوابوو سالم ئەو تەرحە وشە فارسییانەی بەتایبەتی و بە ناوی شارەزایی بەزمانی بێگانە بەکارهێناوە کە ئەمەیش لەو ڕۆژەدا باو بووە.

بەڵام لە نیوەشیعری:

«تـەریـقـی عـەشقت» ئـەر ون کـەم، «تـەریـق»ی دەشتی مـەحشەربـم دا هـەرچـەن بەئاسانی ئەیتوانی بڵێ:

ئەگەر ڕێی عەشقی تۆ ون کەم تەریقی دەشتی مەحشەربم

چونکە مەبەستی ئەوە بووە «جیناس»ێك بەکاربێنێ کە لە وشەکانی:

«طریق و تەریق»دایە کە یەکێکیان بەمانای «ڕێگە»، وە ئەویتریان بەمانای «شەرم کردن=تەریقبوونەوە» هاتووە، وشە بێگانەکەی (تەریق)ی بەکارهێناوە،

بەوێنەی ئەمانەی سەرەوە

سالم، لەجیاتی:

کە «شەیتان»یش «ستیز»م دا

وەیا لەجیاتی:

ڕەهی کۆی دلبەرم دوورە بە«سالم» ناگەمە مەقسەد،

ئەیتوانی بڵێ:

کە «هان»یشم بدا شەیتان

وه:

به یادی ماچی لێوی ئاڵی تۆ من هێنده لێو وشکم

وه:

ئەوەند ڕێی شاری دلبەر دووره ڕەنگە پێی نەگەم «سالم»

که ئەتوانم بڵێم ئەو (جیناس)ەی که لەوشەی (سالم)ی نیوه شیعری دواییدایە:

رەهی کۆی دلبەرم دووره به (سالم) ناگەمە مەقسەد

لەپاش گۆڕانی نیوەشیعرەکە بە:

ئەوەند ڕێی شاری دلبەر دووره ڕەنگە پێی نەگەم (سالم)

جوانتر و ڕەوانتر بووه وه دەرکەوتووه.

لەگەڵ ئەمانەشا ئێمە ڕەخنەیەکی بچووك لە(سالم) ئەگرین. چونکه وشەی (بەسالم)ی لەمانای (بەسەلامەت)دا بەکارهێناوه. که ئەمە نیشانەی کەمتەرخەمییە نەك شتێکی تر.

ئیتر لەم لایەنەوه دەربارەی شیعری (سالم)، دوایی بە وتار ئەدەین.

ئەم غەزەلەی خوارەوەی سالم سەرانسەر پڕە لە جوانی و (سەنعەتی) ئەدەب وه وێنەیەکی بەهاداری شیعری تەقلیدییە:

لەسەر ڕوو (دانە)ئی خاڵت بە(فەن) (دانا)وه ئەیزانم
به قەسدی(١) مورغی دڵ زولفت بەدەورا (داوه) ئەیزانم
گران خێزی له ڕەفتارا، بەهانەت عوجب و تەمکینە،
بەبالاّتا لە کیسوو ئەژدەها ئالاّوه ئەی زانم
خەریکی دڵ نەوازیمی بەچاوی مەرحەمەت زاهیر،
نیهانی، بۆ (سەرم) تیغی برۆت (ساو) داوه ئەیزانم
سیەهـ دڵ مەردمان چی بکەم لەشەرعا شایەتی نادەن،
دزینی دڵ لە سینەمدا فتووری چاوه ئەیزانم

(١) ئەمان ویست لەجیاتی بە (قەسد وەیا بەقەسد)ی، بەقەستی دابنێین، بەلاّم !.

وەکو سینـەم ئـەبـێ تـێك چـێ لـەهـەر جـێ دڵ قـەراری بـێ
لـــە زولـــفـــا ئـــاشیـــانـــی بـــەستـــبـــێ شێواوە ئـــەی زانم
لـەڕووی بـەرقـی تـەجـەللای حوسنتـا موشکل دڵم چا بێ،
موجەسسەم گەر بە سەنگی (خارە) بێ، سووتاوە ئەیزانم(١)
(فـریب)ی دڵ ئـەدەم دائـم بـە مـوژدەی روئـیـەتـی حـوسنت،
ئەگەر چی (وەسڵ)ی تۆ عەنقا سیفەت هەر ناوە ئەی زانم
(قیامت)(٢) حـەشرە بـۆ عـالـەم وە (لاکـن) هـەر لـە ئێستـاوە
(خـــواوەنـــد) بـــۆ (رەقـــیب)م (دۆزەخ)ی تـــاو داوە ئـــەیـــزانم
مـوبـالاتـی نـەبـوو (دلـبـەر) بـە حـاڵـی (سالـم)ی مـەزڵووم،
بـە (حـەرف)ی «مـودەعـی»ی زالـم بـەدڵ تـۆراوە ئـەیـزانم

***

ئەمانەی خوارەوەش چەند «بەیت»ێکە لە غەزەلێکی غەرامیی سالم، کە هەرچەند لەلایەن «مەوزووع»ەوە شتێکی تازە و نەبیسراو نییە وە لەو لاساییکردنەوانەیە کە بـەشێکـی هـەرە زۆری شاعـیـرەکـانـی کـورد و عـەجـەم و تـورکـی «قـەرن»ی پێشوو کردبوویان بە پیشە، بەڵام لەلایەن شێوە و «ئوسلووب»ەوە ئەتوانین بڵێین کە شتێکی تازە و تایبەتییە بۆ سالم.

حیکایەت خوانە «تووتیی دڵ» بەدەوری (دام)ی گیسوودا
«مـەزەنـنـە» عـەکسی خـۆی دیـوە لـەنـاو «ئـاوێنـە»یـی ڕوودا
لەبت بۆ «داروو»یێ جێ«نێش»ی ماری زولفەکەت نەت دا
هـەتـا ئـەمـرم بـەحـەسرەت، بـا، بـدەم دەستـم بـە«زانـوو» دا

---

(١) ئەم (بەیت)ەی سالم ئیشارەیە بۆ ئایەتەکەی (قورئان) کە باسی (واتە)کەی بەینی خوا و (مووسا) ئەکا، کە ئەڵێ خوا بە مووسای فەرموو ناتوانی بمبینی (لن ترانيي!)، بڕوانە کێوی (توور)! کە (مووسا) ڕوانی، (توور) سووتابوو و بووبوو بە کۆی زوخاڵ.
(٢) (قیامت= هەڵسانت) لێرەدا لەگەل «قیامەت» بە جیناس بەکارهێنراوە، بەڵام بەپێی ئیملای کۆن کە هەردوو وشەکە وەکو یەك «قیامت» ئەنووسرێ جیناسێکی «شکلی» تیا هەبوو، بەپێی ئیملای تازە کە لە شکڵی قیامت و قیامەت نووسران ئەو جیناسەی تیا نامێنێتەوە.

تـەمـام بـوو حـەڵقـە کـەم دەستم لـە«قـەد»دت، زولفت ئـاڵۆزا
نـیـهـان بـوو مـەتڵـەبم وا کـەوتـە سـەریـەك مـوو بـەسـەر موودا
دڵـی تـووتـی لـە پـەروازا لـەسەر گـوڵ لـەنـگـەری راگـرت
کـە یـاری شۆخ و شیـریـنـم سەحـەر وەسمـەی لـە ئـەبـرووا
لـە عـەهـدی دیـدەنـی یـارا دڵ و سیـحـەت گـەلـیٚ (ضد)دن
« بە سالم» کەی ئەمینێ بان، ئەگەر چنگی لە «تەیهو»دا،

ئەو تەشبیهە جوانانەی کە لەم شیعرانەی سەرەوەدایە، لەلایەنی ئەدەبەوە زۆر شیـریـن و بـەلـیـغـن، بـەڵام داخـەکـەم سالـم لێرەیشا جـارێکی تر لـەجێی «سالم» وەیـا «بـەسـەلامـەت» تـەعبیری «بـەسالم»ی بـەکـار هـێنـاوە، وە تووشی هـەڵـە بـووە، چونکـە هـەموو ئـەیزانین کە تـەنیا وشـەی «سالم» کە ناتوورەی خۆیەتی بـەس بوو بۆ ئـەو مـانـایـە کە لە نیوە شیعری دواینی غەزەلەکەی سەرەوەردا مەبەستیەتی ...

ئینجا لەم تەشبیهـ و ئیستعارەیە بڕوانن کە لە نیوە شیعری خوارەوەدایە:

«لەب»ت بۆ «داروو»یێ جێ نێشی ماری زولفەکەت نەت دا

بەڕاستی شاعیرانەیە!.

## «سالم» و «عەزیزبەگ»ی بابان

سالم ئەوەندەی بە لەناوچوونی حکوومەتی «بەبە» و سەربەخۆییی کورد خەمبار و دڵ ئـازوردە بـووە، بـە کـوژرانـی عـەزیز بـەگی قـارەمـان و نـەوجـەوان ئـەوەندەی تر ئێش چووەتە دڵی بەتەرحێ کە لە زۆری شیعر و غەزەلەکانیا هەست بەم ئێشە ئەکرێ. سالم، وا دەرئەکەوێ کە دۆستێکی تایبەتی «عەزیز بەگ»یش بووە وە ئازایی و شاسواریی ئەم قارەمانەی کورد، زۆر چووە بەدڵیا و کاری تێ کردووە.

پـەنـاهـم شاسوارێکـە گـوزەرکـا گـەر بـە «ئـەلـبـورزا»
ئـەکـا زەربـی سمـی ئـەسپـی لـە (خـارا) تـووتـیـا پـەیـدا
بـە «حـوجـجـەت» نـیزە گـەر لـێ دا سوپـەر وەك کـاغـەزی قـەندە،
بـەهـەر زەربـێ لـەگـەڵ بـازووی ئـەو حـوکـمـی قـەزا پـەیـدا

سفـیـدەی چـاوی بـەدخـواهـی لـە حـەسرەت نـیـزە و دەستـی
(زیـا)ی درعـی ئـەکـا بـۆ دوژمـنـان ڕۆژی سیـا پـەیـدا
لـە «سام»ی حـەملـەیـی ئـەو بـۆ عـەدوو هـەرجـا حـەزەر لازم،
لـەدەس ئـەو بـوو کـراسی «ڕۆمـی» یـان شێوەی «کـەوا» پـەیـدا

***

لـە دەریـای مـەعـرەکـەی تـیـغـی نـەهـەنگـی گـەر نـومـایـان بێ،
لـەنـاو ئـۆردووی تـورکـانـا ئـەبـێ شین و سەدا پـەیـدا
ئـەگـەر ئـاوی بـەقـای نـۆشی بـێ دوژمـن فـائـیـدە نـادا
لـە مـەوجـی جـەوهـەری تـیـغـی، «حرووف»ی «لابـەقـا» پـەیـدا
بـەزەربـی زەرگـی ئـەو، دوژمـن وەکـو پـووشە بـەدەم بـاوە
لـە مـیـغـنـاتـیسی دوور بـیـنـی فـنـوونـی کـارەبـا پـەیـدا
«عەسای مووسا»یە «مەر»(*) نیزەی، لە ڕەغمی مشتی فیرعەونی،
بـە بـەرقـی ئـاتـەش ئـەفشان و بـە شکـلـی ئـەژدەهـا پـەیـدا
(وەلـێ) تـالـیـع نـەبـی، پـۆشیـدەیـە جـەوهـەر لـەڕووی دونـیـا،
بـەمـەیـدانـی دلاوەر حـاسڵـی کـۆشش جـەفـا پـەیـدا
«عـەزیـزە» وا لـەنـاو چـاهـا! خـواوەنـدا نـەجـاتـی دە!
لـە چـەهـرەی ئـەو بکـا یـەعـقـووبـی دڵ شێوەی سەفـا پـەیـدا
خـوایـە! مـوڵـکـی (بـابـان) بـێ ڕەواج و قـەڵـبـە سا لـوتـفـێ
بـە ئـیـکسیـری وجـوودی ئـەو بـکـا وەك مـوو بـەهـا پـەیـدا

***

ئەگەر لەم شیعرە بەنرخ و جوانانەی خوارەوەش ورد بینەوە ئەبینین کە دڵی (سالم)، وەکو (نەی)ە کەی «مەسنەوی» هەر لە «جودایبا» ئەدوێ و بە یادی «عەزیز بابان»ەوە ئەناڵێنێ.

ڕەهـا نـاکـا دڵـم «تـورڕە»ی خـەمـی یـار،
سەری نەبڕن ئەگەر وەك پەرچەمی یار

(*) مەر= مەگەر= تۆمەز

(عـەزیـز)ە دڵ هـەتـا ئـەمـرم بـەقـەد جـان،
زەمـانـیٚ چـونـکـە ئـەو بـوو مـەحـرەمـی یـار،
بـبـۆسـە ئـەی سـەبـا گـەر چـوویـە مـەقسەد،
لـەبـاتـی مـن بـە فـرسـەت نـاو دەمـی یـار،
لە(بەندا) زەریی هـەر(موو) کەوتـە سەر دڵ،
وەکو (درهـەم) لـە توڕڕەی (دەرهـەم)ی یـار
دڵـی تـەنـگـم نـەبـیـنـیـی ڕوویـی شادی،
رەفـیـقـم بـیٚ ئـەگـەر غـەیـرەز غـەمـی یـار
دەبـیٚتـە بـاغـی جـەنـنـەت دەفـعـەیـیٚ بـیٚ،
بـە (کـولـبـە)ی سالما گـەر مـەقـدەمـی یـار

***

لەم شیعرانەدا، بە وردبوونەوەیەکی کەم، ئەو جوانیی وشە و مانا (موحەسەنات)، و ئەو سەنعەتە ئەدەبییانەمان بۆ دەردەکەوێ کە لەم واتە شیرینانەدایە، مەسەلا ئەمە تەفسیری بەیتی یەکەمە:

ئەگەر سەری توورەی لوولی یار وەکو سەری
پەرچەمی ئەبڕن دڵی سالم بەندی ئەو توڕڕە
لوولە کە بۆی بووە بە (داو)، ڕزگاری نابیٚ

ئیتر بەمەندە دوایی بەباسی سالم ئەهێنین و ئەڵێین کە لەناو شاعیرەکانی کوردی قـەرنـی [نۆزدەمینی]، شاعیرانی نیشتمانپەروەر هەڵکەوتبیٚ، جێگەی (سالم) لەناو ئەوانەدا لەڕێزی یەکەمایە...

ئەوانەی کە نامە ئاڵوگورکراوەکانی بەینی سالم و (نالی) یان دیبی و خوێندبێتەوە پلـەی عـەشقـی نیشتیمـانـی ئەم دوو بوێژە ناو دارەی کوردیان بوو دەرکەتووە وە بەتایبەتی لەوە گەیشتوون کە رووخانی حکومەتی «بەبە» و کارەساتی کە بەسەر کورد و «ناوچە»ی حکومەتی کورد هاتووە، چە ئاگرێکی لە دڵی سالما کردووەتەوە وەچون کلپەیێکی ئارام برریی بەرداوە.

# سەلام



شێخ سەلام لە نەوەی شێخەکانی عازەبانە و کوڕی شێخ ئەحمەدە، لەساڵی ١٣١٠ی هیجری هەر لە (دێ)ی «عازەبان» لەدایك بووە. بەڵام لەبەرئەوەی کە پەروەردەی شاری «سلێمانی»یە و لەوێ گەورە بووە بە خەڵقی ئەم شارە ناوبراوە. تەنگوچەڵەمەی دونیای زۆر دیوە و گەلێ کارەساتی بەسەر هاتووە لەبەر ئەوە هەر لە تەمەنی لاویا ڕووی کردووەتە پیری و سەر و ڕیشی سپی بووە. لەسەر پێ و ڕەوشتی ئیمڕۆ و لە قوتابخانەکانی میری نەیخوێندووە. چونکە تەمای وابووە کەببێ بە «مەلا» لەبەر ئەوە لەلای (مەلا)یانی کورد خوێندوویەتی و لە علوومی دین و عەرەبییا بەشی وەرگرتووە. فارسییش باش ئەزانێ. (چوار خشتەکی)یەکانی (عومەر خەیام)ی، هەر بە (نەزم)، وە بە وێنەیەکی جوان گۆڕیوە بە کوردی و بەمە خزمەتێکی گەورەیی ئەدەبی کوردی کردووە.

خاوەنی بیر و زەکایەکی تیژە. زرنگ و وەرام لە مست و نوکتەبازە. زمانی ڕەخنەی زۆر درێژە وە لەسەر قسە دانامێنێ. سوحبەت خۆش و مەجلیس ئارا و دەم بە خەندەیە. زۆر چاو (تێرە)، دڵیشی ناسکە و زوو ئەتۆرێ. تەرزی شیعری تایبەتییە بۆ خۆی، زۆری شیعرەکانی نیشتمانییە. بە پێچەوانەی شاعیرە کلاسیکییەکان، غەزەلیاتی عەشق و غەرامیی زۆر کەمە. چەند نامیلکەیەکی ڕەخنەیی و کۆمەڵایەتی نووسیوەتەوە، بەڵام وا ئەزانم کە هێشتا لە چاپی نەداون. ئەمە وێنەیەکی شیعری نیشتمانی (سەلام)ە:

## کورد

ئێشی سەختە، گل ئەکا هەردوو (گلێنە)ی چاوی کورد
دەردی بێ دەرمانە دەردی قەومی لێقەوماوی کورد

هـەر کـەسێ هـەڵسێ بـەخـوێنی نـاحـەقی یـاری ئـەکـا،
کـەس نـییـە رەحمـێ بکـا ئـیمڕۆ بـە دوو دامـاوی کـورد
بۆچی ئەستێرەی (گەل)ی کورد کەوتە (گۆم) و چاڵەوە؟
بـۆ لـەنـاو (نـاو)انـی دونـیـادا نـەمـاوە (نـاو)ی کـورد؟
بەسیەتی هەڵسە لەخەو سەر (راو)ی گرتی دوژمنت،
(بێچووە شێر)ی (لانە)و تازە (رەسیدە) لاوی کورد!
بـۆ چ لـەژێر خـاکـا بمێنـێ، ژەنگ هـەڵێنـێ، هـەڵوەرێ؟
ڕاپەڕە هەڵمەت بەرە (شمشێر)ی تازە (ساو)ی کورد!
نـامـرێ ڕۆژێ ئـەبـێ ئـەم قـەومـە ئـیشی ڕێ بـخـا،
ڕاپـەرێ وەك (شێری بـێشە) كـۆمـەڵـێکـی لاوی کـورد
بێتە ڕیز و یەك ببەستێ، یەك گرێ گەورە و بچووك
سەیـری کـە ئـەوسا ببـینـە هـەڵـمـەتـی پڕتـاوی کـورد

سەلام، وەکو لە پێشەوە وتبوومان، لەشیعرا، (ئوسلووب)ێکی تایبەتی خۆی هەیە. لاسایی شاعیرەکانی پێش خۆی نەکردووەتەوە. وشەی بێگانەی (فارسی، عەرەبی) کەم بەکارهێناوە. لە (خەیاڵ) زیاتر شوێن ئەو شتانە کەوتووە، کە هەیە و هەستی پێ ئەکرێ وە بە بەرچاویا تێ ئەپەڕێ ویا (ڕوو) ئەدا. واتە لەو شاعیرانەوە نزیکترە کە پێیان ئەڵێن (واقیعی).

بە زۆرەملێش سواری شیعر نەبووە. کە شیعری بۆ هاتبێ خستوویەتە سەر کاغەز. لەبەر ئەوە شیعرەکانی ڕەوانە و دڵگیرە. بە بۆنەی بەڕەحمەتچوونی ئەحمەد بەگی ساحیبقرانەوە شیعرێکی شین (رثا)ی بە سۆزی بۆ وتووە کە ئەمە تەرزە تایبەتییەکە و دەسەڵاتی سەلام لەم جۆرە شیعرانەدا دەرئەخا.

ئەمە، شیعرەکانی سەلامە:

### شیوەن

بـڵـێسەی گـڕی دەروونـی پـڕ کـوڵ،
بـۆ چ نـاسووتـێنـێ پـەڕەی ڕەشی دڵ
هـەر هـەڵـئـەقـرچـێ بـۆ نـەبـوو بـە ئـاو؟
بـۆ نـەتـکـا تك تك؟ بـۆ گـلـێنـەی چـاو؟

دوو گۆمی خوێنە هەر دوو جێگەی چاو
سووتاو، هەڵ قرچا دڵ نابێ بە ئاو(١)

***

بـۆ شیـوەن، دڵـم کـانـگـە و ئـەساسە،
(کـۆست)ی کـەوتـووە بـازاڕ کـەساسە
بـۆ شیـوەن بـەرزە (نـەو ئـاواز)ەکـەت،
شادی دەس نـادا لـە دەروازەکـەت
بـەکـوڵ گـەرمـی تـۆ هـەناسە سەردم،
مـنـیش کـۆمـەڵـێ زووخـاو و دەردم
(زایـەڵـە)م بـەرزە وەك بـولـبول بـۆ گوڵ
دامـاوی کـزە و قـرچـەی جـەرگ و دڵ
لـە (زایـەڵـە)ی دڵ دەم وا دڕیـاوە،
وەجاغی (کوردی) و (سالم) بڕیاوە(٢)
خـاوەنـی «دیـوان» شیـعری جوانم ڕۆ!
شاعـیـری بـەرزی کـوردستـانم ڕۆ!

***

مـیـرم تـۆ تـەنـهـای لـە قـەبری تـارا،
مـنـیش بـێ کـەسم لـە کـووچـەی شارا
مـیـرم تـۆ دیـلـی ژێر خـاك و سەنگی،
وێڵ وێڵ خول ئەخۆم من بە دڵتەنگی
مـیـرم هـاودەمت لـوتـفـیـی رەحـمـانـی،
«مـا»م بـە کـەساسی مـن لـە سلێمـانـی
بـڕا بـە بـاڵای ئـەم هـۆزە کـفـن،
بـەر گـردی نـەمـا لـەشکـری دوژمـن

(١) وشەی ئاو دووجار کراوە بە قافیە کە ئەمە ڕەخنەی لێ ئەگیرێ. هەرچەند شاعیرەکانی ئەم چەرخە بەرەو لابردنی قافیەش ئەڕۆن.
(٢) لە باسی «سالم»دا وتبوومان کە ئاموزای «کوردی» و «حەمدی = ئەحمەد بەگ»ە.

دڵ بـو تـاریـخـی پـەردەی خـۆی دڕی،
ڕۆحـی شیـریـنـی شاعـیـر هـەڵـفـڕی(١)

***

## سەلام و روباعییەکانی خەیام

وتبوومـان کە (سەلام)، چوارخشتەکییەکانی (خەیام)ی بەوێنەیەکی جوان گۆڕیوە بە کوردی. لەوەختی خۆیا و پێش ئەوەی کە لە چاپی بدا بۆ چەند ڕۆژێ، مسوەدەکانی بۆ ناردبووم و چاوێکی پیا خشاندبوو. بەڕاستی هونەری تیا خەرج کردووە وە پێوە ماندوو بووە. ئەم ماندوویەتیەشی بە خەسار نەداوە، چونکە دیارییێکی ئەدەبیی نایابی پێشکەشی قەومی کورد کردووە. ئەوەندە هەیە کە ئەگەر تەرجەمەکانی سەلام لەگەڵ روباعییەکانی خەیاما بەرئاورد بکرێ لە هەندێکیانا ڕەنگە تووشی ڕەخنەیەکی تەواو ببێ. ئەمەش لەبەر ئەوە نییە کە (سەلام) لە تەرجەمەدا بەهەڵە چووبێ و یا دەسەڵاتی تەرجەمەی نەبووبێ، بەڵکو ئەتوانین بڵێین ئەو تەرجەمانەی کە لە ئەسڵەکانیان ناچن، زۆر جوان و بێ عەیبن. ئەوەندە هەیە کە نابێ بە تەرجەمەیان دابنێین، چونکە لە تەرجەمە زیاتر، هی (سەلام) خۆیەتی، ئەگەر لەگەڵ روباعییەکانی (خەیام) لەلایەن مەفهووم و ماناوە نزیك بەیەك بکەونەوە، لەبەر ئەوەیە کە (سەلام)، لەژێر «ئەئسیری» «ئیلهام»ێکا، نووسیونیەوە کە لە خوێندنەوەی روباعییەکانی «خەیام» بۆی پەیا بووە. بـە کـورتـی، یـەکـەم شت کـە لـە تـەرجـەمـەکـەی «سەلام»دا بـەر چـاو ئـەکـەوێ، زۆری دەسکارییە لە بەشێکی روباعییەکانا. هەرچەند بەم دەسکارییە لە مانا زۆر دوور نەکەوتووەتەوە، بەڵام لەوەیش ناچێ کە بەرگی کوردی کرابێتە بەر «شیرین»ێکی فارسی بەڵکو ئەم شیرینە، دەس لە زاجو و پەرچەمیشی دراوە. لەکاتی خاڵ و میل ڕشتنا هەندێ جێی چاو و برۆشی تووشی دەسکاری هاتووە.

مەسەلا

بـرخـیـز و مـخـور غـم جـهـان گـذران،
خوش باش و دمی بەشادمانی گذران

---

(١) بە ئیملای کۆن، (روح شیرین شاعر) ئەکاتە ١٣٥٥ کە بە ساڵی هیجری مێژووی ئەمری خوا بەجێهێنانی ئەحمەد بەگە.

در طبع جهان اگر وفایی یبودی

نوبت به توخودنیامدی از دگران

که یەکێکە لە روباعییەکانی خەیام، سەلام بە چەشنی خوارەوە گۆڕیویە بە کوردی:

هەڵسە غەم مەخۆ، دونیا وەك بایە،

بە شادی بژی دەرچوو لەم کایە

گەر دونیا سەری وەفای ببوایە

لەبەر خەڵق نۆرە بۆ سەر من نایە

لێرەدا ئاشکرایە کە دەسکارییێکی زیاد کراوە. لەوەش بەو لاوە، نازانم بۆچی «سەلام» لە نیوەشیعری چوارەما لەجیاتی ئەوەی بڵێ:

لەبەر خەڵق نۆرە بۆ سەر تۆ نایە

وە بەم ڕەنگە، تەعلیلی غەم نەخواردنی ئەو موخاتەبە بکا کە لە نیوەشیعری یەکەما مەبەستیەتی، ئەڵێ:

لەبەر خەڵق نۆرە بۆ سەر من نایە

بەڵێ، لەگەڵ (سەلاما)، ئێمەش ئەڵێین: کە مەبەستی خەیام نەفسی خۆیەتی و بە خۆی ئەڵێ:

هەڵسە غەم مەخۆ ...

بەڵام، دیسانەوە قاعیدەی ئەدەب وای ئەوێ کە لە میسرەعی چوارەمیشا نەفسی خۆی بکا بە موخاتەب، نەك بە قسەکەر (موتەکەلیم). واتە ئەبێ بڵێ:

..... نۆرە بۆ سەر (تۆ) نایە

نەك بڵێ:

لەبەر خەڵق نۆرە بۆ سەر (من) نایە

ئەوەش لەوێ بێ، کە (نایە)، ئەگەر لەبەر ناچاریی قافیە نەبێ و بە ئیملای ڕاستی بنووسرێ، ئەبێ بە (نایێ). ناهەمواری (ڕەکاکەت)ێکیش لە مانای نیوە شیعرەکانی سێیەم و چوارەما هەیە ئەگەر تێی ورد نەبیتەوە، هەستی پێ ناکەی. ئەوەش ئەمەیە:

گەر دونیا سەری وەفای ببوایە،

لەبەر خەلق نۆرە بۆ سەر تۆ نایە

(ببوایە)، وەرامەکەی بە (نەئەهات) ئەدرێتەوە، نەك بە (نایە و یا نایێ). جێی شك نییە کە ئەمەیش لەرێی وەزن و قافیەدا وای بەسەر هاتووە.

ڕەخنەی دووەممان لە ڕیز، واتە لە تەرتیبی روباعییەکانە. روباعییەکانی خەیام گۆڕاوەتە سەر گەلێ لە (زمان)ە بێگانەکان، و دوور نییە کە ئەو روباعیاتەی سەلام، تەرجەمەکەی لەبەرا کردووە بەپێی ئەم ڕیزە نووسرابێ کە پێشانی داوین و لە گۆڤاری (گەلاوێژ)ا بڵاوی ئەکاتەوە. بەڵام بێتو ئەمانە لەگەڵ تەرجەمە بە نرخەکەی (حسێن دانش)ی زانای تورکا بەرئاورد بکرێ (پاش و پێش)ێکی زۆری تیا ئەبینرێ. بەلاشمانەوە وایە کە تەرجەمەکەی (حسێن دانش) لەزۆری ئەو تەرجەمانەی بەر چاوی ئێمە کەوتووە باشترە وە لە (ئەسل)ی (روباعی)یەکانی خەیامەوە نزیکترە(١) حسێن دانش خۆی بەستایشەوە باسی تەرجەمەکەی دکتۆر عەبدولڵا جەودەت ئەکا. لەگەڵ ئەمەشا ئەڵێ کە گەلێ لەو روباعییانەی بە هینی خەیام زانراوە و لە تەرجەمەکەی عەبدولڵا جەودەتا نووسراوە لە حەقیقەتدا هیی خەیام نییە. بێینەوە سەر تەرجەمەکەی (سەلام)، ژمارەی ئەو روباعییەی خەیام کە لەسەرەوە لێی دوابووین، لە کتێبەکەی حسێن دانشا ١٢٤، بەڵام لە تەرجەمەکەی (سەلاما) ٥٢وە. هەروەکو ئەمە، (سەلام) لەژێر ژمارەی ٥٣دا ئەم روباعییە ئەنووسێ:

عومرت دوو سەد بێ، سێ سەد بێ، هەزار
لەم وێرانەیە دەرئەچی ناچار
هەر دوو یەك نرخە، هەر وەکو یەکە،
پاشای شاران بی، یا گەدای بازار

بەڵام ئەمە لە کتێبەکەی حسین دانشدا لەژێر ژمارەی (٦٧) تا نووسراوە وە بەم ڕەنگەیە:

---

(١) ئێمە وەکو لە پێشا وتمان هێشتا چاپ نەکرابوو کە تەرجەمەکەی «سەلام»مان بەر چاو کەوتبوو. لەبەر ئەوە لەلایەن ڕیز (تەرتیب)ی چوارخشتەکییەکانەوە بەو جۆرەی سەرەوە دوابووین بەڵام لەساڵی ١٩٥١دا کە لە چاپی دا، لەسەرەتای کتێبەکەیا ئەڵێ، (سەلام ئەڵێ): لەناو هەموو تەرجەمەکانی (روباعیاتی خەیام)دا هینەکەی حسێن دانشی هەڵبژاردووە و تەرجەمەکەی خۆی لەبەرا کردووە ئەم واتەیەی «سەلام» خۆی، زیاتر ئەبێتە هۆی ئەوە ڕەخنەکەی سەرەوەی ئێمە بەجێ دابنرێ.

عمرت چه دو صد بود سیصد چه هزار،
زین کهنه سرا برون برندت ناچار،
گر پادشهی و گر گدای بازار،
این هر دو به یك نرخ بود آخر كار

***

لەگەڵ ئەمەشا کە «سەلام» لەجیاتی ئەوەی بڵێ: «لەم کۆنە سەرایە بە ناچاری ئەتبەنە دەرەوە»، ئەڵێ: «لەم وێرانەیە بە ناچاری ئەچیتە دەرەوە»، دیسانەوە لە ئەسڵی ماناکە دوور نەکەوتووەتەوە، بەڵام لە تەرجەمەی ئەم روباعییەی خوارەوەدا کە ئەڵێ:

از آب و گلم سرشتەای من چە کنم؟
وین پشم و قصب تو رشتەای من چەکنم؟
هر نیك و بدی کە از من آید بە وجود،
تو بر سر من نوشتەای من چەکنم؟

***

«سەلام»، دەسکاری (تەسەروف)ێکی وای کردووە کە وا ئەزانم بەجێ نەبێ، چونکە باوەڕ ناکەم کە «ئەمینداری لە وەرگێڕان» وەیا سەلیقەی ئەدەبی، ڕێی ئەوە بدا کە لەجیاتی:

هر نیك و بدی کە ازمن آید بە وجود

بڵێین:

چاکە و خراپە هەموو تۆ ئەیکەی

لەبەر ئەوە بێت و «سەلام»، لێمان ببوورێ، ئێمە ئەو نیوە شیعرە ئەگۆڕین وە ئەیکەن بە:

چاکە و خراپەی من ئەیکەم بە ناو

وە ئەوسایە چوارخشتەکییەکە هەمووی بەم جۆرەی لێ یێ:

منت دروست کرد لە گڵ و لە ئاو،
«خوری» و قامیشت(١) هوندەوە تاو تاو

(١) حسێن دانش، وشەی قەسەبی بە «کەتان» تەرجەمە کردووە.

چـاکـە و خـراپـەی مـن ئـەیـکـەم بـە نـاو
یـەك یـەك نـووسیـوتـە و مـن ئـەبم بـەدنـاو

***

کە وا ئەزانم لەبەر جیاوازیی مانای وشەکانی «ناو» لە نیوە شیعرەکانی سێیەم و چوارەما، ئەوە بە بیرا نایێ کە چۆن یەك «قافیە» لە روباعییەکا دووبارە ئەکرێتەوە، چونکە لەبەرئەوەی کە جارێکیان لەگەڵ «بە»وە جارێکیشیان لەگەڵ «بەد» یەك کەوتووە، دوو وشەی تێکەڵ (کلمەی مر کب)ی لێ پەیا ئەبێ، کە هەر یەکە مانایەکی هەیە. واتە قافیەکان تەنیا شتێك نییە دووبارە کرابێتەوە و ڕاستە. جگە لەمە بەم ڕەنگە چوارخشتەکییەکەش بووە بە «روباعی تەرانە»(١) ڕیزی ئەم روباعییە لە تەرجەمەکەی «سەلام»دا (٥٤)ە و لەلای حسێن دانش، ٢٢٧ە.

سەلام، لە شیعری ڕەخنە= (ئینتقادی) و (گاڵتە و گەپ = کۆمیك)دا دەستێکی هەیە. بە یادی «دێوانە»ی «عێل بەگی» ناودارەوە زنجیرە شیعرێکی زۆر جوانی هەیە. لەبەر ئەوەی کە دووروودرێژە، لە هەر پارچەیەکی، چەند بەیتێکی ئەخەینە بەرچاوی خوێنەرەکان:

١- دونـیـا هـەمـووی فـڕ و «فـێڵـە»،
فـڕ و فـێڵ و «بـەنـد»و بـاوە
ڕاستـە، ڕاستـی هـەڵـگـیـراوە،
درۆ خـۆشە بـە لـێشاوە
مـن لـە درۆ گـوێ نـاگـرم
«ڕاستـی»م ئـەوێ هـەتـا ئـەمـرم
٣- ڕێگـای ڕاستـی نـاهـەمـوارە،
چـەوت و سەخت و نـالـەبـارە

(١) روباعی، جۆرە شیعرێکە لە «ئێران»ەوە داهاتووە و لە چوار نیوە شیعر (میسرەع) دروست ئەکرێ. نیوە شیعرەکانی یەکەم و دووەم و چوارەمی لەسەر یەك قافیە، ئەڕوا. بەڵام واش ڕێك ئەکەوێ کە هەر چوار میسرەعەکەی موقەفا بێ، ئەوسایە پێی ئەڵێن: «روباعیی تەرانە».

تــەلــیسمــی دێوی تــیــا دیــارە،
گـــــەڕانـــــەوەم لــــەلا عــــــارە
ئــەڕۆم ئـــەڕۆم هـــەتـــا مـــردن
بـــە ڕاستــیــیـــە ڕێ دەرکـــردن

***

٤- «تــوولــە» ڕێگــەی سەخــتــی بــاریك
لاپــــێ و پــلـــەی شەوی تـــاریك
ڕێگـــە لـــە مـــن نـــابـــڕن ئـــێوە
هــەر چــەن پـلــە و سەخت و کـێوە
کــاڵــەی ئـــاسن لــە پــێ ئــەکــەم،
ئــەڕۆم هــەتــاکــو پـێی ئــەگــەم(١)

***

٦- ڕێی ڕاستــە ئـێستــە ڕێی نــەهــات،
لای من ڕێی ڕاستە ڕێی نەجات،
«شا» بـۆ حـوکـمـی «پـیـادە» مـاتـە،
ڕێگـــەی ڕاستـــیـــم لا ئـــاواتـــە
ڕاستـــی ڕێگـــەی ئـــازادیـــیـــە
ڕێگــەی سەربــەستــی و شادیـیـە

***

٧- ڕێگــەی چــەوتـیش هــەر قـیـرتـاوە،
(دۆلار) ئـــەڕژێ ئـــەڵـــێی ئـــاوە
بــێ (سەیــارە) تــیــا فـــەوتـــاوە
لــەنــاوا کــەم بــە «پـیـان» مــاوە

---

(١) لە حیکایەتی پیرێژنانا ئەڵێ: کاڵە و پێتاوی ئاسنی لە پێ کرد و ڕۆیی هەتا گەیشتە شاری. ڕوانی کە پێتاوەکانی کون بووە. ئەو دەمە زانی کە گەیشتووەتە جێگەی مەقسەد.

گـەوران سواری «ئـۆتـومـوبـیل»ن
زۆریـان قـەڵـەو ئـەڵـێی «فـیل»ن

***

٨– دێن و ئـــەچـــن بـــە پـــەلـــە پـــەل
«فـرتـە» ئـەكـەن بـەوێنـەی مـەل
نـــازانـــی كـــێ ساغـــە و كـــێ شەل؟
بـەڵام كـێ غـەم ئـەخـوا بـۆ گـەل؟
جـێگـەی هـەنـدێ نـەرم و خـۆشە
ئـــەوانـــیـــتـــر فـــەرامـــۆشە!
١١– دەوری قـــەسری بـــاخ و ئـــاوە
حـەوش و بـانـیشی قـیـرتـاوە
شوورەی سەخـتـی بـۆ كـێشاوە
مـــوتـــوكـــاری لـــێ وەستـــاوە
سواری ئـەبـن بـە كـەش و فش
چـەپـیـان نـیـیـە لـە قـەرەقـوش!
١٥– سەیـارەكـەت پـەنـچـەر ئـەبـێ
زیب و قـــەڕت بـــێ فـــەڕ ئـــەبـــێ
ڕۆژێ خـــاكت بـــەسەر ئـــەبـــێ،
«كوڕ»ت موحتـاجی «كـەر» ئـەبێ
یـــا دەستـــەژنـــۆ دائـــەمـــێنـــی
ئـــەوسا هـــاوار بـــۆ كـــێ بـــێنـــی؟

***

ئەم شیعرانە كە لەسەر مەقامی هەڵپەڕكێی كوردی دانراوە، لە پەنجا پارچەی سێ بەیتی و لە وێنەی تەرجیع بەندا ڕێك خراوە، دڵ ئەیویست هەمووی بنووسین تاوەكو بزانن كە (سەلام)، چەند بە وردی سەرنجی داوەتە چۆنییەتی كۆمەڵایەتی و ئەو دومەڵانە كە لە كونوقوژبنی تاریكی ناو دڵی ئەوانەدایە كە چارەڕەشی، لە هەموو

خۆشی و تام و لەزەتێکی ژیان بێ بەریی کردوون، وەچۆن هەستی بەوەش کردووە، کە ڕەخنەی گاڵتە و گەپاوی لەخوا پێداوەکان و توانج تێگرتنیان، ئەبێ بە داروویی شیفا بۆ بەدبەختەکان و سیاچارەکان، بە تایبەتی ئەگەر بێتوو ئەو خوا پێداوانە لە پۆلی بە فیز و لووت بەرز و خوانەناسەکان بن ویا بە هەر هۆیەکەوە ئەبێ ببێ، کەموزۆر لە هەژاری و لێقەوماوی سیاچارەکانا دەستێکیان هەبێ.

***

هەر لەم جۆرە، و لەژێر ناوی (مەکتەبی کوردستان) دەستە شیعرێکی تری (سەلام) هەیە کە لە بابەت ڕەخنە و توانج و گاڵتە و گەپەوە بەڕاستی جوانە وە بۆ ئەوە دەس ئەدا کە بکرێ بە پییەسێکی تەمسیلی. بەلامانەوە وایە کە ئەم شیعرانە یەکەمین شیعری تەمسیلییە بەزمانی کوردی عێراقی و شێخ سەلام یەکەم شاعیری ناوچەی سۆرانە لە داهێنانی ئەم بابەتە شیعرانەدا. ئەمانەی خوارەوە چەند بەیتێکە کەناو ناو لە هەندێ پارچەی ئەو دەستە شیعرانە وەرگیراوە:

دانیشگای گەورە وا لە کوردستان،
یەکەم مەکتەبە، هەر بۆ موسڵمان
تاکوتووك شاگرد لە گاور و جوون
ژمارە ئەکرێن لەڕیزی نەبوون
بە باربووی میللەت، واتە ئیعانە
چاك دروست کرا ئەم ساختمانە
خانوویەکی باش زۆر خۆش و دڵگیر
گەورە و فراوان، وەك قەسری وەزیر

لێرە بەو لاوە سەلام، بە ١٥ بەیت، باسی تەکبیر و رای کۆمەڵی سەرەك و پیاوماقووڵەکان ئەکا کە چۆن بیریان لە حاڵی وڵات کردووەتەوە وە بۆ پێشکەوتنی ئەم مەکتەبە و بۆ پێگەیاندنی پیاوانی باش و تێگەیشتووی خاوەن زانستی و خوێندەواریی بەرز و ئاشنای فەن و پیشەسازی کەوتوونە گفتوگۆ و لێکدانەوە و لەوە دواون کە ئاتاجن بەو جۆرە کرێکار و وەستا و فەنیاز و پیشەسازانە، کە شارەزای لێخوڕینی موتوکار، کۆلارە بن وە بتوانن بێ سیم و چەکی تازە، بەکاربێنن وە کارخانەکانی چەك و دەرمان و واڵا و شتی تر بگێڕن وە بیبەن بەڕێوە. کە ئەمانەش

لەپێش هەموو شتێکا پێویستە بە مامۆستایانی خۆرئاوایی غەربی بۆ مەکتەبەکەیان کە کردوویانەتەوە. و ئەڵێ، لەبەر ئەمە هەموویان بەیەك دەم دەنگیان هەڵبڕی و بڕیایان دا بەدانانی سەروماڵیان بۆ ئەم ئامانجەوە بۆ پێشخستنی (مەکتەبی کوردستان !...)

زۆر بەدڵخۆشی ئوستازمان هێنا
لە ئەوروپایی خاوەن دکتۆرا
تەنها مودیری ئیدارە کوردە
بەڵام ئەویش زۆر بە بیرە، وردە
هەموو بەیانی بە دڵی پڕ جۆش
تەفتیشی ئەکرد مودیری بە هۆش
تا بۆی دەرکەوێ هاتوو نەهاتوو
بەشێکی زۆریان زۆرجار دیار نەبوو
لە یەك لیستەدا ناویان نووسرابوو
تاقە یەکێکی لێ گوم نەئەبوو
ناوی شاگردی ئەم دانش- گایە
کەی وەکو ناوی قوتابی وایە؟
گوێ بگرن ئەوا مودیر (ناو)ی یان
ئەخوێنێتەوە لەبەر (چاو)یان

لێرەدا بەدوو بەیت، تەعریفی چاویلکە کۆن و چڵکنەکەی مودیرمان بۆ ئەکا، کە لە گیرفانی دەری ئەهێنێ وە بەو تۆز و خۆڵەوە کە پێوەیەتی، ئەیخاتە سەر چاوی و دەس ئەکا بە خوێندنەوەی ناوی قوتابییەکان، کە وەکو خۆی ئەڵێ لە ناوی قوتابی ناچێ.

نیفاق ئەفەنی حازر ئەفەنم!
ئینساف لە کوێیە؟ چوو بۆ جەهەننەم؟
درۆ! دەلەسە! قوربان، حازرین!
هەر دووکمان لێرەین ئێمە داخیلین!

ڕاستــی! فــێڵ نــەزان! مــیــرم دوو بــران
یــەکــێ بــەدووساڵ پــار مــەحکووم کران

***

ئـیـنـجـا بـە چـەنـد بـەیـتـێ، بـاسی بـاوك و كـەسی ئـەم قـوتـابـییـانـە ئـەكـا دووبـارە ئەگەڕێتەوە سەر قوتابییەكان و ئەڵێ:

لـــەم خـــانـــوادەیـــە یـــەكـــێ بمێنـــێ،
بـنـاغـەی مـەكـتـەب هـەر ئـەڕووخـێنـێ
لـــەوەلاتـــر چـــن یـــاخـــوا نـــەمـــێنـــن
ڕەگــــوڕیشەیـــان لـــەبـــن دەربـــێنـــن
ئـەی (وەتـەنـی) كـوا؟ بـۆچـی دیـار نییە
وا ساڵ تـەواو بـوو بـەهـانـەی چـیـیـە؟
قـوربـان مـامـۆسـتـا! بـە هـەڵـە مـەچۆ
نـــاوی بـــە غــەڵــەت نـووسراوە بـۆ تـــۆ
ئـەسلـەن ئـەم كـوڕە نـاوی (نـووطـی)یـە
كـوڕی پـیـاوێكـی عـادی و (لـووطـی)یـە
كـاتـی نـاو نـووسین تـۆ لـە مـەئـیـووسی
لـەجـیـاتـی (نـوطـی)، (وطنی)ت نـووسی
(پیت)یان وەك یەكە (نووطی) و (وطنی)
مـودیـر ئـەمـەی بیست گریـا و پـێ كـەنـی

ئیتر بەم تەحرە «سەلام»، ناوەكانی ڕزگاری، ئازادی، عەدالەت، نەخۆشی، زانستی، بـەدەم «مـودیـر»ی قـوتـابـخـانـەوە ئـەخوێنێتـەوە وە لـەدەم هـەر یـەكە لـەم قـوتـابیانـەوە، بـەجـۆرێ كـە لـە مـانـای نـاوەكـان بـوەشێتـەوە وەڵامـی مـودیـر ئـەداتـەوە كـە بـەڕاستـی لەوانەیە وەكو لەسەرەوە وتمان فەسڵێكی خۆشی تەمسیلی لێ پەیا ببێ.

مەسەلا، ئەڵێ:

سەرلــەنـوێ مـودیـر كـەوتـەوە پـرسیـار،
كـوانـی (ڕزگـاری؟) نـەمـبـینـی یـەك جـار

وە لە وەڵامەکەیا ئەڵێ:

ئــەم نــاوە بــەخــوا نــیــیــە لــە دونــیــا
بۆ (تەموین) نووسرا کاتی شەکر و چا(١)

ئینجا مودیر هەواڵی (زانستی) ئەپرسێ و ئەڵێ:

زانستی کوانێ؟
ئەویش بۆی دەرچوو،
مەحکوومی حوکمی عەشایری بوو!

لەمەیش جوانتر ئەوەیە کە هەوڵ ئەدا ناکۆکی بخاتە بەینی دوو قوتابییەوە کە ناوی یەکێکیان جەهلە وە هی ئەویتریان عیلمە. ئەڵێ:

جەهل لە کوێیە؟

لێرەم ڕۆژ و شەو!
خــەریــکــی ئــیشم لــێم حــەرامــە خــەو
بــەرۆکــی گــرتم عــیــلــم بــە نــاحــەق،
تــەمــای بــوو جــێگــە بــە مــن بــکــا لــەق
شکــاتم لــێ کــرد بــەبــێ ڕوو گــیــری،
مــەحــکــەمــەی خــۆمــان هــیــی عــەشایــری،
بــرسی و (نــەخــۆش)ی ڕاگــرت بــە حــەکــەم
حــوکــمــی عــیــلــمــی دا، کــردمــی خــاترجــەم
حــاکم لێی پرسین(٢) مودەی هــەردووکمــان
کــاممــان لــەپــێشا هــاتــە کــوردســتــان؟

(١) لە شەڕی دووەمی گێتیدا شەکر و چا زۆر گران بوو و دەسیش نەئەکەوت. حکوومەت چەشنێ شەکری زەرد و پیس و قوڕاوی ئەهێنا وە بە بیتاقە، ئەیدا بە ئەهالی ئینجا لەبەر ئەوە کە بەپێی سەری نفووس ئەدرا، خەڵق ناوی زیاد و درۆیان ئەنووسی کە شەکری زیاد وەربگرن.

(٢) واتە جەهل، ئەڵێ: حاکم لەمن و عیلمی پرسی کە کاممان لە پێش ئەویترا هاتووینە کوردستان.

مـن پـێم وت قـوربـان «ولـیـاد(١)»ی ئـێرەم
ولاتـــی مـــنـــە لـــە (رۆم) تـــا عـــەجـــەم
قـــانـــوونـــی هـــێنـــا حـــاکـــم دای پشکـــان،
خـــوێنـــدیـــەوە مـــادەی (مـــرووری زەمـــان)

***

بەڕاستی سەلام لێرەدا مادەی «مرووری زەمان»ی جوان دامەزراندووە وە لە جێی خۆیا بەکاری هێناوە، و بەم ڕەنگە توانجێکی باشی گرتووەتە ئەوانەی ئەم مادەیە ئەکەن بە کوتەکی دەسیان و بێ دەسەڵاتەکانی پێ ئەفەوتێنن. لە پاشا، «سەلام» باسی ئەو حوکمە ئەکا کە ئەدرێ بەسەر عیلمی فەقیرا، کە شەرتی کێشی ئەوەیە دوای تەواو بوونی حوکمەکە ئەبێ «عیلم»، بنێردرێتەوە دەرەوەی سنووری وڵات.

ئینجا لەدوای ئەمانە هەمووی، حەو بەیتێکی ئەم پیەسە سەیر و نەبیسراوە، ئەمێنێ کە لە هەموو شیعرێکیا بەڵگەیەکی تازەی ژیری و زرنگی سەلام ئەبینرێ. ئەم شاعیرە سەروڕیش سپی و سمێڵ بۆزە، ئەوەندەی کە لە شیعری شین و (رثا)دا دەسەڵاتدارە و گڕ لە دڵتان بەرئەدا و فرمێسکی گەرمی ناچاری بەچاوتانا بێنێتە خوارێ، لە شیعری ڕەخنەوگەپیشا، ئەوەندە بە دەسەڵات و هونەرمەندە و جار جارە پڕ بەدەم ئەتانهێنێتە پێکەنین.

هەندێ جاری واش ئەبێ کە ئەتانخاتە ناو شەپۆلی زەریایەکی لێکدانەوە و یا ئـەتـان دا بـەدەم لافـاوێکـی خـەیـاڵاتـی سیـحـراویـیـەوە- بـەتـایـبـەتـی لـە شیـعـرە نیشتمانییەکانیا- کە بەرەو ئاسۆیەکی نەزانراوی فراوان و حەیرەت بەخش ئەڕوا و تێ ناگەی کە ئەڕژێتە کام زەریای نهێنی و بێ بنەوە.

---

(١) ولیاد= مەولوود، بە (مانا)ی ولادەت، واتە لەدایکبوون هاتووە.

## عەلی باپیر ئاغا



عەلی کەمال، کوڕی باپیر ئاغا، کوڕی چراغ، کوڕی «جوامێر ئاغا»یە کە یەکێك بووە لە سەرەك عەشیرەتی «سمایل عوزێری». باپیر ئاغای باوکی عەلی کەمال لە شەڕی ۱۲۹۳ی ڕۆمی بووە بە عەسکەر لە لەشکری عوسمانی. دوایی لەگەڵ ئەم لەشکرە و لەژێر سەرەکیی بریندار ئاغای «بینباشی» بەناوبانگی باوکی عەلی بەگی خەڵقی سولەیمانی، چووە بۆ شەڕی رووس لە «قەفقاس» لەوێ لەبەر ئازایی و بەکاری کراوە بە زابت.

عەلی کەمال، خۆی لە ۱۳۰۵ی هیجری لە سلێمانی لەدایك بووە. لەلای شێخ ئەولای هەولێری باوکی ئەحمەد موختاری قازی و مەلا محەمەدی ئەمینی بالیکەدەری عیلمەکانی عەرەبی و شەریعەتی خوێندووە، جگە لە کوردی زمانی خۆی، زمانەکانی تورکی و فارسی و عەرەبی فێر بووە وە بەتایبەتی لە ئەدەبیاتی فارسیا شارەزاییی باشی هەیە و بەم زمانە گەلێ شیعریشی داناوە. لە ۱۳۲٦ی ڕۆمی لە وەزارەتی گومرگی بەغدا مەئمووری ئەوراق بووە. دوایی هاتووەتەوە سولەیمانی و کراوە بە سەرەك نووسەری گومرگی لیوا(۱).

دوای بڕانەوەی شەڕی گەورەی یەکەمی گێتی و هاتنی ئینگلیزەکان بۆ سلێمانی کە شێخ مەحمود بوو بە حاکمی کوردستانی عێراق، عەلی کەمال کەوتە نارەحەتییەوە و لەو ڕۆژەوە ئیتر خۆی نەگرتەوە لەساڵی ۱۹۲۹ی میلادا بەپێی بەڵێنێ کە دابووی بە ئینگلیزەکان شێخ مەحموود دەستی لە حاکمی هەڵگرتبوو و کشابووەوە دێی (پیران) لە هەورامان. لەو حەلەدا عەلی کەمال لە هەڵەبجە ئەبێ. بۆ هەندێ کاری سیاسی لە ئێران شێخ مەحموود ئەنێرێ بە شوێنیا. بەڵام عەلی کەمال، ناچێ، دوایی لە کاتێکا

---

(۱) ئەو دەمە پێیان ئەوت: باش کاتب.

شێخ مەحموود لەدەوری دێکانی گرێژە و موان خەریکی ڕاو ئەبێ، عەلی کەمال، لەوێوە تێ ئەپەڕێ کە بچێتەوە سلێمانی شێخ مەحموود تووشی ئەبێ و لەگەڵ خۆی ئەیباتە هەورامان. لەوێوە ئەینێرێتە کرماشان. دوای بەینێکی تریش جارێکی تر لەسەر داوا کردنی ڕەزا شای ئێران، بەناوی شێخ مەحموودەوە بۆ هەندێ قسە و باس ئەچێتە تاران. بەقسە ڕەزا شا ویستوویە شێخ مەحموود لەخۆی نزیك بخاتەوە. لەبەر ئەمە خەریك بووە کە ئەگەر بێت و شێخ مەحموود بچێتە خاکی ئێران و ژێر فەرمانی ڕەزا شا، ناوچەکانی هەورامان و مەریوان و هەندێ جێگەی تری لە خاکی کوردستان بداتێ و بیکا بە حاکمی ئەوێ، بە ناوی ئێرانەوە. بەڵام وەکو ئەڵێن، شێخ مەحموود بەمە نەرم نابێ و داوای شتی ئەوتۆ ئەکا کە بۆ سیاسەتی شا دەسی نەداوە. لەبەر ئەمە لە نوێنەریی عەلی کەمال و چوونی بۆ تاران کەڵکێك و ئەنجامێك نەهاتووەتە دی!...

## (شیعر)ی عەلی باپیر ئاغا و شێوەی شیعر دانانی

عەلی باپیر ئاغا کە لە شیعرا ناوی کەمالییە، وێنەیەکی بێ کەموزیادی شاعیرە کۆنەکانە تەقلیدی لەم چەرخەدا. و لە هەموو ئەوانەی کە ئیمڕۆ بە شاعیریان ئەژمێرین نزیکترە لە شاعیرەکانی کلاسیکی دەوری ڕابردووەوە. ئەشێ بەهۆیەك دابنرێت کە شاعیرە تازە پەروەرەکانی بەستووە بە بوێژەکانی پێشینیانەوە. لەبەر ئەوە ئێمە (کەمالی) بە ئاوێنەیەك دادەنێین کە وێنەکانی مومتاز و هەڵبژاردەی شیعری کۆنی تیا دەردەکەوێ، چونکە ئەو، زۆربەی شیعرەکانی دەربارەی جوانی و عەشقە، و سەراپا باسی خەت و خاڵ و زوڵف و ئەگریجە و پەرچەمە. بە دەگمەن لە بابەتی ترەوە شیعری داناوە و زۆر کەم باسی نیشتمان و کۆمەڵایەتیی کردووە. شێوە و ئوسلووبی کۆنەکانی بەلاوە شیرینە و لە بیر و خەیاڵیشا لە فەلەکی ئەوانا خولاوەتەوە. لەگەڵ ئەمەیشا تاماوەیەك یاریی بە وشە کردووە و تاڕایەکی تازەتری داوە بەسەر بووکی فیکرا. و گەلێ لە شیعرەکانی بەڕاستی تەڕ و بەسۆز و پڕ زەمزەمەیە. دیوانەکانی کەلیم و قائانی و حافز شیرازی و مەسنەوی و بێدڵی زۆر خوێندووەتەوە و مەفتوونی شێوەی ئەدەبیی ئەم شاعیرە ناودارانەی ئێرانە. لە شاعیرە کۆنەکانی کوردیش مەیلی نالی و مەحوی ئەکا. شیعرەکانی مەحویی خوالێخۆش بوو هەر چەند لە زاهیرا وشك و ڕەقە، بەڵام بەشی زۆری لە مانادا گەلێ بەرزە. شاعیرەکانی هاو تەمەنی کەمالی، بە

تەسەوفی تێ ئەگەن و لەسەر ئەم باوەڕە نرخی بۆ دائەنێن ئینجا شکی تیا نییە کە (کەمالی) ئیلهامی شیعری لەم شاعیرانە وەرگرتووە، و شیعرەکانی کۆمەڵێ خلتەیە لە بیروباوەڕ، لە لێکدانەوە و خەیاڵ و فەلسەفەی ئەوان! دیارە کە بە شێوە و ئوسلووبیش ئەچێتەوە سەر هەندێکیان و بەشێکی گەورەی لە چەشکەی ئەدەبی نالی و مەحوی وەرگرتووە.

کەمالی لە پەیڕەویکردنی ئەم شاعیرە ناودارانەدا بەهەڵە نەچووە، چونکە لەمانە هەریەکەیان قوتبێکی زەمانی خۆیان بوون، و لەشیعر و ئەدەب و فەلسەفە و یا تەسەوفدا، گۆی هونەریان بردبووەوە. مەسنەوی و بێدڵ نەك لە ئێران، بەڵکو لە هەموو دونیای ئەدەبا خاوەنی پلەیەکی هەرە بەرزی شاعیری بوون. ئەو بەلاغەتەی کە لەشیعری بێدڵ و مەسنەوییا هەیە وە بیرێکی قووڵ و خەیاڵێکی فەلسەفیی و یا تەسەوفی ئیسلامی کە لە شیعرەکانی ئەم دوو شاعیرە گەورەیەدا دەبینرێت لەناو شاعیرە کۆنەکانی دەوری دواینی کوردیشا «نالی»، بە ناسکیی هەست و(١) وردی بیر و خەیاڵ و سەنعەتی ئەدەبا، وێنەیەکی دەگمەن و مومتازە. وتبوومان کە زۆربەی شیعری کەمالی دەربارەی جوانی و عەشق و غەرامە. ئەم غەزەلەی خوارەوە یەکێکە لەوانە:

بە مردوو رۆح ئەبەخشێ پێکەنینی لێوی شیرینت
لەسەر کام دینی گیانە؟ پێم بڵێ با بێمە سەر دینت!
لەلام وەك شەکر و نوقڵ و نەبات و قەند و هەنگوینە
جنێو و قەهر و لێدان و بیانوو گرتن و قینت!
بە جارێ ڕۆژی عاشق ڕەش مەکە ئەی شۆخی بێ مروەت!
لەسەر ڕوو لادە نەختێ پەرچەمی پرپێچی موشکینت
سبەینێ جەژنە رۆحم حازرە بۆ قۆچی قوربانیت
بە خوێنم با خەناوی بێ دەس و پەنجەی بلوورینت
بەزولفی سونبولت پەرژینی گوڵزاری روخت سەیرە
بژی ئەی شاهی موڵکی حوسن و ئان بۆ باخ و پەرژینت!

---

(١) ناسکیی هەست= نەزاکەتی حوسن و یا شعوور.

بـە گـیسووتـا مـەهـێنـە شانـە حـەیفـە بـا دڵـی عـوشاق،
خـەلاسی قـەت نـەبـێ گیـانـە لـە داوی زولـفـی چین چینت!
شەهـیـدی تـیـغـی ئـەبـرۆی دولـبـەرێکـی کـافـری بـۆیـە،
لـە وەخـتـی گیـانـەڵاوە ئـەی کـەمـالـی خـەڵق ئـەکـەن شینت

لـەم شیـعـرانـەدا کـە لـەسەر شێوە و ئـوسلـووبـی کـۆن دانـراوە، هـەنـدێك سەنـعـەت بەکارهێنراوە. وەکو: لەف و نەشری بەیتی دووەم، کە «جنێو و قەهر و لێدان بیانوگرتن و قینی» بۆ خۆی بە «شەکر و نوقڵ و نەبات و قەند و هەنگوین» داناوە. لێرەدا لەبەرامبەر هەریەکە لەو شتە خراپانەی وەکو جنێو و قار و لێدان. دانانی شتێکی شیرینی وەکو شەکر و نوقڵ و نەبات و ڕیزکردنیان، هەرچەندە بە پێی قانوونی ئەدەب، بە سەنعەتێکی شیعر ئەژمێررێت و پێی ئەڵێن: (لەف و نەشر)، بەڵام وا ئەزانم (کەمالی) خۆشی ئینکاری ناکا کە هیچ تەبیاتێکی وا بە بیرا نایەت چەشکە لە تێکەڵاوکردنی شەکر و نوقڵ و نەبات و قەند و هەنگوین وەربگرێ و بەڵکو نابێ بە سەیر بزانرێت کە هیی وا هەبێ لەم هەموو (شیرینی)یە دڵیشی تێکەڵ بێ!.

بە تایبەتی لە ڕووی تێفکرینی ئەدەبی  ئەم چەرخەوە، لە نوقڵ و نەبات و قەند و هەنگوینا شیرینی نایەت بە خەیاڵا و ئەم جۆرە شیعرەش بەهایەکی نییە. جگە لەمەش کە بێتو ئەم نوقڵ و نەبات و قەندە، لە ئەسڵا، جنێو و قار و لێدان و بیانوگرتن و قین بێ!.

لە بەیتی سێیەما، پەرچەمی لەسەر ڕووی شۆخێکا بەو هەورە داناوە کە بەری ڕۆژی گرتبێ و بووبێ بە هۆی داهاتنی تاریکی. لەبەر ئەمە تکا لە یار ئەکا کە هەوری پەرچەمی لەسەر ڕووی لادا، تاوەکو ڕوخساری وەکو ڕۆژی دەرکەوێ و ئەو تاریکییە کە لێی داهاتووە نەمینێ و ڕۆژی ڕەشی بەسەر چێ.

(کـەمـالـی) نـازانم لـە پـەیڕەوی هـەنـدێ شاعیرانی پێشوودا بۆچی ئـەمـەنـدە زیـاد ڕۆیشتووە؟ جێی شك نییە کە توانای شاعیری ئەو لەوانەیە ئاتاجی چاولێکەری و لاسایـیـکـردنـەوە نـەبـێ و بـەبـێ ڕەنجێکی ئـەوتـۆ بتوانێ لـەسەر ئوسلووبی تـازە و شێوەیەکی بەرزی تایبەتی شیعر دابنێ، چونکە هێزی شاعیریی (کەمالی) ئاشکرایە و دەسەڵاتێك و سەرمایەیەك کە لەوا هەیە لەژوور دەسەڵاتی گەلێك لەو شاعیرانەوەیە کە ئیمرۆ شانازی بە شیعریانەوە ئەکەین. ئایا هەر لەڕووی پەیڕەوی شاعیرە کۆنەکانەوە

نەبێ (کەمالی) بۆچی خۆی ئەکا بە قۆچی قوربانی کە خۆشەویستەکەی لەڕۆژی جەژنا سەری بڕێ و خوێنەکەی بکا بە خەنە و دەس و پەنجەی تێ بگرێ؟

سبەینێ جەژنە رۆحم حازرە بۆ قۆچی قـــوربانیت

بەخوێنم با خەناوی بێ دەس و پەنجەی بلوورنیت

ئەم فیکرە لە شیعری (زۆربە)ی شاعیرانی کۆنا هاتووە و بیستراوە.

بەڵام، بەلای کۆنەکان و ئەوانەوە کە لە قوتابخانە کۆنەکانا پێ گەیشتوون، هەندە جوان و بەهادار ئەبێ ببێ، بەلای ئەدیبەکانی ئیمڕۆوە بایەخێکی نییە و لەناو شیعر و ئەدەبی ئەم چەرخەدا جێی بەرناکەوێ. لەبەر ئەمە کە ئەگەر بمانەوێ لە بەهای شیعری عەلی کەمال بگەین و چەشکەیەکی ئەدەبیی لێ وەربگرین، پێویستە لەگەڵ شیعری شاعیرە کۆنەکانا بەراوردی بکەین و بۆ ئەو سەنعەت و جوانییانە(١) بگەڕێین کە لەناو ئەم شیعرانەدا بەرچاو ئەکەوێ. واتە ئەگەر بێتو شارەزای شیعری کۆن نەبین و چاوێکمان بە دیوانەکانی (سالم) و (کوردی) و یا (هیجری) و (نالی) و (مەحوی) و ئەوانەی کە لە دەوری ئەم شاعیرانە ژیاون، نەخشاندبێ و نەخوێندبێتەوە، لە شیعری (کەمالی) چەشکەیەك وەرناگرین و ناچێت بەدڵمانا!. چونکە شیعری ئەمانە و شاعیرەکانی هاوچەرخیان ئەگەر نەڵێین هەمووی، بەشی هەرە زۆربەیان هەرباسی عەشق و غەرام و مەستی و شەرابە یا بە باسی چاو و برۆ و خەت و خاڵ و ئەگریجە ڕەش کراوەتەوە. لەبەر ئەمە ئاسۆی تەفکیری شاعیرەکان، زۆر سنووردار و ماوەی قافیە بازییان ئێجگار تەنگ بووە، و بەهۆی ئەم قافیە تەنگی و سنووردارییەوە ماوەی شیعریان کورت بووە و هەندێ جار لە پێنج بەیت تێپەڕی نەکردووە(٢).

***

لە غەزەلێکی تری غەرامی عەلی کەمال، بۆ نموونە لە خوارەوە یەك دوو بەیت ئەنووسین:

دڵی زارم لە حەلقە و پێچ و تابی زولفی زنجیرت،

خەلاسی بوو کەچی ئاخیر بەقوللابی موژەت گیرا!

(١) محسنات بديعيه

(٢) لە عیلمی عەرووزا ئەو شیعرانەی کە لە پێنج (بەیت)ەوە تا حەوت (بەیت)ە بە «غەزەل» و لەوە زیاتر بە قەسیدە «قصيده» ناو ئەنێ.

واتـە (دڵـی زاری) کـەمـالـی، کـە گـیـرۆدەی زوڵـفـی وەکـو زنجیـری ئـەڵقـە ئـەڵقـە و پێچاوپێچی خۆشەویستەکەی بووە، تا لە بەندی زوڵفی وەکو زنجیر ڕزگاری ئەبێ ئەکەوێتە داوێکی ترەوە، چونکە بە وێنەی مەلێ کە نێچیری تەلی زوڵفە، بە هیوای بەربوون لەم داوە، هەڵئەفڕێ، بەڵام ئەمجارە تووشی داوی برژانگە جوانەکانی ئەبێ و بە چەشنێ قولاب ئەیگرێ و ئەیکا بە نێچیری خۆی!

ئینجا ئەگەر بێتو ئێمە لە واقیعی ئەم شیعرە ورد بینەوە و زیندەوەرێکی وا بێنینە بەرچاومان کە دوو زنجیری بە ئەڵقە و پێچ، بە لا جانگەکانیا هاتبێتە خوارەوە، و دەوری چاوەکانی بە ڕیزی قولابی تیژ و درێژ تەنرابێتەوە، ئەم چەشنە مەخلووقەش بە کچێ وەیا بە کوڕێکی(١) شیرین دابنێین کە (کەمالی) گیرۆدەی داوی عەشقی بێ و شیعری غەرامیی بەسەردا هەڵدا، ئەبێ لە چەشکەی ئەدەبی بەشدار نەبین، بەڵام وەرن با بەیەکەوە گەشتێ بکەین و چاوێ بە دیوانەکانی ئەو شاعیرانەدا بگێڕین کە لە سەرەتـای دەوری کـەمـالـی و یـا لـە دەوری پـێشووتـرا ژیـاون. شکـی تیـا نییـە کـە بـە خوێندنەوەی چەند غەزەلێکی غەرامی ئەو جۆرە شاعیرانە و ڕاهاتن بە شێوەی ئەدەبی و ئوسلووبی شیعریان، ئەچینە سەر بیروباوەڕی ئەوانە کە چەشکە لە شیعرەکانی کەمالی وەرئەگرن و بەهای تایبەتی لێ ئەنێن. ئەمەش ئەوە دەرئەخا کە کەمالی، لە شاعیرێکی پێشەوا زیاتر شاعیرێکی کلاسیکییە، بەڵام ئەوەش جێی گومان نییە کە تا ماوەیەك بەرەو تازەیی چووە وە ڕێگەیەکی کەم و زۆر تایبەتی گرتووە.

وشە و «تەعبیر»ی تازە لە شیعری (کەمالی) یا زۆری شاعیرە کۆنەکان «برۆ»ی خۆشەویستەکانیان جارێ کردووە بە «میحراب» و جارێ بە «هلال». هەندێکیشیان شوبهاندوویانە بە کەوان و «تاق»و «شمشێر». بەڵام (کەمالی) کە لەسەر پێ و شوێنی ئەوان ڕۆیشتووە و برۆی، وەکو ئەوان بە شمشێر داناوە، دیسانەوە ئەم شمشێرەی لە خەیاڵی ئەدەبی خۆی بەشدار کردووە وە ڕەوشتێکی تازەی داوەتێ.

(١) بەلای شاعیرە تەقلیدییەکانەوە لە شیعری غەرامییا فەرقی کوڕ و کچ نییە. و هەر لەیەك غەزەلا هەندێ «بەیت» لە زوڵف و زاج و پەرچەمی کچ، هەندێ «بەیت»یش لە «خەتی سەبز» و خوڵامانە و کاکۆڵی کوڕ ئەدوێ. «نالی» و «میسباح» و «حەریق»، لەلایەن غەرامی کوڕ و کچەوە، غەزەلی تایبەتییان داناوە و بە ڕواڵەت و بە خەیاڵی خۆیان ویستوویانە «عەشقی مەجازی» و «عەشقی حەقیقی» لە یەك جیا بکەنەوە و سنوور بخەنە بەینیانەوە.

به ئیما گفتوگۆی دائم لەگەڵ ئەهلی دڵــــە ئەبرۆت،

عەجیبە کەی بووە خاسیەتی (تەل سز) لە شمشیرا؟

کەمالی لەم بەیتەدا برۆ (ئەبرۆ)ی خۆشەویستەکەی بە شمشێرێ دائەنێ کە ڕووی کردبێتە دڵی. وە بە زمانی حال واتە بە ئشارەت تێی ئەگەیێنێ کە ئامادەیە بۆ کوشتنی. ئینجا بە لایەوە سەیرە کە دڵی، لەمەبەستی شمشێری برۆ چۆن تێ ئەگا کە ئەگەر ئەم شمشێرە خاسیەتی (تەل سز)ی تیا نەبێ.

لێرەدا ڕەخنەیەکیش لە کەمالی ئەگرین کە لاسلکی بە وشەی تەل سزی تورکی تەرجەمە کردووە، لە کاتێکا بە کوردی پێی ئەڵێن بێ تەل و بە فارسی بێ سیم. کەوابوو ئەگەر نیوە شیعرەکەی بەم جۆرە بووایە جوانتر ئەبوو:

لەلام سەیرە ببێ خاسییەتی بێ تەل لە شمشێرا

لە بەیتی چوارەمی هەر ئەم غەزەلەی سەرەوەدا کەمالی ئەڵێ:

خەتی دەوری لەبت خۆش خوێنە هەر وەك ئایەتی کوڵمت

بــــەڵـێ قــــەت دێڕی نــــالایق نــــــــەبینراوە لە تەفسیرا!

و مەبەستی شاعیر لە خەتی دەوری لەب (لێو)، گەندە مووەکانە کە لە دەوری لێوی نەوجەوانێك پەیا ئەبێ. بەلایەوە وایە کە ئەم گەندە موانە نابنە هۆی شکاندنی بەهای حوسنی خۆشەویستەکەی، چونکە ئەو لەو باوەڕەدایە کە ئەم خەتەی دەوری لێو، دێڕێکە لە کتێبی ڕوخساری (شیرین) یا. ئەو کتێبە کە کوڵم، ئایەتێکە لەوا ئینجا ئەڵێ: لە کتێبێکی پیرۆزی وەکو ڕوخساری شیرینی یارا (دێڕ)ی ناشایستە نابێ! هەر وەکو بە بیرا نایەت کە لە کتێبی تەفسیرا دێڕێکی بێ مانا و ناڕێك هەبێ.

کەمالی جگە لە شیعری غەرامی (غەزەل)، جاروبار هەندێ پارچە (قطعە)ی کۆمەلایەتی و یا دەربارەی ڕەوشت و خوو و فەلسەفەشی داناوە، بەلام لەم جۆرە شیعرانەشا لە سنووری پارچە تێ نەپەڕیوە(١).

وەکـو زولـفـی بـوتـان شێواوە حـاڵـی دەرهــەمـی دونـیـا،

هــەمـوو وەزعـێکـی مـەحـکـوومـی زەواڵـە عـالـەمـی دونـیـا.

(١) ئەو شیعرانەی لە سێ بەیتەوە تا شەش «بەیت» بێ پێی ئەڵێن «قطعە».

ثـەبـاتـێكـی نـیـیـە هـەر ڕۆژە نـەوعـێكـە ئـەگـۆڕێ زوو
لـەلای دانـا وەكـو یـەك وایـە شایـی و مـاتـەمـی دونـیـا
ئـەگـەر مـەردی وەكـو یـەك بـێ لـەلات ئـیـقـبـاڵ و ئـەدبـاری
دەوامـی قـەت لـەسـەر حـاڵـێ نـیـیـە بیش و كـەمـی دونیـا!(١)
ئـەگـەر شەهـدت بـداتـێ زەهـری تـێدایـە نـەكـەی بـیـخـۆی!
دەخـیـلـە خـۆت بـپـارێزە لـە شەهـدی پـڕ «سـەم»ی دونـیـا!
كـە مـن ڕەنـد و قـەلـەنـدەر مـەشرەبم فـەرقـی نـیـیـە دەنـگـی
وەكو یەك وایە لام كاسەی لەت و جامی جەمی دونیا(٢)
چییە ئەم هەڵپەیەت بۆ جەمعی ماڵ و سیم و زەڕ قوربان؟
ئـەتـرسم بـتـكـوژێ ئـەی قـوربـەسەر ئـاخـر غـەمـی دونـیـا
ئەگەر ئەهلی سەماعی گوێ لە نەغمەی سازی دڵ بگرە(٣)
(كـەمـالـی) گـوێ مـەدە ئـاوازەیـی (زیـر) و (بـەم)ی دونـیـا

ئەم پارچەیەی (كەمالی) كە جۆرە پەندێكی فەلسەفیی تیایە، بەلامانەوە گەلێ جوان و بە مـانـایـە، بـەڵام ئـەبـێ لـەبیرمـان نـەچێ كە ئـەگـەر بێتو بـەپێی واتـەی ئـەدیبـە تازەكانمان حوكم بەسەر شیعرەكانی كەمالی و پەیڕەوەكانی (كەمالی)یا بدەین وەكو ئەو ئەدیبە لاوانەمان بڵێین: «شیعر تەرجەمانی دڵە؟ لە ئاوازی دڵگیری بولبول، لە سروەی سۆزەی بەیان، لە تافە تافی ئاوی سەر قەڵبەز، لە فڕەی باڵی باڵندە، لە ورشەی گیا، لە تریفەی مانگە شەو، لە ئاوابوونی ڕۆژ و هەڵاتنی مانگ، لە جریوە جریوی ئەستێرە، لە شەپۆلی زەریا، لە بریسكەی برووسكە، لە گرمەی هەورە تریشقە، لە هاژە هـاژی بـاران، لـە ئـاهـەنگی موزیقـە، مـانـامـان بـۆ دەرئـەهـێنێ، كە لـە هـەموو دڵێكا

(١) بیش= زۆر= زیاد. بیش و كەم= زیاد و كەم.

(٢) ئەم بەیتەی كەمالی لە شیعرێكی شێخ قادری تاڵەبانی ئەچێ كە ئەڵێ:

شكستە كاسەمی جام جمە ویرمم كە كاسەمدە

طـعـام أمن آسـایش گـبی بـر نـعمتم واردر

(٣) ئەهلی سەماع، بەوانە ئەڵێن كە بە گوێی دڵ دەنگی لاهووت ئەبیین، واتە لە حاڵی وەجد و ئیستیغراقا (ئەمە تەسەوفە) دەنگی ڕاستی و یا (حەقیقەت) لە گوێی دڵیانا ئەزرنگێتەوە. واتە ئەوانەی پیاوی خوان (ئەهل اللّه).

شارراوەتەوە، بەڵام هێشتا دەریان نەبڕیوە تا شیعرەکە ئەخوێننەوە....»(١) بەڵێ بێتو ئێمە لەسەر ئەم واتەیە بڕۆین و شیعری (کەمالی) و هاوبیر و شێوەکانی بەم تەرازووە بکێشین و بەهای بۆ دابنێین، زۆر بە هەڵە ئەچین، لەبەر ئەوە وەکو لە پێشەوە وتبوومان ئێمەش ئەم جۆرە شیعرانە بە تەرازووی خۆی ئەکێشین و بەپێی ئەو سەنگ و تەرازووە کە تایبەتی شیعری کلاسیکییە نرخی لەسەر دائەنێین. بەم جۆرە خۆمان لەهەڵە ئەپارێزین و ڕێی ئەوە نادەین کە شاعیرێکی بەسەلیقە و هونەرمەندی وەکو (کەمالی) تەنیا لەبەر ئەوە کە لەجیاتی پەیرەویی تازەکان بکا پەیرەویی پێشینانی کردووە، حەقی بخورێت و بکرێ بە ژێر لێوەوە، چونکە لەو باوەڕەداین و ئەمەیش ڕاستە و شکی تیا نییە– کە (کەمالی) نەك لەبەر بێ دەسەڵاتی، بەڵکو لەڕووی چەشکە و باوەڕ و ئیجتیهادێکی تایبەتی خۆیەوە، ئەم ڕێگەیەی گرتووە و لێی لانەداوە، بۆیە ئێمەش لێرەدا لەلایەن وەزن و قافیەوە، و لەڕووی عیلمی عەرووزەوە لە شیعرەکانی ئەنوارین و بۆ ئەو سەنعەتانە ئەگەڕێین کە پێیان ئەڵێن: تەشبیهـ و ئیستیعارە و کینایە و سەجع و جیناس و تەوریە و تەعلیل، واتە بە تەرازووی بەلاغە ئەیانکێشین و نرخیان بۆ دائەنێین. جگە لەمانە ئەگەر چاوێك بەو نامیلکە غەرامییانەی پێشینانی وەکو (شیرین و فەرهاد) و (خوسرەو و شیرین) و (مەجنوون و لەیلێ)دا بخشێنین(٢) کە لە کوردیی هەورامی و زمانی فارسییەوە بە شیعر گۆڕیونی بە کوردی و دیسانەوە بێتو بزانین کە «کەمالی» نامیلکەی «ئەمیر ئەرسەلان»ی لە پەخشەوە گۆڕیوە بەشیعر، و لەم نامیلکانەدا لە سەلاسەت و ڕەوانیی تەبع و زنجیرەیی مانا (تسلسل) ورد بینەوە بۆمان دەرئەکەوێ شاعیریی (کەمالی) لەوانە نییە چاوی لێ بنووقێنرێ و بخرێتە پشتگوێ!.

ئەوا غەزەلێکی تری (کەمالی)تان لە خوارەوە بۆ ئەنووسینەوە کە ئەتوانین بڵێین هەروەکو «بەسەرهاتی ئەستێرەیەك»ی (گۆران) وێنەیەکی مومتاز و ڕەوان و بەهادارە لە شیعری کوردیا، ئەم غەزەلەی (کەمالی)ش – (لەگەڵ ئەوەدا کە غەزەلێکی غەرامیی تەقلیدییە) – دیسانەوە بە غەزەلێکی بەرجەستە و جوانی شاعیرانە ئەژمێررێ، بەڵام

---

(١) یادگاری لاوان سالی (١٩٣٣)، لاپەرە–٣٣.

(٢) شیرین و فەرهاد حیکایەتی غەرامیی بەینی [فەرهادی کورد و شیرینی شادوختی ئەرمەنە. کەمالی لە شێوەی هەورامییەوە کردوویە بە کوردی، خوسرەو و شیرین، نووسینی نیزامییە کەمالی لە فارسییەوە هەر بەشیعر کردوویە بە کوردی. «مەجنوون و لەیلێ»ی نیزامی، دیسانەوە لە فارسییەوە کردووە بە کوردی].لا

لێرەدا ئێمەش رەخنەیەك لە «كەمالی» ئەگرین، چونكە داخەكەم شیعرەكانی وەكو شیعرە كۆنەكان، بێ ناوونیشانە. واتە عینوانێكی لێ نەناون. ئینجا لەبەرئەمە دەسەڵات نییە ئەبێ ئێمەش شیعرەكانی بە قافیە و یا بە پیتی دوواینی قافیەكانا بناسینەوە. كە ئەمە لای شاعیرە كۆنەكان باو بووە و نازانم بۆچی پێیان وتووە بەحر؟ واتا غەزەلی خوارەوە كە مەتلەعەكەی ئەمەیە:

لە دووری سەروی باڵات دیدە عەینی جوێبارێكە
لە خوێنی ئاڵی چاوم دەشت و سەحرا لالەزارێكە

پێی ئەڵێن غەزەل لە (بەحری هـ)، بەمەی كە پیتی دواینی قافیەكانی (جوێبارێكە) و (لالەزارێكە)، پیتی (هـ)یە. وابزانم پێویست نییە كە بڵێین بە پێی عیلمی عەرووز، مانای «بەحر» شتێكی ترە(١). ئەو دوای غەزەلە ناوبراوەكەی (كەمالی) كە وەكو خۆی و ئەوانەی لە شیعرا لەسەر (مەزەب)ی ئەون، لە بەحری (هـ)یا ئەیژمێرن ئەمەیە:

بەشەو گوێ بگرە ناڵە و گورپە گورپی دڵ بە مەحزوونی
لە سۆزی عەشقی جانانە عەجەب (شوور) و (قەتار)ێكە!
مەكە مەنعم موقیمی گۆشەكەی مەیخانەتم زاهید!
هەموو سەودای هەوای شۆخێكی مەستی چاوخومارێكە
لە یاریی عەشقدا ئەوەل قەدەمم دانانی سەر شەرتە،
مەكە ئومێدی سوود ئەی دڵ ئەمیش نەوعە قومارێكە!
مەحاڵە قەت بكەم تیماری زامی تیری موژگانت،
لە سینەی پارەپارەمدا نیشانی ئیفتیخارێكە!
عەجەب ماوم لە سرِی مووی میانی تۆ كە (تار)ێكە
لە قەلبی عاشقی زارا غەمی ئەو (تار)ە (بار)ێكە!(٢)

---

(١) لە (عیلمی عەرووز)دا شیعر، ١٦ بەحری هەیە و ئەمانەن:
(بەحری طویل، مدید، بسیط، وافر، كامل، هزج، رجز، رمل، سریع، منسرح، خفیف، مضارع، مقتضب، مجتث، متقارب، متدارك) و لەم بەحرانە لە یەكەمەوە تا سێیەمیان پێیان ئەڵێن ممتزجە، چونكە لە وەزنەكانی ئەو شیعرانەی لەسەر ئوسوولی بەحرەكانی «طویل» و «مدید» و «تفعیل»ە حەوت پیتییەكان ئەبن. (میزان الذهب).

(٢) ئەگەر قافیە رێی بدایە و«بار»ێك بە «باریك»یش بخوێنرایەتەوە «جیناس»ێكی شیرینتری لێ پەیا ئەبوو.

وەرە سەیری سەفاگای (مەنزەرە)ی دووچاوی گریانم
لەلایێ (بەکرەجۆ)یێکە، لەلایێ (سەرچنار)ێکە!
بەشەو وەختێ ئەنووم تاتای خەمی پرچینی ئەگریجەت،
لە چاوی ئەشکبارمدا هەموو (تا)یێکی (مار)ێکە!
(کەمالی) وا کە ئێمڕۆ شیعری ڕەنگین و شەکەربارە
لە شەوقی (لەعل)ی (لێو)ی ئالّی شەکەرباری (یار)ێکە

***

لەم شیعرانەی سەرەوە بە نیگایێکی ئەدەب ورد بینەوە، ئەبینین کە لە بەیتی یەکەما (بالاّ)ی مەحبووبەکەی بە «داری سەروو» شوبهاندووە وە لەگەڵ «جوێبار»دا بە سەنعەت لەم بەیتەدا یەکی خستوون. سەنعەتەکەش لەوەدایە: کە بالاّی یاری لە چاوی خۆیا بە «سەروو» داناوە «چاو»، کە بە عەرەبی پێی ئەڵێن «عین» بە سەرچاوەش ئەوترێ کە بە کوردی و فارسی «جوێبار»ە. ئینجا چاو یا عەین و جوێبار و بالاّ و سەروو، ئەمانە لەم شیعرەدا بەم مەبەستانە کۆکراونەتەوە و سەنعەتەکانی تەشبیهـ و ئیستیعارەی لێ دروست کراوە. عەینی جوێبار، بێ کەم و زیاد سەرچاوەیە. ئەویان لە دووریی بالاّی مەحبووبە فرمێسك ئەڕژێنێ و بووە بە سەرچاوەیەك، بالاّی مەحبووبەیش کە درەختی سەرووە، لەگەڵ سەرچاوەی ئاو، ئاتاجن بە یەکتری. جگە لەمانە تەنیا لە (عەینی جوێبار)دا دوو سەنعەتی ئەدەبی هەیە کە پێیان ئەڵێن تەشبیهـ و جیناس!.

لە بەیتی دووەما، باسی ناڵەی شەوانی دڵی و گورپە گورپی ئەکا و ئەم ناڵە و گورپە گورپە لەنیوە شیعری دووەما بە(شوور و قەتار) ناو ئەنێ کە دوو مەقامی کوردین گۆرانیبێژە دەنگخۆشەکان زۆرتر لە شەوانا و بە سۆزێکەوە ئەیلێن و دڵی عاشقانی پێ ئەخەنە ناڵە و گورپە گورپ! لەبەیتی سێیەما، وا دەرئەخا کە بە هۆی عەشقی چاوی مەست و بە خوماری خۆشەویستەکەیەوەیە کە بووە بەگۆشەنشینی مەیخانە و ئەیەوێ زاهید لەم ڕووەوە ڕەخنەی لێ نەگرێ، چونکە دیلی عەشقی چاوە مەستەکانی یارە، و ئەبێ موقیمی ئەو جێگەیە بێ شەرابی لێ ئەفرۆشرێت و مەستی و خوماریی لێ دەست ئەکەوێت. و بەم تەحرە گۆشە نشینیی خۆی لە مەیخانەدا ئەباتەوە سەر بیانووی عەشقی چاوە مەست و بە خومارەکانی مەحبووبە، ئینجا ئەمە سەنعەتی تەعلیلی تیایە.

لە بەیتی چوارەما ئەڵێ: عەشق وەکو یاریی قومارە و ئەبێ لەم یارییەدا لە پێشەوە دەست لە (سەر) بشۆی. چونکە لە یاری عەشقا بردنەوە نییە.

لە بەیتی پێنجەما تێمان ئەگەیێنێ کە سینەی بەتیری برژانگەکانی یار کون کون و زامدارە، لەبەرئەوە چاری نییە و تیمار ناکرێ و خۆشی نایەوێ تیماری بکا. چونکە ئەم زام و برینانە بەلایەوە وەکو نیشانی ئیفتیخارە بە سنگیەوە و نایەوێ لە ناویان بدا. ئەمیش لە تەشبیهـ و تەعلیل و ئیستیعارە بەشدارە.

بەکورتی، دیمەنی چاوە فرمێسکاوییەکانی خۆی کە لە بەیتی حەوتەما یەکێکیانی بە (بەکرەجۆ) و ئەویتریانی بە (سەرچنار) داناوە و یا تەشبیە کردووە کە دوو سەرچاوەی ئاو، واتە دوو (جوێبار)ن لە دەوری شاری سلێمانی، و لە بەیتێکی ترا (حەوتەم) بەوەی کە هەر تەلێك لە ئەگریجەی یارەکەی لە خەویا لێی ئەبێ بە (مار)ێك(١) و لە بەیتی نۆهەما کە تەعلیلی شیرینی و ڕەنگینی شیعرەکانی خۆی بەوە ئەکا کە ئەو شیعرانەی بە هۆی شەوقی لێوی ئاڵ و (شەکەربار)ی خۆشەویستەکەیەوە وتووە، هەمووی کەموزۆر لە سەنعەتی ئەدەب ئەژمێررێ و و لەبەر ئەمەیە کە ئەم غەزەلەی (کەمالی) لە غەزەلە نایاب و مومتازەکانە لەسەر شێوەی کۆن!

بەڵام ئەگەر لاوە شاعیرەکانی ئیمرۆ لە غەزەلێکی وا بەهادار چەشکە وەرنەگرن ئێمە لۆمەیان ناکەین، چونکە ئەوان بەم چەشنە شیعرانە ڕانەهاتوون و هۆگری نەبوون. ئەوانە کە گیانی بوێژییان، ئیلهامی لە شیعری کۆن وەرگرتبێ باوەڕ ناکەم لە هەموو سەرێکەوە لایەنی لاوەکان بگرن، لەگەڵ ئەمەش من بەش بەحاڵی خۆم لەو باوەڕەدام کە شیعری کۆن بەچاك و خراپیەوە ئەبێ وردە وردە بکشێتەوە دواوە و ئەنتیکە خانەکانی پێ بڕازێنرێتەوە... چونکە تەنیا «بەسەرهاتی ئەستێرەیەك»ی گۆران کە

---

(١) وا دیارە (کەمالی) زۆر بە شوێن شێخ قادری تاڵەبانییا چووە کە یەکێکە لەو شاعیرە کوردانە کە بە تورکی شیعریان داناوە، ئەم شێخ قادرە زۆر بەناوبانگە و گەلێ شیعری جوانی هەیە کە بە تەسەوفی دائەنێن و دەنگخۆشەکانی کەرکوك بە قۆریات و یا بە مەقامەوە ئەیخوێننەوە. ئینجا ئەم غەزەلەی سەرەوەی کەمالی، زۆر لە غەزەلێکی تورکیی شێخ قادر ئەچێ کە ئەمەی خوارەوە بەیتێکە لەوە:

«شبده پسترده غمی زولفکلـــه بوق أســایشم»

«گوز پومنجه چشممه بیك أژدهـا تمثیل أولور»

لەسەرەوە باسمان کردبوو، بخوێنینەوە و سەرنجێکی باشی بدەینێ بۆمان دەردەکەوێ کە بەوشەی کوردیی پەتی و لە واتەی ساکار و بێ تەمتەراق، شیعری چەندە بەرز و شیرین دادەنرێ و وێنەی خەیاڵیی چەندە قووڵ و سیحراویی پێ ئەکێشرێ؟.

***

پێش ئەوەی دوایی بە باسی (کەمالی) بدەین چەند شیعرێکی تازە، کە لەم ڕۆژانەدا بۆی ناردووین لەخوارەوە ئەینووسین و تەنیا ئەوەندە ئەڵێین کە بەڕاستی بە سۆز و عاشقانەیە!.

***

شەماڵ ! بۆ لای (لەیل)!.

شەمــــــاڵ! بــــــۆ لای لــــــــەیـــــــل!.
شەمــاڵ دەخـیـلـم بـچـۆ بـۆ لای لـەیـل!!
بـۆ لای لـەیـلـەکەی بێ وەفـا و بێ مـەیل
پێشکەش کە نامەی دەروون لەغەم کەیل،

***

بـڵـێ ئـەی ئـازیـز! شۆخـی بـێ پـەیمان،
بێ شەرت و مروەت، بێ وەفا و ویجدان!
مـەجـنـوونـی شەیـدای هـەرزە گێلـەکەت!
دەروون لەغەم کەیل شێت و (وێڵ)ەکەت
دایــم هـــەر ئـــەڵـــێ بـــە پـــەرۆشەوە،
بــــــە دڵ زوێری پـــــــڕ خـــــــرۆشەوە،
گـیـانـەکـەم خـۆ مـن بـەڕۆژ و بـەشەو،
نـــاسرەوم دایــم بـــێ خـــۆراك و خـــەو!
لـــەبـــەر دەرگـــاکـــەت هـــەتـــا بـــەیـــانـــی،
ئـــــەسوورێمـــــەوە بـــــۆ پـــــاسەوانـــــی.
بـــۆ بـــەردەبـــازی سەر ڕێگـــات سەرم،
بـــۆ فـــەرشی بـــەر پـــێت دڵـــی بـــە فـــەرم

دایــم ئــامــادەن بــەدڵ و بــەگــیــان،
دەفــع ئــەکــەن لــەتــۆ زەرەر و زیــان!
تـۆش کـەچـی تـا بـێ مـەیلت کـەم ئـەبـێ
دڵــم دووچــاری دەرد و غــەم ئــەبــێ!
نـە ڕوویـەکـی خـۆش نـە وەفـات هـەیـە،
تـەنـیـا هـەر جـەور و هـەر جـەفـات هـەیـە!
مــنــیش وا دڵــم لــە تــۆ، تــەوساوە،
مـەیـلـە گـەرمـەکـەم سارده لـەو ساوە!
ئــەمــجــا کــێ بـکــا؟ شەو پـاسەوانـی،
لـەبـەر دەرگـاکـەت هـەتـا بـەیـانـی!
کـێ دڵـی لـەت لـەت بـکـا؟ وەك شانـە،
کـە پـێی دابـێنـێ ئـەو قـژە جـوانـە!
مـن ڕزگـار ئـەبم لـە جـەور و جـەفـا،
تـۆ زەرەر ئـەکـەی شۆخـی بـێ وەفـا!

***

وا دیارە کە ئەو ڕەخنە و تانووتەی بەینێ لەمەو پێش لە (کەمالی) ئەدرا بەهۆی ئـەوەوە کـە شیـعری نیشتمـانیی زۆر کـەم دانـاوە، کـاری تـێ کردبـێ کـەوا لـە کـاتێکا خەریکی نووسینەوەی ئەم ناملکەیە بووین، ئەم شیعرانەی خوارەوەی لە کەرکوکەوە بۆ ناردین، کە وا ئەگەیێنێ ئەوەندەی کوژراوی چاوی کاڵ و کوڵمی ئاڵە و مەبەستی شەرابی عەشق و غەرامی دولبەرانی سادە ڕوخسارە، ئەوەندەش مەفتوونی نیشتمانی ئازیزە و بە(سەر و دڵ و دەم و پێ!) ئامادەیە بۆ جانفیدایی لە ڕێی قەومەکەیا:

(سەرێ) بـۆ بـەرزیـی وەتـەن نـەکـا دەرد،
وەکـو شێت نـەبـێ وێڵـی کـەژ و هـەرد،
خـۆی نـەکـا تـووشی زامـی دار و بـەرد،
(وەتـەن) دەر نـەکـا لـەدەستـی نـامـەرد،

ئەو (سەرە) یاخوا جێگەی ژێر خاك بێ!
بــە بــەردە بــازی سەر ڕێی نــاپــاك بــێ!

***

(دڵــێ) بــۆ بــەرزیــی وەتــەن نــەدا جـۆش،
هــەمــیشە نــەكــا بــیـر و فـیـكـر و هـۆش،
بە بادەی عەشقی ئەو نەبێ سەرخۆش،
دائـیـم پـڕ نــەبــێ لــە نــەشئــە و خـرۆش،
ئــەو (دڵــە) یــاخــوا بــەر خــەنجەر كـەوێ!
بـەر پـەیـكـانـی تیر، بـەر نـەشتـەر كـەوێ!

***

(دەمــێ) لــە مــەدحی وەتــەن نــەدا (دەم)،
بــە واتــەی شیــریــن لاوان نــەكــا جــەم،
نـــەیـــانـــبـــزوێنـــێ چ زۆر و، چ كـــەم،
تـا وەتـەن دەركـەن لـەدەست نـا مـەحرەم،
ئــەو (دەمــە) یــاخــوا پـڕ زەهـری مـار بــێ!
لــە ژەقـنـەبـووت و زەقـووم سەرشار بــێ!

***

(پــێ)یــەك لــە ڕێگــای بــەرزیــی وەتــەنــا،
نــەگــەڕێ، نــەسوێ، لــەپــای تــەوەنــا،(١)
بـــە شاخ و كـــەژ و بـــە بـــن دەوەنـــا،
بــە چـۆڵ و هــەردە و دەشتــی ڕەقــەنــا،
ئــەو «پــێ»یە یـاخـوا بـەستـەی زنجیر بـێ!
تــا نـیشتـمـانــی هــەرگـیـز لــەبـیـر بــێ.

---

(١) تەوەن= تاشە بەرد.

# گۆران

## عەبدوڵا بەگ



«گۆران»، یەکێکە لە «بوێژە» بەرزەکانی کوردی ئەم چەرخە، ئەم شاعیرە گەورەیە لە ساڵی ١٩٠٤یاخود لە ١٩٠٥دا لە هەڵەبجە لەدایك بووە. نەوەی سلێمان بەگی کوڕی عەبدوڵا بەگە کە لە ناوچەی سلێمانی و هەڵەبجە بە «کاتب فارسی» ناوبانگی ڕۆیشتووە. چ سلێمان بەگی باوکی و چ عەبدوڵا بەگی باپیری لە «شیعر و ئەدەب»دا بەهرەیان هەبووە و بە کوردی و فارسی نووسیویانە و شیعریان داناوە، بەتایبەتی عەبدوڵا بەگی باپیری(١) لە زمان و ئەدەبی فارسیدا دەستێکی درێژی هەبووە و لەبەرئەوە بە(کاتب فارسی) ناوبراوە، «گۆران»، سەردەمی منالیی هەر لە هەڵەبجە ڕابواردووە. خوێندنێکی ڕێکوپێکی بێ وچانی نەبووە. تا لەیەك دوو «جزم»ی «قورعان» بووەتەوە بە وچانێکی کورت و درێژ گەلێ «مامۆستا»ی گۆڕیوە.

«گۆران» خۆی ئەگێڕێتەوە، ئەڵێ: (لەبیرمە کە یەکەم قوتابخانەی زەمانی «تورك» لە هەڵەبجە دانرا، بۆ «پۆل»ی یەك وەرگیرام کە مودیرەکەمان بە رەحمەت بێ تایەر ئەفەندی مەلا ئەمینی «جەفار» پێی ئەوت «پۆلی احتیاط».) هەروەکو خۆی ئەڵێ لە قوتابخانەی ڕەسمیشا دەوامی پچڕ پچڕ بووە. پۆلی چوارەمی ئبتیدایی لە زەمانی داگیرکردنی ئینگلیزا تەواو کردووە.

---

(١) گۆران بە ناوی باپیریەوە ناو نراوە عەبدوڵا، بەڵام لە دونیای شیعر و ئەدەبا مەخلەسی «گۆران»ە.

لە ١٩١٩دا باوکی مردووە. و لە ١٩٢١دا محەمەد بەگی کاکی ناردوویەتە مەدرەسەی علمیەی کەرکووك، بەلام هەر لەزستانی ئەو ساڵەدا محەمەد بەگ ئەکوژرێ، ئیتر گۆران کەسی وای نامێنێ کە گوزەرانی خوێندنی خۆی و ژیانی دایکی ببا بەڕێوە لەبەرئەمە ئێجگاری دەست لە خوێندن ئەشوا و وازی لێ ئەهێنێ لەساڵی ١٩٢٢ەوە هەتا ١٩٢٥ گەلێ دەستتەنگی ئەکێشێ لەوەپێش لە زەمانی باوکیشیا گەلێ ترش و تاڵی ئەبینێ. بەتایبەتی لە بەهاری ١٩١٩وە هەتا پایزی ئەو ساڵە کە بەر تالانی لایەنگیرەکانی ئینگلیز ئەکەون و بە پەلە پرووزکێ کۆچ ئەکەن و خۆیان ئەگەیێننە جێگا بەرز و سەختەکانی شاخی هەورامان.

گۆران- بەواتەی خۆی بێ- ئەو چەشنە ڕۆژە ڕەشانە کاری لە شەقامی ڕاستی ژیانی نەکردووە. ئەڵێ لەو ڕۆژانەدا کە پێی ئەڵێ ڕەش، ڕەنگە ڕووناکی لە دڵیا لە ڕۆژی خۆشی زۆرتر بووبێ. یاخود لە هەردووکیانا تاریکی و ڕووناکی وەکو یەك نۆرەی کردبێ. گۆران، لە ١٩٢٥دا بە مامۆستایی لە قوتابخانەی ئبتیدائی هەڵەبجە دامەزراوە هەتا ١٩٣٧ لە قوتابخانەکانی ناوچەی سلێمانی بە مامۆستایی ماوەتەوە، بەلام بەشی زۆری ئەم ماوەیە لە قوتابخانەکانی لادێ بووە. لەبەر ئەوە وەڕەز بووە مامۆستاییی لێ بێزراوە، کەوتووەتە هەوڵدان کە بچێتە دائیرەیەکی ترەوە. لەو دەمەدا مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگ، «مودیری عامی ئەشغاڵ» بووە «گۆران»ی گواستوەتەوە دائیرەی ئەشغال «کاروباری ڕێگا و بان». وەهبی بەگ بە قسەی گۆران خۆی بەمەیشەوە نەوەستاوە، بەڵکو وەرگرتنی بەڵێنی گواستنەوەی «گۆران»ی لە وەزارەتی مەعاریف گرتووەتە ئەستۆ.

گۆران، لە پێش هەموو زمانێکی بێگانەدا بە هۆی کتێبی «ئەسکەندەرنامە» و یارمەتیی باوکییەوە بە منالی فێری فارسی بووە. لە دواییدا بەشی زۆری بە موتالا و نەختێکیش بە هۆی قوتابخانەوە- چ بە قوتابییەتی و چ بە مامۆستایی- فێری تورکی و عەرەبی و ئەوەندەش کە بە یارمەتیی «قامووس» پێی بخوێنرێتەوە فێری ئینگلیزی بووە.

لە دەوری ١٢، ١٣ ساڵییا «گۆران» وردە وردە دەستی کردووە بە خوێندنەوەی ئەو شیعرانە کە بە کوردی و فارسییەکی سادە و ڕەوان نووسراونەوە و تێی گەیشتووە. هەر لەو سەردەمەدا جار جارەش لەسەر ڕەوشتی کۆن شیعری وتووە.

وەکو خۆی ئەیگێڕێتەوە، یەکەم شیعری لە ژیانیا چوار پێنج بەیتێکە کە ئێستا هەرچەند ئەکا دووانیان نەبێ نایەتەوە بیری. ئەوانەش وا دیارە بۆ نووسین ناشێن، چونکە وەکو خۆی ئەڵێ بە زمانێکی بێ شەرمانەی منداڵی، تووخن کەوتنی هاوڕێیەکی منداڵیی تیایە. هەر لەو سەردەمەدا گۆران غەزەلێکی یەکەمی حەو بەیتیی وتووە کە مەتلەعەکەی ئەمەیە:

لە تـــاوی فیرقەتی یـــارم دڵـــم دائیـم پـەرێشانە
وەکو مەجنوونی حەی وێڵی کەژ و دەشت و بیابانم

ئەم غەزەلەی گۆران پیشانی بە رەحمەت چوو، (بێخود)ی شاعیری بەناوبانگی ئەو ڕۆژە ئەدەن و پێی ئەڵێن کە منداڵێکی ١٢ساڵی نووسیویە. پەسەندی ئەکا و وشەی «یارم» ئەگۆڕێ بە «لەیلا»، بەڵام وا دیارە کە لەو دەمەدا گۆران، لە مەبەستی مامۆستا بێخود لەم گۆڕینە نەگەیشتووە و نەیزانیوە کە بەلای (مەجنوون)ەوە یار هەرئەبێ (لەیلا) بێ... لە ئیحیتلالی ئینگلیزا گۆران، بەینێك خوو ئەداتە خوێندنی قوتابخانەی تازە و لە دونیای شیعر و خەیاڵ دوور ئەکەوێتەوە بەڵام دوای چەند ساڵێك فێری تورکی ئەبێ، ئەدەبیاتی تازەی تورك ئەبڵەقی ئەکا. دووبارە خوو ئەداتەوە شیعر، بەڵام ئیتر ئاسۆی بیر و لێکدانەوەی گۆران، ئەوەندە فراوان و ڕوون ئەبێتەوە کە ماوەی کەم هێزی و بێ دەسەڵاتیی خۆی لە شیعرا بزانێت و جارێ بەشیعر وتنەوە خۆی ماندوو نەکا، لەبەر ئەوە بەینێکی تریش تەنیا بە خوێندنەوەی شیعری جوان، کوڵی تاسە و ئارەزووی خۆی دامرکاندووە.

لە ئەدەبیاتی عەرەبییا زەوقی لە بەشی شیعر وەرنەگرتووە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشا کە ئینگلیزی ئەوەندە نازانێ و کەمی تێ ئەگا دیسانەوە، شیعری ئینگلیزی لەدونیای ئیلهام و داهێنانا پێش چاوی گەلێ ڕوون کردووەتەوە.

شیعر دانانی ڕاستەقینە و بەدڵی گۆران لە ساڵەکانی ١٩٢٩ و ١٩٣٠وە دەست پێ ئەکا. لەهاوینی ٩٣٠دا ڕەشید نەجیب(١) چەند هەڵبەستێکی لە غەزەتەی (ژیان)دا بۆ بڵاو کردووەتەوە و تەخەلوسی «گۆران»یش هەر ئەو حەلە ڕەشید نەجیب بۆی داناوە. چاترین شیعرەکانی گۆران، ئەوانەن کە لە چاپ دراون، زۆر کەمی شیعرەکانیشی کە لە چاپ نەدراون ئەوانەن کە لەسەر شێوەی کۆن وتراون و زۆرجار پڕن لە وشەی بێگانە.

---

(١) لەم کاتەدا ڕەشید نەجیب موتەسەریفی لیوای مووسڵە.

بەڵام گۆران ئیلهامی شیعری لە جوانی وەرگرتووە و لە هەموو شتێکا جوانیی پشکنیوە و پەرستوویە، زۆرتر جوانیی ئافرەت هێلانەی شیعری ورووژاندووە، لە ئافرەتیشا ئەو جوانییانە تینوتیی پەرستشی شکاندووە کە نایەتە دەسەوە، بەڵکو تەنیا لە کانی دڵ و گیانا (بوون)یان هەست ئەکرێ. لەبەر ئەمە هەرچەند (گۆران)یش وەکو شاعیرەکانی قوتابخانەی کۆن مەیلی ئافرەت و جوانیی نەناوە بەلاوە و گەلێ شیعری غەرامیی داناوە، بەڵام شیعرەکانی ئەم لەگەڵ هینەکانی ئەوانا عاسمان و ڕێسمانە، چونکە هەروەکو لاساییکردنەوەی تیا نییە مانای شیعریشی بە جارێ گۆڕیوە و بە تەواوی ڕێگەیەکی تازەی بۆ داناوە. واتا لە دونیای شیعر و بەتایبەتی لە شیعری کوردییا ئینقلابێکی گێڕاوە. گۆران بەم ئینقلابە قوتابخانەی شاعیرە کۆنەکانی بە تەواوی ڕووخاندووە و دونیای شیعری کلاسیکی بە جارێ سەرەوژێر کردووە.

هەرچەند جێی ئینکار نییە کە لە شیعری پێشینانا زۆری وای هەیە کە وەکو ئەهرامەکانی میسر بەرزە وە یادگارێکی مێژوویینی بە نرخە، و یا لە دونیای وشە و وتارا لە شتە سەیر و عەجایبەکان ئەژمێررێ و جارێکی تر نایێتەوە و ناوترێتەوە، بەڵام دیسانەوە کاتیان بەسەر چووە و باویان نەماوە، چونکە خەڵقی ئەم زەمانە لەبەر گۆڕانی تیژ و خێرای دونیا و لە عاستی داهاتنی یەك لە دوا یەکی شتی سەیر سەیر و عەجایبی ئیمڕۆدا ئەبڵەق بوون و نایانپەرژێتە ئاوڕدانەوە بۆ سەر ئەم شتە کۆنانە لەبەر ئەمە ئەبێ ئیتر ئەو شیعرانەی چەرخەکانی پێشوو وەکو عەنتیکە، بخرێنە مۆزەخانەکانی ئەدەبەوە، بۆ ئەو شاعیر و گەڕۆکانە کە لە عەنتیکە و شتی کۆن ئەگەڕێن، چونکە دەوری ئاوڕدانەوە لە شتی کۆن تێ پەڕی تا ڕوو ئەکەیتە دواوە لە کاروانی بەشەر کە وەکو گوللە ڕێ ئەبڕێ و پێش ئەکەوێ، ئەوەندە جێ ئەمێنی کە ئیتر ببڕای ببڕای نەیگەیتێ، و ئەوانەی کە لە دواوەتەوەن وە پێشت ئەکەون، ئەتکەن بە ژێر پێوە و ئەتپڵیشێننەوە.

ئینجا بڕوانە ئەم شیعرانەی گۆران!

**ئافرەت و جوانی**

بـــە عـــاسمـــانـــەوە ئـــەستـــێرەم دیـــوە

لــە بــاخـچـەی بـەهــار گـوڵـم چـنـیـوە

شەونمی درەخت لە ڕووم پژاوە
لە زەردەی زۆر کەل سەرنجم داوە
پەلکە ڕەنگینەی پاش بارانی زۆر
چەماوەتەوە بەرامبەر بە خۆر
هەتاوی نەورۆز، مانگی جۆ درەو
زۆر هاتوون و چوون بەڕۆژ و بەشەو
خوڕڕەی قەڵبەزی کەف زیوینی چەم
لە هەزار چەشنە پڕشنگی ناو تەم
میوەی گەیشتووی زەرد و سووری باخ
جریوە و جووکەی دارستانی شاخ
لە گەرووی شمشاڵ، لە تەلی کەمان
گەلێ هەڵساوە ئاوازی جوان جوان
ئەمانە هەموو جوانن، شیرینن
ڕۆشنکەرەوەی شەقامی ژینن
بەڵام (تەبیعەت) هەرگیز و هەرگیز
بێ ڕووناکییە، بێ(بزە)ی ئازیز(١)
بێ ئاوازەیە دەنگە نەرمەکەی
با نەیدا لە گوێم، تێر نەڵێم ئۆخەی
کام ئەستێرەی گەش، کام گوڵی کێوی؟
ئاڵە وەك کوڵمی، لاجانگی، لێوی؟
کام ڕەشی، ئەگا بەڕەشیی چاوی؟
(بژرانگ)ی، (برۆ)ی ئەگریجەی خاوی؟
کام بەرز جوانە وەك بەرزیی باڵای؟
کام تیشك ئەگاتە تیشکی نێو نیگای؟

---

(١) (بزە) واتا زەردەخەنە.

کـام تـاسە کـام مـەیل کـام چاوەنوارِی؟

تــەلــیسمــاویــیــە وەك هــیــی دڵــداری؟

***

بە خەیاڵی کام شاعیرمانا هاتووە کە لە (خاڵ)ی سەر گۆنای مەحبووبە و یا زولف و پەرچەمی یار، بەوێنەیەکی وا بدوێ کە جوانییەکی تیا بێ و بچێتە دڵەوە؟ وەکو ئێمە ئەیزانین، تا گۆران و پەیڕەوەکانی لە ناوا نەبوون خاڵی ڕەشی سەر گۆنای (لەیل)، کاتێ ئەبوو بە (عەبدی حەبەشی) و جارجارەش ئەکرا بە(قول)ێك و یا (بێچووە هندی)یەك.

بەڵام گۆران، کە ئەیەوێ باس لە ڕەشیی چاو و برژانگ، و یا ئەگریجە و (برۆ)ی یاری خۆی بکا، بزانن چەند بە وەستایانە و شاعیرانە ئەڵێ:

کام ڕەشی ئەگا، بە ڕەشیی چــاوی؟

برژانگی، برۆی، ئەگریجەی خاوی؟

لەم کەم دەسەڵاتی و بە دەسەڵاتییە کە لەم بەیتەدایە ورد ئەبیتەوە؟ ناتوانی شتێکی ڕەش و جــوان بــدۆزیــتــەوە کــە لــە ڕەشیــی چــاو و بــرژانگ و ئــەگــریــجــە و بــرۆی خۆشەویستەکەی بچێ، و بەدەرخستنی بێ دەسەڵاتیی خۆی بەم ڕەنگە جوانایی بێ وێنەی چاوە جوانەکان و ئەگریجە و برژانگ و برۆی ڕەش و دڵڕفێنی دڵدارەکەی دەرئەخا.

گۆران، لەم چەشنە وەسفەدا بەڕاستی دەسەڵاتێکی هەیە. لەباسی جوانیی (کوڵم)ی خۆشەویستەکەی و لاجانگی و لێوە ئاڵەکانیا، ئەگەر بهاتایە کە پەیڕەویی شاعیرە کۆنەکان بکا، ئەبوو بیر لە خونچە، یاخۆ لە یاقووت و مەرجان و ئەم تەرحە شتانە بکاتەوە، کە ئەگەر ڕاستت ئەوێ، پەڕەی گوڵیش بەو ناسکی و بۆنخۆشییەوە کە هەیە، ڕایەی ناکەوێ بگاتە ڕیزی کوڵم و لاجانگ و لێوی شیرین و گیان بزوێنەری کچێکی جوان و تازە هەڵچوو، لەبەر ئەمە گۆران، بە شێوە شاعیرانەکەی خۆی ئەڵێ:

کام ئەستێرەی گەش، کام گوڵی کێوی؟

ئــــاڵە وەك کوڵمی؟ لاجــانگی، لێوی؟

شکی تیا نییە کە شێخ ڕەزای تاڵەبانی یەکەم شاعیری دەوری خۆی بووە و ئەتوانم بڵێم کە لەهەندێ ڕووەوە هاوتای هەڵنەکەوتووە. بەتایبەتی شیعرەکانی کە بە کوردی

دای ناوە زۆری لە نەوعی سەهلی مومتەنیعە و نموونەیەکی بەرزە لە بەلاغە ئەم بوێژە ناوادارە لە ستایشی باڵای شۆخێکا ئەڵی:

«سەر» و «نەی» چین کە لەگەڵ قامەتی تــۆ بێنە نەبــەرد
«شەکری»خواردووە «نەی»، (سەرو)، (سەر)ی داوە لە بەرد

باوەڕ ناکەم ستایش لەمە جوانتر و بە ماناتر و پڕتر لە سەنعەتی ئەدەب ببێ. لەگەڵ ئەمەشا بە لای منەوە ئەم شیعرەی خوارەوەی گۆران کە ئەڵێ:

کام بەرزی جوانە وەك بەرزیی باڵای؟
کــام تیشك ئەگاتە تیشکی نێو نیگای؟

ئەوەندە سادەی و ڕەوانە و لە ئارایشی وشە و تەعبیری فوودراو و بێگانە بێ بەشە، ئەوەندە جوان و شیرینە و لە چەشکەی شیعر و ئەدەب بەشدارە، چونکە واقیعییە و بەهای جوانیی ماناکەی لە موبالەغە و خەیاڵ وەرنەگرتووە.

ڕاستییەکەشی ئەوەیە کە وەکو گۆران ئەیڵێ:

کام بەرزی جوانە وەك بەرزیی باڵای؟
کــام تیشك ئەگاتە تیشکی نێو نیگای؟

بــەڵام تــا دوێنــێ بــوو، شاعیـرەکـانمان لە ئـاقـار بـاڵای بـەرزی شۆخێکی نـازدارا، بەرزیی درەختێکی بێ گیان، و لە عاست پرشنگی نیگای دلبەرێکا، ئەو پەڕەکەی پرشنگی ئەستێرەیەکی بێ هۆش و بێ شعووریان ئەهات بە بیرا، کەچی گۆران کە لە جوانی تەبیعەت لە هەموو شاعیرەکانمان زیاتر لەزەت وەرئەگرێ و سیحراوی ئەبێ لە ئاقار چاوە جوانەکانی کچێکا هەموو جوانییەکانی تەبیعەتی لە بیر ئەچێتەوە وە لە بەرامبەر شیرینێکی باڵا بەرزا تەلیسماوی ئەبێ و هەموو بەرزییەکانی دونیا لەبەر چاوی نزم ئەبێتەوە و پەست ئەنوێنێ. ئینجا ئەمە لە دونیای شیعرا گۆڕانێکە کە گۆران دای هێنا ئاخۆ، گۆران، بۆچی وا ئەکا و تۆ بڵێی بەلای ئەوەوە لە تەبیعەتا جوانی نەبێ وە هەرچی جوانی هەیە هەر لە هەستی و لە لەشی ئافرەتا کۆ بووبیتەوە؟ گۆران، وەڵامی ئەم پرسیارەی ئێمە بەم شیعرانەی خوارەوە ئەداتەوە:

خـوڕەی قـەڵـبـەزی کـەف زیـویـنـی چـەم
لــە هــەزار چــەشنــە پــڕشنـگـی نـاو تـەم

میوەی گەیشتووی زەرد و سووری باخ
جـریـوە و جـووکـەی دارستــانــی شاخ
لە گەرووی (شمشاڵ) لە تەلی (کەمان)
گـەلــێ هـەڵساوە ئـاوازی جـوان جـوان
ئـەمــانــە هـەمـووی جـوانـن شیـریـنـن
ڕۆشنـــکـــەرەوەی شەقـــامـــی ژیـــنـــن
بـەڵام (تـەبـیـعـەت) هـەرگـیـزاوهـەرگـیـز
بـێ ڕوونـاکـیـیـە بـێ (بـزە)ی ئـازیـز(١)

ئەمە نیگای گۆرانە بەرامبەر تەبیعەت و جوانییەکانی. ئەو زیاد لە شاعیرەکانی تر مەفتوونی تەبیعەتە و بە نیگایەکی قووڵتر تێی ئەفکرێ، بەڵام لەلایەکی تریشەوە هەست بەوە ئەکا کە جوانیی ئافرەت کانگەی هەموو جوانییەکانی تەبیعەتە و بە ئیلهامی جوانی ئافرەت هەست بەوە ئەکرێ کە لە تەبیعەتا جوانی هەیە، لە ئافرەتیشا گۆران، بۆ ئەو جوانییانە ئەگەڕێ کە بەدەس ناگیرێ و بوونیان لە کانی دڵ و گیانا هەست ئەکرێ.. و لەبەر ئەمەیە کە ئەڵێ:

بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز
بێ ڕوونـــاکییە بێ (بزە)ی ئازیز.

دوای ئەمە کە هەرچی جوانیی تەبیعەت هەیە ئەیژمێرێ، و ئەیهێنێتە بەر چاومان، و تێمان ئەگەیێنێ کە ئەمانە هەموویان جوان و شیرین و ڕۆشنکەرەوەی ژینن، ئینجا با ئەداتەوە و ئەڵێ:

بەڵام لەگەڵ ئەمەشا بێ (بزە)ی + ئازیز هیچیان ڕووناکی بەدڵ نادەن.

***

## نووسراوەکانی گۆران

لە سەرەوە وتبوومان کە شیعری گۆران و بەتایبەتی شیعرە باشەکانی لە چاپ دراون، بەڵام ئەمانە هەمووی لە دیوانێکا کۆ نەکراونەتەوە. ئەو کۆمەڵە شیعرانەی کە لە

(١) (بزە) واتا زەردەخەنە.

جوانی و دڵداری ئەدویٚ زنجیرەی یەکەمی دیوانەکەیەتی کە لەژێر ناوی (بەهەشت و یادگار) لە ساڵی ١٩٥٠ی میلادیا لە بەغدا و لە چاپخانەی معاریفا لە چاپ دراوە. لەم بەشە دیوانەی (گۆراندا هیی وای تیایە کە نزیکەی ٣٠ ساڵ لەمەو پێش دانراوە، هەروەکو هیی ساڵێك لەمەوبەریشی تیایە وەکو خۆی لە سەرەتای (بەهەشت و یادگار)دا ئەڵیٚ، بەشی زۆری شیعرە کۆنەکانی لەسەر وەزنی عەرووز و بە کوردییەکی کۆنی تێکەڵاو بەزمانی بێگانە نووسراون. ئوسلووبیشیان کۆنە، واتە وەك هیی (سالم) و (نالی) لەسەر ڕێوشوێنی غەزەل هەڵبەستراون، یان لەسەر ئەو جۆرە ئوسلووب و شێوەیە وتراون کە نووری (شێخ ساڵح) و هاوڕێکانی لە بوێژە تازەکانی تورکی عوسمانییان وەرگرت و لە سەردەمێکی سنووردارا (١٩٢٠– ١٩٣٠) شیعری کوردیی ناوچەی (سلێمانی)یان پیٚ تازە کردەوە.

شیعرەکانی (بەهەشت و یادگار) زۆریان لەژێر ئەم ناوە تازانەی وەکو (ئافرەت و جوانی)، (ڕەوتێکی جوان)، (ئاواتی دووری)، (گوڵی خوێناوی)، (حوزنی پەچە)، (خۆزگەم بەیار)، (سکاڵا)، (بۆ جوانی سەرە ڕیٚ)، (پۆستەی دڵدار)، (جوانی لە لادیٚ)، (لە درزی پەچەوە)، .... (شەوێك لە عبداللّە(١))، (بووکێکی ناکام)، (لادیٚ یی)دا دانراون بەوەزن و ئوسلووب و ماناش لەشیعری کۆنی کلاسیکی زۆر دوور و جیاوازن، مۆسیقایەك کە لەم شیعرانەدا هەیە لەگەڵ ئاهەنگی مۆسیقای شیعری کۆن وەکو ئەو فەرق و جیاوازیەیە کە لەبەینی مۆسیقای کۆنی خۆرهەڵات و مۆسیقای تازەی خۆرئاواییەکانە، ئینجا لەبەر ئەمەیە کە بێتو یەکێك لە مۆسیقای خۆرهەڵاتییەکانی کۆن بەولاوە مۆسیقای نەبیستبێت و گوێچکەی هەر بەم جۆرە مۆسیقایە ڕاهاتبێت و گۆش کرابیٚ ڕەنگە لەم مۆسیقا تازەیە کە لەشیعرە تازەکانی (گۆران)دا هەیە تامێکی ئەوتۆ وەرنەگریٚ، بەڵام ئەوانەی کە کەموزۆر لە ئەدەبی خۆرئاوا، و بە وشەیەکی ڕوونتر لە ئەدەبی تازە ئاگادارن تام و چەشکەی ئەم شیعرانە سەرمەستیان ئەکا، و بەموزیقەیەك کە لەم شیعرە تازانەدا هەیە ڕەگەکانی لەشیان دێتە لەرزین و لە کانگای دڵیانا هەست بەو مووچرکانە ئەکەن کە لەژێر تەئسیرێکی کارەبایی و یا میقناتیسیا پەیا ئەبیٚ.

---

(١) عەبدوڵڵا ناوی جێگەیێکی ڕابواردنە لە بەغدا کە شەوان ژنان سەمای تیا ئەکەن و سەیرکەران، لەوێدا بەخواردنەوە و خواردن و بەزمەوە ڕائەبوێرن.

لەم شیعرانەی خوارەوە ورد بنەوە کە باسی «ڕەوتێکی جوان» ئەکا. ڕەوتی جوانیی مراوییەك، قازێك، ڕەوتی جوانی کۆترێك (کەو)ێك، (پۆڕ)ێك و (کەروێشك)ێك.

لــــــە ژێر زەردەی خـــــــۆرەتـــــــاوا
بـــە نـــاو چـــیـــمـــەنـــی گـــوێ ئـــاوا
چـــەن بـــە ئـــاهـــەنگ، چـــەن سیـــحـــراوی؟
ئـــــەگـــــەڕێ قـــــاز، یـــــان مـــــراوی

***

یـــا (کـــەو) لـــەسەر بـــەفـــری نـــزار
بـــۆ (لـــووتـــکـــەی)ی هـــەزار بـــە هـــەزار
چـــەن ئـــێسك سووك چـــەن گـــورجـــوگـــۆڵ؟
ئـــەکشێ پشت لـــە تـــۆی تـــەخـــتـــی دۆڵ(١)

***

یـــا کـــــەروێشکـــــی تـــــێر و قـــــەڵـــــەو،
لـــەبـــەر تـــریـــفـــەی مـــانـــگـــە شەو،
چـــەن جـــوان ئـــەڕوا بـــە قـــونـــەقـــون،
سرك و گـــــورج و سپـــــی و خـــــرپـــــن

***

یـــا پـــۆڕ لـــە گـــوێ ڕێگـــای دەشتـــا
لـــەگـــەڵ سایـــەقـــەی پـــاش وەشتـــا
چـــەن (ورد) و جـــوان بـــەلـــەنجە و لار
ئـــەشێلـــێ سەوزە گـــیـــای بـــەهـــار
یـــا کـــۆتـــری حـــەوشی مـــزگـــەوت،
چـــەن خـــنـــجـــیـــلانـــەی لـــێ دێ ڕەوت،

(١) مەبەستی گۆران ئەوەیە کە لە کاتێکا، تۆ بە دوڵا ئەڕۆی (کەو) پشتی لە تۆیە و بەرەو لووتکەی شاخ ئەکشێ و سەر ئەکەوێ.

ئـــەوەنـــدە جـــوان، لـــەوە جـــوانـــتـــر
لـــە شنـــەی بـــای شەو ڕەوانـــتـــر

***

لـــە لـــەرەی پـــرشنگ ئـــاوازە،
لـــە خـــوڕەی ئـــاو شیـــعـــری تـــازە،
بـــە ئـــاهـــەنـــگـــتـــر بـــە خـــرۆشتـــر
بـــە گـــوێچکـــەی دڵ دەنگـــی خـــۆشتـــر
پـــێی نـــاز ئـــەنـــێ بـــەسەر ئـــەرزا
جـــوانـــی لـــە بـــەژنـــێکـــی بـــەرزا

***

ئەوانەی کە لە ئاهەنگی موزیقە تێ ئەگەن و لە موزیقەی شیعرا، شارەزاییان هەیە، ئەڵێن: ئینسان وەکو ئاو وەکو هەوا ئاتاجە بە موزیقە. لەکانی دڵا بەرامبەر بە دەنگەکان مەیلێك هەیە کە نازانی لەبەر چییە؟ گرمەی هەورە تریشقە و خوڕەی ئاو و لەرینەوەی گەڵای دارەکان، هەر یەکە بە جۆرێ کاری تێ ئەکا، یەکێکیان ڕای ئەچڵەکێنێ و دڵی ئەخورپێنێ، ئەویتریان مووچڕکێك ئەدا بە لەش و یا تەزوویەك ئەهێنێ بە دڵیا. واتە لە هەندێ دەنگ، دڵ ڕائەچەنێ و ئەگوشرێ، لە هەندێکیشیان خۆشییەکی پێ ئەگا و ئەگەشێتەوە. ئینجا ئەدەب ئەم دوو چەشنە دەنگانە لە یەك جیا ئەکاتەوە ئەو دەنگانەی کە لە تەقە و رەقەیەکی و یا لەو جۆرە شتانە پەیا ئەبێ کە پێی ئەڵێن: قیرە، کیرە، گیرە، زیرە، شیرە، زەرە، بورە...) بە (دەنگە پێك نەهاتووەکان)(١) و ئەوانەی کە لەو شتانەی وەکو: (سروە، شنە، لەرە، جریوە،...) پەیا ئەبێ بە (دەنگە پێکهاتووەکان)(٢) دا ئەنێ دەنگە پێکهاتووەکان، نەشئە بە دڵ ئەدەن و گوشایشی پێ پەیا ئەکەن، بە پێچەوانەی ئەمە دەنگە پێکنەهاتووەکان ناخۆش دێنە بەرگوێ و دڵی ئینسانی پێ تەنگ ئەبێ و ئەگوشرێ... ئینجا دوای ئەم پێشخراوە تکام وایە کە شیعرەکانی سەرەوە جارێکی تر بخوێننەوە.

---

(١) الاصوات المتنافرة.

(٢) الاصوات المتآلفة.

لــە لــەرەی پــرشنگ ئــاوازە
لـە خـورەی ئـاو شیـعری تـازە
بــە ئــاهــەنـگـتـر بــە خـرۆشتـر
بە گوێچکەی دڵ دەنگی خۆشتر
پـێی نــاز ئـەنـێ بـەسەر ئـەرزا
جـوانــی لـە بــەژنـێـکـی بـەرزا

شکی تیا نییە کە لەم شیعرە ساکارانەدا هەست بە ئاهەنگێکی مۆسیقی ئەکەن، کە تەزوویکی فێنك و خۆش ئەدا بەدڵ و ئەیگەشێنێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە دەنگی وشەکان لەسەر (تەپڵ)ی گوێچکەمان، وەکو تەئسیری (ژێ)یێکە کە بە ئەموستی مۆسیقارێکی شارەزا ئەخشێنرێ، بەسەر تەلەکانی کەمانا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشا ئەگەر شاعیرێکی وەکو گۆران نەیوتایە ئێمە بەسەر، ئەم شیعرەوە نە ئەڕۆیشتین کە ئەڵێ:

لە لەرەی پرشنگ ئاوازە

چونکە (ئاوازە)، لە لەرەی پرشنگ پەیا نابێ و ئەمانە هەریەکە ئەچێتەوە سەر کانیی هەستێکی تایبەتی، ئاوازە ئەچێتەوە سەر بیستن (گوێ)، (لەرەی پرشنگ) ئەچێتەوە سەر بینین (چاو)، بەڵام گۆران کە شاعیرێکە بە هەموو مانای وشەوە توانیویەتی ئەوانەی کە لە دڵ و مێشکیا هەستی پێ ئەکا، بێ کەم و زیاد بیگوێزێتەوە دڵ و مێشکی ئێمەشەوە، بەم تەعبیرە شیرینە تینێکی تری داوە بە لەرەی پرشنگ و بە وێنەیەکی بەهێزتر قوژبنە تاریکەکانی مێشکی پێ ڕوون کردووینەوە.

تا پێش دەوری گۆران وا زان ئەکرا کە لە وشەی پەتی و ساکاری کوردی شیعری بەرز ناوترێ، بەڵام بە هۆی ئوسلووبێکی دای هێنا لە (فەن)ی شیعرا، گۆران، ئەم باوەڕەی گۆڕی. لام وایە هەرچی وشەی جوان و بەرز و بە مانای عەرەبی و فارسی هەیە بۆ نەخشاندنی ڕەوتی کەروێشکێك بە کاری بهێنایە بە چەشنی ئەوەی کە لەم شیـعرانـەی خـوارەوەدا هـەستـی پـێ ئـەکـرێ، جـوانـی و شیـرینـیی ڕەوتـی کـەروێشك نەئەچووە دڵەوە و جێی نەئەبووەوە.

یــا کــەروێشکــی تــێر و قــەڵــەو
لــەبــەر تــریـفــەی مــانـگــە شەو

چەن جوان ئەڕوا بە قونە قون
سرك و گورج و سپی و خرپن

***

گۆران، زۆرتر لە واقیع دواوە و گەلێ لەوحەی کۆمەڵایەتیی لە ژیانی کوردەواری بۆ کێشاوین، بەڵام ئەم لەوحانە کە واقیعی قەومەکەمان پێشان ئەدا و راستە، لە خەیاڵیش بەشی وەرگرتووە ئەوەندە هەیە ئەم بەشە لەڕادەیەك نەچووەتە دەرەوە کە پێویستی (فەن)بێ، ئەتەوێ لە مەبەستمان تێ بگەی؟ بڕوانە:

## گوڵی خوێنین

کوڕ: بڕوانە شاییە چۆپییە لەو ماڵە
گوێ بگرە زوڕنایە دەهۆڵە شمشاڵە
زەرد و سوور تێکەڵ بوون ژن و پیاو هەرایە
لەو ناوە هەر هارەی هەیاسەی تۆ نایە
سا توخوا خێرا کە با بڕۆین دەس بگرین
بەکامی دڵداری پێکەوە هەڵپەڕین

***

کچ: گوڵ نەبێ بۆ سەرم ئاڵ چەپکێ زەرد چەپکێ
نایێم بۆ زەماوەند، نایێم بۆ هەڵپەڕکێ

***

(تەرانە)یەك کە لەم شیعرانەدا هەیە وە جۆش و خرۆشێ کە ئەم (گوڵی خوێنین)ە بە گۆرانییەوە، ئەیدا بە دڵی لاوانی کورد، هەر ئەوانە ئەیزانن کە لەو کۆڕی بەزمانەدا بوون و بیستوویانە بەمەدا دەرئەکەوێ کە ئەو نەغمە تەلیسماوییە کە لە زمانە شیرینە ساکارەکەی کوردیا هەیە -مەبەستمان خۆمانین- لەزمانێکی ترا نییە، بەڵام بەو مەرجە کە بوێژەکان و ئەدیبەکانمان بزانن چۆنی بەکارئەهێنن و بتوانن هەستی دڵی خۆیانی پێ دەربخەن، چونکە شیعر و ئەدەب ئەوە نییە کە بە وشەی قەڵەوی نەبیسراو و یا بە (تەعبیر)ی پەردەداری بێگانە تەقەلای شاردنەوەی بیرێکی سادە و وێنەیەکی بێ نموود بدەی، و سەرنجی بێ سوودی ڕاکێشیتە سەر، بەڵکو ئەدەب ئەوەیە کە بتوانی

بە چەند وشەیەکی ساکار، بەڵام موزیقاوی و بە ئاهەنگ و نەغمە، پەردە لە ڕووی وێنەیەکی شیرین هەڵدەیتەوە و یا دیمەنێکی جوانی بە بیرا نەهاتوو بخەیتە بەر سەرنجی ئەوانە کە هێندە ڕاهاتووی وردبینی نەبوون بە سووکی سەرنجی بدەنێ...

بـڕوانــە شایـیـیـە چـۆپـیـیـە لـەو مـاڵـە
گـوێ بـگـرە! زوڕنـایـە دەهـۆڵـە شمشاڵـە
زەرد و سوور تێکەڵ بوون ژن و پیاو هەرایە
لـەو نـاوە هــەر هـارەی هـەیـاسەی تۆ نـایـە

گۆران بەم وشە کوردی و ساکارانە کە تاقە وشەیەکی بێگانە تێکەڵی نەبووە، تەعبیرێکی نەبیسراو نزیکی نەکەوتووەتەوە لاپەڕەیەك لە ژیانی کۆمەڵایەتیی کورد ئەگێڕێتەوە کە هەموومان دیومانە و یا بیستوومانە. هەندێکمان خۆی تیا بووە. ئەزانێ کە ئەوەی بۆمان ئەگێڕێتەوە ڕاستە و تەواوە. واتە لەوحەیەکە لەژیانی واقیعی کورد. لە کانی خەیاڵ و موبالەغە هەڵ نەقوڵاوە. دیمەنێکی شیرینی هەڵپەڕکێ و زەماوەندی کوردییە، کاری لە دڵ و لەمێشکی گۆران کردووە، بە چەشنێ کە لە وێنەی وشەدا ئەپڕژێتە سەر زمانی و بۆمان ئەگێڕێتەوە. گێڕانەوەیەکی شاعیرانە و بە ئاهەنگ و زەمزەمە واتە، پڕ لە موزیقە و نەغمە و ئاراستە بە (فەنی) شیعر.

***

گۆران، شاعیرێکی فەنان و (واقعییە– Realiste): بێ ئەوەی باکمان ببێ لە ڕەخنەیێ یاخۆ لە واتەکەی خۆمان بە گومان بین، ئەڵێین گۆران، بەڕاستی بوێژێکی واقیعی و فەنانە. بوێژێکە کە مادەی شیعرەکانی لە کانگای ژیان واتە لە ژیانی کۆمەڵایەتیی کورد هەڵێنجاوە و کردوویە بە بوودەقەی ئەدەبا، ئینجا لەم وێنە سیحراوی و دڵ فڕێنەدا کە پێی ئەڵێن (شیعر) بۆی هێناوینەتە دەرێ...

بەڵێ گۆران، بوێژێکی فەنان و واقیعییە، چونکە لاساییکردنەوەی بوێژەکانی نەکردووە بە پیشە هەرچەند لە سەرەتای منالییەوە دەسی کردووە بە شیعر وتن وە چەند شیعرێکی لەسەر پێوشوێنی ئەوان، داناوە، بەڵام ئەمە ماوەیەکی زۆر کورتی لە ژیانی گۆران تەرخان کردووە. دوای ئەمە وازی لە شیعر وتن هێناوە، تاوەکو لە لایەکەوە نا هەمواریی چەرخی چەپگەرد، لەلایەکی ترەوە شارەزاییی پەیاکردن لە زمانەکانی تورکی و ئینگلیزی کارێکی تازەی لەسەر هەستی و ژیانی کردووە. ئەوسا

بـە چـاوپـیـاخشانـدنـی بـە شیـعری ئـەدیبـە تـازەکـانـی تـورکـا، بـووە بـە هـۆی زیـنـدوو بوونـەوەی هـەستیی شیعری و تیشکی ئـەدەبی تـازەی تورك بە وێنـەی بڵێسەیەکی بەتین و بەشەوق، کون و قوژبنە تاریکەکانی دڵ و مێشکی ڕووناك کردووەتەوە. هـەر تیشکی ئـەم بڵێسە بە شەوقەش مێشکی هـانیوەتە پژمین. ئینجا شیعرە بەرزەکانی گۆران، ئەو ڕستە مرواریيە بەنرخانەیە کە بەهۆی ئەم پژمینەوە لە کانگای شاراوەی دڵ و مێشکی دەرپـەڕیـونـەتـە دەرەوە. گـۆران یـەکـێکـە لـە بـوێژە بـەرزەکـانـی کـورد کـە تـەوقـی لاسایيکردنـەوەیـان شکـاندووە و سەریـان لـەبـەر چـەمـەری چـاولێکـەری و تـەقلیدا نـە چەماندووەتەوە و گیرۆدەی کۆت و زنجیری عیلمی عەرووز و یا پێبەندی قـافیە نەبوون. گۆران، خۆی ڕێگەیەکی تـازەی وای دانـاوە لـە شیعرا، کە ئـەشێ بوێژ و ئـەدیبـە تـازەکـانمان لاسایيی بکـەنـەوە و لـەسەری بڕۆن. نـەك ئـەوەی سەر لـە عـاستی تـەقلیدا بنووشتێنێتەوە بەڵکو تەقلیدی سەروژێر کردووە. لە کاتێکا کە زۆر کـەس ملکەچی قـافیە ئـەبن، گۆران قـافیەی ملکەچی خۆی کردووە. بۆ قـافیـەیەکی تـایبـەتی ڕەوانی و سەلاسەتی بیری خۆی نەئـاڵۆزاندووە، تێك نـەدواوە و ڕشتـەی خـەیـاڵی قـافیە وەکو (مێو و ڕۆن)ە بە دەسیەوە. بە مـەیلی خۆی یـاریی پێ ئـەکا، لـە چەشنی گوارە، کـە ویستی ئەیکاتە گوێ بووکی فیکرەوە و شیعرەکانی پێ ئەڕازێنێتەوە. زۆر جاریش ڕەنگە هـەر بیری لـە قـافیـە نەکردبێتەوە. لەگەڵ ئـەمـەشا شیعرەکـانی سەراپا قـافیەدارە، چونکە چەشکەیەکی بەرزی تەبیعی وشەکانی لە وێنەی (سەجع و قـافیە)دا هـانیوە بەسەر زمانیا. ئەگینا وشەکانی «تێر و قـەڵەو، مـانگەشەو، وەیا قونەقون و سپی و خڕین» لەوانە نییە کە گۆران بـە تـایبـەتی بیری لێ کردبێتەوە و مـەوزووعی شیعرەکەی لـە ژێر حوکمی ئـەم قـافیـانـەدا دانـابێ. بـەکورتی من لـەو بـاوەڕەدام کە گۆران تـەنیا بیری لـەو دیمەنانە کردووەتەوە کە چاوی پێ کەوتووە، ئینجا کە ئـەیەوێ بیگێڕێتەوە ئەو قـافیە و وشانـە کە کـەڵکی گێڕانـەوەیەکی وا ئـەگرێ، خۆیـان بـەسەر گۆرانا بڕیوە. واتـە ئـەوەی گۆرانی بزواندووە و شیعری بەرزی واقیعیی بەسەر زمانـا هێناوە سەلیقـەیە، چەشکەی ئەدەبی، سەلاسەتی بەیان، و لە هـەموو ئـەمـانە زیاتر، چەشنی ژیانی خۆیەتی لەگەڵ واقیعی وڵاتەکەی و کاریگەریی ئەم واقیعە لەسەر بیر و هۆشی گۆران. جگە لەمـانە لەبارابوونی گۆران بۆ تێگەیشتن و گرتنی وێنەکانی ئەم واقیعانە کە دیمەنەکان و چاو ئەندازەکان و (تابلۆ)کانی تری ژیانی کۆمەڵایەتی کوردە لە پەردەگای بیر و خـەیـاڵیا بێ زیاد و کـەم. ئینجا، دەسەڵاتی گۆران، بۆ دەرخستنی ئـەم وێنە چەشن

چەشنانە لەو پەردەگای بیر و خەیاڵەوە بۆ دونیای دەنگ و نەغمە و وەزن و قافیە، وای لە ئێمە ئەوێ کە دووبارەی بکەینەوە و بڵێین: گۆران، بوێژێکە فەنان و واقیعی، گۆران، یەکێکە لەو شاعیرانە کە لە قوتابخانەی تەبیعەتی نیشتمانەکەیا پێگەیشتووە. دەرسخانەکانی ئەو، دیمەنە شیرینەکانی وڵات و وێنەکانی ڕابردوون و ژیانی کۆمەڵایەتیی قەومی کوردە. لەمانە هەوێنی شیعری وەرگرتووە و ئەمانە گوشایشی داوە بە بیر و هۆشی. بە نووری ئەم چاوئەندازە ڕەنگاوڕەنگانە مێشکی ڕوون بووەتەوە و لە کانگای دڵیا قەڵبەزی شیعر هاتووەتە هاژە و بە نووکی قەڵەمیا ڕژاوەتە سەر کاغەز.

گۆران، جگە لەمانە لەگەڵ کاتا چووە بەڕێوە. لە نوختەیەکا نەوەستاوە و گیری نەخواردووە، بەڵکو لەگەڵ کاروانی شاعیرە بەرزەکانی ئەم چەرخەدا ڕێگەی گرتووەتەبەر و لەوان جیا نەبووەتەوە. هەروەکو نەوەستاوە وە بێ وچان پێش کەوتووە قەڵبەزی بیری تیژ و بە پیتیشی، لەبەر نووری مێشکیا بەوێنەی پەلکە زێڕینەی دوای بارانی بەهار ڕەنگاوڕەنگە و لە گۆڕانایە. دیوانەکەی کۆمەڵە شیعرێکی غەرامی یان ستایشی گەورەکان و یا لێدوان نییە لەم و لەو. مەتحی ئاشنایەك و یا توانجگرتن لە دوژمنێك نییە. باسی شەڕێکی (مێژوویین) وە یا کارەسات و بەسەرهاتێکی کوردیش ناکا و ناگێڕێتەوە، بەڵام ئەمانە هەمووی لە وێنەیەکا کۆ کردووەتەوە کە تاسەی ئەدەبیی ئەم چەرخە دابمرکێنێت. غەرامی ئەو غەرامێکی واقیعی و تەبیعی و ڕاستە، غەرامێکە دوور لە گریان و قوڕپێوان. خاڵی لە موبالەغەی خورافاتاویی غەرام، هەموو هەستیی (گۆران)ی داگیر کردووە، بەڵام نەك غەرامێك کە لە حیکایەتە هەڵبەستراوەکانی پڕوپیرێژنان دایە وە یا لە پەڕە زەردەکانی سیپارەی (شیرین و فەرهاد) و (مەجنوون و لەیلا)دا ئەیخوێنێتەوە، بەڵکو غەرامێك کە لە کانی دڵی شاعیرێکی جوان ناس و مەفتوونی جوانیا بەرامبەر گیاندارێك ئەژێ کە هەر بەشێ لە لەشی بدەیتە بەر سەرنجی چاو، تەزوویەکی گەرم و سیحراوی بە لەشتا دێ و، جازیبەییەکی دەسەڵات شکێن ڕات ئەکێشێ بەلایەوە کە تا خۆتی بۆ شل کەی هێزی جازیبەکە زیاد ئەکا و پتر ئەتنووسێنێ بە کانگاکەیەوە. ئەم غەرامە هەندێ جار ئەگاتە پلەیەکی وا کە ئیتر (لەیلا)کەت لێ ئەبێ بە ئاوێنەیەك و هەستی خۆت لەوا ئەبینی.

گۆران، ستایش و مەتحی ئەم و ئەوی نەکردووە، بەڵام لە دیمەنەکانی کوردستانا، لە کێوە بەرزە سەختەکان و قەڵبەزە کەف پەخشانەکان، لە چەم و دۆڵە سەوز و

ئاودارەکانا، لە دەشتە پانەکانی پڕ لە گوڵ و نەسرینا، لە باڵندە نەخشینەکان، لە زیندەوەرە چەشن چەشنانەکانا کە لە داوێنی شاخەکانەوە بۆ قەدپاڵ و بەرەو لووتکەکان هەڵئەگەڕێن، لەو مەل و مراوییە ڕەنگاوڕەنگانەدا کە لە چەم و ڕووبارەکانا خنجیلانە لە هاتوچۆدان و ئاو ئەخۆنەوە، لەهەموو شتێکا، لە کۆڕی شایی، لە بەژن و باڵای شۆڕە ژنێ، لە ڕەشبەڵەکی لادێکان، لە هاتوچۆی دەستە کچەکانی ڕێی کانی، لە ڕەوتی کەروێشکێکی سپی وخڕپن، لە تریفەی مانگەشەوا، لە جریوەی بەری بەیانی چۆلەکەکان لە قاسپەی کەو و ناڵەی شمشاڵا، لە هارەی هەیاسە و خڕەی خڵخاڵی کچە کوردێکان بۆ جوانی و مۆسیقە گەڕاوە و شیعری لێ هۆنیوەتەوە.

ڕۆژێك لە کۆڵانێکا تووشی ژنێکی لە(عەباو)ە ئاڵاو ئەبێ. هەر لەژێر باڵایا، بە (سکارپین)ە بچکۆلەکانی و هەنگاو هەڵێنانەوەی سووك و خنجیلانەیا، تێ ئەگا کە جوانکیلەیە. لەم حەلەدا و لە پڕێکا درزێکیش ئەکەوێتە پەچەکەیەوە و چاوە جوان و بەخومارەکانی و تۆزێك لە سنگ و بەرۆکی سپی و توندوتۆڵی دەرئەکەوێ. کە دەس ئەبا بە پەچەکەی دا بداتەوە، چاوی بە مەچەکی وەك بلوور و پەنجە شیرینەکانیشی ئەکەوێ. ئەمە ئەبێتە هۆی خرۆشاندنی زەریای شیعری گۆران و بەم غەزەلەی خوارەوە، هەستی خۆیمان بەرامبەر ئافرەتەکە بۆ ئەگێڕێتەوە:

### لە درزی پەچەوە

جادە چۆڵ و سێبەر بوو، کات بەیانی
ئەڕۆیشتم خەیاڵاوی ئەمڕوانی
بۆ سەوزایی دەوروپشتم بۆ ئاسمان
بۆ شاخی بەرز، خانووی تازە، دونیای جوان
ئەڕۆیشتم بە ئەسپایی، کشو مات
لاشە سست و دڵ کەیلی تاسەو ئاوات
لەپڕ، نازانم چۆن سەرم هەڵبڕی
بەرامبەرم بەژنێك دەرکەوت وەك پەری
لەگەڵ ئەوەی لە عاباوە ئاڵا بوو
لە دیمەنی، شیرینی ئاشکرا بوو

بـــالاّ بـــەرز و بـــچـــكـــۆلـــە پـــێ و ئـــیسكـــارپـین
گـۆرەوی و پـووز، سفت و سپی و ئـاوریشمین
ئـــەڕۆیـــیـــم و دزەی نـــیـــگـــام جـــارجـــارێك
لـــەژێر عـــابـــای ڕەشا ئـــەیـــدی نـــازدارێك
بـــەڕەوتـــی كـــەو، لـــەنجەی تـــاوس و قـــومـــری
گورج گورج جوان جوان ئەهـاتو جادەی ئەبڕی
مـــابـــووی بـگـــاتـــە عـــاستـــم چـــەن هـــەنگـــاوێ
درزێ كـــەوتـــە پـــەچـــە و دیـــم نـــیگـــای چـــاوێ
دەستـــوپـــەنجە، مـــەچـــەكـــێك و نـــیـــگـــایـــەك
چـــی بـنـــووسم؟ خـــوایـــە هـــێزی، ئـــینشایـــەك
قـــۆڵ و مـــەچـــەك ساف و سپـــی وەك شووشە
سەر پـــەنجەكـــان وەك یـــاقـــووتـــی بـــە ورشە
بـــێـــنـــە سەرچـــاو، چـــاوێك، بـڵـــێم چ چـــاوێك؟.
كـــانـــی سیـــحـــر و دەریـــای عـــیشوە، گـێژ داوێك
كـــەوا كـــەوتـــە بـــەر شەپـــۆلـــی هـــەستـــی مـــن
لـــەو ڕۆژەوە هـــەر نـــوقـــم ئـــەبـــێ بـــەرەو بـــن!

***

ئینكار ناكرێ كە گەلێكی تر لە بوێژەكانی كۆن و تازەی كورد شیعری بەرزیان داناوە. وەكو حاجی قادری كۆیی، دڵدار، پیرەمێرد، بێكەس و ئەحمەدی خانی و سەلام و زیوەر و هەژار، بەڵام بەمن بێ، ئەمانە هیچیان لەم لایەنەوە بە وێنەی گۆران كە لە گەشتی هەوراماندا ئەبینرێ، دەسەڵاتیان بەسەر شیعری (تەسویری)یا نەشكاوە. گۆران، لە گەشتی هەورامانا، تابلۆیەكی تەواوی بەشێ لە وڵاتی كورد و چۆنیەتیی ڕابواردن و ژیانی ئەو كوردانەی كردووە بە مەوزووعی شیعر، كە لەو بەشەی وڵاتەكەمانا ئەژین. ئینجا هەر لەو حەلەوە كە دەس ئەكا بە باسی ئەم گەشتە هەتاكو لێ ئەبێتەوە بە بست لە مەوزووع دوور ناكەوێتەوە، دیمەنی ڕێگاو بان، ڕێگای ناو باخ، دێ، ژینی دیواخان، بەیانیانی دێ، كانیی ژنان، ژنی ئەو ناوە، گۆرانیی لاوەكانیان... بەڕێز ئەهۆنێتەوە و بە چەشنێكی ئەوتۆ، ئەدیبانە و شاعیرانە بۆمان

ئەگێڕێتەوە، کە قەت باوەڕ ناکەم یەکێ خۆی چووبێتە ئەو ناوە و گەشتی تیا کردبێ بەم چەشنەی گۆران ئەیگێڕێتەوە تابلۆیەکی ڕاست و تەواو و شیرینی هەورامان چەسپابێتەوە خەیاڵیەوە. تابلۆکەی گۆران، واتە، گەشتی هەورامان، تابلۆیەکی فەنیی ڕەنگین و شیرینی گیانداره. ناتەواویی تیا نییە. بەیتەکانی کە پەلەکانی لەشی مەوزووعەکەیە هەمووی لە جێی خۆیەتی، هەمووی زیندوو ڕێکوپێك، یەکتری تەواوکەر و بەکەڵکن، بەوێنەی گیاندارێك، پەلێك و یا عوزوێکی زیاد و بێ کەڵکی پێوە، نییە، هەمووی بەیەکەوە وەحدەیەکی تەواو، وەحدەیەکی گیانداری فەنییە. هەرچی وەکو وەزن و قافیە و وشەیە، ئەویش لە شیعری گۆران و بەتایبەتی لەم گەشتی هەورامانەدا گەیشتووەتە ڕادەی (ئیعجاز). ئەمە «گەشتی هەورامانە».

## دیمەنی ڕێگا و بان

کۆمەڵە شاخێك سەخت و گەردن کەش
ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش
سەرپۆشی لووتکەی بەفری زۆر سپی
بە دارستان ڕەش ناو دڵی کپی
جۆگەی ئاوەکان تیایە قەتیس ماو
هەر ئەڕۆن ناکەن پێچی شاخ تەواو
هاوار و هاژەی کەف چەڕینی چەم
بۆ تەنیایی شەو (لای لایە)یی خەم
توولە ڕێی باریك، توونا و توون پشکن
ڕێبوار ئەخاتە ئەندێشەی بێ بن
ناو ڕێگا تەق تەق، لاڕێ بەردی زل
کە هێشتا گەردوون پێی نەداوە تل
گا سەرە و ژوورە، گا سەرە و خوارە
تاڵی و شیرینیی دونیای ڕێبوارە

## ڕێگای ناو باخ

پـێش ئـەوەی بـگـەی بـە ئـاوانـیـی دێ
ئـەکشێتـە نـاو بـاخ تـوولـە مـاری ڕێ
شنـــەی سێبـــەری داری گـــوێز و تـــوو
ئـــەسڕێ ئـــارەقـــی ڕێبـــواری مـــانـــوو
تـەسکـیـنـی ڕێگـای بـاخـە و بـاخـی وێڵ
«مانوو نەبی»یە لەم کێڵ بۆ ئەو کێڵ(١)
(سەلامـوون عـەلـەیك) مـامـەی بن دارگوێز
سەلامـی مـانـوو لـە پـیـری بـێ هـێز؟..
(مەرحەبا) سەرچاو، بەچکەی کاکۆڵ قیت
سمـــۆرەی سەردار، ڕۆڵـــەی زرنگ و زیت
ئـەڕۆی هـەر ئـەڕۆی تـەلانـە و تـەلان(٢)
ئـەمـجـا ئـەگـەیـتـە پـێچـی بـەر مـاڵان

### دێ

کـام بـەربـەرۆچـکـەی زۆر بـاسەفـایـە
چـەشنـــی دڵـــی شاد دێیـــە ئـــاوایـــە!
خـــانـــووی بـــەگـــزادە لـە سای درەخـتـا
ئـارامـیـی بـووکـە لـە کـۆشی بـەخـتـا
خـانـووی ئـەهـالـیش زۆریـان دوو نـهـۆم
هـەنـدێ قـنـج و قـیت هـەنـدێ لارو کـۆم
یـەك لـەسەر یـەکـتـر، بـەرەو لووتکـەی کێو
بـۆ ئـاسمـان ئـەچـن وەك پـێپـیـلـکـەی دێو!

---

(١) کێڵ= قوخ= خانووی هاوینیی ناوباخ.

(٢) تەلان ڕێگەی بەینی دوو ڕیزە درەخت.

له (دێ)دا کام جێت گەورە بەرچاو کەوت
ماڵی ئاغایە و خانەقا و مزگەوت

### ژینی دیواخان

کە گەیشتیتە بەر دەرگای گەورە
هەر خزمەکارە لێت ئەدا دەورە
رێت پیشان ئەدەن تاکو دیواخان
ئیتر دیوانە و مەرحەبای میوان
دەستەی خزمەکار فیشەکدان لە مل
بە چەفتە و مشکی سەروتەپڵە زل
دەس لەسەر خەنجەر چاوەڕێی فەرمان
چ بۆ سەر بڕین، چ بۆ سەر دانان
هەچ کەسێ تازە بێتە دیواخان
کڕنووشی ئەکا بە سەردانەوان
گەرمە دیوانی شەوی بەگزادە
تێکەڵ و پێکەڵ بابەت و مادە

### مەلای دیواخان

لەژێر مێزەرا مەلای نووشتاوە
ریشی بۆ سەرسنگ پەرشو بڵاوە
قیافەت پەڕپووت وەك کتێبی کۆن
زمانی شیرین، سیمای نەختێ مۆن
بازی رۆحی چەش، بەشیعر و ئەدەب
بەڵام شێوەی زووی عەجەم و عەرەب
بۆ میوان ببێ مایەی تەسەلا
لە کۆڕی شەوا، (مەلا)یە و مەلا!

تـۆ و مـەلا و شیـعـر و فـەلسەفـەی ئـیسلام
گــوێ ڕاگــرتـــنــــی تـــاوتـــاوی عـــەوام
بــەبــێ زیـاد و کـەم بـێـنـیـتـە پـێش چـاو
سەرنجی کــوێران لـــە نــامـــەی نـــووسراو
کـە دیـوان چـۆڵ بـوو چـوویـتـە نـاو جێگا
دەس ئـــەکـــەیـتـە مـل خـەوی پـاش ڕێگـا

## بەیان

«الـــلّـــە أكــبـــر» مـــەلا بـــانـــگـــانـــە
تـــاریك و لـــێڵـــی بـــەری بـــەیـــانـــە،
مــانـگـی بــەجـێمـاو لـە سەفـەری شەو
زەردە لــە تـرسی قـــاسپــە قـــاسپـی کـەو!
ئـەستـێرەی مـەغـریب وەك قـەترەی ئـەمـەل
کـزکـز ئــەتـکـێتـە نـاو بـەفـری سەرکـەل!
لـەڕێی ئـەو بـەری شاخ دەنـگـی زەنگ دێ
لــە شوێنـــی ڕاوکــەر تــەقــەی تـفـەنگ دێ
رابـــە تـــەواوی دونـــیـــا ڕوونـــاکـــە
هــەر سیـحـری ڕووتـە سروشت ئـێستـاکـە!
لـــە درەخت ئـــەدا شنــەی بــای سەحـــەر،
جمـو جـووڵـیـەتـی چـەشنی سەودای سەر!
لــەسەر (جــۆگــە)ی ئــاش قــاز و مــراوی
چـــاوەڕێی ڕۆژن هـــەڵـــیـــنـــێ چـــاوی
بـەڵام تـاخـولـقـی نـەکـا چـێشتـەنگـاو،
نــایـــەتـــە نــاو دێ پـرشنـگـی هـــەتـــاو!

## مزگەوت

بـنـچینـەی مزگـەوت نیشتووەتـە نـاو چـەم
ڕوو بـەرەو قـیـبـلـە، پشت لـە جـەهـەنـنـەم؟

مزگەوتی کاتی چێشتەنگاوی چۆڵ
وەك مردوو کفنی بێ دەنگی بەکۆڵ!
سوورە چناری لقوپۆپ درێژ
سێبەر ئەکا بۆ خەوی بەردە نوێژ!
جارجار ئیمامی تەنیای لە گوێ حەوز
سنگی ماچ ئەکا ڕیشی بە وەنەوز
کەسێك بانگ ئەدا ئەشڵەقێنێ گۆم
ئیمام هەڵەستێ دار بەدەست، پشت کۆم
تا تەواو ئەبێ «الله أکبر»
پەنگ ئەخواتەوە لافاوی نوێژکەر
نوێژ بەتاڵ ئەبێ جەماعەت بڵاو
چەن پیرێك ئەبن بەخڵتەی لافاو
سووچێك گەرم ئەکەن بە رازی جوانی
ئاخ بە با ئەدەن بۆ دونیای فانی!.

## کانیی ژنان

سەرچاوەی ئاوێك، کەڵەکێك لەسەر
ژنێك تێی ئەچێ ژنێك یێتەدەر!.
ئەمەش لە دێدا کانیی ژنانە،
قیبلەی دڵداریی هەرزەکارانە!
ئێواران پۆل پۆل، لاوی کاکۆڵ لوول!
سەرە ڕێ ئەگرن، سەر گەرم و عەجوول
هەرچەن هاڕەی دێ هەیاسەی جوانێك
لە هێلانەی دەم ئەفڕێ هاوارێك!

## ژن

ژنی هەورامان، سەرتاپای خشڵ،
سەرچاوەی بۆنی مێخەك و سمڵ

تا بڵێی تەڕپۆش، ئاڵووالا جل
بەژن و بالا جوان، بەدەن نەرمو شل!
نێونیگای، خەندەی ئەستێرەی ئەمەل!
نەغمەی گفتوگۆی، وەك جریوەی مەل!
ژینی، بەهاری عەشق و جوانی،
جیلوەگای حوسنی، ڕێی باخ و کانی!

## گۆرانی

عەشقی ئێوارەی سەرە ڕێی کانی
بەر ئەداتە چەم کڵپەی گۆرانی
ڕۆژ ئاوا ئەبێ، چەم تاریك دایێ
دەنگی (کنا لەیل) هەر دوایی نایێ!
مانگ بە تریفەی ناو دێ ئەکا کەیل،
هێشتا هەر گەرمەناڵەی (کنا لەیل)
«سیا چەمانە .... سیا چەمانە ...»
بەهەشتی عەشقە ئەم هەورامانە!
ئەوەندەی دار و بەردی هەورامان
ڕەحمەت لە ژنی بەژن و بالا جوان
«سیا چەمانە ... سیا چەمانە...»
هەورامان جێگای سیاچەمانە!

***

گۆران هەر لە گەشتی هەورامانا ئەم وێنەگەریی فەن و موزیقەیەی بەکار نەهێناوە، بەڵکو ئەو لە هەموو شیعرێکیا، بەتایبەتی لە شیعری تەسویریا هێندە ورد و حەساسە، هێندە زاڵە بەسەر وشە و ئاهەنگ و قافیەدا، و لە تێکەڵاو کردنی ڕەنگەکانا(١) لە هەڵبژاردنی وشەی بە ئاهەنگ و موزیقاویا هێندە بەزەوق و بەدەسەڵاتە کە هەتا لە

(١) تێکەڵاوکردنی ڕەنگەکان= مەزجی ئەلوان.

شیعرەکانی ورد بیتەوە زیاتر شیرینیت پیا ئەچێ، وەتا بیخوێنیتەوە پتر گوشایش ئەدا بەدڵ و دەماختا. «گەشتی قەرەداغ»ی گۆران، کە ۲۱بەند و ۱۷۱بەیتە، وێنەیەکی فەنیی شیرینە بۆ «دۆڵی قەرەداغ» کە ئەمیش لەگەڵ «گەشتی هەورامانا» چەپی نییە.

گۆران، هەروەکو ئەو شیعرانەی کە لەسەر شێوە و ئوسلووبی تازە وە بە کوردیی پەتی دای ناون هەمووی بەرزە و پوختەیە، شیعرەکانی تریشی کە خۆی زۆر ڕای لێیان نییە و بە کۆنیان دادەنێ، بەلای منەوە ئەشێ کە بەوێنەیەکی بەرزی شیعری کوردی بژمێررێن، چونکە ئەو وشانەی کە ئەو بە بێگانەیان دادەنێ هەموویان ئاشنان بە گوێی کوردێکی خوێنەوار، و بە تایبەتی بەلای ئەوانەوە کە لە ئەدەب بەهرەیەکیان وەرگرتووە لەو وشانەن کە بۆ بەخشینی نرخ و جوانی بە دەگمەن بخرێنە شیعرەوە. بنوارنە، «جیلوەی شانۆ» کە خۆی بە شیعری کۆنی دادەنێ و لە هەموو شیعرەکانی تری زیاتر وشەی بێگانەی تیایە:

### جیلوەی شانۆ

لە جەرگی پەردەوە تك تك دڵۆپی (عوود) ئـــەڕژا
بەنووکی تەئسیری
تـــەرەب ئەهاتە خرۆش، تالیعی ســـروور ئەپژا
بە ئاهی دڵگیری
کەمان– شەهیق و زەفیری فریشتەیی ئەلحـــان–
ئەکەوتە ناو دڵی مردووش هەناسەیی هەیەجان!
نەوایی مۆسیقی
کە مەخرەجی سیحری
تەلێکە پێ ئەکەنێ، یـــا کونێکە حوزن ئـــەگریی
بەسۆزی تەشویقی
مەتاعبی گوزەران
هـێـــواش هێـواش ئەتکێتە دەروونی نســـیانێك
کە ڕەمزی لەززەتە، میفتاحـــە بۆ تەلیسمی ژیان
ژیانی ئینسانێك

لـــەپڕ کـــە بـــاڵی ڕەشی هەڵبڕی قەلی پەردە
پەریی جـــوانی، فـــریشتەی ســـەمای نادیدە
لە عەرشی شانۆدا
بەعیشوە پەیدا بوو
نیگاهی مەست، وەکو شوعلـــەی هیدایەتی سەودا
تەبەسسومـــی مـــوتەوالی شیفای هیوای مردوو...
ئیشـــارەتی هەموو نوتقی فەسیح و ئەلحـــانی
وەکـــو کتێبی مـــوقەدەس بڵند و روحـــانـــی
بە سەنعەتێك ئەلەقیٚ پووزی وەك ستوونی ســـپی
وە پێی بچووکی مەهارەت لە ئـــەردی زەربە ئەدا
بەدڵ بووایە زەعیف بۆ مـــەتـــانـــەتی دونیـا
لەژێرییا ئەتەپی!
چ جـــوان دووبـــاڵی بلوورین وەکو لقی مەڕمەڕ
نەرم، نەرم ئەلەری
شەپۆلی لیٚ ئەوەری
شەپۆلی سەنعەت و ئیلهام، شەپۆلی جیلوەو فەڕ!
لەبەحری بیٚ بن و دووری خـــەیاڵی، بەرز ئەبڕی
کە کەوتە لەرزی لەتـــــافەت (لەرانەوە)ی جوانی
لەشی، لە کوڵمەوە تا سنگی نەرم و مەمکی خڕی
کوڵم کە میوەیێکە ئاڵ و(مزر)ی ســـــەر لقی لەش
و (نەرمی)ی سینە کە لانەی خـــــەوێکە یەزدانی،
خەوی عەشق، گڕی عەشقی هەمیشە گڕیە و گەش!
وە (گۆی) مەمك کە تەماس و گوشینی وەك دوگمەی
ئەلەکتریك (ئان)ی
ئەخاتە سەر ڕەگی لـــەش کارەبایەکی ئۆخەی!..
دەمێك ئەبوو بـــەشنەی با، بەرەوتی نەرم و نیان

دەمێك ئەبوو بـــە پەرێكی خەفیفی ئاوریشمین،
بە گەردو لوولی حەزین
بیٚ قەرار و سەرگەردان
ئەكەوتە سەما،
سەمای سەنعەت
حـــەیاتی جــوانی، جەمــــالی بزووتن و، گیانی،
وجوودی عیشوەوناز
لـــە خواوە بەهرەیـــەكە، پڕ بە پێستە بۆ ئافرەت!
ضیــــای ســــــروور ئەڕژێنێتە ژینی ئینســــانی!..

***

فیدات ئەبم ژنی جــوان، ئەی جەمالی سەنعەتكار
بـــەڵیٚ! دەلیلی ســــەعادەت ئەخەیتە پێش ئەنزار
بەڵام هەموو تاویٚ
دەوام ئـــــەكا. لـــەپڕێكا وەكــو مـــــەلی ئــــاوات،
كە تۆ فڕیت هەیهات!
لـــــەوێش لـــــە پەردە ئەپێچریٚ نیشانەیی، ناوی،
لـــــەتۆ بمێنیٚ پـــەیــــایی بـــەخاترەی مەئیووس
وەلیٚ، لە ئەو؟ لە سەعادەت؟ سفر، سفر ئەفسووس!

***

ئەم شیعرانەی گۆران كە بە ئوسلووبێكی زۆر تازە دانراوە، دووریشە لە ئوسلووبی شاعیرە كۆنەكانەوە. لە ئوسلووبی تۆفیق فیكرەتی نیشتمانپەروەری تورك ئەچیٚ، كە یەكێك بوو لەو بوێژانەی بوونە هۆی وریابوونەوەی میللەتی تورك و بەرپاكردنی ئـاژاوە و ئـیـنـقـلابـی (عـوسمـانـی) لەدەوری عەبدولحەمید، بەڵكو ئەتوانم بڵێم ئەم موستەزادەی گۆران، بێتو لەگەڵ «بهاردە لەبەهارا» كە موستەزادێكی توفیق فیكرەتە، بەرئاورد بكریٚ، هینەكەی گۆران لە هەندیٚ لایەنەوە جوانتر دێتە بەرچاو. ئەوەش

لەوێ بێ، کە هیچ شاعیرێك نەماوە لە بەهار نەدوێ و شیعری پیا هەڵنەدا. بەڵام کێ- بەتایبەتی لە خۆرهەڵاتا و نەخوازەڵا لەناو بوێژەکانی کوردا- لە شانۆ دواوە و توانیویە شیعری پیا هەڵدا؟ (جیلوەی شانۆ)، کاری هەموو شاعیرێك نییە لێی بدوێ.

لەبەر ئەمە، هەرچەن، وشەی زۆری فارسی و عەرەبیی تێکەڵە، دیسانەوە بەلای ئێمەوە لە وێنەی شیعری مومتاز و بەهاداری شیعری کوردی ئەژمێررێ. ئەو وشانەی کە لەزمانی بێگانەوە وەرگیراون، زمان و گوێچکەی خوێنەواران و ئەدیبانی کوردی پێ ڕاهاتووە و نەبوونەتە هۆی شکستی بەهای شیعرەکان، بەڵکو ئەم وشانە بە پێی مەوزووعی غەزەلەکە، پێویستێکە لە ئەدەبی بەرز(١)، چونکە ئەم شیعرانە خوێنەرانی تایبەتی خۆی هەیە، واتە لەژوور سنووری ئەدەبی خەڵق (Folclor)ەوەیە.

قەسیدە بەرزەکەی بەیادی (سالم)ەوە دایناوە، ئەویش لە بابەتی غەزەلەکەی سەرەوە بەواتە لەگەڵ ئەمەدا کە پڕە لە وشەی فارسی و عەرەبی دیسانەوە، لە ڕیزی شیعری کوردی مومتازا ئەژمێررێت، بەندی یەکەمی ئەو قەسیدەیە ئەمەیە:

بەیادی تۆ ئەگرێ دەستی عاجزم خامە
دەهایی ڕۆشن و بەرزت ئەگاتە ئیمدادم
هونەر نییە کە ئەناڵێ (ڕوباب)ی ئینشادم
(تەزەکور)ت سەبەبی سانیحات ئیلهامە!

***

گۆران، داخەکەم، هەرچەن لەشیعری کوردی یا، ئینقلابی گێڕاوە، و بەو شیعرە بەرزانەدا کە دایناوە گەیشتووەتە پلەیەکی بەرزی شاعیری، وادیارە کە لە دەروونەوە هەستی بە تەنگیی ئاسۆی ئازادی کردووە و لە جەوری کاربەدەستان و چەپۆکی زەمانە ئەندێشەی بووە، دەردی ژیان و ئاتاجی و ناهەمواریی بەختیش بووەتە سەرباری ئەمانە. لەبەر ئەوە با هێندەش نەبێ کە خۆی باسی ئەکا- تا ئەندازەیەك لەمانە سڵەمیوەتەوە و جڵەوی فیکری بۆ شیعر شل نەکردووە. لەم چەن شیعرەی خوارەوەی ورد بنەوە لە نامەیەکی گۆران بۆ (گەورەیێکی شیعر دۆست)(٢).

---

(١) ئەدەبی بەرز= ئەدەبی خەواص و یا (گزیدە= Elite).

(٢) ئەمە عینوانی نامەکەیە و گۆران، خۆی بۆی داناوە.

شیعری جوانت ئەویٚ قوربان شیعری جوان
شیعریٚك گەشەو زەردەخەنە با بەژیان
شیعریٚ گیانی تیابیٚ و بژی و ببزویٚ
زمانی دڵ بزانیٚ و باش پیٚی بدویٚ
قوربان! ڕاستت ئەویٚ من و شیعری وا
چەشنی عەجەم ئەڵیٚ: «کجامرحبا؟»
لە پیٚش هەموو شتیٚکا چونکە کوردم
چۆلەکەی ناو هەزاران داوی وردم
باڵی فڕین، دەنووکی هاوار کردن
زیاتر چەقۆم نزیك ئەخا لە گەردن

ئەو دوای ئەم نامەیە، سکاڵایەکی زۆر لە جەوری زەمانە و لەو بەرهەڵستە چەشن چەشنانە کە لە ڕیٚی شاعیریٚکی ڕاستبیٚژ و بیٚ ڕیا و یا مەئموریٚکی بچووك و بەسەزمانا وەستاوە و دەمی ئەبەستیٚتەوە وە زمانی لاڵ ئەکا.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم تاسە و سکاڵایە و هەڵزڕاندنی هەموو ئەو شتانە کە دەس و زمانی گۆرانی بەستووە و ڕیٚی رووناکیی لە میٚشکی گرتووە و یا وشەی لە گەروویا خنکاندووە، لە ئەنجاما خۆی هەر پیٚ نەگیراوە و مەغزی بیر و ئەندیٚشەی خۆی ڕژاندووەتە پەیامی کوردەوە.

# نووری

## شێخ نووری شێخساڵح



(نووری) یا (شێخ نووری)، کوڕی شێخ ساڵحی، شێخ غەنی، شێخ عەولقادری کوڕی سەی حوسەینی، سەی محەمەدی، سەی عەلییە، و لە سەیدەکانی بەرزنجەیە. لە ساڵی ١٣١٥ی هیجری لە سولەیمانی لەدایك بووە.

لە قوتابخانەکانی تایبەتی ئەهالی خوێندوویەتی. زۆر فامیدە و زرنگە هەر لە مناڵییەوە خووی داوەتە سەر شیعر و ئەدەب. زمانەکانی تورکی و فارسی و عەرەبی فێر بووە. گەلێ پەڕاوی(١) شیعر و ئەدەبی فارسی و تورکی خوێندووەتەوە. بەتایبەتی لە ئەدیبەکانی دەوری وریابوونەوەی تورك زۆر سوودمەند بووە و لە دانانی شیعری کوردیا پەیڕەویی تۆفیق فیکرەتی کردووە کە یەکێکە لە شاعیرە بەرزە نیشتمانپەروەرەکانی ئەو دەورە. لە وەزن و قافیە و شێوە و ئاهەنگا، ڕێگەیەکی تازەی داناوە بۆ شیعری کوردی. لەبەر ئەمە سەردەمێك (شێخ نووری) سەرکردەی شاعیرە لاوەکانی کوردی (سولەیمانی) بووە، و لە زۆربەیان تەنانەت گۆرانیش هەوڵی لاساییکردنەوەی (شێخ نووری)یان ئەدا، نووری زەکایێ، کە لە (نووری)یا هەیە، لەوانە بوو، هیوای خزمەتی ئەدەبی کوردی لێ بکرێ، بەڵام داخەکەم دەردی نان و کوێرەوەری (وەزیفە)ی میری، لەگەڵ هەندێ هۆی تری لەمانە گرنگتر، ماوەی ئەم خزمەتەی نەداوە و بە ئاواتی خۆی نەگەیشتووە.

جگە لە کوردی، بە زمانەکانی تورکی و فارسییش شیعری داناوە. وابزانم (نووری) شیعرەکانی خۆی لە (دیوان)ێکا کۆ نەکردووەتەوە لەبەر ئەوە تەنیا چەن شیعرێکی

---

(١) پەڕاوی، لە پەڕەوە، بەمانای(کتێب)ە.

کوردیی دەس ئێمە کەوت، بەڵام هەربەم چەن شیعرەدا، دەسەڵاتی شاعیری (شێخ نووری) و بەرزیی ئوسلووبی لە ئەدەبا دەرئەکەوێ.

(ژیانی ئادەمیزاد)، یەکێکە لەو شیعرانەی (نووری)، کە لەسەر ئوسلووبی تۆفیق فیکرەت دایناوە.

## ژیانی ئادەمیزاد

لەناو شەپۆلی خەما سەرنگوون و بێ ئارام
بەکێوی سەختی ژیانا، بە پێ، بە چنگەڕنێ(١)
خەریکی هەڵمەتی سەرکەوتنە، بگاتە سەرێ
لەپڕ نشێوی کڵۆڵی بواری لێ ئەتەنێ
بەدوای یەئس و ئەلەم، تاروپۆی لە ئاخ و لە زام!..

***

زەبوون و ڕێی هەڵە بووی دەشتی چۆڵوهۆڵی بەڵا
شکستە باڵ و شپرزەی پلاری دەستی قەدەر
کەسێ نییە کە لە لاوە دەسی بداتە پەلی
یەکێ نییە کە لەلای ئەو خەفەت بدا بەهەوا
بەلایەکا بییەوێ تێ پەڕێ، نییە ڕەهبەر!

***

لە پێشی چاوی تەمومژ، بەسوورەتێکی وەها
هەتاکو خوا حەزەکا توندوتار و بیم ئاوەر
ئەوا بەلایەوە، ئەخنێتەوە بە ئیستهزا
هەوڵ ئەدا کە لەوێ تێ پەڕێ، بەڵام سێبەر
چلۆن ئەگیرێ، بەهێزی شەلێکی بێ سەروپا؟!

***

(١) لەم جێگەیەدا بەلای ئێمەوە (چنگەکڕێ) لە (چنگەڕنێ) جوانتر بوو.

ئـەمـانـە! ئـەم کـەژە، ئـەم سێبـەر و شەپۆلـە، یـەکیـی
نـمـوونـەیـی لـە هـەوایـە و لـە ڕێگـەدایـە بـەبـار!
کەچاوی پێ ئەکەوێ بۆی ئەچێ بە ئیستیعجال،
بـەڵام هـیـلاکـیـیـە، یـەعـنـی ژیـانـی ئـادەمـیـزاد
بـە تـەنـگـەوە نـییـە. ڕاهـاتـووە لـەگـەڵ ئـیـهـمـال
هـەتـاکـو ئـەودەمـە ئـەیـنـێنـە گـۆڕی تـیـرەوتـار!

***

لەم شیعرانەدا کە لەسەرەوە نووسراوە شێخ نووری وەکو وتبوومان پەیڕەوی تۆفیق فیکرەتی کردووە و ئوسلووبی شیعرەکانی بەتەواوی لەهی ئەو ئەچێ، وەکو تۆفیق فیکرەت، ئەمیش زۆری وشەی فارسی و عەرەبی بەکار هێناوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشا وشەی کوردیی پەتی، تەعبیری جوان و تازەشی خستووەتە پاڵ وشە بێگانەکان و بەم جۆرە شێوەیەکی دڵگیر و ئاهەنگێکی مۆسیقیی شیرینی لێ پەیا کردوون. بە کورتییەکەی چە لە ئوسلووبا و چە لە وەزن و قافیە و ئاهەنگا تەرزێکی تازەی بۆ شیعر داناوە، و تا ماوەیێك لەشیعری کوردیا ئینقلابی گێڕاوە:

وشە و تەعبیرەکانی وەکو:

سەرنگوون و بێ ئارام، یەئس و ئەلەم، شکستە باڵ، ڕەهبەر، سوورەت، تار و بیم ئاوەر، زەبوون، ئیستیهزا، ئیستعجال، تیرە و تار

کە هەندێکیان فارسی و هەندێکیشیان عەرەبییە، هەموویان بەلای کوردێکی خوێنەوارەوە– بە تایبەتی کە دەم لە ئەدەبیشەوە بدا– بە بێگانە ناژمێررێن، جگە لەمە ئەم وشانە جوانی و شیرینییان داوە بە شیعرەکان و ئەوەندەی کە لە ئوسلووبی ئەدەبی کۆن دووریان خستووەتەوە ئەوەندەش لە ئەدەبی تازە چەشکەداریان کردووە. چونکە ئێمە پێش دەوری (نووری)، لەشیعری کوردیی کلاسیکیا، لەجیاتی:

لەنـاو شەپـۆلـی خـەمـا، بـە کێوی سەختـی ژیـانـا بـە پـێ، بـەچـنـگـەڕنـێ، هـەڵـمـەتـی سەرکەوتن، نشێوی کلۆڵی، بواری لێ ئەتەنێ، تار و پێی لە ئاخ و لەزام، ڕێ هەڵە بووی دەشتی چۆڵ و هۆڵ و ئەم چەشنە تەعبیرە جوانانە، وەکو ئەدیبێکی کورد ئەڵێ:

زۆرتر تووشی وشەکانی « شاهی سکەندەر، ئاوی بەقا، تەختی کەی، جامی جەم،

تەیری عەنقا و شاری جابلقا...» ئەبووین لەگەڵ ئەمەشا بەلای ئەدیبە تازەکانی کوردەوە، ئەم وشانەی شێخ نووری و تەعبیرە جوانەکانی سەرەوەشی زۆر جێی پەسەند نییە. و، ئەوان بە تەواوی شیر لە پێشینیان و شیعریان ئەسوون، واتە، بەو ئینقلابەی کە (نووری) و پەیڕەوەکانی گێڕاویانە کوڵی دەروونیان دانەمرکاوە. وەکو ئەوان ئەیانەوێ ئەبێ شاعیرەکانی ئیمڕۆ «دەس لە کلکی (سیمورغ) و گوێسوانەی شاری (جابلقا) بکەنەوە» وە لە دەوروپشتی خۆیان بڕوانن. سەرنج بدەنە فڕۆکە، بێ تەل، ڕادیۆ، سینەما سکۆب و تەلەفیزیۆن، بیرێ بکەنەوە لە چەکی (زەڕی)، لەوشتە تازە داهاتووانە کە ئینسان لە عاستیانا ئەبلەق ئەبێ و سەری تیا سوور ئەمینێ ئینجا بیر لەدانانی بابەتە شیعرێك بکەنەوە کە لەگەڵ ئەم ئینقلابە گەورەیەدا شانبەشان بوەستێ و تەفسیری ئەو هەستەمان بکا کە بەرامبەر بەژیانی تازە لە کانگای مێشکمانا ئەژی و هەستی پێ ئەکەین. واتە ئەوان (ئەدیبە لاوەکانمان) ئەیانەوێ لە شیعرا (برووسکە)یك هەبێ کە لە خەو خەبەرمان بکاتەوە (بریسکە)ێك هەبێ ڕێی ژیانمان بۆ ڕووناك بکاتەوە، سیحرێکی تیا بێ، خوێنمان بخاتە گەڕ. واتە ئەیانەوێ شیعر، هۆی وریا کردنەوە و ڕاپەڕاندن بێ. بەکورتی، ئەیانەوێ شیعر، پاڵ پێوەنەرێکی بەهێز بێ بۆ پێشەوە و بۆ سەرکەوتن لەژیانا! لەسەری نەڕۆین، بەواتەی ئەوان بێ، پێویستە سەنعەتی ئەدەب، جێگەی ئایەت و حەدیسی ئەم چەرخەمان بۆ بگرێتەوە و ئەدیب ئەبێ واجیباتی ڕەسوول بگرێتە ئەستۆی.

لەگەڵ ئەمانەشا کە وتمان جێی ئینکار نییە کە (نووری) شاعیرێکە تەجەدو پەروەر. ئەلقەیێکە، ئەمسەر و ئەوسەری چەمەری شاعیرەکانی چەرخی پێشووی لەگەڵ شاعیرەکانی ئەم چەرخەدا هانیوەتەوە یەك. لەشیعری (کلاسیکی)، بەشێکی زوبدەی وەرگرتووە و لە سەلیقەی ئەدەبی تۆزێك فیتری و تۆزێکیش ئیرسی خۆی خستووەتە سەر. ئینجا چاوی بە دەوری خۆیا گێڕاوە و شیعری شاعیرە گەورەکانی تورکی دەوری ژیانەوە و ئینقلابی عوسمانیی بە وردی خوێندووەتەوە و باش سەرنجی داوەتە مەغز و ئوسلووبی ئەدەبی تازە و بێ ئەوەی ئەبلەق و حەپەساو دامێنێ دوایان کەوتووە، بەڵام لەم شوێنکەوتن و پەیڕەویکردنەدا لەوانە ناچێ کە لاسایی ئەکەنەوە، بەڵکو شان بەشانی ئەوان ڕۆیشتووە و بۆ دەورێکی کورت بووە و (زەعیمی ئینقلابی)ی شیعری کوردی لە ناوچەی سولەیمانی. ئەوانەی کە ئیمڕۆ خۆیان بە دامەزرێنەری قوتابخانەی شیعری تازە ئەژمێرن ئەبێ بزانن کە یەکەم بەردی بناغەی

قوتابخانەکەیان لەلایەن نووری شێخ ساڵحەوە دامەزرا.

(پەپوولە)ی نووری لەو شیعرە تازانەیە کە چە بە مەوزووع و ئوسلووب وە چ بە وەزن و ئاهەنگ و موزیقەیا لە شیعری کلاسیکی دەوری کۆن ناچێ. بە وشەی کوردیی پەتی و بەسەلیسی تەعبیری و ماناشیا، بەتەواوی شیعرێکە بە پێی چەشکەی ئەدەبیی ئەم چەرخە:

**پەپوولە**

خۆزگە ئەمزانی تۆ بۆ؟
وا خۆت ئەکەی ڕەنجەڕۆ
پەپوولەی باڵ هەڵوەریو!
بە تیشکی گڕ داڕزیو
باڵداری جوان و ڕەنگین!
ئێسك سووك و باڵ نەخشین
بەڕۆژ لەم گوڵ بۆ ئەو گوڵ،
لەم چڵەوە بۆ ئەو چڵ
ئەفڕێ و ئەنیشێتەوە
بۆنی خۆش ئەچنێتەوە
هەر تاریکیت لێ دەرکەوت
چاوت بە شوعلە و گڕ کەوت
باڵت هەڵئەپرووزێنی،
جەرگت هەڵئەقرچێنی
باڵداری باڵ ڕەنگاوڕەنگ،
دەم پڕ هاواری بێ دەنگ،
خۆزگە ئەمزانی تۆ بۆ؟
وا خۆت ئەکەی ڕەنجە ڕۆ؟

***

شەبــەق ئــەدا، بــەیــانــی،
لـە گـویٚ جـۆگـە و سەرکـانـی،
ئــەگــەڕێی تــا ئــەتــوانــی
هــیــچ مــانــدووەتــی نـازانـی!
کــام جـێگـا خـۆش و بــەرزە،
کــام لــق نــاسکــە، سەوزە،
لــە دوورەوە بــۆی ئــەفــڕی،
جـێگـای خـۆتـی لـیٚ ئـەگری!
بــەڕۆژ جــێت نــاو گــوڵانــە
بــەشەو ئــەبــیــە پــەروانــە
لــە کـویٚ بــەشوعـلــەت زانـی،
خـۆت ئـەکـەی بـە قـوربـانـی
پــەپــوولــەی نـاسك و نـازدار!
عــاشقــی دڵ بــریــنــدار!
خــۆزگــە ئــەمــزانــی تــۆ بـۆ؟
وا خــۆت ئــەکــەی ڕەنجەڕۆ!

شێخ نـووری بـەهـۆی (وەزیـفـەی)ی مـیرییـەوە بەشێکـی زۆری ژیـانـی لـە دەرەوەی سولەیمانی، لەناوچەی ناحیەکانا ڕابواردووە کە زۆربەیان دێهاتێکی دواکەوتوو و لە شارستانییەتی بە دوورە، لەبەر ئەمە جاربەجار بە شیعر نووسینەوە وەختی بەسەر بردووە.

جارێکیان قەسیدەیێکی بەسۆزی پڕ لە شکات ئەنووسیٚ بۆ پیرەمێردی ئەدیب و شاعیری ناودار. وادیارە کە ئەو شیعرانە بەلای پیرەمێردەوە زۆر جوان و بەهادار ئەبیٚ، کە بەم دوو بەیتەی خوارەوە وەڵامی ئەداتەوە:

شوکری خوا ئەکەم کە لە (نووری)ی کوژاوەوە،
پرشنگی جوانی شیعر و ئەدەب کەوتە ناوەوە

نووری! بە نووری ئێوەوە زوڵمەت لەناو ئەچێ

(یا رەب)ی! ئەم (ضیا)یە نەبێ قەت بە چاوەوە

***

ئەم دوو بەیتەی پیرەمێرد، ئەگەر بە وردی سەرنجی بدرێتێ، هەمووی لەو سەنعەتە وردانەی ئەدەبە، کە بەتایبەتی لە شیعری ئەوا ئەبینرێ. لەلایەکی تریشەوە گەواهێکی بەهێزە بۆ شاعیریی شێخ نووری و پلەی ئەدەبیی لەچاو پیرەمێردا کە بەڕاستی یەکێك بوو لە مامۆستا بەرزەکانی شیعر و ئەدەب.

سوپاس بۆ یەزدان، بەرگی دووەمیش تەواو بوو.

رەفیق حیلمی

بەغدا ٩٥٦/٥/٢٣

## پێرست

### بەرگی یەکەم


– پێشەکی ............ ٥
– دوو وشە ............ ٧
– ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ ............ ١٣
– ئەحمەد بەگی وەسمان پاشا ............ ٢٠
– ئەمین فەیزی بەگ ............ ٣١
– ئەمین زەکی بەگ ............ ٣٩
– ئەسیری ............ ٤٥
– ئاهی ............ ٤٩
– بێخود ............ ٥٥
– بێکەس ............ ٦٣
– پیرەمێرد ............ ٧٧
– حاجی قادری کۆیی ............ ٨٧
– حەریق ............ ٩٩
– حەمدی ............ ١٠٥
– خاکی ............ ١١٠
– خەستە ............ ١١٤


### بەرگی دووەم


– پێشکەش ............ ١١٩
– سەرەتا ............ ١٢٠
– دڵدار ............ ١٢٢
– رەمزی ............ ١٣٢
– زیوەر ............ ١٤١
– سالم ............ ١٤٩
– سەلام ............ ١٦٨
– عەلی باپیر ئاغا ............ ١٨٣
– گۆران ............ ١٩٨
– شێخ نووری شێخ سالح ............ ٢٧